# ئەزموونی جۆرجیا
# لە قەڵاچۆکردنی گەندەڵیدا

ئامادەکردنی: بانکی نێودەوڵەتی

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوەو پلاندانان- بەغداد

وەرگێڕانی بۆ کوردی: د. نەوزاد ساڵەح رەفعەت

**چاپی یەکەم**
2019 زاینی

**کتێبی:** ئەزمونی حکومەتی جۆرجیا لە قەلاچۆکردنی گەندەڵیدا
**بابەت:** چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی
**ئامادەکردنی:** بانکی نێودەوڵەتی
**وەرگێڕانی بۆ عەرەبی:** ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان– بەغداد
**وەرگێڕانی بۆ کوردی:** د. نەوزاد ساڵەح ڕەفعەت
**قاڵبدان:** جەماوەر ئەحمەد
**بەرگ:** هەرێم عوسمان
**شوێنی چاپ:** کوردستان، سلێمانی
**چاپخانەی:** پیرەمێرد
**ژمارەی سپاردن:**

سوپاس بۆ:

- مامۆستا جەمال عەبدول، کە بە وەرگێڕانەکەمدا چووەوە و هەڵەکانی بۆ ڕاست کردمەوە.
- ناوەندی "بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان" کە لە ڕێگای ئیمەیڵەوە سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەیان داوایەکم پێشکەش کردن و ئەوانیش بە ڕێزەوە داواکەمیان قبوڵ کرد و بەم شێوەیە وەڵامیان دامەوە:

**بەڕێز دکتۆر نەوزاد، سلاوێکی گەرم**

سوپاس بۆ نامەکەتان و ئەو متمانەیەی بە ئێمەتان هەیە. هیچ لاریمان نییە بە وەرگێڕانی ئەم ڕاپۆرتە بە نرخە بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام داوامان ئەوەیە:

1. ئەبێ سەرچاوەی کتێبەکە دەستنیشان بکەن، کە بریتییە لە (ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان)، هەروەها ئەو نامەیەی ئێمە لە سەرەتای کتێبەکەتاندا دابنێن.
2. ناوەندەکەمان ئامادەیە کتێبەکەتان، کە بە کوردی دەرئەچێت، لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیدا بە جۆری ئەلکترۆنی (PDF) دابنێ.

**لەگەڵ ڕێز و پێزانینی**

**ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان**

Al-Bayan Centre for Planing &Studies
Mobile: 07511000000
Iraq - Baghdad
P.O.Box: Jadiriya 2268
www.bayancenter.org

# ناوەرۆک


پێشەکی وەرگێڕی کوردی ................................................ 13
لە بارەی: ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان .................... 17
پێشەکی ناوەندی بەیان .................................................. 20
لە بارەی ئەم وەرگێڕانەوە .................................................. 25
ڕیزبەندی ڕووداوە سیاسییەکانی جۆرجیا (1991-2013) ...................... 27
چەند زانیارییەکی گشتی لەبارەی جۆرجیاوە ................................ 28
پێشەکی بانکی نێودەوڵەتی ................................................. 29


## بەشی یەکەم: پێشەکی


پێشەکی ...................................................... 33
هەوڵە بەپەلەکانی چاکسازی 1991-2001 ...................... 34
دەرکەوتنی چاکسازکارەکان ..................................... 38
قۆستنەوەی هەلەکان ............................................. 40
ئەنجامەکانی قەلاچۆکردنی گەندەڵی ............................ 42
چۆن حکومەت ئەم کارانەی ئەنجام ئەدا! ........................ 47


## بەشی دوەم: دامەزراندنی پۆلیسی گەڕۆک


بارودۆخی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٣ .................................. 53
چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003 ......... 55
نەهێشتنی پەیوەندی حکومەت و جیهانی تاوان .................. 55
چاکسازیی لە پۆلیسی هاتوچۆدا ................................ 57
نوێکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێری و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل .......... 62
ئەنجامەکان .................................................... 63
دابەزینێکی بەرچاوی ڕێژەی تاوان .............................. 63
دابەزینی ئاستی گەندەڵی ....................................... 64

بنیادنانی ڕۆشنبیرییە خزمەتگوزارییەکان .......................... 66
پەرەسەندنی باوەڕپێکردن.......................................... 66
بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە ............................ 67
ئەنجامەکان ................................................... 69

## بەشی سێیەم: بەهێزکردنی کۆکردنەوەی باجەکان

بارودۆخی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٣ ............................... 73
چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003 ...... 77
گۆڕینی ڕاوبۆچوونەکان ........................................ 77
گۆڕانکاریی لە پێدانی بەخشیشی کارمەن ........................ 79
ئاسانکاریی لە یاسای باج و زیادکردنی ژمارەی ................ 80
ئاسانکاریی لە وەرگرتنی باج .................................. 82
ئەنجامەکان ................................................... 85
بەرزبوونەوەی داهاتی باج ...................................... 85
دابەزینی ئاستی باج و کێشەی گەندەڵی ........................ 87
بەرزبوونەوەی ژمارەی کۆمپانیا بازرگانییەکان ................ 88
بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە ............................ 88
ئەنجامەکان ................................................... 89

## بەشی چوارەم: چاکسازیی لە گومرگدا

بارودۆخی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٣ ............................... 93
چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003 ...... 94
پێشخستن و ئاسانکاریی لە چوارچێوەی یاساکانی گومرگ ...... 95
گۆڕینی کارمەندان و هاندانیان ................................ 96
گۆڕینی شوێن و ژینگەی کار .................................. 97
چاکسازیی لە دامودەزگاکاندا .................................. 99
ئەنجامەکان ................................................... 103

ئەنجامە گشتییە سەرکەوتووەکان ........................... 104
بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە ......................... 104
ئەنجامەکان .................................................... 105

**بەشی پێنجەم: بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای بەردەوام**

بارودۆخی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٣........................................ 109
چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003 .... 112
چاکردن و دابینکردنی دارایی ....................................... 113
بە تایبەتکردنی کەرتی وزەی کارەبا ............................. 115
گۆڕینی تیمەکان ................................................... 117
ئەنجامەکان ....................................................... 117
چاکردنی کاروبارەکانی کەرتی وزە ................................ 118
بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە .............................. 119
ئەنجامەکان ....................................................... 119

**بەشی شەشەم: ئازادکردنی کۆمپانیاکان**

بارودۆخی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٣ .................................... 123
چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003 ... 125
چۆنیەتی ڕیشەکێشکردن ............................................ 125
دروستکردنی نوسینگەی تاک پەنجەرەیی ........................... 129
کەمکردنەوەی کاتی بەڕێکردنی مامەڵەکان ........................ 133
کەمکردنەوەی ژمارەی دەزگاکانی پشکنین ........................ 134
پشتبەستن بە سەرچاوەکانی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵات ......... 134
چالاککردنەوە و دامەزراندنی کارمەندان .......................... 135
ئەنجامەکان ....................................................... 136
باشترین پۆلاندنی کۆمپانیاکانی کار .............................. 137

بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە ............................ 137
ئەنجامەکان .................................................. 139

## بەشی حەوتەم: چاککردنی تۆماری گشتی و مەدەنی

بارودۆخی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٣ ...... 143
چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003 ........ 145
دارشتنەوەی دامودەزگاکان و ئاسانکاریی لە کاروبارەکانیاندا.... 145
چۆنیەتی پێشوازی کردن لە کارمەندە نوێیەکان ............... 151
تەکنەلۆجیای نوێ بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان ............... 153
یەکخستنی چاکسازییەکان لە بواری خزمەتگوزاریدا ............ 156
سوودوەرگرتن لە شارەزاییە نێودەوڵەتییەکان ................. 157
هەڵسوکەوت لەگەڵ جەماوەرەو ................................ 158
ئەنجامەکان .................................................. 160
دانانی ڕێگەوشوێنێکی نوێ بۆ تۆمارکردنی موڵک .............. 160
زۆربوونی تواناکانی کار ....................................... 160
باوەڕهێنان بە تۆمارەکان ...................................... 161
بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە ............................ 162
ئەنجامەکان .................................................. 163

## بەشی هەشتەم: ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی لە تاقیکردنەوە و وەرگرتنی خوێندکارانی زانکۆ

بارودۆخی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٣ .................................. 167
چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003 ........ 170
تاقیکردنەوەی مەرکەزی، بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان ............ 171
دانانی ڕێوشوێنی تاقیکردنەوەکان لە کەشێکی هێمندا ........... 173
چاکردنی توانای دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا ................ 174
بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا ...................... 175

ئەنجامەکان ........................................................ 176
باوەڕکردن بە تاقیکردنەوە نوێیەکانی وەرگرتن لە زانکۆ ........ 176
چاکسازیی خوێندن بۆ خوێندکارانی دەرەوەی تبلیسی .......... 177
بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە ......................... 177
ئەنجامەکان ........................................................ 178

## بەشی نۆیەم: خزمەتگوزارییە لامەرکەزییەکانی شارەوانی

بارودۆخی گشتی لە ساڵی ٢٠٠٣ ................................ 183
چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003 ........ 185
قۆناغی یەکەم: ڕوونکردنەوەی چوارچێوە یاساییەکانی .......... 185
قۆناغی دووەم: دادگایی کردنی گەورە بەرپرسە گەندەڵەکان ..... 187
قۆناغی سێیەم: چاکسازیی لە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی ... 188
ئەنجامەکان ........................................................ 190
چاکسازیی لە ژێرخانی شارەوانی بە تایبەتی لە دابەشکردن .... 190
بەرزترین داهاتی حکومەتە خۆجێیەکان .......................... 191
پەرەپێدانی سندوقی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی ............ 191
بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە ......................... 192
ئەنجامەکان ........................................................ 194

## بەشی دەیەم: ئەنجامەکان

دە هۆکاری سەرکەوتن ............................................ 197
یەکەم: پشتگیری بەهێزی دەسەڵاتدارە سیاسییەکان ............. 197
دووەم: بنیادنانی ڕاستگۆیی پێشوەخت ........................... 198
سێیەم: پەلاماردانی ڕاستەوخۆی گەندەڵی ........................ 202
چوارەم: سوودوەرگرتن لە کارمەندی نوێ ........................ 204
پێنجەم: دەستنیشان کردنی دەوری حکومەت ..................... 206

شەشەم: پشتبەستن بە چارەسەرە نائاساییەکان ................. 208
حەوتەم: بەردەوامی بە پەرەپێدان و یەکخستنی ئامانجەکان ..... 210
هەشتەم: سوودوەرگرتن لە شارەزایی نێودەوڵەتی ............... 211
نۆیەم: سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیا ............................ 212
دەیەم: بەکارهێنانی پەیوەندییە ستراتیجییەکان ............... 213
چی ئاڵنگارییەک ماوە لەبەردەم جۆرجیادا ........................ 214
ئایا ئەتوانرێ ئەو چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵییەی ....... 219
کورتەیەک .................................................... 221
سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی ................................. 223

## خشتەکان

1. 1. نیشانە ئابورییە سەرەکییەکان لە نێوان ساڵانی 1992-2011
................................................................ 36
1. 2. ڕێژەی ئەو پارانەی بە نایاسایی لەبەرامبەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەلایەن هاوڵاتییانەوە ئەدرێت، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەوڵەتان لەساڵی 2010 ............................. 43
2. 1. دابەزینی 50%ی تاوان لە نێوان ساڵانی 2006-2010 ..... 65
2. 2. دابەزینی 80%ی تاوانە چەکدارییەکان لە نێوان ساڵانی 2006-2010 ................................................................ 65
2. 3. لەسەر ئاستی ئەوروپادا پۆلیسی جۆرجیا، کەمترین گەندەڵییان هەیە
68................................................................
2. 4. چوارچێوەی لێپرسینەوەکانی پۆلیسی گەڕۆک ..................... 70
3. 1. ژمارە و ڕێژەی ئەو باجانەی بە ڕێگای ئەلکترۆنی ئەدرێن، لە کانونی دووەمی 2009- ئەیلولی 2010 .................................. 84

3. 2. بەرزبوونەوەی ئاستی کۆکردنەوەی باج لە نێوان ساڵانی 2003-2011 ........................................................ 86
3. 3. بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە لە کۆکردنەوەی باج ...... 89
4. 1. چەند نیشانەیەکی هەڵبژاردە لە کارەکانی گومرگ لە نێوان ساڵانی 2003- 2010 ................................................ 105
4. 2. بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوەی گومرگی ................ 106
5. 1. بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە لە پێدانی وزەی کارەبا... 120
6. 1. دابەزینی ئاشکرای کارە پێویستییەکان بۆ تۆمارکردنی بینای گەنجینەیەک و ژمارەی ئەو ڕۆژانەی پێویستە بۆ تەواوکردنی، لە نێوان ساڵانی 2005-2010 ............................................ 132
6. 2. ڕیزبەندی جۆرجیا لە چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵ، کە پەیوەندیی بە ڕاپۆرتی کارە بازرگانییەکانەوە هەیە لە نێوان ساڵانی 2005-2011 .................................................. 132
6. 3. چوارچێوەی لێپرسینەوە لە مۆڵەت و ڕێگەپێدان ................ 138
7. 1. زۆربوونی ژمارەی تۆماری موڵک لە نێوان ساڵانی 2002- 2010 ............................................................... 162
7. 2. چوارچێوەی لێپرسینەوە لە تۆمارە گشتی و شارستانی ......... 164
8. 1. چوارچێوەی لێپرسینەوەی تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لە زانکۆکان ............................................................... 180
9. 1. بودجەی حکومەتە خۆجێیەکان لە نێوان ساڵانی 2003-2011 ............................................................... 192
9. 2. چوارچێوەی لێپرسینەوە لە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی .... 193
10. 1. خولی نموونەیی بۆ چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی ..... 200
10. 2. پارسەنگی ڕاستەقینە لە نێوان بەدواداچوونە دادگاییەکان و بنیادنانی دەزگاکانی قەلاچۆکردنی گەندەڵی ..................... 215

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی

بێگومان گەندەڵی دەردێکی گرانە، بەتایبەت لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی دۆخی حوکمڕانی و وەک شێرپەنجە بە لەش و لاری دەوڵەتدا بڵاوئەبێتەوە و سەرجەم سیستەمەکانی: کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری و ... تەنانەت ئاسایشی نەتەوەیش، هەڵئەوەشێنێ. لە دەردی گەندەڵی گرانتر، چارەسەرەکەیەتی، چونکە گەندەڵی لە غیابی سەروەری یاسادا دروست ئەبێت، بۆیە لە هەر شوێن و جێگایەک، لە هەر دەوڵەت و نیشتمانێکدا گەندەڵی زاڵ بووبێ بەسەر یاسادا، ئیدی زۆر بە زەحمەت لە نەشونما ئەکەوێ و بە خێرایی سەرجەم کایەکانی ژیان ئەگرێتەوە، تەنانەت دەچێتە کونجی ماڵەکانیشەوە.

نمونەی ڕژێمە گەندەڵەکان لە دنیادا زۆرن، بەڵام بەربڵاوترینیان ئەو ڕژێمانەن، کە لە ئەنجامی کودەتای سەربازی، یان شۆڕشی جەماوەری و ڕاپەڕینەوە هاتوونەتە سەر حوکم، چونکە ئەم جۆرە ڕژێمانە شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بە خۆیان و مافی ڕەها و شۆڕشگێڕیی بۆ دەستە و تاقمەکانیان دەستەبەر ئەکەن. بە جۆرێک کەم کەس ئەتوانێت لە ئاست شۆڕش و دەستکەوتەکانیاندا دەنگ هەڵبێنێ، ئیدی بەم شێوەیە خۆیان و شۆڕشەکەشیان ئەبنە بار بەسەر گەلەکەیانەوە، تا ئەو ڕادەیەی گەلەکەیان ئاوات بەو ڕژێمە بخوازن، کە پێشتر لە دژی خەباتیان کردووە و هەوڵی ڕوخانیان داوە. دیارە ئەم نمونەیە لە وڵاتی جۆرجیا ڕویداوە. ئێستەش لە عێراق و کوردستان گەندەڵی و بێ سەروبەرەیی لە حکومڕانیدا گەیشتووەتە ئاستێک، کە بەشێک لە خەڵکەکەی ئاوات بە ڕژێمەکەی پێشووی دەخوازن. لە ڕاستیدا بەش بە حاڵی خۆم نەک ئاواتی پێ ناخوازم، بەڵکو لە مێژە ڕژێمێکی وەکو بەعسم بە نەفرەت کردووە و بۆ ڕوخانیشی خەباتم کردووە، بەڵام لە هەندێ ڕووەوە ناهەقی هاوڵاتییانی کوردستان و عەرەبی عێراقی ناگرم، چونکە وەک ئاشکرایە، سیستمی حکومڕانی لە عێراق و کوردستان بە شێوەیەک تووشی گەندەڵی بووە، کە نزیک بووەتەوە لە داڕووخانی ئابوری، سیاسی،

کۆمەڵایەتی.... هتد. تەنانەت لە هەندێک ڕووەوە نەک لە وڵاتی جۆرجیا، بەڵکو لە هیچ شوێنێکی دنیادا نمونەمان نییە.

ئەم کتێبە باس و بەسەرهاتی جۆرجیایە لە ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵیدا. کاتێک جۆرجیا لە یەکێتی سۆڤیەت جیا ئەبێتەوە، حکومەتێکی سەربەخۆ دائەمەزرێت، بەڵام حکومەتە نوێیەکە نەیتوانی کۆنترۆڵی دامودەزگاکانی بکا، سەرەڕای ئەمە، دووچاری شەڕێک بوو لەگەڵ ڕوسیا و دواتریش شەڕێکی ناوخۆیی. لە هەموو ئەمانە خراپتر گەلی جۆرجیا دووچاری گەندەڵییەکی زۆر خراپ و نالەبار بوونەوە. بەڵام خۆشبەختانە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی سەری هەڵدا، کە خۆیان کردە قارەمانی ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی لە جۆرجیا و شۆڕشەکەشیان ناونا "شۆڕشی گوڵەکان". سەرەتا هەڵبژاردنێکی شەفاف و دوور لە دەستی دەرەکیان ئەنجامدا، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا سوێندیان بۆ گەلەکەیان خوارد، کە گەندەڵی ڕیشەکێش بکەن و دروشمی "**جۆرجیای بێ گەندەڵییان**" بەرزکردەوە، ڕاستگۆیانەش بەڵێنەکەیان بردە سەر، گەلەکەشیان وەکو گەلێکی زیندوو لە هەڵبژاردنی سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانیاندا متمانەیەکی باشیان پێدان، بۆیە زۆربەی کورسییەکانی پەڕلەمانی ئەو وڵاتەیان بەدەست هێنا و حکومەتێکی نوێیان لەو وڵاتە دامەزراند. کاری سەرەکی ئەم حکومەتە قەلاچۆکردنی گەندەڵی بوو. بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش وڵاتیان لە گەندەڵی پاک کردەوە و حکومەتێکی دوور لە گەندەڵیان بنیادنا. بە کارەکانیان جۆرجیایان لە ڕووی شەفافیەت و داهات و خزمەتگوزارییەکانەوە گەیاندە ئاستی وڵاتانی ئەوروپی.

بانکی نێودەوڵەتی، کە هاوکاری جۆرجیایان لەم سەرکەوتنەدا کردووە و ئەم ڕاپۆرتەشی لە شێوەی کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی لە بارەی سەرکەوتنەکانەوە بڵاوکردووەتەوە. بەو هیوایەی نمونەی جۆرجیا لە وڵاتانی

هاوشێوه‌دا تاقی بکرێته‌وه. ناوه‌ندی به‌یان بۆ لێکۆڵینه‌وه و پلاندانانیش، که بنکه‌که‌ی له عێراقه و گومانی تێدا نییه، که هه‌ستیان به‌و مه‌سئولیه‌تی سه‌رشانیان کردووه، بۆیه هه‌ستاون به وه‌گێڕانی ئه‌م ڕاپۆرته بۆ زمانی عه‌ره‌بی و خستویانه‌ته به‌رده‌م گه‌لی عێراق، به‌تایبه‌تی ده‌سه‌ڵاتدارانی عێراق، به‌و هیوایه‌ی چاوێک له ته‌جروبه‌ی جۆرجیا و هاوشێوه‌کانی سه‌باره‌ت به قه‌لاچۆکردنی گه‌نده‌ڵی له عێراقدا بکه‌ن.

سه‌باره‌ت به ناوه‌ڕۆکی ئه‌م کتێبه نامه‌وێ تۆی خوێنه‌ر به نووسینی زیاده‌وه سه‌رقاڵ بکه‌م، چونکه له بنه‌ڕه‌تدا ئه‌م ڕاپۆرته به زمانێکی پوخت و کورت له شێوه‌ی چیرۆکێکی سه‌رکه‌وتوودا ئاماده کراوه. سه‌باره‌ت به وه‌رگێڕانیشی بۆ زمانی کوردی، کاتێک خوێندمه‌وه به شێوه‌یه‌ک سه‌رنجی ڕاکێشام، که بڕیارمدا وه‌ریگێڕم، به‌تایبه‌ت له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌شێکی زۆر له ڕووداوه‌کانی جۆرجیا، هاوشێوه‌ی ڕووداوه‌کانی کوردستانه، به تایبه‌ت له‌ڕووی جیابوونه‌وه‌یان، شه‌ڕی ناوخۆ، سه‌رهه‌ڵدانی ئۆپۆزسیۆن، گه‌نده‌ڵی و نه‌بوونی ئاو و کاره‌با و خزمه‌تگوزارییه‌کان. بۆیه به نامه‌یه‌ک داوام له‌و ناوه‌نده کرد، که ڕه‌زامه‌ندی بفه‌رموون به وه‌رگێڕانی کتێبه‌که‌یان بۆ زمانی کوردی، من زۆر سوپاسیان ئه‌که‌م، که به ڕێزه‌وه داواکه‌یان قبوڵ کردم. به‌و هیوایه‌ی، که خه‌ڵکی کوردستان ئاگاداری ئه‌م جۆره نمونانه بن و سوود به‌خش بێت.

**د. نه‌وزاد ساڵەح ڕه‌فعه‌ت**

**سلێمانی ٢٠١٩**

Email: nawzadrft@yahoo.com

Mobil: 07701487622

## لە بارەی: ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان

ئەم مەڵبەندە، مەڵبەندێکی سەربەخۆیە و چاوی لە سوودی ماددی نییە. بارەگای سەرەکی لە شاری بەغدایە. کاری سەرەکی ئەم دەزگایە بێجگە لە مەسەلەکانی تر، پێشکەش کردنی ڕاوبۆچونێکی ڕاستگۆیانەیە لەبارەی سیاسەتە گشتییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، کە پەیوەندییان بە عێراقەوە هەبێت، بە شێوەیەکی تایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی. هەوڵی ڕوونکردنەوەی سەربەخۆیانە ئەدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دروست سەبارەت بە مەسەلە ئاڵۆزەکانی پەیوەندیدار لە بواری سیاسی و ئەکادیمیدا. بە گوێرەی ئەوەی عێراق گرنگییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە، بەردەوام شانبەشانی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان پەل ئەهاوێژێ. تا ئێستا ئەوەندەی بەرچاوە، عێراق لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی ساڵانی ڕابردوو، بەردەوامە. لەبەر ئەوە ئەم ناوەندە (ناوەندی بەیان) هەوڵ ئەدات بۆچونێکی نوێ و بێلایەنانە و ڕاستگۆیانە بخاتە بەردەم گەل و وڵاتەکەی.

ناوەندەکەمان هەوڵ ئەدات چالاکیی و لێکۆڵینەوەکانی لەبەردەم ئەو بەرەنگارییانەی ڕووبەڕوی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتەوە، بتوانێ ڕێ نیشاندەر بێ بۆ چارەسەری کێشە نزیک و دوورەکان. هەروەها هەوڵ ئەدات ڕاوبۆچۆنی نوێ بۆ کێشەکان، بە لێکۆڵینەوە و کاری مەیدانی و پەیوەندی کردن بە چەندین دامودەزگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بدۆزێتەوە، بەتایبەت ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە کێشەکانی عێراقەوە هەیە لە بارەی سیاسەت، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسەتی نەوت، کشتوکاڵ، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەروەردەوە.

**کارەکانی:**

ئەم ناوەندە هەوڵ ئەدات سەرچاوەیەکی گرنگ بێت بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی کێشەکانی عێراق بە شێوەیەکی سەربەخۆ. هەوڵ ئەدات ببێتە ناوەندێکی گفتوگۆ بە گوێرەی ڕاستییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی شانبەشانی ناوچەکە، کە لە عێراقدا ڕووئەدات. هەوڵ ئەدات بەشداریی لە بیرکردنەوە ستراتیجییەکان لەگەڵ بڕیاردەرانی عێراقدا بکات، لە هەر پلە و پۆستێکدا بن. هەوڵی بەهێزکردنی توانای دەزگا پەروەردەییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و دامودەزگاکانی حکومەت ئەدات بۆ ئەوەی پسپۆڕیی کارگێڕیی، کە توانای بڕیاردانی هەبێ لە بوارەکانی سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی، پێ بگەیەنێ.

ئەم ناوەندە کارەکانی هەوڵدانە بۆ ئەنجامدانی: لێکۆڵینەوە و کاری مەیدانی، بەستنی کۆنگرە و کردنەوەی شوێنکار و خولی ڕاهێنان بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەت و زانکۆکان.

**ئامانجەکانی:**

- بەشداریی کاریگەر لەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەندییان بە عێراقەوە هەیە لە لێکۆڵینەوەی گرنگ و سەربەخۆ، کە پشتی بە لێکۆڵینەوەی زانا و پسپۆڕان بەستووە.
- پشتگیریی کردنی گفتوگۆ لەبارەی گۆڕینەوەی زانیاری لەلایەن پسپۆڕانەوە، سەبارەت بە عێراق، وەکو: سیاسەتمەدران، ڕۆژنامەنوسان، ئاکادیمییەکان، بە تایبەتی لە بارەی ئەو بەرەنگارییانەی ڕوبەڕووی عێراق و ناوچەکە ئەبنەوە، بۆ بەرهەمهێنانی بیروبۆچوونی نوێ بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم کارانە.

- پەرەپێدانی توانا ستراتیجییەکان بۆ دانانی بڕیار و داڕشتنی سیاسەت لە عێراق.
- پێگەیاندنی پسپۆڕ لە دامودەزگا سیاسی و ئەکادیمییەکان، کە توانای بڕیاردان و کارگێڕییان هەبێ.
- دروستکردنی پەیوەندی ناوخۆ و هەرێمیی لەگەڵ دەزگا ئابوری و فێرکاریی و سیاسییەکان.
- دانانی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و پەرەپێدانی.

**مەڵبەندی بەیان، بایەخ بەمانەی خوارەوە ئەدات:**

- **بواری ئابوری:** وزە، نەوت، بانکەکان، بودجە، بەرهەمە نانەوتییەکان، گەشتوگوزار و وەبەرهێنان. هەروەها سەرجەم ئەو کارانەی پەیوەندیدارن بە ئابورییەوە.
- **بواری سیاسی:** سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی ناوخۆ، ئاسایش، پەڕلەمان، دەسەڵات و پرۆژەکانی یاسادانان.
- **چاکسازیی کارگێڕی:** ڕێگریی لە گەندەڵی، ڕاگرتنی ڕۆتین و بیرۆکراسی، دامەزراندنەوە و چاکسازیی کردن لە دامودەزگاکان.
- **بواری پەروەردە و فێرکردن:** دامەزراندنی کارمەند، بەرنامەی خوێندن، بینای قوتابخانە، زانکۆکان، ڕێژەی دەرچوانی زانکۆ. سیستەمی فێرکردن و زانکۆ ئەهلییەکان.
- **کێشە کۆمەڵایەتییەکان:** توندوتیژی، ئارامیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی، پاکوخاوێنی، نیشتیمانپەروەری، تایەفەگەری، کێشەکانی خێزان، ڕێژەی تەڵاق و کێشە دەرونییەکان.
- **بواری کشتوکاڵ:** دابینکردنی پێویستی ناوخۆیی، سامانی ئاژەڵ و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

## پێشەکی ناوەندی بەیان

لە دنیادا هیچ شەڕێک هێندەی شەڕی دژی گەندەڵی و ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی، توندوتیژ نییە. ئەو وڵاتانەی تازە لە دەست ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ڕزگاریان ئەبێت، گەندەڵی برستیان لێ ئەبڕێ و ئازادییەکەیان لێ تاڵ دەکات، تووشی نائومێدییەکی وائەبن، هیچ هیوایەکیان نامێنێ بۆ ئەوەی ئەو ئازادییەی بە دەستیان هێناوە، کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکات. هەندێ جار زۆربەیان وایان لێ دێت، پەشیمان ببنەوە لەو گۆڕانکارییەی ڕوویداوە و تووشی نائومێدی ئەبن لەوەی، گوایە چوونەتە سەردەمێکی خۆشتر. بۆیە هەندێک جار ئاوات بە ڕژێمە کۆنەکەیان ئەخوازن.

جۆرجیا، ئەکەوێتە نێوانی ئەوروپا و ئاسیا. لە نێوان ساڵانی 1922-1991 بەشێک بووە لە یەکێتی سۆڤیەت، لە ساڵی 1991 جیابوونەوە و لەژێر چەپۆکی سۆڤیەت ڕزگاریان بوو. ئەم جیابونەوە و ڕزگاربونەیان لە سۆڤیەت نەبووە هۆی ئەوەی ببنە یەکێک لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان. لەژێر قورساییەکانی پێشوودا ئەیانناڵاند و بەرەو ڕووی بەرەنگارییە نوێکان دەبوونەوە و بە دەست کۆمەڵێ کێشەوە ئەیانناڵاند. ئەو کێشانە بریتی بوون لە کێشەی: سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی. بەڵام ئەم کێشانە بەهۆی ئەنجامدان و سەرکەوتنی شۆڕشی گوڵەکانەوە لە ساڵی 2003 کۆتایی پێهات.

ساڵی 2004 حکومەتێکی نوێ لەو وڵاتە سوێندی یاسایی خوارد، کە لەلایەن گەلەکەیەوە بە شێوەیەکی زۆر فراوان پشتگیری لێ ئەکرا، بەتایبەت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گەندەڵی. دەسەڵاتدارە نوێیەکان چاک ئەیانزانی، کە گەندەڵی گەورەترین ڕێگرییە لەبەردەم پەرەپێدانی پاشەڕۆژی جۆرجیا. بۆیە هەمیشە دروشمەکانیان بریتی بوو لە: **جۆرجیای بێ گەندەڵی**.

ئەزمونەکانی حکومەتی جۆرجیا بۆ بەربەرەکانی گەندەڵی (ئەمە ئەو کتێبەیە، کە ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان ڕووناکیەک ئەخاتە سەر ئەزمونی جۆرجیا. لە بەربەرەکانی کردنی گەندەڵی. کە ئەزمونێکی ناوازە و سەرکەوتووە. هەر لەم کاتەدا ئەتوانرێ سوود لەو ئەزمونە وەربگیرێ بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی عێراقێکی بێ گەندەڵی، بە تایبەتی، کە لەو بارەیەوە لێکچوونێکی زۆر لە نێوان جۆرجیا و عێراقدا هەیە. لەوانەیە خوێنەری ئەم کتێبە، کاتێک لەسەر گەندەڵی جۆرجیا ئەخوێنێتەوە، وابزانێ لەسەر باس و خواسی گەندەڵی عێراق ئەخوێنێتەوە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراقی تێکەوتووە و پڕ بووە لە گەندەڵی، بەتایبەتی لە ڕووی: سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، کارە خزمەتگوزارییی و کارگێڕییەکانی حکومەت).

ئەو زانیارییانەی لەم کتێبەدا ڕوونکراونەتەوە، دەری ئەخات، کە ئەو گەندەڵییانەی لەو وڵاتەدا هەبووە، زۆر ترسناک بوون. زۆرجار گەندەڵییەکان ڕوبەڕووی کارگێڕییەکانی حکومەتی ئەبووەوە. هەندێ جاریش بە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ دزەکان و بەرپرسانی حکومەت. تا وای لێهاتبوو ئەمانە ئەناسرانەوە بە دزەکانی یاسا. وەکو ئەم کتێبە دەری ئەخات ماشێنی گەندەڵی پشتی هاوڵاتییانی شکاندبوو. هەژارانی ئەم وڵاتەی زیاتر هەژار و بێ چارە ئەبوون. تاڵانکردنی خەڵک لەسەر شەقامەکان گەیشتبووە ئاستێک، کە پۆلیس و پیاوانی ئاسایشیش ئەنجامیان ئەدا و ببوونە دز لە بەرگی پۆلیس و ئاسایشدا. لەناو شەقامی جۆرجیادا هەموو کەسێ ئەیزانی، کە هەندێ لە پۆلیسەکان خۆیان تاوانبارن و دەستیان هەیە لە تاوانەکانی فڕاندن، بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و تاڵانکردنی هاوڵاتییان.

لە جۆرجیا دەرهێنانی پاسپۆرتێک یان تۆمارکردنی خانوویەک، یان دەستکردن بە چالاکییەکی بازرگانی، یاخود چوونە ناو زانکۆ، یان هەر چالاکییەکی تر، پێویستی بە پێدانی بەرتیل بوو بۆ ئەوەی کارەکەت جێبەجێ

ببێت، بە کورتی: هیچ کارێک بەبێ بەرتیلدان جێبەجێ نە ئەبوو. ئەمە بێجگە لەوەی هەموو چالاکییە بازرگانییەکان، کە بە مەلایین سوودی هەیە، لەلایەن چەتە تاوانبار و بەرپرسە گەندەڵەکانەوە جێبەجێ ئەکرا. ئەمانە هەموو کارێکیان بەرامبەر پارەیەکی زۆر جێبەجێ ئەکرد. بەڵام بەرپرسانی حکومەت ئەو موچانەی وەریان ئەگرت، بە هیچ جۆرێ ژیانی مەیسەر نەئەکردن. بەو شێوەیە گەنجینەی دەوڵەت خاڵی کرابوو.

پێش ساڵی 2003 حکومەتەکەی شیفرنادزە هەوڵی ئەدا بەرنامەیەک دابنێ بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی، ئەم کارەی بۆ قایل کردن و بێدەنگ کردنی گەلەکەی بوو. لە ساڵی 2001 دوو مەرسومی دەرکرد، سەبارەت بە دروستکردنی ئەنجومەنێکی 12 کەسی بۆ دروستکردنی نوسینگەی قەلاچۆکردنی گەندەڵی. ئەم ئەنجومەنە سەرۆکی وڵات چاودێری ئەکرد. ئەم ئەنجومەنە کۆمەڵێک لە لێپرسراوە ناودارەکانی دەوڵەتیان تاوانبار کرد بە گەندەڵی، بەڵام ئەم کارەیان هیچ پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە نەبینی، چونکە سیاسییەکان بۆ ئەم کارە ڕاستگۆ نەبوون و بڕیارەکانی حکومەتیش کاریگەر نەبوون.

لە ساڵی 2004 کاتێک حکومەتەکەی میخائیل ساکاشیفلی دەستبەکار بوو، هەندێ هەنگاوی گرنگی نا. هەرچەندە گەنجینەی دەوڵەت بەتاڵ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسییەکان بە نیازێکی پاک ئەیانویست کارەکە ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوە لە سەرنەکەوتن ڕزگاریان بوو، بۆیە هەنگاوی گرنگیان بۆ چاکسازی نا.

کارەکانی ئەم حکومەتە دەستی پێ کرد، سەرەتا دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای تاوانباران و کارمەندە گەندەڵەکان، هەموویانیان دەستگیر کردن، ئینجا دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی باج. بۆ ئەوەی بتوانێت هەندێ پارەیان

بەدەستەوە بێت، کە پێویستە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزارییەکان. هەروەها بایەخیدا بە بەشی وزەی کارەبا لە کارە یەکەمەکانیان بوو. دەستیان کرد بە چاکسازی کۆکردنەوەی باج و ڕێکخستنی کارەکان و یاساکانی گومرگ، پۆلیسی هاتوچۆ، تاقیکردنەوەکان بۆ وەرگرتن لە خوێندنی باڵا و زانکۆکاندا.

ئەتوانین بە کورتی ئەزمونی جۆرجیا بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی بخەینە ڕوو، کە بریتیە لە پێداگری کردنی سیاسییەکان و بڕیاری توندوتۆڵی حکومەت، بە هەوڵدان بۆ پچڕاندنی پەیوەندی نێوان چەتە تاوانبارەکان و بەرپرسە گەندەڵەکانی دەوڵەت. بڕیارەکانی حکومەت زۆر ئازایانە بوو، یەکسەر 16,000 کارمەندی پۆلیسی هاتوچۆیان بە یەک بڕیار و بێ دڵەڕاوکێ و بەبێ ترس دەرکرد. چونکە ئەو دەزگایەی بەناوبانگترین دەزگای گەندەڵی بوو لە جۆرجیا. هەروەها بە بڕیارێکی تر 80%ی کارمەندانی گومرگی دەرکران. بە هەمان شێوە 3,000 کارمەندی وەزارەتی کارەبا دەرکران.

لە کاتێکدا حکومەتی جۆرجیا ئەو بڕیارە توند و ئازایانەیە بەرامبەر گەندەڵیی دەرئەکرد، دەستیشیان کرد بە دانانی یاسای نوێ، کە ئەم بەشانەی گرتەوە: باج، توماکردنی کۆمپانیاکان، گومرگ. هەروەها چەند بڕیارێکی گرنگیشیان سەبارەت بە ئاسانکاریی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتییان، دەکرد. وەکو: دەرکردنی پاسپۆرت، پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی، مۆڵەتی بینا دروست کردن و هەروەها ڕۆشنبیری نوێ. دەرکردنی ئەم بڕیارانە بووە هۆی خۆشەویستی و هاوکاریی لە نێوان هاوڵاتی و کارمەندان و تێگەیاندنی هەموو لایەک لەوەی، کە بەرژەوەندییە گشتیەکان لە پێش هەموو شتێکەوەیە. بە هەموو لایەک بەربەرەکانی گەندەڵییان کرد، کە گەورەترین ڕێگریی بوو لە پێشکەوتنی جۆرجیادا. ئەم بڕیارە ئازایانەیە کارێکی گرنگ

بوو، کە وای لە جەماوەر کرد باوەڕ بە دەوڵەت و بڕیارەکانی بکەن. هەروەها وای کرد خەڵک باوەڕ بە سەرکردە سیاسییەکان بهێنێ و دەست هەڵگرێ لە ڕێزگرتنی مافیا و دزەکانی جۆرجیا.

ئەوەی لەبارەی ئەزمونی جۆرجیاوە لە ڕوبەڕوبوونەوەی گەندەڵیدا هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە، کە سەرکردە سیاسییەکان دانەنیشتن کات بە فیڕۆ بدەن بۆ دانانی ستراتیج و لێکۆڵینەوەی پلانەکانیان. بەڵکو یەکسەر کەوتنە پەلاماردانی گەندەڵکاران و ڕەگ و ڕیشەیان لە دەوڵەت هەڵکێشان. ئینجا دەستیان کرد بە دامەزراندنی کارمەندی نوێی بە توانا و ئیشکەر. ئەوانەی خاوەن ئەزمونیش نەبوون، ڕاهێنانیان بۆ کرایەوە. شانبەشانی ئەم هەڵمەتە توندانە، بەردەوام بڕیاری یەک لە دوای یەک دەرئەچوو بۆ داڕشتنی چوارچێوەی ئیدارەدانی دەوڵەت، بەتایبەت ئەو کارانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هاوڵاتییانەوە هەبوو. هەروەها کەمکردنەوەی ڕۆتین لە کارەکانیاندا.

لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو، هەماهەنگییەکی زۆر لە نێوان دەستەی حکومەت و خاوەن بڕیاردەرە سیاسییەکانی جۆرجیا هەبوو، هەروەها دەستەیەکی بچووک بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆمار دروست کرا، بۆ بەربەرەکانی گەندەڵی، بە سوودوەرگرتن لە ئەزمونە نێودەوڵەتییەکان و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ. جیاکردنەوەی هاوڵاتییان لە کارمەندانی دەوڵەت. سەرکردایەتیی سیاسی بەهۆی پشتگیرییەکی زۆری گەلەوە نامەیەکیان ئاڕاستەی گەندەڵکاران کرد و پێیان وتن: "ئیتر جۆرجیا شوێنی گەندەڵی تیا نابێتەوە". کارەکانیان دەریخست، کە هەموو تواناکانیان بۆ ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی خستۆتەگەڕ. لەم بارەیەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش هاوکارییەکی زۆری ئەم کارانەیان کرد.

ئەزمونی جۆرجی ئەتوانێت ببێتە نمونەیەک، کە بتوانرێ لە عێراقدا جێبەجێ بکرێ. سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانەی عێراق هەیەتی. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو ئەزمونە بە دانپێدانانی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو بوو، بۆیە بەشێکی زۆر لەو کارانە لە جۆرجیا دژی گەندەڵی کراون، ئەتوانرێ لە عێراقیشدا جێبەجێ بکرێ.

بە بەرنامە تالآنکردنی سامانی گشتی و بە فیڕۆدان و سەرفکردنی بێ مانا، دزیی و خراپی خزمەتگوزارییەکان و نالەباری کارمەند و لاوازیی کارگێڕییەکان و دروست بوونی ناوەندی نابەرپرس و جیاجیا. دواکەوتنی پەروەردە و فێربوون. ئەمانە نیشانە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و جۆرجیای پێش چاکسازییە. لەبەر ئەوە ئەتوانرێ لە بواری قەلاچۆکردنی گەندەڵیدا سوود لەو ئەزمونەی جۆرجیا وەربگیرێ. بە ڕای ئێمە ئەو بڕیارە، پێویستی بە ئازایەتی و توانایی سەرکردە سیاسییەکانە، کە چۆن لە جۆرجیا دوای شۆڕشی گوڵەکان ڕوویدا. ئێمە لەو باوەڕەداین سەرکردەی سیاسی وا لە عێراقدا هەیە، کە ئەو ئازایاتییەی تیایە و ئەتوانێت کۆتایی بە دزییەکانی سامانی گشتی بهێنێ و جەماوەری عێراقیش باوەڕ بە سەرکردە سیاسییەکانی خۆی بهێنێتەوە. ئەگەر وانەبێ ئەو دەزگا چاودێری و پشکنینانەی لە عێراقدا هەیە، هیچیان پێ ناکرێت.

### لە بارەی ئەم وەرگێڕانەوە

ناوەند ئەم کتێبەی بە گوێرەی دەقەکەی وەرگێڕاوە، تەنها هەندێ ڕستە نەبێ، کە بۆ ڕوونکردنەوە دانراون. هەروەها لەبەر جیاوازی هەندێ وشە لەکاتی وەرگێڕانەکەدا، هەندێک دەسکاری دەقەکە کراوە.

ئەم وەرگێرانە بە چەند قۆناغێک کراوە، لە پێشدا وەرگێڕدراوە و بەراورد کراوە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەی. پاشان بەراورد کراوەتەوە. ئەم کارە سێ

مانگ هەوڵ و کۆششەکانی ناوەندی بۆ تەرخان کراوە. سەرچاوەکانی ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی دانراونەتەوە، لەبەر ئەوەی ئاسان دەست بکەون. هەروەها مانگ و ژمارەکان وەکو دەقە ئەسڵییەکە دانراوەتەوە. هەندێ زاراوەش لەبەر نەبوونیان بە زمانی عەرەبی، وەکو خۆی دانراوەنەتەوە. ئەوەی وشەیەکی بەرامبەری هەبووبێ دانراوە، هەندێ لە کورتکراوە ئینگلیزییەکانیش دانراونەتەوە، وەکو: لە بری نووسینی "داهاتی سەرجەمی ناوخۆ" بە ئینگلیزی نوسراوەتەوە "GDP"

**تێبینی: چاپکردنی ئەم کتێبە لەلایەن ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان، بە مۆڵەتی بانکی نێودەوڵەتی وەرگێڕدراوە. لەبەر ئەوەی بانکی نێودەوڵەتی ئەم وەرگێڕانەی نەکردوە، بۆیە ئەم وەرگێڕانە عەرەبییە، دانانرێ بە کتێبی فەرمی ئەو بانکە. هەروەها ئەو بانکە بەرپرس نییە لە بوونی هەر هەڵەیەک لەم وەرگێڕانەدا، ئەگەر کرابێ.**

**ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندان**

**نیسانی 2015**

## ڕیزبەندی ڕووداوە سیاسییەکانی جۆرجیا (1991–2013)

- جیابونەوەی جۆرجیا لە یەکێتی سۆڤیەت 1991.
- کودەتای ساڵی 1992 و دەستکردن بە جەنگی ناوخۆیی، کە تا کۆتایی ساڵی 1994 بەردەوام بوو.
- یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ساڵی 1995، کە شیفرنازدە بوو بە سەرۆک کۆماری جۆرجیا و لە ساڵی 2000یشدا هەڵبژێردرایەوە.
- شۆڕشی گوڵەکان لە ساڵی 2003.
- هەڵبژاردنی ساکاشفیلی بە سەرۆکی کۆمار لە ساڵی 2004.
- جەنگی جۆرجی- ڕۆسی لە ئابی 2008.
- هەڵبژاردنی جۆرجی مارکفیلاشفیلی بە سەرۆک کۆمار لە ساڵی 2013.

## چەند زانیارییەکی گشتی لەبارەی جۆرجیاوە

جۆرجیا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لە ناوچەی قەوقاسی ئۆراسیا. ئەکەوێتە نێوانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ڕۆژئاوای ئاسیا. لە ڕۆژئاواوە دەریای ڕەش، لە باکورەوە ڕووسیا. تورکیا و ئەرمینیا لە باشوورەوە، ئازەربایجان لە ڕۆژهەڵاتیەوە. ڕووبەری جۆرجیا 69,420 کم$^2$، دانیشتوانەکەی 3,729,636 کەسە (ئاماری 2014). جۆرجییەکان 83,8% دانیشتوانەکەی پێک دێنن. چەند ڕەگەزێکی جیاجیا لەو وڵاتە ئەژین. ئازەرییەکان 6,5%. ئەرمەن 5,7%. ڕووس 1,5%. هەروەها ئەبخاس، ئۆسینی، ئاشوری، شیشانی، چینی، جولەکە، یۆنانی، کەبەرتای، کورد، تەتار، تورک و ئۆکرانی لەو وڵاتەدا ئەژین.

جۆرجییەکان لە 9ی ئەپرێلی 1991 لە سۆڤیەت جیا بوونەوە.

ڕژێمی جۆرجیا، کۆمارییە.

پارەی جۆرجیا، لاری جۆرجییە.

پایتەختەکەی و گەورەترین شاری، تەبلیسییە.

زمانی ڕەسمی، جۆرجییە.

سەرجەم داهاتی ناوخۆی جۆرجیا بە پێی ئاماری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە 2013دا 34,2 ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە.



## پێشەکی بانکی نێودەوڵەتی

زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە گەندەڵی پێشکەوتنی ئابوری وڵاتان پەک ئەخات و بارودۆخی ژیانی هاولاتییانیش لاواز دەکات. لە جیهاندا بە ملیۆنەها خەڵک لە کاتی بەدواداچوونی ڕۆژانەیان بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکانیان ڕوبەڕوی گەندەڵی کارگێڕی دەبنەوە، بە تایبەتی لە بواری پەرەسەندنی وڵاتدا.

لە زۆربەی وڵاتان گەندەڵی کارگێڕیی بارێکی گرانە لەسەر کات و داهاتی دانیشتوان و کۆمپانیاکان و بووەتە هۆی ناڕەزایی لە خزمەتگوازارییە گشتییەکان. بەم هۆیەوە خەڵک باوەڕی بە دامەزراوە گشتییەکان نامێنێ. پەرەسەندن و بەرهەمهێنانی بازرگانی پەکی ئەکەوێت. لەبەر ئەوە هەژار و خەڵکانی لاواز ئەوانەن، کە زیاتر لە هەر کەسێکی تر کێشەیان بۆ دروست ئەبێت. لە زۆر کاتدا گەندەڵی کارگێڕیی دائەنرێ بە نەخۆشییەکی درێژخایەن و ئەنجامی ڕۆشنبیرییە کۆنبادەکانی ناوخۆیی، کەواتە خەڵک بە ناچاری ڕوبەڕوی ئەبێتەوە. هەروەها سەرکردە سیاسییەکان لەبەر ئەوەی ئەبینن خەڵک بەرامبەر ئەو گەندەڵییانە بێدەنگن، بۆیە ئەوانیش بێ باکانە بەردەوام ئەبن لەسەر گەندەڵییەکەیان، هەرچەندە ئەزموونە جیهانییەکان پڕیەتی لە چەندین چیرۆکی چاکسازیی سەرنەکەوتوو، پاشان بێ هیوا بوون. بەڵام هەندێ هەوڵ و تێکۆشان بە ڕێژەیەکی کەم سەرکەوتوو بووە لە شەڕی دژی گەندەڵی. ئەزمونی جۆرجیا دەریخست، کە ئەتوانرێت گەندەڵییە ئاشکرا و درێژخایەنەکانیش بنەبڕ بکرێن. بە مەرجێک ئەو کارە پشتگیری بکرێت بە تایبەت لە چاکسازی دامودەزگاکاندا و بینە زنجیرەیەک دامودەزگای کارا.

ئەم کتێبە (بەربەرەکانی کردنی گەندەڵی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان) کە چاکسازییەکانی جۆرجیا ڕوون دەکاتەوە. لە ڕاستیدا چیرۆکێکە، قورسایی ئەوەندەی هەیە بگێڕدرێتەوە و ڕێوشوێنەکانی بگیرێتەبەر، کە بەرچاو ڕوونی و پاکسازی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا پێش بخات. وەکو: پۆلیسی هاتوچۆ، باجەکان، گومرگ، دابەشکردنی کارەبا، خوێندنی باڵا، دەرکردنی بڕیاری گومرگ، تۆماری خانووبەرە، کارە بازرگانییەکان و

خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی. ئەم کتێبە ئەو پلان و ڕێگایانەی چاکسازی، کە گیراونەتەبەر و ڕێگرە لەو دەسەڵاتانەی، کە ناهێڵێ ئەو کارانە پێش بکەوێ، ڕوون دەکاتەوە.

ئەم کتێبە تەنها ڕێگەوشوێنی کەمکردنەوەی گەندەڵی لە جۆرجیا پیشان نادات، بەڵکو هەوڵ ئەدات ئەو هۆکارە ئابوریانەی، کە بوونەتە هۆی چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی لە جۆرجیا دەستنیشان بکات. هەروەها نیشانی ئەدا، کە ویستی سیاسی چەند گرنگە لەسەر کەسانی پلە باڵا، کە وای کرد جۆرجییەکان بتوانن بە خێرایی چاکسازییەکان ئەنجام بدەن و ڕێگە بگیرێ لە بەردەوامبوونی ئەو گەندەڵییانە. هەروەها ئەم کتێبە ئەو چاکسازییانەی لە دامودەزگاکاندا کراوە هێشتا تەواو نەبوون پیشان دەدات، چونکە پێویستە هەوڵی بەردەوامبوونی بدرێت و گەندەڵی لە بنەڕەتەوە هەڵوەشێنرێتەوە لە جۆرجیا، پاشان یاسا و بڕیاری گرنگی بۆ دەربکرێت.

ئەو کارانەی لە جۆرجیا جێبەجێ کراون، مەرج نییە لە وڵاتانی تریش بکرێن. لەبەر جیاوازی بارودۆخی ئابوری و سیاسی و شێوەی دامودەزگاکان، بەڵام چەند دەرسێکی بەسوودە و ئەتوانرێت لە وڵاتانی تر جێبەجێی بکرێت، بە مەرجێک ئەو وڵاتە و گەلەکەی ویستییان لە ڕوبەڕوبوونەوەی گەندەڵیدا هەبێت.

**فیلیب لی هورو**
**جێگری سەرۆک- ناوچەی ئەوروپا و ناوەندی ئاسیا**
**بانکی نێودەوڵەتی**

# بەشی یەکەم

# پێشەکی

## پێشەکی

لە شەوێکی سارد و ئاسمانێکی بە هەور داپۆشراوی 22ی نۆڤەمبەری 2003، لە کەشوهەوایەکی پڕ توورەیی و نارەزاییدا، خەڵکی جۆرجیا بڕیاریاندا، کە ئیتر ئەوان توانای بێدەنگبوونیان لە گەندەڵی و بەردەوامی تاوانەکان و دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییەکانیان، نەماوە. توورەیی شەقام ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندا بوو، بە تایبەت لە دوای هەڵبژاردنە لەکەدارە پڕ گەندەڵەکەی پەڕلەمان، چونکە پێش چەند هەفتەیەک، کە سەرۆک ئەدوارد شیفارنادزە وتاری لە پەڕلەمان ئەخوێندەوە، لەو کاتەدا جەماوەر لە دەرەوە بە شێوەیەک توورە بووبوون، کە خۆیان پێ نەگیرا و چوونە ناو بینای پەڕلەمان، زۆربەیان چەپکە گوڵیان بە دەستەوە بوو بۆ پیشاندانی نیازپاکی و ئاشتیخوازی، کە بە هیچ جۆرێک باوەڕیان نەئەکرد بەو شێوەیە بتوانن بچنە قۆناغی چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵییەوە.

لە ساڵی 2003 گەندەڵی چووبووە ناو هەموو کایەکانی ژیانەوە. لە هەموویان زیاتر پۆلیسی هاتوچۆی ئەو وڵاتە. ئەم پۆلیسانە جلە شڕەکانی زەمانی سۆڤێتیان لەبەردا بوو. لە زۆربەی شەقام و لە کاتی سوڕانەوەیاندا پۆلیس بە تێڵاکانیانەوە ئامادەبوون بۆ ئەوەی شۆفێرە نەگبەتەکان ڕابگرن و پارەیان لێ بکێشنەوە. لە زۆربەی کاتدا ئەو تاوانانەی ئەدرایە پاڵ شۆفێرێک، درۆ و دروستکراو بوو. وەرگرتنی بەرتیل تەنها بۆ شۆفێرێکی ئۆتۆمبێل نەبوو. هەڵپەی پۆلیسەکان بۆ وەرگرتنی بەرتیل یەخەی خەڵکە پیادەڕەوەکەشی ئەگرتەوە.

گەندەڵی هەموو بوارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی گرتبووەوە. ئەبوو بەرتیل بدەی بۆ: دەرهێنانی پاسپۆرت، تۆمارکردنی موڵک، دەستکردن بە چالاکییەکی بازرگانی، دروستکردنی خانوویەک، تا ئەو ڕادەیەی بۆ چوونە زانکۆش ئەبوو بەرتیل بدەی. هەروەها ئەبوو بڕێک پارە بدەی بۆ ئەوەی هەندێ نمرەی باش یاخود بڕوانامەی باش بەدەست بهێنی. بە هیچ جۆرێک سەرکەوتوویی و بە توانایی لە بوارە زانستییەکاندا پێویست نەبوو بە تایبەت بۆ وەرگرتنی نمرەی باش و بڕوانامەی باش.

هاوڵاتییان ئەبووایە هەندێ پارە بدەن لە بەرامبەر وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێریی (شارەزایی و زانیاریی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل پێویست نەبوو لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتدا). پاش پێدانی ئەو بەرتیلە، پشکنینی ئۆتۆمبێلیش پێویست نەبوو. خاوەنی ڕیستۆرانتەکان بەرتیلیان ئەدا بە پشکنەرەکان بۆ ئەوەی ڕیستۆرانتەکانیان دانەخەن بە بیانووی نەبوونی مەرجی تەندروستی، ئەمە لە کاتێکدا مۆڵەت و مەرجی تەندروستی هەبووایە یان نەبووایە، کێشە نەبوو. هەروەها گەندەڵی زیانێکی گەورەی بە کۆکردنەوەی باج ئەگەیاند. چونکە خەڵک باجی نەئەدا، سەرەڕای ئەمەش پلان دائەنرا بۆ دزینی ئەو باجە کەمەی ئەدرا. خەڵکێکی زۆر کەم پارەی خزمەتگوزارییەکانیان ئەدا، بەتایبەت بۆ خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکو: شارەوانی و کارەبا. کار گەیشتبووە ڕادەیەک، کە هەندێ کەس ژیانی خۆی ئەخستە مەترسییەوە بۆ بەدەستهێنانی وزەی کارەبا، هێڵی سەرشەقامەکانی بە دزییەوە ڕائەکێشا. زۆرجار ئەو تاوانبارانە، کە ناونرابوون بە دزە یاساییەکان، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەرپرسەکان دەستیان تێکەڵ کردبوو، بە ئاسانی دەربازیان ئەبوون، تەنانەت لە دزینی سەیارەشدا. ئەو تاوانبارانە لەگەڵ هەندێ لە بەرپرسە گەندەڵەکان مامەڵە و ڕێککەوتنیان هەبوو بۆ تاڵانکردنی گەنجینەی دەوڵەت.

هەندێک لە کارمەندانی حکومەت، کە مووچەکانیان لە مانگێکدا لە 100دۆلار کەمتر بوو، ئەمانە ڕێگەشیان پێ نەئەدرا کاری دووەم بکەن، کەچی بووبوونە خاوەنی ڤێللا و موڵکی گرانبەها. هەروەکوو وەزیری داد "زوران ئەدیشفیلی" وتبوی: "داواکاری گشتیش گەندەڵ بووبوو، چونکە ئەو تۆمەتانەی بۆ دزەکان دەستنیشان ئەکرا، داواکاری گشتی بەرامبەر بە وەرگرتنی بەرتیل، بۆی پینە ئەکردن".

### هەوڵە بەپەلەکانی چاکسازی 1991–2001

پاش هەر سێ ناکۆکییە چەکدارییەکە، بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵی 1995 حکومەت هەندێ ئاسایشی بۆ وڵات گێڕایەوە، ئەمەش پاش چەککردنی ئەو میلیشیایانەی ئەیانویست دەسەڵات بگرنە دەست. هەروەها توانییان هەندێک ئارامی بۆ ئابوری گشتی بگێڕنەوە، چونکە لە نێوان ساڵی

1994-1992 وڵاتی جۆرجیا نەک دووچاری شەڕ و پێکدادان ببووەوە، بەڵکو هەڵاوسان و دارمانی ئابوریش ئەو وڵاتەی شەکەت کردبوو. ڕادەی هەڵاوسان لەو ماوەیەدا گەیشتبووە 7000%. ئابوری بە تەواوی داکشابوو بە ڕێژەی 28% وەکو لە (**خشتەی 1. 1**) ئاماژەی پێکراوە.

کۆکردنەوەی باج پەکی کەوتبوو، لە ساڵی 1992 داهاتی دەوڵەت کەم ببووەوە بۆ 15% (GDP). لە ساڵی 1993 ئەو ڕێژەیەی سەرەوە ببوو بە 2,3%. حکومەت لە ساڵی 1995دا بۆ ئەوەی باری ئابوری ڕێک بخاتەوە، دراوێکی نوێی چاپ کرد. کەوتنە دابەشکردنی ئەو دراوە بە شێوەیەکی زۆر ورد. چاودێریی نرخیان لابرد و ڕێگریی گومرگیان لەسەر کاڵای هەنارده و هاوردە بە ڕێژەیەکی زۆر لابرد. بەم کارەیان لە نێوان ساڵانی 1992-1994 و 1997 هەندێ بووژانەوە کەوتەوە کەرتی ئابوری وڵات.

پاش چەند ساڵێک لەم دارمانی ئابورییە، کەمێک لەو هەڵاوسانە بەرەو باشی ڕۆیشت. یەدەگی نێودەوڵەتی لە نرخی سێ هەفتەوە بوو بە دوو مانگ و نیو، ئەمە بە گوێرەی داهات. (**بڕوانە خشتەی 1. 1**)

لە ساڵی 1998 ئەم بووژانەوەیە بەهۆی کێشەکانی جۆرجیا لەگەڵ ڕووسیا و وشکەساڵی و لاوازبوون و کەمتەرخەمییەکانی حکومەت پەرەی نەسەند. هەرچەندە بارودۆخی ئابوری گشتی بە شێوەیەکی جێگیر مایەوە، بە تایبەتی لە بارەی هەڵاوسانەوە. ڕێژەی گەشە لە نێوان ساڵانی 1999-2003 لە ساڵێکدا کەمتر بوو لە 5%، کە زۆربەی ئەو دەستکەوتانە لە وەبەرهێنانی ئەو هێڵە نەوتەی لە (باکۆ- تەبلیسی- جیهان)ەوە دەستی ئەکەوت.

دێهاتەکان زیاتر دارمابوون، کەمتر گەشەیان ئەکرد، ئەمە بەردەوام بوو. بەڵام وەرگرتنی داهاتەکان بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی 1995-1998 سەرجەمی داهاتی ناوخۆی 5% بەرز کردەوە بۆ 14%، بەڵام گەشەکردن و پەرەسەندن لە جێی خۆی مابووەوە تا ساڵی 2003.

## خشتەی 1. 1: نیشانە ئابورییە سەرەکییەکان لە نێوان ساڵانی 1992-2011

| | 1994 -1992 | 1997 -1995 | 2003 -1998 | 2007- 2004 | 2011- 2008 |
|---|---|---|---|---|---|
| پەرەسەندنی داهاتی گشتی ناوخۆ (ڕێژەی سەدی) | -28.2 | 8.1 | 4.9 | 9.3 | 2.7 |
| داهاتی گشتی ناوخۆ بۆ یەک کەس (بە دۆلار) | 560 | 617 | 743 | 1.688 | 2.787 |
| هەڵاوسان (ڕێژەی سەدی بۆ معەدلی ساڵانە، گۆڕاو) نیشانەی نرخەکانی بەکارهێنەر | 6.981.0 | 26.0 | 7.0 | 8.1 | 6.9 |
| داهاتی حکومەت (بە ڕێژەی سەدی لە داهاتی ناوخۆ) | 7.1 | 7.7 | 15.2 | 25.8 | 29.4 |
| خەرجی حکومەت (ڕێژەی سەدی لە داهاتی گشتی ناوخۆ) | 37.5 | 15.7 | 18.8 | 27.6 | 35.2 |
| یەدەگی نێودەوڵەتی (چەند مانگێک لە داهات) | 0.7 | 2.5 | 1.4 | 3.5 | 4.2 |
| ڕێژەی هەژاری (ڕێژەی سەدی دانیشتوان-ئەوانەی لەژێر هێڵی هەژاریدان) | n.a. | n.a. | 28.5 | 23.4 | 24.7 |

**سەرچاوە:** حسابداری فەرمانبەرانی بانکی نێودەوڵەتی بە گوێرەی زانیارییەکانی نوسینگەی نیشتمانی ئامار لە جۆرجیا (GEOSTAT)

**تێبینی:** هەژاری لە جۆرجیا بەوە ناو ئەبرێت، کەسێک دەستکەوتی مانگانەی کەمتر بێت لە 71.60 لاری جۆرجی، ئەمە بە گوێرەی نرخەکانی ساڵی 2007.

پشێکەوتنی چاکسازییەکان پچڕ پچڕ بوو. پێدانی کۆمپانیاکانی حکومەت بە کەرتی تایبەت و ڕێگەپێدانی جوتیار تا پێش ساڵی 1997 بە کارکردن لە زەوییەکانی خۆیاندا 60% کەوتنەوە دەست خاوەن زەوییەکان. بەڵام کۆمپانیا گەورەکان هیچ پێشکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا، بێجگە لە کۆمپانیاکانی کارەبا، ئەویش بەهۆی دەرکردنی ئەو یاسایانەی، کە ڕێگەخۆشکەر بوو بە پێدانی کۆمپانیا کارەباییەکان بە کەرتی تایبەت، بە تایبەتی کۆمپانیاکانی وزەی کارەبا لە شاری تەبلیسی.

دەستکرا بە دانانی یاسا و بڕیاردان لە خزمەتگوزارییە داراییەکان. دەستکرا بە چاکسازی لە یاساکانی دادوەریی، کە بریتی بوو لە چاوخشاندنەوە بەسەر پۆستی سەرجەم دادوەرەکان و بڕیاردرا سەرلەنوێ تاقیکردنەوەیان بۆ بکرێت. ئەو دادوەرانەی لەو تاقیکردنەوانەدا سەرکەوتوو ئەبوون، بۆ ماوەی 10ساڵ بە مووچەیەکی بەرزتر لە جارانیان، دائەمەزرانەوە و بەرنامەیەکی ڕاهێنانی بەردەوامیان بۆ دائەنرا. هەروەها بۆ چاکسازییە بە پەلەکانی چاودێریی تەندروستی، کە هەوڵی بە تایبەتکردنی خزمەتگوزارییەکانیان ئەدرا، زیاتر هەوڵی ئەوە ئەدرا چاودێرییە تەندروستیەکانی خۆپاراستن لەپێش بەشەکانی ترەوە بێ، بەڵام کەمکردنەوەی ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان و کارمەندانی نەخۆشخانەکان. تا ڕادەیەک لە ئاستی پێویستدا نەبوون، بە تایبەت لە نێوان ساڵانی 1995-2003، دواتر بەرەو باش بوون ڕۆیشت، بەڵام هێشتا نەگەیشتە ئەو ئاستەی لە ساڵی 1990 هەبوو. بێجگە لە ڕێژەی بەرگری کردن لە نەخۆشی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندبوو. ئەو کەمکردنەوەیەی لە قەرەوێڵە و کارمەندانداندا کرا، ڕێژەیەکی ئەوەندە زۆر نەبوو کە ئامانجی چاکسازییەکەیان بپێکێ.

چاکسازییەکانی خوێندن لە ساڵی 2001 دەستی پێ کرد. بە نوێکردنەوەی بەرنامەکانی خوێندن لە ڕێگەکانی وانە وتنەوە و ڕاهێنان و زیاتر دەسەڵاتدان بە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان لە کارەکانیاندا. دەستکردن بە دانانی تاقیکردنەوەی تایبەتی بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان. بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکاندا.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەشە بودجەیەی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دانرابوو، تا پێش ساڵی 2003 زۆر کەمتر بوو لەو بەشە کەمەی، کە ئەبوو بۆی دابنرێ، بەڵام لەبەر کورتهێنانی بودجە و کەمی داهات دابەش نەئەکرا، تا وای لێهات لە 18مانگی پێش ساڵی 2003 نەتوانرا مووچەی خانەنشینی بدرێت.

لە ساڵی 2000 دەوڵەت دەستی کرد بە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی. سەرۆک شیفردنادزە کۆمەڵەیەکی لە حەوت ڕاوێژکار دروست کرد، بۆ ئەوەی بەرنامەیەک بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵیی دابنێن، بەرنامەیەکیش دابنێن بۆ جێبەجێکردنەکەی. لە مانگی ئازاری 2001 لە ڕادیۆی جۆرجیاوە سەرۆک شیفردنادزە وتارێکی پێشکەش کرد و وتی: "سەربەخۆیی ئەم وڵاتە و پاراستنی قەوارەی دەوڵەت بە خوێنڕشتن و فرمێسک ڕژاندن بەدەست هاتووە، ئەمە لەلایەکی تەرازووەکەیە، بەڵام لاکەی تر کە قورسترە، گەندەڵییە".

بە گوێرەی کاری ڕاوێژکارەکان، سەرۆک دوو مەرسوومی لە نیسان و ئایاری 2001 ئیمزا کرد. لە یەکەمیاندا ئەنجومەنێکی ڕێکخستنی لە 12 ئەندام دروست کرد بە ناوی نوسینگەیەکی قەلاچۆکردنی گەندەڵی. ئەم ئەنجومەنە سەرۆک کۆمار سەرۆکایەتی ئەکرد. ئەنجومەنەکە بەردەوام بوو لە کارەکانی تا تشرینی دوەمی 2003. ئەم ئەنجومەنە کۆمەڵێک لە بەرپرسە گەورەکانی دەوڵەتی تاوانبار کرد بە تێوەگلان لە گەندەڵیی.

هەرچەندە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە کارمەندی دیار و ناسراو و بە توانا بوون، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتنێکی دیار بەدەست بهێنن. چونکە دەسەڵاتی سیاسی و تواناکانی حکومەت لەم بوارەدا لاواز بوو. سەرەڕای ئەمەش، ئەو هەنگاوانەی، کە لە بەرنامەکانیاندا دایاننابوو، بووە بنەمای چاکسازی کردن بۆ حکومەتە نوێیەکەی دوای خۆیان.

### دەرکەوتنی چاکسازکارەکان

دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە توانای چاکسازییان هەبوو، لە حکومەتەکەی شیفردنادزە کاریان دەکرد و شارەزاییەکی باشیان بە دەست هێنابوو، ئەمە پێش ئەوەی بچنە ڕیزی ئۆپۆزسیۆنەوە. بەڵام ئەمانە بوونە

هۆی پەکخستنی قەلاچۆکردنی گەندەڵیی. سەرۆکی جۆرجیای نوێ "میخائیل ساکاشفیلی" کە لەوەوپێش وەزیری دادی حکومەتەکەی پێشوو بوو، لە بارەی دەسەڵاتی حکومەتەکەی پێشویەوە، وتی: "ئەوانە وەکو دەزگاکانی سۆڤیەتی کۆن وابوون و لە مۆسکۆوە کۆنترۆڵ ئەکران، بەڵام ئەوەی بەو هۆیەوە سوودمان لێ بینی، دەرکەوتنی چاکسازکارەکان بوو، بێگومان ئەمەش بەهۆی لاوازیی کۆنترۆڵی مەرکەزەوە بوو. جگە لەوانە ئەمە بووە هۆی دروستبوونی ئەزمونێک، کە لە حکومەتە کۆنەکەوە بەرچاورۆنییان ئەدا بەم حکومەتە نوێیە، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ناوخۆ، بە تایبەت حکومەت و پەڕلەمان. چونکە ئەمانە چاک لە گەندەڵی تێگەیشتبوون، هەروەها تاقیکردنەوەی هەندێک لە هەوڵەکانیان بۆ قەلاچۆکرنی گەندەڵی، سوودبەخش بوو". یەکێک لە کارە سەرکەوتووەکانی وەزیری داد "ساکاشفیلی"، کە ناوبانگی بە جەنگاوەری دژی گەندەڵی دەرکردبوو، سەرەتا بەوە دەستی پێ کرد: لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی حکومەتدا، وێنەی کۆشک و موڵکی بەرپرسە گەورەکانی حکومەتی پیشانی ئامادەبووان دا، کە لە ئەنجامی گەندەڵی و بە هەدەردانی ماڵی گشتی بە دەستیان هێنابوو. ژمارەیەک لەو کەسانەی لە هەوڵی چاکسازیدا بوون و ژمارەیەکیش لە پەڕلەمانتارەکان چوونە ڕیزی ئۆپۆزسیۆنەوە. ئەو دوو پارتە ئۆپۆزسیۆنە سەرۆکایەتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی 2003یان کرد، کە بریتی بوون لە "پارتی بزوتنەوەی نیشتمانیی یەککگرتوو" بە سەرۆکایەتی ساکاشفیلی و "پارتی بزوتنەوەی دیموکراسیی یەککگرتوو" بە سەرۆکایەتی زۆراب جفانیا. دروشمی بزوتنەوەی نیشتمانیی یەککگرتوو بریتی بوو لە **"جۆرجیا بێ گەندەڵی"** بە گوێرەی ئەوەی وەزیری داد "زۆراب ئادی شیفیلی" وتی: "هەمیشە باسی گەندەڵیمان ئەکرد، چونکە تێگەیشتبووین لەوەی گەندەڵی ڕێگری سەرەکییە لە بەردەم گەشەسەندنی پاشەڕۆژی جۆرجیا. ئەو گرنگیدانەمان بە هەوڵی قەلاچۆکردنی گەندەڵی لەلای خەڵکیی پێشوازی لێکرا، بۆیە پشتگیرییەکی زۆرمان لەلایەن گەلەکەمانەوە بەدەستهێنا. هەر ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی گوڵەکان و بووە هۆی ئەوەی حکومەتە نوێیەکە بەربەرەکانی گەندەڵی بکاتە کاری سەرەکی خۆی".

**قۆستنەوەی هەلەکان**

حکومەتە نوێیەکە لە کانونی دوەمی 2004 سوێندی یاسایی خوارد. زۆربەی ئەندامەکانی لە گەنجە چالاکەکان بوو. لە پێش هەموو شتێکەوە بڕیاریان دابوو جۆرجیا هەڵبستێننەوە، بۆ ئەوەی لەو نائومێدییەی، کە بە میرات لە سۆڤێتی داڕوخاوی جاران بۆیان مابووەوە، ڕزگاریان بێت.

لاوە چاکسازیخوازەکان بەرنامەیەکی ڕوبەڕوبونەوەی چاکسازی وایان داڕشت، کە لەوەوپێش وێنەی نەبوو، بەتایبەت لە بارەی هەڵسانەوە بارودۆخی ئابوری جۆرجیا، کە هیچ نەبێت جۆرجیا ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن داهاتی مام ناوەند. ئەم دەسەڵاتە نوێیە پشت ئەستوور بوو بە پشتگیرییەکی لە ڕادەبەردەری گەلەکەی، چونکە ساکاشفیلی پتر 90%ی دەنگەکانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بەدەست هێنابوو. بزوتنەوەکەشی (بزوتنەوەی نیشتمانی یەککگرتووی) 68%ی کورسییەکانی پەڕلەمانی بەدەست هێنا. هەر لە دەستپێکردنی کردەی چاکسازییەوە دەستەیەکی بچووک سەرۆکاری چاکسازی بوون لە وڵاتدا، ئەمانەش پشت ئەستوور بوون بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە بە ڕێکەوتنی گشتی لە نێوان پەرلەمان و دەستەی دادوەرییدا بوو.

ئەم دەسەڵاتە نوێیە ڕوبەڕووی دوو کێشەی گەورە بووەوە.

**یەکەم: گەنجینەیەکی تاڵانکراو.**

**دوەم: دەوڵەتێکی پەککەوتوو.**

چونکە کەس نەیئەتوانی بە ئاسانی، گەندەڵکاران لە بەرپرسانی دەوڵەت جیا بکاتەوە. "کاخا بایندوراشیفلی" وەزیری دارایی حکومەتەکەی پێشوو، کە نزیک بوو لە خوالێخۆشبوو "زۆراب جفانیا"ی سەرۆک وەزیرانی پێشوو، بارودۆخەکەی بە چەند وشەیەک، بەم شێوەیە وەسف کرد: "ئەو دەسەڵاتەی پێشتر هەبوو، حکومەت نەبوو، بەڵکو کارەسات بوو. چونکە ئەوان دەوڵەتیان بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی ماددی ئەویست. بۆیە هەموو جومگەکانی دەوڵەتیان گەندەڵ کردبوو".

یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیرانی نوێ ڕوونی کردەوە، کە وڵات لە چ بارودۆخێکی نالەباردایە، چونکە گەنجینەی حکومەت هیچ پارەیەکی تیا نەبوو، کۆی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانیش کە زیاتر لە 400 ملیۆن لاری جۆرجی بوو بەرامبەر 180 ملیۆن دۆلار، نەدرابوو. "دیڤید باکرادزە" کە پێشتر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کاری کردبوو، ئێستا سەرۆکی پەرلەمانە نوێیەکەی جۆرجیایە، باسی ئەوە دەکات، لە چی بارودۆخێکی نالەباردا بوون و وتی: "لە یەکەم ڕۆژی دوای شۆڕش، بەشداری یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی وڵاتم کرد، لەو کاتەدا وەزیری بەرگری وتی، من خواردنم نییە بۆ سەربازەکانم، ئەو نانە وشکەی هەمە بەشی ڕۆژ و نیوێکی سەربازەکانم ئەکات. دوای ئەو وەزیری دارایی هەستایە سەرپێ و وتی، ئەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم، کە لە گەنجینەی دەوڵەتدا تاکە یەک تەتەری تێدا نییە (یەک سەنت)"

لە کاتی ئەم بێ ئومێدییەدا، دەسەڵاتە نوێیەکە دەستی بەکار کرد و ستراتیجیەتێکی ئاسانی جێبەجێکرد، کە بریتی بوو لەوەی حکومەت ڕاستگۆیی خۆی دەربخات، ئەویش بە کۆکردنەوەی باجەکان بە ڕێکوپێکی و پەلاماردانی دەسەڵاتدار و کارمەندە گەندەڵەکان. "زۆراب نوجایدیلی" کە ببووە وەزیری دارایی حکومەتە نوێیەکە، لە کۆبوونەوەیەکدا هەستایە سەرپێ و وتی: "دەستپێکی کارەکانم بە کۆکردنەوەی باج دەست پێدەکات و بە هیچ جۆرێک چاوپۆشی لە گەندەڵکاران ناکەم. کارمەندەکانیش بە گوێرەی توانای کۆکردنەوەی داهاتەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین". هەر لەم کاتەدا حکومەت دەستی کرد بە گرتنی چەند سەرکردەیەکی ناسراو، کە تێوەگلابوون بە کارە گەندەڵەکانیانەوە و تاوانبار بوون، هەروەها ژمارەیەکیش لەو کارمەند و بازرگانانەی پشتیان بە گەندەڵی بەستبوو لە کارەکانیاندا. بەم شێوەیە وردە وردە پارە هاتە ناو گەنجینەی دەوڵەتەوە. هاوڵاتییانی جۆرجیش تێگەیشتن، کە ئەو گەندەڵییەی ڕۆژانە بەرەو ڕوویان ئەبێتەوە، ئیتر جێگەیەکی بۆ نەماوەتەوە و لەلایەن حکومڕانە نوێیەکانەوە چاوپۆشی لێ ناکرێت. بە هاتنی پارە بۆ گەنجینەی حکومەت و پەلاماردانی بەرفراوانی تاوانە ڕێخکراوەکان، دەسەڵات بوو بە دەسەڵاتی لەناوبەری گەندەڵیی و باشکردنی خزمەگوزاری لە

دەزگا گشتییەکانی دەوڵەتدا. پێدانی وزەی کارەباش بوو بە هەوڵێکی سەرەتایی لە کارەکانی حکومەت. لە کۆتایی ساڵی 2005 یەکێ لە ئامانج و پلانە گەورەکانی حکومەت باشکردنی کارەبا بوو بۆ 24 سەعاتی بەردەوام لە هەموو جۆرجیادا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتە ئەبێت هەوڵ و کۆششەکان چڕ بکرێتەوە بۆ ڕاگرتنی ئەو گەندەڵییەی لە کەرتی کارەبادا کراوە و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەو پارانەی لەلای بەکارهێنەرانی کارەبا بوو. بۆ ئەوەی کەرتی کارەبا لە دارمان بپارێزرێ.

هەر لەو کاتەدا حکومەت دەستی کرد بە چاکسازی لە کۆکردنەوەی باج، تۆمارە گشتییەکان، یاساکانی کار، یاساکانی گومرگ، پۆلیسی هاتوچۆ، تاقیکردنەوەی وەرگرتنی خوێندکارانی زانکۆ، دەسەڵاتەکانی شارەوانی و ناوخۆ. ئەم کارانە لە هەموو ناوچەکانی جۆرجیا ڕێکخستەوە، کە مەبەست لەو ڕێکخستنەوەیە هەڵتەکاندنی گەندەڵیی و چاکردنی خزمەتگوزارییەکان بوو. لە هەموو ناوچەکان، چاکردنی خزمەتگوزارییەکان یەک ئامانج بوون، بۆیە چاکسازکارەکان دەسەڵاتێکی ئازادانەیان هەبوو بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیی لە ناوچەکانی خۆیاندا.

### ئەنجامەکانی قەلاچۆکردنی گەندەڵی

بە گوێرەی ستانداردە جیهانییەکانی سەبارەت بە گەندەڵی و بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافێتی نێودەوڵەتی، جۆرجیا توانی لە ماوەیەکی کورتدا ڕێگریی لە گەندەڵی بکات. هەر لەم سەروبەندەدا وڵاتی جۆرجیا لە پلەی یەکەمدایە لە دابەزینی ڕێژەی گەندەڵیی و پلەی دووەمی هەیە لەبارەی پێزانینی هاوڵاتییان سەبارەت بە چالاکییەکانی دەسەڵات لە بەربەرەکانی کردنی گەندەڵیدا. لە 12 مانگی ساڵی 2010 تەنها 2%ی دانیشتوانی جۆرجیا بەرتیلیان دابوو.

جۆرجیا پەیوەندییەکانی دەسەڵات و تاوانە ڕێکخراوەییەکانی پچڕاند، ڕێژەکانی تاوان بە بەراورد بە دەوڵەتانی ئەوروپا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی بۆ کەمترین ئاست، ئەمە بە گوێرەی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتیەکان، کە

نوسینگەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە جۆرجیا (GORBI) لە ساڵی 2011 دیاری کردووە.

لە ساڵی 2012 دەست کرا بە پۆلێنکردنی کۆمپانیاکانی کار، جۆرجیا سەرکەوت بۆ پلەی شازدەهەم لە ڕیزبەندی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری و پەرەسەندنی نێودەوڵەتی. بەهۆی ئەم سەرکەوتنانەوە "گۆڤاری ئیکۆنومیست" کارەکانی جۆرجیای دژ بە گەندەڵی ناونا "شۆڕشی زیرەکەکان". ئەمە ئەو بۆچوونەی ڕەش کردەوە، کە وابڵاوبوو، گوایە گەندەڵیی جۆرێکە لە ڕۆشنبیریی لە جۆرجیا. ( The Economist 2010).

لە ساڵی 2010 بڕی ئەو پارانەی بە شێوەیەکی نایاسایی بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان لەلایەن هاوڵاتییانەوە ئەدرا، کەم بووەوە. وەکو لە (**خشتەی 1. 2**) دەبینرێ. ڕێژەکانی پارەی نایاسایی بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، وای دەرئەخەن، کە ڕێژەکەی نزیک بووەتەوە لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان. نەک لە دەوڵەتانی سۆڤیێتی جاران و ئەو دەوڵەتانەش، کە تازە چوونەتە یەکێتی ئەوروپاوە.

**خشتەی 1. 2:** ڕێژەی ئەو پارانەی بە نایاسایی لەبەرامبەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەلایەن هاوڵاتییانەوە ئەدرێت، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەوڵەتان لە ساڵی 2010. (% لەو دانیشتوانەی ئەم لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە).

| ولاتێک/ کۆمەڵێک لە ولاتان | پەروەردەی سەرەتایی و ئامادەیی | پۆلیسی هاتوچۆ | بەڵگەنامەی فەرمی | خزمەتی کۆمەڵایەتی و یارمەتییانی بێکاران | دادگا مەدەنییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆرجیا | 5 | 1 | 1 | 3 | 3 |
| یەکێتی سۆڤیێتی جاران | 23 | 30 | 20 | 17 | 20 |
| ئەندامە نوێیەکانی یەکێتی ئەوروپا | 4 | 7 | 3 | 3 | 5 |
| EU-5 (فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، سوید، بەریتانیا) | 1 | 0 | 1 | 1 | 1 |

**سەرچاوە:** حسابداری فەرمانبەرانی بانکی نێودەوڵەتی بە گوێرەی زانیارییەکانی نوسینگەی نیشتمانی ئامار لە جۆرجیا (GEOSTAT)

**پێشکەوتنەکان لەم بوارانەی خوارەوەدا سەبارەت بە قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا زۆر ڕوون و ئاشکرا بوون:**

- لە ساڵی 2003 ئەو بەرتیلەی ئەدرا بەرامبەر بەوەی کەسێک دابمەزرێ بە پۆلیسی هاتوچۆ، لە 2,000 بۆ 20,000 $ بوو. ئەمە بە گوێرەی ئەو شوێنەی لێی دائەمەزرا نرخەکەی گۆڕانی بەسەردا ئەهات. بەڵام لەگەڵ دەستکردن بە چاکسازییەکان، کردەی دامەزراندنی کارمەند بووە کردەیەکی کێبڕکێی ئاشکرا و یاسایی. هەر بەم هۆیەوە لە بڕیارێکی زۆر بەپەلەدا 16,000 پۆلیسی هاتوچۆ لە کارەکانیان دوورخرانەوە. لەماوەی چەند مانگێکدا لە جێگەی ئەوان 2,300 پۆلیسی نوێ بە ناوی پۆلیسی گەڕۆکەوە، لەسەر شەقامەکان دامەزرێنران. هەروەها کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی جێبەجێکاری یاسایی لە 63,000 کارمەندی ساڵی 2003وە، کرا بە 27,000 کارمەند بۆ ساڵی 2011. لە پێش چاکسازییەکان 21 هاوڵاتی جۆرجی یەک ئەفسەری پۆلیسی بەردەکەوت. بەڵام لە ئێستادا ئەو ڕێژەیە دابەزیوە بۆ 89 هاوڵاتی 1 ئەفسەری بەردەکەوێت. ئێستا پۆلیسەکان بە شێوەیەک کار ئەکەن، کە هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر هاوڵاتییان و کۆمەڵ دەکەن.

- لە ساڵی 2003دا هاوڵاتییانی جۆرجی تەنها 7 بۆ 8 سەعات وزەی کارەبایان پێ ئەدرا. تەنانەت لە هەندێ شوێنی جۆرجیا خەڵکانێک هەبوون هیچ کارەبایان بەر نەئەکەوت، ئەمە کۆمپانیاکان و خێزانی دەسەڵاتدار و پارەدارەکانی نەئەگرتەوە. بەڵام لە ئەمڕۆدا وڵاتی جۆرجیا شانازیی بەوەوە دەکات، کە ئەتوانێت کارەبای 24 سەعاتی بۆ هاوڵاتییانی دابین بکات، ئەمە بێجگە لەوەی وزەی کارەبا دەنێرێتە دەرەوەی وڵاتیش. ڕێژەی وەرگرتنی کرێی کارەبا لە ساڵی 2003دا تەنها 30% بوو، بەم هۆیەوە ئەو دەزگایانەی کارەبایان دابەش ئەکرد

نەیانئەتوانی پێویستییەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن، بەڵام ئێستا ئەو ڕێژەیە بووە بە 100%.

- پەیوەندییەکانی هاوڵاتییان بە دەسەڵاتەوە سەبارەت بە بنیادنانی کارە بازرگانییەکان، یان کاراکردنەوەی ئەو کارانەی پێشتر هەبوون و بە هۆی گەندەڵییەوە، زۆر دوا ئەخران. لەساڵی 2003دا 909 مۆڵەت درابوو بە کۆمپانیاکان، کە زۆربەیان ئەفرۆشرانەوە و هیچ خزمەتێکی کۆمەڵیشیان نە ئەکرد. لە ساڵی 2011 ئەو مۆڵەتانە کەمکرانەوە بۆ 137 مۆڵەت. لە ماوەی نێوان ساڵانی 2003-2011 بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی بینایەک 195 ڕۆژی پێ ئەچوو، ئەمە دابەزی بۆ 98 ڕۆژ. ڕێژەی ئەو کارە پێویستانەی بۆ وەرگرتنی مۆڵەتێک پێویست بوون لە 25ەوە دابەزی بۆ 9. بە گوێرەی بەرنامەکانی قەلاچۆکردنی بەپەلە، چاکسازخوازەکان ئەو دەزگایانەی سوودیان نەبوو، تەنها بۆ بەرتیل وەرگرتن دانرابوون، داخران.

- گەندەڵی لە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دەسەڵاتە خۆجێیەکاندا، لە پێش دەستکردن بە چاکسازی لە پلەیەکی پەسەندا نەبوون، بەڵام لە نێوان ساڵانی 2003-2010 ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو 20% بەرزبووەوە بۆ 70%. ماوەی پێشکەشکردنی ئاو لە 4 بۆ 6 سەعاتەوە بوو بە 16 بۆ 18 سەعات لە ڕۆژێکدا. دوای ئەوەی ئەم کەرتە بەسترایەوە بە یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کۆکردنەوەی بڕی پارەی ئاو زۆر ڕوون بوو. ئەو ژمارە زۆرەی دەسەڵاتە خۆجێیەکان، کە لە وڵاتدا هەبوون بریتی بوون لە 1,110 دەسەڵات. لەبەر کەمی لێپرسینەوەکان ئەمە ببووە مایەی دروستبوونی گەندەڵی. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئەو دەسەڵاتانە ڕێکخران و بوون بە 69 دەسەڵات. هەروەها یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانییەکان کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەم کارانە داهاتی دەسەڵاتە خۆجێییەکان لە ئەنجامی دادپەروەری و چاکسازیدا سێ بەرامبەر بەرزبووەوە.

- لە ساڵی 2003 کۆکردنەوەی باج لە هاوڵاتییانی جۆرجیا بریتی بووە لە 80,000 باجدەر. ئەو باجانەی کۆئەکرانەوە تەنها 12%ی داهاتی ناوخۆی دەستەبەر ئەکرد، بەڵام لە ساڵی 2010 کۆکردنەوەی باج لە هاوڵاتییانی جۆرجیا بوو بە 252,000 باجدەر. ئەمە داهاتە ناوخۆییەکانی بەرز کردنەوە بۆ 25%. ئەم کارانە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی یاسا توندوتۆڵەکانی کۆکردنەوەی باج ڕوویدا. هەروەها چاکسازییەکانی تری باج وەرگرتن، وەکو: دەرکردنی کارمەندە گەندەڵەکان، دامەزراندی کارمەندی نوێ لە کێبڕکێی یاساییدا، هەڵوەشاندنەوەی ئەو باجانەی دواکەوتووە و نەدراون، کەمکردنەوەی جۆرەکانی باج لە 22 جۆرەوە بۆ 5 جۆر، کەمکردنەوەی بڕی باجەکان، ئاسانکردنی یاساکانی باج، بەپەلە خستنەکار و جێبەجێکردنی سیستمی ئەلکترۆنی بۆ باج. ئەم باجانە لە ساڵی 2011دا بوو بە 80%ی داهاتی ناوخۆی وڵات. پێش چاکسازییەکان بەدەستهێنانی دامەزراندن وەک کارمەند لە خاڵی گومرگی پردی سوور، کە ئەم شوێنە لەسەر سنووری ئازەربایجانە، ئەبوو ئەو کەسە بڕی 5,000 دۆلار وەک بەرتیل بدات، کە زۆر بە زوویی ئەیتوانی ئەو بەرتیلەی داویەتی بۆ دامەزراندنی، پەیدای بکاتەوە. بۆ ڕێگرتن لە بواری بەدەستهێنانی بەرتیل حکومەت دەستی کرد بە کەمکردنەوەی ئەو جۆرە شتانەی، کە گومرگی لەسەر بوو، لە 16 جۆرەوە کردنی بە 3 جۆر. دەرکردنی کارمەندە گەندەڵەکان و دادگایی کردنی هەندێکیان و دامەزراندنی کارمەندی نوێ لە کێبڕکێی یاساییدا. چاکسازی لە پێشکەشکردنی پاداشت بۆ کارمەندە لە خۆبردووەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی، کە ڕۆشنبیری خزمەتگوزاریی نوێ بڵاو دەکاتەوە، هەروەها بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان یارمەتیدەرێکی گەورە بوو بۆ پاکردنەوەی دەزگای گومرگ لە گەندەڵی.

- ئەو پارانەی ئەدران و نەئەچوونە تۆمارە گشتییەکانەوە، وەکو بەرتیل ئەدرا بە گەندەڵکاران، ئەمە وردە وردە بەرەو کەمبوونەوە چوو، ئەمەش لە ئەنجامی: دامەزراندنی کارمەندی نوێ، تەکنەلۆجیای نوێ، کارە

بازرگانییە نوێیەکان، ئاسانکاریی لە پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتییان و حکومەت، تۆماری خانووبەرە و دەرهێنانی پاسپۆرت.

- پێدانی بەرتیل بۆ چوونە ناو زانکۆکان لە پێش ساڵی 2003دا کارێکی ئاسایی بوو. کورسییەکی زانکۆ لە نێوان 8,000 بۆ 50,000 دۆلار مامەڵەی پێوە ئەکرا و ئەفرۆشرا. ئەمە بێجگە لەوەی کۆلێجەکانی یاسا و پزیشکی، کە لای خوێندکاران لە ئاستێکی بەرزدا بوو، بە گرانتر لەو نرخە ئەفرۆشرا. پاش ئەوەی بڕیاری تاقیکردنەوە گشتییەکان بۆ وەرگرتن کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەزگا ڕۆشنبیرییەکان بە ڕوون و ئاشکرایی ئیشیان کرد، تاقیکردنەوە و کێبڕکێکان ئەم گەندەڵییەی هەڵوەشاندەوە و ئاسانکاریی کەوتە بەردەست خوێندکاری نوێ، بە تایبەت ئەو خوێندکارە هەژارانەی لە دێهاتەکانەوە ئەهاتن.

## چۆن حکومەت ئەم کارانەی ئەنجام ئەدا!

ئەو هەشت بەشەی داهاتوو، کە دەچینە سەری، ئەو لێکۆڵینەوانەن، کە هەموو بوارەکانی گەندەڵی و چۆنییەتی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بە گوێرەی ئەو ڕێوشوێنەی دەسەڵاتداران دایانناوە، باس دەکات. هەر بەشێک لەو لێکۆڵینەوانە کێشەی گەندەڵی پێش ساڵی 2003 باس دەکات، هەروەها باسی چاکسازییەکان و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لە دوای ساڵی 2003 دەکات، ئەنجامەکانیشی ڕوون دەکاتەوە. ئامادەکاریی بۆ لێپرسینەوە لە کارە بنەڕەتییەکانی سەرکەوتنی چاکسازییە، ئەم ئامادەکارییانە گەورەترین ڕێگەن بۆ بەردەوامبوونی چاکسازییەکان. ئەمەش بە ئاشکرا دیارە، چونکە ئەو سەرکەوتنانە لە ئەنجامی هاوکارییەکانی دەسەڵات و هاوڵاتییانەوە ڕووی داوە.

**لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەدا 10 خاڵی گرنگ هەیە، کە یارمەتیدەری سەرکەوتنی لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی گەندەڵییە لە جۆرجیا، کە بریتین لەمانە:**

1. **جێبەجێکردنی ئیرادەی بەهێزی سیاسی**

پێدانی متمانەی هاوڵاتییان بە دەسەڵاتداران، بە تایبەت سیاسەتمەداران، بۆ ئەوەی بە ئیرادەیەکی تۆکمەوە دەست بە کارەکانیان بکەن.

2. **ڕاستگۆیی لە دەستبەکاربوونی کارەکاندا**

دەسەڵاتداران زۆر بە زوویی دەستیان کرد بە لێدانی گەندەڵکاران، بۆ ئەوەی باوەڕی هاوڵاتییان و دەنگدەرەکانیان بەدەست بهێنن. گرتن و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران، کە هەندێکیان خاوەن دەسەڵات بوون و نیشانەی ئەوە بوو، کە لێبوردن بۆ گەندەڵکاران نییە. بە دەستهێنانی سەرکەوتنی بەپەلە هاندەری هەنگاوەکانی داهاتوو بوون.

3. **دەستپێکردنی پەلاماردانی ڕاستەوخۆ**

بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەڕوات بۆ جێبەجێکردنی کارەکان، بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێ نەبێ لە بەدواداچوون و بەردەوامی کارەکان، بۆیە حکومەت بڕیاریدا هێرشی خێرا و ڕاستەوخۆی بکاتە سەر گەندەڵی، لە کۆمەڵێک لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی گشتیدا. ئەم پەلە کردنەیان بۆ ئەوە بوو، ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندیی تایبەتین، دوور بخرێنەوە.

4. **سوودوەرگرتن لە کارمەندی نوێ**

سەرکردەکانی شۆڕشی گوڵەکان، کە بریتی بوون لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، خۆیان بە ڕێوشوێنەکانی کۆنی دامەزراندنی کارمەندانەوە نەبەستەوە. بۆیە کەوتنە دامەزراندنی کارمەندی بە توانا، کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی ڕۆژئاوایی بوون و لەو کەسانە بوون، کە ئەتوانن چاکسازییەکان پەیڕەو بکەن و دەوڵەتیش بە دەستکراوەییەوە مووچەی بۆ بڕینەوە.

### 5. کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت

ئەو کەسانەی پەیڕەوی چاکسازییەکانیان ئەکرد، وایان بە باش ئەزانی کارەکانی حکومەت سنووردار بکەن، بۆ ئەوەی کەمترین پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتییان و کارمەندانی دەوڵەتدا هەبێت. چونکە بە کەمکردنەوەی ڕۆتین ڕێژەی گەندەڵی بەرەو دابەزین ئەچێت و ئەبێتە سەرکەوتنی بواری ئابوری حکومەت.

### 6. پشتبەستن بە ڕێگاوشوێنە نا ئاساییەکان

زۆرجار کارەکان پێویستییان بە ڕێگەوشوێنی نوێیە، وەکو دروستکردنی سندوقێکی تایبەت، کە لە سەرچاوەکانی دەرەوە پارەی بۆ بێت، بۆ ئەوەی لەو سندوقە زیادەی مووچە و پاداشتی کارمەندانی لێ دابین بکرێت. لە بارەی بەرپرسە گەندەڵەکانیشەوە یان ئەو کەسانەی باجیان نەداوە، بێگومان ناچار کراون دان بە گەندەڵییەکانیاندا بنێن، بەو هۆیەوە ئەبێت باجێکی زۆر بدەن بەرامبەر ئازادکردنیان لە زیندان.

### 7. پەرەپێدانی یەکگرتنی ئامانجەکان و ڕێکخستنی کارەکان

کۆمەڵێکی بچووک لە بڕیاردەرانی سیاسی، دەستەیەکیان دروست کرد بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆمار، بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە بۆچوونە جیاجیاکانیان بکەن و هاوکاری یەکتر بن و یەکگرتوو بن. هەروەها کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ ئەو پەڕلەمانتارانەی هاوپەیمانیان بوون، ئاسانکارییان بۆ کارەکانیان ئەکرد.

### 8. سوودوەرگرتن لە شارەزایانی نێودەوڵەتی بە گوێرەی بارودۆخی ناوخۆ

حکومەت بە گوێرەی پێویست شارەزایانی نێودەوڵەتی بانگ ئەکرد بۆ هاوکاریی لە داڕشتنی بەرنامەکانی چاکسازیی و ڕێکخستنی کارەکانیان، ئەمە بە گوێرەی بارودۆخی ناوخۆیی وڵات بەڕێوە چوو.

### 9. سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیا

حکومەت بە شێوەیەکی بەرفراوان دەستی کرد بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ، ئەم کارە بۆ: کەمکردنەوەی دەست تێکەڵکردنی حکومەت و هاوڵاتییان، پێدانی باجەکان بە شێوەی ئەلکترۆنی لە بانکەکان، پێدانی بڕی پارەی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەی ئەلکترۆنی، پێدانی سزاکانی کامێرای پۆلیسی هاتوچۆ، بوو.

### 10. سوودوەرگرتن لە پەیوەندییە ستراتیجییەکان

پەیوەندییەکان لە دەسەڵاتی باڵاوە دەستی پێکرد، سەرەتاش لە سەرۆکەوە، چونکە نامەکەی سەرۆک لە بارەی گەندەڵییەوە ڕوون و ئاشکرا بوو. هەروەها میدیا و ڕاگەیاندنەکان کاریگەرییەکی باشیان هەبوو بۆ لەناوبردنی گەندەڵی، ئەمەش بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی دەستگیرکردنی تاوانباران و گومان لێکراوان و ئەوانەش فێڵیان لە پێدانی باجدا کردووە، هەروەها بەرپرسە گەندەڵەکان.

ئەم لێکۆڵینەوانە دەری ئەخات ئەوەی، کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە جۆرجیادا، پابەندبوونی سیاسی و هەست کردنە بە گرنگی کارەکان، خێرایی، ئازایەتی، ڕیزبەندی چاکسازییەکانە. لە هەمووی گرنگتر پابەندبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوو بەو خاڵانەوە. بەشی کۆتایی ئەم کتێبە تاوتوێی ئەم باسانە دەکات. هەروەها باسی بەردەوامبوونی چاکسازی دەکات لە وڵاتانی تر.

ڕاگەیاندنی جەنگ دژی گەندەڵی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا کارێکی بەردەوام و بەربڵاوە. کێشەکان یەک جۆر نین و چارەسەرەکانیان هەر یەکەی بە شێوەیەکە، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگایەکدا تێکۆشان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چاکسازی هەر یەک شێوەیە. ئەم کتێبە دەری ئەخات، کە جۆرجیا لەم بارەیەوە چ دەستکەوتێکی گەورە و بەرچاوی بەدەستهێناوە.

# بەشی دووەم
# دامەزراندنی پۆلیسی گەڕۆک

### بارودۆخی گشتی له‌ ساڵی 2003

گه‌نده‌ڵی ڕایه‌ڵی ده‌زگای پۆلیس بوو، هیچ پۆلیسێك نه‌یئه‌توانی به‌و موچه كه‌مه‌ی پێی ئه‌درا له‌سه‌ر كاره‌كه‌ی بمێنێته‌وه، ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا بوو ئه‌گه‌ر مووچه‌كه‌شی له‌ كاتی خۆیدا پێ بدرایه‌ هه‌ر نه‌یده‌توانی بژی، ئه‌گه‌رچی جار هه‌بوو به‌ چه‌ندین مانگ موچه‌یان وه‌ر نه‌ئه‌گرت. بۆیه‌ له‌به‌ر دابینكردنی بژێویی ژیانیان ئه‌كه‌وتنه‌ هاوكاری كردن له‌گه‌ڵ تاوانبارانی ڕێكخراو. یان فرۆشتنی مادده‌ی هۆشبه‌ر. ئه‌و بارودۆخه‌ی پۆلیسی هاتوچۆی تیا بوو، ئه‌یانتوانی هاوڵاتییان به‌ تاوانی نابه‌جێ تاوانبار بكه‌ن. یه‌كسه‌ر سزایان بده‌ن و ئه‌و پاره‌یه‌ش، كه‌ به‌رامبه‌ر تاوانه‌كه‌ی دیاریی ئه‌كرا، یه‌كسه‌ر لێیان وه‌رئه‌گرت و ئه‌یانخسته‌ گیرفانی خۆیانه‌وه. هه‌ركه‌سێك بیویستایه‌ به‌ پۆلیس دابمه‌زرێت، ئه‌بوو له‌ 2,000-20,000 دۆلار وه‌ك به‌رتیل بدات. ئه‌و پۆلیسانه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و پاره‌یه‌ی به‌ به‌رتیل داویانه‌ بۆ دامه‌زراندنیان و به‌ زوویی به‌ده‌ستی بهێننه‌وه، ئه‌كه‌وتنه‌ په‌یدا كردنه‌وه‌ی به‌و ڕێگا نایاساییانه، بێگومان ئه‌مه‌ش به‌ تاوانباركردنی هاوڵاتییان به‌ تۆمه‌تی ناڕاست، ده‌ستیان ئه‌كه‌وته‌وه. هه‌ندێ جار، ئه‌و پارانه‌ی ده‌ستیان ئه‌كه‌وت، به‌شی ئه‌و كه‌سانه‌شیان لێ ئه‌دا، كه‌ ڕاسته‌خۆ سه‌رپه‌رشتیان ئه‌كه‌ن، ئه‌وانیش پشكێكیان ئه‌دا به‌ به‌رپرسه‌ به‌رزه‌كان.

پۆلیسی هاتوچۆ، به‌رده‌وام به‌رتیلیان وه‌رئه‌گرت، ئه‌گه‌ر یه‌كێك بۆ ماوه‌ی سه‌عاتێك به‌ ئۆتۆمبێله‌كه‌ت بڕوات، له‌وانه‌ بوو به‌لانی كه‌مه‌وه‌ دوو جار ڕایبگیرێت و تاوانباری بكه‌ن به‌ سه‌رپێچی هاتوچۆ و داوای پێدانی پاره‌ی سزاكه‌یان لێ ئه‌كرد، خه‌ڵكیش ناچار بوو، كه‌ ئه‌و پاره‌یه‌ بدات، ئه‌گه‌ر سه‌رپێچی كردووه‌ یان نا. گه‌نده‌ڵی ببووه‌ هۆی نه‌گه‌یشتنی باج و داهاته‌كان بۆ گه‌نجینه‌ی ده‌وڵه‌ت، ئه‌مه‌ش ببووه‌ هۆی پێنه‌دانی مووچه‌ به‌ ڕێكوپێكی. سه‌رئه‌نجام پۆلیسه‌كان ده‌ستیان ئه‌كرد به‌ هاوكاری تاوانباران بۆ به‌ده‌ستهێنانی پاره.

وای لێهاتبوو، ئه‌م كارانه‌ به‌ نهێنی نه‌مابوونه‌وه، له‌ژێر سایه‌ی ڕژێمی پێشودا وه‌زیره‌كانی ده‌وڵه‌ت له‌ وه‌زیری دارایی ئه‌پاڕانه‌وه، كه‌ مووچه‌كانیان

بۆ بنێریت. بەڵام ئەوەی بە تەنگ ئەمەوە نەبوو، وەزیری ناوخۆ بوو، کە ئەیوت: "ئێوە تەنها پارەم بدەنێ بۆ سوتەمەنی ماشێنەکان و هیچی تر، چونکە پۆلیسەکانم مووچەی خۆیان پەیدا ئەکەن". قسەی ئەم وەزیرە لە دەمی سەرۆکی پەرلەمان "دیڤید باکرادزە"ەوە وەرگیراوە.

پۆلیس بە تایبەتی پۆلیسی هاتوچۆ بە گەندەڵترین چین لە کارمەندانی حکومەتدا دائەنران. بە گوێرەی ڕاپرسییەکی ساڵی 2000 لە 10 هاوڵاتی، کە لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆوە ڕادەگیران و گێچەڵیان پێ دەکرێت، 7 هاوڵاتی بەرتیلیان لێ ئەسەنرا. هەندێ لە کۆمپانیاکان ئەڵێن: ئەگەر پۆلیسی هاتوچۆ، بواریان بۆ بڕەخسایە، ئەوەندە بەرتیلیان وەرئەگرت، کە ئەگاتە 31%ی پارەی کار لە هەموو وڵاتدا. بە گوێرەی ڕاپرسییەک، کە کارمەندانی کەرتی گشتی و کۆمپانیاکان و هەندێ خێزان دەریان خستووە، ڕاستگۆیی و پاکی پۆلیسی هاتوچۆ لە هەموو کارمەندانی کەرتی گشتی کەمترە. کار گەیشتبووە ئەوەی، کە بێ باوەڕی زۆر دروست بووبوو، کار گەیشتبووە ئەوەی کەس نەیئەوێرا لە کاتی ڕوودانی تاواندا پۆلیس ئاگادار بکات، چونکە لە دەرهاویشتەکانی ئەترسان، هەرچەندە ڕووداوەکە ئاسانیش بووبێت. بۆ نموونە: هەندێک گەنجی ئاژاوەچی کاتێ شووشەی پەنجەرەیەک ئەشکێنن، لە ترسی ئەوەی خەڵک تووشی لێدان و گرتن نەبێتەوە لە کاتی گرتنیاندا و دواتر ببنە دوژمنی ئەو کەسانەی پۆلیسی لێ ئاگادار کردونەتەوە، کەس پۆلیسی ئاگادار نەئەکردەوە. ئەم ترسانەش لەوەوە پەیدا بووبوو، کە ئەشکەنجەی زیندانییان ببووە باو. لە ساڵی 2002دا لیژنەی مافی مرۆڤ نارەزایی خۆیان لە بارەی بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئەشکەنجەی زیندانییەکان و هەڵسوکەوتی توندوتیژ بەرامبەریان و سزادانیان لەلایەن ئەفسەرانی جێبەجێکاری سیاسییەوە، هەروەها ئەفسەرانی زیندانییانی ئافرەتان. بۆ مەسەلەی سزادانی تاوانباران، هاوڵاتییان لە پۆلیس، بێ هیوا بووبوون. ئەگەر ماڵێک دزی لێ بکرایە خەڵک هانایان ئەبرد بۆ لای ئەو کەسانەی هەستیان ئەکرد، پەیوەندییان بەو دزانەوەیە، یان هەندێ پارەیان ئەدا بە کابرای دزە و شتەکانیان لێ ئەکڕییەوە. لەمە خراپتر ئەوە بوو، کە زۆربەی پۆلیسەکان خۆیان هاوکاریی ئەو تاوانانەیان ئەکرد و دەستیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی

مادده هۆشبەرەکان و هەندێ جاریش بە زۆر، پارە و بەرتیل لە خەڵکی وەرئەگیرا. بەڵام کارمەندە پایەبەرزەکان دەستیان لەگەڵ تۆڕی تاوانباران و دزەکانی یاسا تێکەڵ کردبوو. ئەو تۆڕانەی دروستیان کردبوون ببوونە کۆمەڵگایەکی گشتی تاوانباران، وەکو لە ئۆردوگاکانی زیندانی سۆڤیەت هەبوو. بە تێپەڕبوونی کات ئەم تۆڕانە وایان لێهات ببوونە ڕێکخراوێک، ئەم کارەیان بە چەندین ڕێگای تایبەت بۆ دەستکەوتنی پارە لە ڕێگای هەڕەشە و تۆقاندن و تاوانەوە، ئەکرد. ئەڵێن پایەبەرزەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ دزە یاساییەکان هەیە. بۆ ئەوەی بتوانن لە ئیشوکارەکانیان بەردەوام بن.

## چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003

هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ چاکسازی لە بەشی پۆلیسی هاتوچۆ، گەورەترین هەنگاو بوو لە جۆرجیا. لەپێش هەموو شتێکەوە پەیوەندییەکانی حکومەت و تاوانە ڕێکخراوەییەکانیان بڕی. دەستەیەکی تەواو لە پۆلیسی گەڕۆکی نوێ دروست کرا.

## نەهێشتنی پەیوەندی حکومەت و جیهانی تاوان

سیاسەتە نوێیەکە زۆر بە خێرایی بۆ لە ناوبردنی دزەکانی یاسا، دەستی بە کارەکانی کرد. ئەمانە قەلاچۆ کران، پێش ئەوەی بتوانن بەربەرەکانێی بکەن. بە سواری لۆری، ژمارەیەک پۆلیسی چەکدار، کە دەمامکیان کردبوو، دائەبەزین و بەرپرسە تاوانبارەکانیان دەستگیر کرد و کامێراکانی تەلەفزیۆنەکان ڕاستەوخۆ دیمەنەکانیان ئەگواستەوە، بۆ ئەوەی نەتوانن لە دەست بەرپرسەکان، ڕزگاریان ببێت.

ئەگەر یەکێک بەربەرەکانێی بکردایە، ڕەنگە دووچاری گوللە باران کردن ببووایەتەوە، ئەمەش بە گوێرەی بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆ بوو، کە لە ساڵی 2005 دەرچوو. ئەمەش بووە هۆی کوشتنی 21 تاوانبار و 16 پۆلیس، کە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی پۆلیسدا لە ساڵی 2005 ڕوویدابوو.

بارودۆخ گۆڕدرا. خەڵکیی چاک تێگەیشتن، کە بە گوێرەی یاساکانی قەلاچۆکردنی مافیا، توانراوە دزەکانی یاسا لەناو ببرێن. یاساکانی تاوان نویێ کرایەوە و گۆڕانی بەسەردا هات، ئەم یاسایانە لە نمونەی یاسای قەلاچۆکردنی مافیایاکانی وڵاتی ئیتاڵیا، وەرگیرابوو. هەروەها یاسای تاوانکاری و گەندەڵیی لە وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکاش وەرگیرابوو. ئەم یاسایانە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2004 دەرچوون (کە لە 2009دا هەندێک گۆڕانکاریی لەو یاسایانەدا کرا، بۆ چاکردنی کەموکوڕییەکانی هەمان ئەو یاسایانەی پێشوو) هەروەها یاساکانی نیوزلەندی تایبەت بە پەلاماردانی چەتەکان و یاسای بەریتانی، کە بۆ بەربەرەکانی کردنی کۆمەڵە تاوانبارەکان دانرابوو. ئەم یاسا نوێیانە ڕێگای ئەدا بە داگیرکردنی پارە و ئەو موڵکانەی، کە بە ڕێگای نایاسایی دەست هەندێ کەس کەوتبوو، هەروەها ڕێگایدا بەوەی بتوانرێت لەگەڵ تاوانباراندا سازش بکرێت.

یاساکانی تاوانبارانی ڕێکخراو لە ساڵی 2005دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە وردی دەستنیشانی کرد، کە دزە یاساییەکان کێن. یان کێن ئەوانەی پەیوەندییان بە جیهانی دزییەوە هەیە. یان ئەوانەی ڕێگاوشوێنی تایبەتییان بۆ دزەکان داناوە. بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەوانە دان بە تاوانەکانیاندا بنێن. بەندی وا لە یاساکەدا دانرا، کە نەتوانن حاشا لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دزەکان بکەن.

"حکومەت بۆی دەرکەوت، کە پێویستە ڕێگاوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر بۆ سەپاندنی بڕگەکانی یاساکە، بەمەش ڕاوبۆچوونی خەڵک گۆڕانی بەسەردا هات، باوەڕی خەڵک بە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت زیادی کرد، لە سالی 2006-2010 دادگایی کردن و تاوانبار کردنی 180 ئەندام لە جیهانی دزەکان، کرا. لە ساڵی 2011دا 35سەرکردەی مافیا خرانە زیندان و ژمارییەکیشیان سەری خۆیان هەڵگرت بۆ دەرەوەی وڵات. دەوڵەت دەستی گرت بەسەر نزیکەی 1 ملیار دۆلار لە موڵکی سەرانی مافیا و کارمەندە گەندەڵەکانی دەوڵەت" ئەمەی سەرەوە لەسەر زاری وەزیری داد "زۆراب ئەدیشفیلی" باس کراوە. هەندێک لەو خانووانەی دەستیان بەسەردا گیرابوو، کران بە شوێنی فەرمانگەکانی دەوڵەت، هەندێکی تریان کران بە ناوەندی پۆلیس.

## چاکسازی لە پۆلیسی هاتوچۆدا

گەورەترین بەرەنگاریی گەڕانەوەی متمانە بوو بۆ پۆلیسی هاتوچۆ، چونکە پۆلیسی هاتوچۆ هیچ متمانەیەکی نەمابوو، هەروەکوو ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران "فاختانک لیفا"، ئەڵێ: "هەموو کەسێک ئەزانێت، کە پۆلیسی هاتوچۆ چرایەکی ڕووناککەرەوەی ڕێگای گەندەڵییە، بۆیە هەموو لایەک بڕیاریان داوە لەسەر قەلاچۆکردنی ئەم گەندەڵییانە. زۆربەری بەرپرسان کەوتبوونە لێکۆڵینەوە لە ڕێگای چاکسازی بە زنجیرەیەک کۆبوونەوە، کە زۆرجار تا دوای نیوەشەو بەردەوامییان هەبوو، لەو کۆبوونەوانەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە چاکسازیی بە نیوەناچڵی بێ بەرهەم ئەبێت، چونکە ئەو دەزگایە لە سەرەوە بۆ خوارەوە گەندەڵ بووە. تەنانەت ئەگەر کارمەندی نوێشیان بۆ دابمەزرێنرێت، هەر سەرکەوتوو نابن و یەکسەر ئەوانیش تێکەڵی ئەو ژینگە گەندەڵییە ئەبن. بۆیە بڕیارێکی نائاساییان دەرکرد، کە بریتی بوو لە دەرکردنی 16,000 پۆلیسی هاتوچۆ و هەموویان خرانە بەر لێکۆڵینەوە. بەم کارە، هەندێک لە بەرپرسەکان تووشی شۆک و دڵەڕاوکێ بوون. چونکە پێیان وابوو دەرکردنی ئەمانە کار دەکاتە سەر سەلامەتی هاتوچۆ، بەتایبەتی پێش ئەوەی خەڵکی تر لە جێگەیان دابمەزرێنرێت و دەست بکرێت بە ڕاهێنانیان. بەڵام لە کۆتاییدا دەرکەوت، کە ئەم دڵەڕاوکێیە مەترسیدار نییە، چونکە لە ڕاستیدا پۆلیسەکانی هاتوچۆ هیچ کارێکیان نەئەکرد بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکیی. تەنها کارەکانیان بریتی لە ڕائەگرتنی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بەرتیلیان لێ بسەنن".

زۆر کەس لە ئەنجامی ئەو بە کۆمەڵ دەرکردنە ترسیان لێ نیشت. بەڵام چاکسازخوازەکان لەسەر ئەو ڕایە بوون، کە ئەوە باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی دەست لەو گەندەڵانە هەڵبگیرێت و خەڵکی باش و دڵسۆز و جێی باوەڕ بخرێتە شوێنیان، ئەمەش ئازاترین چالاکی بوو، کە حکومەتە نوێیەکە ئەنجامیدا، کە بریتی بوو لە دەرکردنی 16,000 پۆلیسی هاتووچۆ و لە ڕەگوڕیشە دەرهێنانیان لە ماوەی یەک ڕۆژدا، بێگومان ئەمە بڕیارێکی زۆر ئازایانە بوو. بۆ ئەوەی ئەم کارە کاریگەریی خراپی نەبێت، حکومەت

مووچەی دوو مانگی دا بەو پۆلیسە دەرکراوەکانی هاتوچۆ. لێبوردنیشیان بۆ دەرکردن لەو تاوانانەی پێشتر ئەنجامیان داوە. هەندێک لەو پۆلیس و ئەفسەرانە بە بڕیارەکەی حکومەت قایل بوون، بەڵام هەندێکیان چوونە ڕیزی ئۆپۆزسیۆنەوە. لە ڕاستیدا لە ئەنجامی ئەم بڕیارەدا هیچ گێرەشێوێنییەک ڕووی نەدا، لەو سەروبەندەدا چاودێرەکان ئەیانوت: شەقامەکان بەبێ ئەو پۆلیسانەی هاتوچۆ، گەلێک ئارامترە، چونکە تا چەند ڕۆژێک پێش دەرکردنیان، بە ماتۆڕەکانیان ئەکەوتنە دوای ئۆتۆمبێلەکان و بەرتیلیان لێ ئەسەندن. لە کۆتاییدا دەست کرا بە ڕێکخستنی هێزێکی پۆلیسی گەڕۆکی نوێ.

کارەکانی چاکسازیی هەر ئەوە نەبوو بریتی بێت لە دەرکردنی پۆلیس و دانانی پۆلیسی نوێ، بەڵکو هەندێک ئەفسەری نهێنی دانران، کە چاودێری ئەو پۆلیسانە بکەن و دڵنیا بنەوە لەوەی، کە یاسا جێبەجێ ئەکەن؟ وایلێهات ئەو ئەفسەرانە لەگەڵ پۆلیسی هاتوچۆ ئەگەڕان، بێ ئەوەی ئەوان بیانناسن، ئەگەر کارێکی نایاساییان لێ ببینیایە، یەکسەر بەرەو ڕوویان ئەبنەوە. بۆ نمونە: کارمەندێکی نهێنی بێزاریی دەربڕی لە بارەی توندوتیژییەکی خێزانی لە ناوەندێکی پۆلیس. بۆ ئەوەی بزانێت ئەو لێپرسینەوەیە بە یاسایی کراوە یان نا. یەکێکی تر لەو کارمەندە نهێنییانە شەوێک بە ماشێنێک تێپەڕی، لە کاتێکدا لایتی سەیارەکەی ئیشی نەئەکرد، کاتێ ڕایئەگرن ئەڵێ ئەچم لایتەکانم چاک ئەکەم و 20 لاری وەک بەرتیل دابوو بە پۆلیسەکە. یەکسەر پۆلیسەکەی ئاگادار کردەوە لە وەرگرتنی ئەو بەرتیلە و ئەو پۆلیسەی بە دەرکرندا، بەمە نامەیەک نێردرا بۆ ئەو پۆلیسە نوێیانەی، کە دامەزرابوون، بۆ ئەوەی بزانن، کە وەزارەت زۆر بە توندی چاودێریی پۆلیسە نوێیەکان دەکات و سزایان دەدات. بۆ ئەوەی چاکتر خەڵکی بپارێزرێ لە دەستدرێژی کردنە سەریان، حکومەت هەستا بە دانانی هێڵەکانی پەیوەندی گەرم بۆ ماوەی 24 سەعات، بۆ ئەوەی هاوڵاتییان بتوانن لە کاتی پێدانی بەرتیلدا یەکسەر سکاڵا بکەن و شکاتەکەیان بەپەلە بگەیەنرێت. هەروەها کامێرای ڤیدیۆ لە تبلیسی و سەرجەم شارەکانی تر و سەرجەم ئۆتۆبانەکانی جۆرجیا دانرا. بۆ ئەوەی زانیاری بە پۆلیس و هاوڵاتییان بدرێت لەبارەی ئەو کەسانەی سەرپێچی

ئەکەن. هەروەها پارەی سەرپێچی لە هەمان شوێنی سەرپێچیدا وەرنەئەگیرا، ئەبوو ئەو بڕە پارەیە بدرێت بە بانکەکان. ئەمە ڕێگرییەکی باش بوو لەوەی، کە چیتر پۆلیس نەتوانێت بەرتیل وەربگرێت و بەمەش هاوڵاتییان کاریگەرییان هەبوو، کە ڕاستەوخۆ پارەی نەئەدا بە پۆلیس و ئەیتوانی ئەگەر حاڵەتێکی وای بینی، حکومەت ئاگادار بکاتەوە. بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە ئاستی وەزارەتەوە بڕیاردرا بە ئاسانکردنی کارەکانی خەڵک لە بەدواداچونی خزمەتگوزارییەکانیان. بەم شێوەیە ئیتر پشت بەو نوسینانە نەئەبەسترا، کە پۆلیس وەکو ڕاپۆرت ئەینوسی.

چاکسازییەکانی پۆلیسی گەڕۆک، هەر قەلاچۆکردنی گەندەڵیی نەبوو، بەڵکو هەوڵی ئەوەشیان ئەدا، کە باوەڕی خەڵک بەدەست بهێننەوە، ئەویش بە گۆڕینی هەندێک لەو دەزگا گەندەڵانە بە دەزگای خزمەتگوزاری ڕاستەقینە بۆ هاوڵاتییان. هەروەکوو "ئیڤین میرابشفیلی" وەزیری ناوخۆ ئەڵێ: "پۆلیس هاوکاری هاوڵاتییان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری لە هەڵوێستی هاوڵاتییان بەرامبەر ئەو فەرمانگانەی یاسا جێبەجێ دەکەن و ئەبێت کارەکانیان بە ئاسانی ئەنجام بدەن" سەرەڕای ئەم کارانەی پۆلیسی گەڕۆک، کە بەناو شەقامەکاندا بەرپرسیی ئارامی ناوشاریان گرتبووە دەست. هەروەها سەرپەرشتی ناو میترۆکانی تبلیسیان ئەکرد. پۆلیسی گەڕۆک بە زوویی ئەچوون بە دەم داوای خەڵکەوە، ببوونە نموونەیەکی جوان بۆ کۆمەڵی جۆرجی. ئەم دەزگایە کاتێک لە ڕادیۆوە زانیاریی، یان کێشەی هاوڵاتییانیان پێ ئەگەیشت، یەکسەر زانیارییەکانیان ئەدا بە بەشی تایبەتی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، یان دامودەزگاکانی دەوڵەت بۆ ئەو کێشانەی لە دەرەوەی وەزارەتەکەی خۆیان ڕووی ئەدا. یەکسەر ئەچوون بە دەم کێشەکانیانەوە. زۆرترین ڕاهێنان، کە بە پۆلیسی گەڕۆک ئەکرا سەبارەت بە بەدەنگەوەچوونی کێشەی خەڵک بوو، بە شێوەیەکی پێشکەوتوانە و سەردەمیانەی جوان.

**زاڵبوون بەسەر ڕێگرییەکان لە کپکردنی تواناکان:** بۆ ئەوەی پۆلیسی گەڕۆک بتوانێ کارەکانی بە باشی بەڕێ بکات، پێویستیان بە زیادکردنی ژمارەیان بوو. هەروەها خوڕەوشت و تواناسازیی نوێ. بۆیە پێویستی بە کردەیەکی نوێی فراوان هەبوو، بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی کارامە و دوور لە گەندەڵی، لەبەر ئەوە دەوڵەت ئەفسەری لە دەرچوانی زانکۆکان دادەمەزراند، بەتایبەتی بەشی یاسا. ئەم دەرچووانە پاش ئەوەی لە تاقیکردەوەیەکدا سەر ئەکەوتن، ئەبوو ماوەیەکیش ڕاهێنانێکی خێرایان بۆ بکرێ سەبارەت بە هەموو زانیارییەکانی پۆلیس، لەوانە کارنامە و پەیوەندییە گشتییەکان. هەروەکوو "میرا بیشفیلی" ئەڵێ: "لەبەر ئەوەی، ئەو کەسانەی دامانمەزراندون، خەڵکانی بە توانا و هەڵکەوتوون. بۆیە ڕاهێنانیان زۆر ئاسان بوو". لە ئابی ساڵی 2014دا دوو هەزار پۆلیسی گەڕۆکی نوێ هاتنە سەر شەقامەکان، لە پێشدا ژمارەیان کەم بوو، بۆ ئەوەی بتوانرێ لە سەرجەم وڵات دەستبەکار بن، لەبەر ئەوە سوود لە هەندێ لە یەکینەکانی فریاکەوتنی یاسا وەرگیرا بۆ ئەو ناوچانەی پێویست بوون. کاتێ ئەم پۆلیسانە دامەزران، بۆ ماوەی شەش مانگ کەوتنە ژێر چاودێرییەوە.

ئەم ڕاهێنانە خێرایانەی پۆلیسی گەڕۆک لە هەردوو ڕەگەز، سەرەڕای ئەوەی هەموویان دەرچووی زانکۆ بوون، ئەم ڕاهێنانەیان بووە هۆی ئەوەی هەندێک ڕەخنە بگرن و بڵێن: ئەم هێزە زانیاریی زۆریان هەیە، بەڵام توانای کارکردنیان کەمە. لە دواییدا هەندێک لە دەرچوانی ئامادەیی بۆ هەمان مەبەست وەرگیران. ڕاهێنانە بنەڕەتییەکان لە دوو هەفتەوە کرا بە دوو مانگ، بە مەرجێک ناوبەناو خولی چالاککردنەوەیان بۆ بکرێتەوە. هەرچەندە ئەوانەی دامەزران هەندێکیان سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە لە گەندەڵییەوە تێوەگلابوون و نەیانئەتوانی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بۆیە لابران و خەڵکی نوێ خرانە جێگەیان، کەسە نوێکان بە ئۆتۆمبێلە جوان و جلوبەرگە ڕێکوپێکەکانیان بە شەقامەکاندا ئەسوڕانەوە. ئەو مووچە بەرز و پاداشتانەی ئەدرا بە پۆلیس وای لە خەڵک کردبوو ئاواتەخوازی کاری پۆلیسی بن. مووچەی پۆلیسێک بوو بە 400-500 دۆلار، کە ئەمە دە هێندەی مووچە کۆنەکەی پۆلیسی هاتوچۆ بوو.

پەرەپێدانی بەردەوام لە ڕاهێنانی پۆلیسی گەڕۆک، یەکێک بوو لە کارە یەکەمەکانی حکومەت. هەروەها ئەکادیمیای پۆلیسی کۆن داخرا، لە بەرامبەردا ئەکادیمیایەکی نوێ کرایەوە. پاشان خولی ڕاهێنان بۆ نوومانگ کرایەوە، بە تایبەت بۆ ئەوانەی بەردەوامن لەسەر کارەکانیان، ئەمە بێجگە لە کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی.

**دروستکردنی دیاردەی نوێ:** ئەو هێزە نوێیەی دروست کرا، بە هیچ شێوەیەک لە هێزە کۆنەکەی جاران نەئەچوو. جلە چڵکنە پیسەکانیان بزر بوون، کە بریتی بوون لەو جلوبەرگە کۆن و چڵکنانەی زەمانی سۆڤیەت. پۆلیسە کۆنەکان کاتێ ماشێنەکانیان پەکی ئەکەوت داوایان لە شۆفێری مەدەنی ئەکرد بیانگەیەنێت. لەبەرامبەر ئەو هێزە سەرنەکەوتوو و نەویستراوە، هێزێکی ڕێکوپێک دروست کرا، کە 15%ی ژن بوو، ئەم ژنە پۆلیسانە کاتێ ئۆتۆمبێلەکانیان لێ ئەخوڕی، سەرنج ڕاکێش بوون. جۆرەها ئامێری کۆمپیوتەری و بە جلێکی لە ڕادەبەدەر خاوێن و ڕێکوپێکیان پێ بوو، کە لەناو خەڵکدا وا باس ئەکرا گوایە دیزاینەری بەناوبانگی جلوبەرگ "جۆرجی ئەرمانی"، دیزاینی کردبوون. ئەم چاکسازییانە هەمووی بۆ ئەوە بوو، کە ڕووی وەزارەت و هێزەکانی پۆلیس سپی بکاتەوە. تەنانەت نزیکەی 60 بینا لە بنکەکانی پۆلیس نوێ کرانەوە، تا وای لێبێت جوانی بیناکانیان بچێتە دڵی خەڵکەوە. تەنانەت پێشی بیناکان کرانە پەنجەرە و شوشە، لە شێوەی ڕووکەشی بانکە بازرگانییەکان.

**بەردەوامی گۆڕانکارییەکان:** بۆ پیشاندانی گۆڕانکارییەکان وەزارەتی ناوخۆ هەڵمەتێکی ڕیکلامکردنی دەست پێکرد بۆ نزیکبوونەوە و ئاشتکردنەوەی جەماوەر و پۆلیس. لە یەکێک لە ڕیکلامەکانیدا وێنەی پۆلیسێکی جوانی دەرئەخست، کە دەستی کردووەتە ملی ژنەکەی و ماچی ئەکا. لە ڕیکلامێکی تردا، ژنێکی بە تەمەن دەرئەخا، کە خەریکە نانی بەیانی پێشکەشی کوڕە ئەفسەرەکەی ئەکا، پێش ئەوەی بچێتە سەر کارەکەی.

سەرۆکی پەرلەمان "باکرادزە" سەبارەت بەمە وتی: "ئێمە هەوڵمان ئەدا خەڵکانی ڕێکوپێک بخەینە سەر کار". هەروەها "باکرادزە" وتی: **"پێش شۆڕش، ڕاپرسییەک لەناو منالانی قوتابخانەکان ئەنجام درا، زۆربەیان ئەیانوت: حەز دەکەین، کاتێ گەورە ئەبین، ببینە دزە یاساییەکان. بۆیە گۆڕانکاریی لە خووڕەوشتدا ئەبێتە هۆی لەناو بردنی وشەی دزی یاسایی، کە وا دەرئەکەوێ پیاوانی دز، بە بەڕێز و خاوەن مڵک و ماڵ بناسرێن و خەڵکیی گوێ لە قسەکانیان بگرێ. ئێمە دەرمانخست کە دزە یاساییەکان نە ڕاستگۆ و نە بەڕێزن، کەسیش گوێیان لێ ناگرێ، لە هیچ جێگەیەکیش جێگەیان نابێتەوە، زیندان نەبێ"**.

### نوێکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێری و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل

بڕیارە نوێیەکان خزمەتگوزارییەکانی پێدانی مۆڵەتی شۆفێری و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی گرتەوە. چونکە ئەو کردەیە لەپێش چاکسازییەکان، زۆر گەندەڵ و نارێکوپێک بوو. ئەم کارە پێویستی بە کاتێکی زۆر بوو. چونکە وای لێهاتبوو خەڵک ئەیتوانی بە 100 دۆلار مۆڵەتێکی شۆفێری بکڕێ، (هەندێک ئەیانوت: ئەگەر کەمێک لە شۆفێری بزانی، ڕەنگە کەمتریش لەو نرخەت لێ وەربگرن) زۆرجار ئەم مۆڵەتە وەکو دیاریی ڕۆژی لە دایک بوون پێشکەش ئەکرا.

ئەم دەوڵەتە نوێیە ناوەندی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری و تۆماری ئۆتۆمبێلی خستبووە یەک ژوور و لە یەک پەنجەرەوە کارەکانی بە ئاسانی و بە ڕێکوپێکی بەڕێ ئەکرد. ئەم کردەیە یارمەتی پەرەپێدانی بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە بەکارهاتووەکانی بوژاندەوە، بە تایبەتی لە شاری تبلیسی، کە ژمارەیەکی زۆر ماشێنی بەکارهاتوو لە ئەمریکا و ئەوروپا و شوێنەکانی تریشەوە ئەهێنرا بۆ ئەم بازاڕە و ئەفرۆشران، لێرەشەوە دەنێردران بۆ وڵاتە دراوسێیەکان. وای لێهاتبوو کارەکانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلێک لە چەند خولەکێکدا جێبەجێ ئەبوو. ئەمە بووە هۆی گەرموگوڕی بازاڕێکی سەرکەوتوو. ناردنە دەرەوەی

ئۆتۆمبێل له‌ جۆرجیا پله‌ی یه‌كه‌می شتومه‌كی ناردنه‌ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و وڵاته‌ی به‌ده‌ستهێنا. له‌ تشرینی دوه‌می 2011 حكومه‌ت بڕیاریدا، كه‌ مه‌رج نییه‌ شۆفێر له‌ كاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێله‌كه‌یدا مۆڵه‌تی لێخوڕینی پێ بێت. چونكه‌ پۆلیسی گه‌ڕۆك ئه‌توانێت وردبینی به‌ دوای ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا به‌ شێوه‌یه‌كی ئه‌لكترۆنی و له‌ ڕێگه‌ی ئه‌و كۆمپیوته‌رانه‌ی له‌ناو ئۆتۆمبێله‌كانیاندا هه‌یانه‌، ئه‌نجام بدا. چونكه‌ ناو و ڕۆژی له‌دایكبوونی شۆفێره‌كه‌ له‌ ڕێگه‌ی كۆمپیوته‌ره‌كه‌یه‌وه‌ ئه‌دۆزێته‌وه‌ و پیشانی ئه‌دات، ئایا مۆڵه‌تی هه‌یه‌ یان نا؟

**ئه‌نجامه‌كان**

كه‌مبوونه‌وه‌ی ڕێژه‌ی تاوان و گه‌نده‌ڵی له‌ناو پۆلیسی گه‌ڕۆكدا، بووه‌ هۆی پێشكه‌وتنی ڕۆشنبیریی خزمه‌تگوزاریی و باوه‌ڕ به‌خۆكردن و پێداگریی له‌ لێپرسینه‌وه‌ی پۆلیسی گه‌ڕۆك، له‌ هه‌مووی گرنگتر نیشانه‌كانی گه‌نده‌ڵیی ئاشكرا له‌ جۆرجیا، بنه‌بڕ كرا.

**دابه‌زینێكی به‌رچاوی ڕێژه‌ی تاوان**

دزه‌كانی یاسا كاریگه‌رییان له‌سه‌ر كۆمه‌ڵی جۆرجی نه‌ما. وای لێهات به‌ هیچ جۆرێك شوێن پێیان نه‌ما "له‌ پێش شۆڕشی گوڵه‌كانه‌وه‌، باشترین ئۆتۆمبێل، ئۆتۆمبێلی تاوانباره‌كان بوو، هه‌روه‌ها ئۆتۆمبێكه‌كانیان باشتر بوون له‌ ئۆتۆمبێلی به‌رپرسانی ده‌وڵه‌ت. خانووه‌كانیانیشیان باشترین خانوو بوو" وه‌كو میرابشفیلی ئه‌ڵێ: "ئێستا بارودۆخ گۆڕاوه‌ و دزه‌كانی یاسا له‌ ئێستادا نیشته‌جێی زیندانه‌كانن و كه‌س گوێیان لێ ناگرێ. له‌ جێی ئه‌وان خه‌ڵكانی خاوه‌ن كار و كارمه‌ندانی ده‌وڵه‌ت ئۆتۆمبێل و خانووی باشیان هه‌یه‌. به‌پێی ڕاپرسیه‌كی ساڵی 2011 له‌باره‌ی تاوان و ئاسایشه‌وه‌ 70%ی ئه‌و كه‌سانه‌ی ڕاپرسییه‌كه‌یان له‌گه‌ڵ كراوه‌ ئه‌ڵێن، ده‌سه‌ڵاتداره‌ دزه‌كان به‌ ته‌واوی له‌بن هاتوون. (GORBI 2011)

له‌گه‌ڵ دابه‌زینی ڕێژه‌ی تاوانه‌كان بۆ نیوه‌ له‌ نێوان ساڵانی 2006-2010 وه‌كو له‌ (**خشته‌ی 1. 2**)دا هاتووه‌. هه‌روه‌ها دابه‌زینی ژماره‌ی په‌لاماره‌


چەکدارییەکان لە 2,160 پەلامارەوە بۆ 398 پەلامار دابەزیوە، وەکو لە (خشتەی 2. 2) هەیە.

ئێستا جۆرجییەکان بە شەو و ڕۆژ لە شەقامەکانی تبلیسیدا ئەسوڕێنەوە، لە کاتێکا 95%یان هەست بە ئاسایش ئەکەن (GORBI 2011). لە نێوان گرنگترین پانزە خاڵی ئەو کێشانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر کاروبارەکان، بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆبەندی ئابوری جیهانی، کە توانای کێبڕکێ دەرئەخات لە ساڵی 2011دا. 0.1% لەوانەی لەو ڕاپرسییەدا وەڵامیان دابووەوە، ئەڵێن: تاوان و دزی گەورەترین کێشەن.

### دابەزینی ئاستی گەندەڵی


وەکوو لە ڕاپرسییەکانەوە دەرکەوتووە، دابەزینی ئاستی گەندەڵی لە هێزەکانی پۆلیس زۆر بە خێرایی ڕوویداوە. یەکێک لەو ڕاپرسیانەی لە ساڵی 2010 ئەنجام دراوە، ئەڵێت تەنها 1%ی دانیشتوانی جۆرجیا بەرتیلیان داوە بە پۆلیسی هاتوچۆ (World Bank and EBRD 2011). بە بەراورد بە ژمارەکان، 30% لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت، 7% لەو وڵاتانەی تازە بوونەتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، 0% لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا (فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، سوید، بەریتانیا). هەروەها پێوانی گەندەڵی جیهانی، کە بە شەفافێتی نێودەوڵەتی ناسراوە لە ساڵی 2010 (International, 2010, Global Corruption Barometer Transparency) دەریخستووە، کە هێزەکانی پۆلیسی جۆرجیا کەمترین گەندەڵییان هەیە لە جیهاندا. (**خشتەی 2. 3**) کە لە ڕاستیدا ئەو ڕاپرسییە لە 86 دەوڵەتدا ئەنجام دراوە، فیللەندا تاکە دەوڵەت بووە، کە ڕێژەکەی لە وڵاتی جۆرجیا کەمتر بووە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، ئەو گەندەڵییە کەمەی لە پۆلیسی هاتوچۆی جۆرجیا هەبووە و ناوبانگیانی خراپ کردبوو، ئێستا نەماوە.

**خشتەی 2. 1:** دابەزینی 50%ی تاوان لە نێوان ساڵانی 2006-2010




**سەرچاوە:** وەزارەتی دادی جۆرجیا 2011 (ئەو حەوت ساڵەی جۆرجیای گۆڕی)

**خشتەی 2. 2:** دابەزینی 80%ی تاوانە چەکدارییەکان لە نێوان ساڵانی 2006-2010




**سەرچاوە:** وەزارەتی دادی جۆرجیا 2011 (ئەو حەوت ساڵەی جۆرجیای گۆڕی)

## بنیادنانی ڕۆشنبیرییە خزمەتگوزارییەکان

وا لە پۆلیسی گەڕۆک کرا، کە ببێتە خاوەنی ڕۆشنبیرییە خزمەتگوزارییە پێشکەوتووەکان، هەروەها زۆر خۆشەویست و خوڕەوشت جوان بوون، خزمەتگوزارییەکانیان بە ڕێکوپێکی پێشکەش ئەکرد. وا ڕاهێنرابوون، کە دەستی یارمەتی بۆ خەڵک درێژ بکەن. لە دەستپێکردنی گۆڕانکارییەکاندا هەندێ هەڵوێستی سەیر ڕووی ئەدا. بۆنمونە: کاتێک خاوەن ئۆتۆمبێلێک لە شوێنێک ڕائەوەستا، بە مەبەستی هاوکاری کردنی، ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکی پۆلیس بەرەو ڕووی ئەهات، ئەم کەسە خۆی ئامادە ئەکرد بۆ ئەوەی، ئاخۆ ئەبێ چەندی بەرتیل لێ وەربگرێت، کەچی ئەفسەری پۆلیس پێی ئەوت: "چۆن ئەتوانم یارمەتیەکت پێشکەش بکەم؟". پۆلیسی هاتوچۆ بە ڕادەیەک بە ڕێز بوون. کاتێک سزایان بۆ سەرپێچیکاران ئەنووسی، خەڵکی ئەیانوت: "ئەم پۆلیسانە لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتوون". یان کاتێک شۆفێری ماشێنێک بە سەرخۆشی ئەبینرا، لەبری ئەوەی بیبەن بۆ بنکەی پۆلیس، کەچی زۆر بەڕێزەوە ڕایانئەگرت و شۆفێرەکەیان بە سەلامەتی ئەگەیاندەوە ماڵەوە، دواتر ئۆتۆمبێلەکەیان دەستبەسەر ئەکرد و خۆشیان ڕوبەڕوی دادگا ئەکردەوە. بەم شێوەیە پۆلیسی هاتوچۆ بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ شۆفێران ئەکرد و خەڵکیش شارەزای ئەم جۆرە مامەڵەیەیان ببوون.

## پەرەسەندنی باوەڕپێکردن

خەڵکی باوەڕیان بە پۆلیسی گەڕۆک زۆر زیاتر ببوو. 53%ی ئەوانەی لە ساڵی 2011 سەبارەت بە تاوان و ئاسایش ڕاپرسیان لەگەڵ کرابوو، ئەڵێن: "هەڵسوکەوتی پۆلیس باشە". 34%یش لە هەمان ڕاپرسییدا، ئەڵێن:


"هەڵسوکەوتی پۆلیس تا ڕادەیەک باشە" (GORBI 2011) هەروەها ئەنجامێکی تری لەم شێوەیە لە ڕاپرسییەکی مانگی تشرینی یەکەمی 2010 دەرچوو، کە ئینستیتۆی کۆماریی نێودەوڵەتی (IRI) ئەنجامی دابوو، دەریخستووە 84% باوەڕیان بە پۆلیس هەیە. واتە ڕێژەکەی بە گوێرەی ساڵی 2003 بەرز بووەتەوە، کە ئەو کاتە 10% بووە. لێکۆڵینەوەیەکی تری کۆمەڵایەتی لە ڕێگای لێپرسینەوە (BCG) لە شاری تبلیسی لە کانونی دووەمی 2006 بۆ بەراوردکردنی هەڵسوکەوتی گشتی بەرامبەر پۆلیس ئەنجام درا، ئەنجامەکان دڵخۆشکەر بوون (Research 2006 BCG) چونکە 80%ی ئەوانەی ڕاپرسییەکەیان لەگەڵ کراوە، ئەڵێن: "پۆلیس خۆشەویستن، نەرم و نیانن و ڕاهێنراون هاوکاری هاوڵاتییان بکەن" 55-60% وتبویان: "خوڕەوشتی پۆلیس باشە. دادپەروەرن و یاسا جێبەجێ ئەکەن". لە نیوە زیاتریش هەستیان بە هەڵوێستی ڕێزدارانە و هاوکاریی نێوان خۆیان و پۆلیس کردبووە، 61%یش لەو باوەڕەدابوون "پۆلیس ڕێز لە یاسا ئەگرێ". تەنها 2%یان ئەڵێن: "پۆلیس گەندەڵیی کردووە". بە گشتی زیاتر لە نیوەی بەشداربووانی ئەو ڕاپرسییە، خوڕەوشت و هەڵوێستی بەڕێزانە و هاوکارییان هەست پێ کردووە لە نێوان پۆلیس و هاوڵاتییاندا.

## بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە

چوارچێوەی لێپرسینەوە کەوتە نێوان دەسەڵات و پۆلیسی هاتوچۆ و هاوڵاتییان. وەکو (**خشتەی 2. 4**). پاش ئەوەی وەزارەت گەندەڵکارانی لە پۆلیسی هاتوچۆ دوورخستەوە، چاکسازەکان بۆ ئەوەی کارمەندانی پۆلیس دەست هەڵگرن لە وەرگرتنی بەرتیل و تۆقاندنی هاوڵاتییان، بڕیاریاندا مووچەکانیان دە هێندەی مووچەی پێشوویان زیاد بکەن. هەروەها ڕاهێنان لە ژینگەیەکی پاکوخاوێندا ئەنجام بدەن. هەوڵیش درا پۆلیس بە دوای

دۆزینەوەی سەرپێچیکارانی ڕاستەقینە بگەڕێن و بڕی سزای لێپرسینەوە بخرێتە گەنجینەی وەزارەت و دوایی سوودی لێوەربگیرێ بۆ مووچە و دەستکەوتەکانی پۆلیس. هەروەها نوێکردنەوەی چوارچێوەی وەزارەت بە گوێرەی ڕێکخستنەوەی زنجیرەی سەرکردایەتی کردن. تەکنەلۆجیاش بووە یارمەتیدەرێکی زۆر باش لە بەدواداچوون بۆ تاوانەکان بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و بە کەمترین گەندەڵی. دەنگی هاوڵاتییان گوێی لێ ئەگیرا، چونکە هاندانی ئەوان بۆ لەناوبردنی گەندەڵی، یارمەتیدەری چاکسازی بوو. تەکنەلۆجیا دەوری خۆی ئەبینی بە هۆی هێڵی تەلەفۆنی بە پەلەوە، کامێرای چاودێری، کۆنترۆڵی پشکنینی ناوچەکان و گوێگرتن لە دەنگی هاوڵاتییان. لە دواییدا توانرا سەرکەوتوانە ئەڵقەی گەندەڵی بگۆڕدرێ بۆ ئەڵقەیەکی ڕوون و پاکوخاوێن.

**خشتەی 2. 3:** لەسەر ئاستی ئەوروپادا پۆلیسی جۆرجیا، کەمترین گەندەڵییان هەیە.





**سەرچاوە:** شەفافیەتی نێودەوڵەتی، 2010. پێوانەی گەندەڵیی جیهانی، هەروەها خشتەی (1.2 و 2.2) لاپەڕەی 64 و 65. ئایا تا چ ڕادەیەک لەو باوەڕەدای، کە گەندەڵی کاریگەری لەسەر پۆلیس هەیە.

**ئەنجامەکان**

چاکسازییە سەرکەوتووەکان لە بواری پۆلیسی هاتۆچۆدا، کۆمەڵێک تیشکی خستە سەر کارەکان، دەرکردنی 16,000 پۆلیس لە ئانوساتێکدا گورجوگۆڵی دا بە کاری چاکسازییەکە. هەروەها خەڵک باوەڕیان بە پۆلیسە گەڕۆکە نوێیەکان هەبوو. باوەڕیشیان هێنابوو بەوەی، کە لەناوبردنی گەندەڵی کارێکی بەردەوامە. سەرکەوتن بەسەر ئەو کارانەی، کە ئەبوونە ڕێگر لەبەردەم هەوڵە بەردەوامەکانی چاکسازی.

زیادکردنی مووچە بۆ دە هێندە و پەرەسەندنی خزمەتگوزاریی ڕۆشنبیری و هەوڵدان بۆ ئەوەی، ئەو کەسانەی کارەکان دەکەن دەبێت پسپۆڕ بن، هەروەها بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ، وەکو: سوودوەرگرتن لە کامێرای هاتوچۆ و پێدانی بڕی سزای سەرپێچیکاران بە شێوەی ئەلکترۆنی، ئەمانە وای کرد کارەکانی پۆلیس بە ڕێکوپێکی دابین و بەهێزتر بێت. هەروەها ڕاگەیاندن بەردەوام بوو لەگەڵ چاکسازییەکان و شێوەی کارەکانی پۆلیسی ڕوون ئەکردەوە و دەری ئەخست، کە چاکسازییەکان بەردەوامە و کارەبەدەستانیش ئاگادارن. ئەمە وای کرد هاوڵاتییان بەشداری ڕاگەیاندن بکەن و چاودێر بن بەسەر پۆلیسی گەڕۆکەوە و کەمتەرخەمی نەکەن لە ئاگادارکردنەوەی حکومەت لە سەرپێچیکاران.

**خشتەی 2. 4:** چوارچێوەی لێپرسینەوەکانی پۆلیسی گەڕۆک




**سەرچاوە:** دانەرەکان

# بەشی سێیەم

## بەهێزکردنی کاری کۆکردنەوەی باجەکان

## بارودۆخی گشتی لە ساڵی 2003

لە دوای داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت، توانای حکومەت بۆ کۆکردنەوەی باجەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان دابەزی بوو، گەندەڵی پەرەی سەندبوو بە تایبەت خۆدزینەوەی خەڵک لە باج. هەروەها لێبوردنی تایبەتی نایاسایی بۆ نەدانی باج و دزی ڕوون و ئاشکرا لە سەرجەم باجەکان، ئەمانە بوونە هۆی کەمی ئەو باجانەی کۆ ئەکرانەوە. داهاتی ناڕاست تۆمار ئەکرا لەبارەی کۆکردنەوەی باجەوە، تا ئەو ڕادەیەی لە بوودجەدا وا پیشان ئەدرا گوایە باج بە ڕێکوپێکی کۆکراوەتەوە، بەڵام کە سەیری حساباتی خەزینە ئەکرا، هیچی تێدا نەبوو. ئەمە وای لێهاتبوو کاربەدەستانی کۆکردنەوەی باج زۆر بە ئاشکرا ڕەخنەیان لێ ئەگیرا. نەک تەنها لەلایەن حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە بەڵکو لەلایەن: کۆمەڵی یارمەتیدەرە داراییەکان، کە هاوکاریی حکومەتیان ئەکرد، کەرتی تایبەت، پەرلەمان، بانکی نیشتمانی، ئەمە بەتایبەتی پێش بەرپابوونی شۆڕش.

بێ توانایی دەسەڵاتداران بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی، یان دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەرەوە لە کارە نایاساییەکاندا بووە هۆی دواکەوتن و کەڵەکەبوونی مووچەی کارمەندان و خانەنشینان بەسەر حکومەتەوە. هەروەها پێنەدانی پارەی پێویست بە شارەوانییەکان و کارە گشتییەکانی تر. کار گەیشتە ئەوەی حکومەت نەیئەتوانی بەرپرسیارێتییەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

ساڵی 1997 لە جۆرجیا یەکەم یاسای بوودجە دەرچوو، لەو کاتەدا ئەمە بە چاکسازییەکی گرنگ ناوبرا. ئەو یاسایە 12 پارێزگای ئەگرتەوە. یاساکە 7 جۆر باجی دەستنیشان کردبوو. دوایی دەرکەوت ئەم یاسایە ناتەواوییەکی

زۆری تێدایە، وەکو زۆریی جۆرەکانی باج، کارە ژمێریارییەکان پڕ بوون لە پێچ و پەنا، لێبوردنی زۆری تێدا کرابوو. ئەم هەوڵانە وای کرد کاربەدەستانی بوودجە هەوڵ بدەن بۆ گۆڕینی هەندێ لە بڕگەکانی یاساکە. لە نێوان ساڵانی 1997-2003دا 350 جۆر گۆڕانکاری لە یاساکەدا پێشکەش کرا، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکان سەریان لێ تێکچوو بوو لە چۆنییەتی پێدانی باج بە حکومەت.

دانانی یاسایەکی پڕ لە پێچ و پەنا بۆ کۆکردنەوەی باج، یاریدەدەری دروستکردنی گەندەڵی بوو لەو بوارەدا، کە ئەمە زۆرجار ئەبووە هۆی سوود وەرگرتنی دەسەڵاتی هەندێ لە پەرلەمانتاران و بەرپرسە باڵاکانی حکومەت. بۆ ئەوەی بتوانن بڕیارێکی سەرۆکایەتی وەربگرن بۆ هەڵسوکەوتی کۆکردنەوەی باج و لەو بوارەدا یارمەتییان بدەن، هەروەکوو پشتگیری کردنی هەندێ لە کۆمپانیاکان، کە کەمترین باج بدەن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو پەرلەمانتارانەی هەڵبژێردرابوون سوودیان لە پارێزبەندی پەرلەمانی وەرئەگرت، کە لێپرسینەوە لە تاوانەکانیان نەکرێ. زۆرجار ئەو کۆمپانیایانەی هاوبەشیان بوون، لێبوردنیان لە باجدان وەرئەگرت. هەروەها دەسەڵاتدارانی کۆکردنەوەی باجیش لێبوردنی تایبەتیان ئەدا بە برادەرەکانیان و هاوپەیمانییە سیاسییەکانیان.

پێدانی بەرتیل زۆر بەربڵاو بوو، کۆمپانیاکان بەرتیلێکی زۆریان بەرامبەر کەمکردنەوەی باج ئەدا، بە شێوەیەک لە سزادانی لێکۆڵینەوەی باجیش دوور بن. پێدانی ئەم بەرتیلانە کارئاسانی ئەکرد بۆ ڕێککەوتنی دەسەڵات و خاوەن کۆمپانیاکان، کە ئەنجامەکەی ڕێکەوتنێکی یەکجاری بوو لە نێوانیاندا، تا کەمترین باج بدەن بە حکومەت. کارەکە لە نێوان کۆمپانیا و کاربەدەستەکانی باجدا زۆر بە ئاسانی بەڕێوە ئەچوو، ئەمانە ڕێک ئەکەوتن لەسەر ئەو بڕە باجەی خۆیان دیاری دەکەن، ئەمە پاش وەرگرتنی بڕێک بەرتیل ئەکرا، بێ

ئەوەی گوێ بدەنە بەندەکانی یاسای باج. جێگری وەزیری دارایی پێشوو یەکێک لەو گفتوگۆیانەی نێوان خاوەن کۆمپانیایەک و پشکنەرێکی باج ئەگێڕێتەوە، لەسەر بڕی ڕێکەوتنی مامەڵەکەیان بۆ پەردەپۆش کردنی باجەکانی سەرشانیان، کە لە یەکێ لە گەڕەکەکانی تبلیسی کرابوو. گفتوگۆکەی نێوانیان هێندە گەرم بووە، پشکنەری باج لە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەی داوە. کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی مانگێک کاری پشکنەرەکان لەو ناوچەیەدا ڕابگیرێ. بە نەبوونی پشکنەرەکان لەسەر کارەکانیان، یەکسەر ڕادەی کۆکردنەوەی باجەکان بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە بینی. چونکە کۆمپانیاکان بە ئاشکرا ئەیانزانی چەندیان باج لەسەرە، بۆیە یەکسەر ئەو باجەیان ئەدا، کە لە سەریان بوو.

گەندەڵی دەستکەوتەکانی باجیشی ئەگرتەوە، بە ئاشکرا دزیی لەو بڕە باجەش ئەکرا، کە کۆ ئەکرایەوە. هەروەها ئەو پلانانەی ڕێک ئەخرا بۆ گەندەڵی لە ڕێگەی دانانی باجی نرخە زیادکراوەکان بە دانانی کۆمەڵێک ئیشوکاری نا دروست. بە گوێرەی ئەم کارە، ئەبوو کۆمپانیاکان باجی ئەو کارە زیادکراوانەش بدەن، کە بریتی بوو لە کاری بیناسازی، ئەمە بەو کارانە دائەنرا، کە پێویستی بە بەخشینی باجێکی نوێ هەبوو. بەمەش سوود و قازانج بۆ کۆمپانیاکان ئەگەڕایەوە.

وەزیری دارایی پێشووی جۆرجیا "کاخا بایندورشیلی" باسی ئەو پلانە دەکات، کە بە شێوەیەکی نادروست بۆ پێدانی باجەکان دروست کرابوو، وەکو: دروستکردنی کۆمپانیایەک، کە لە ڕاستیدا بوونی نییە. بەڵگەنامەکان دەری ئەخات ئەو باجانەی لەسەر نرخە زیادکراوەکان پێویست بووە، زۆر زیاتر بووە لە پێویست. بەم کارە پیلانگێڕەکان ئەکەوتنەوە داوا کردنەوەی ئەو بڕە زیادانەی داویانە. لە ئەنجامی دەرکەوتنی ئەم دزییانەدا سەرۆکی

بەشی وەرگرتنی باجەکان و جێگری وەزیری دارایی تاوانبار کران، بەڵام لە هیچ جێگەیەک پلانەکانیان نەخرایە بەرچاوی خەڵک و ئاشکرا نەکران.

لە ئەنجامی ئەم گەندەڵییانەدا، کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلە بازرگانییەکان و کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کە کاریگەری هەبوو لەسەر مووچەی کارمەند و خانەنشینان. لە ساڵی 2003 داهاتەکانی بوودجە 14%ی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی بوو (GDP) ئەمە دوای کۆکردنەوەی ئەو خەرجییانە بوو، کە پێویستن. دواتر ڕێژەکە بوو بە 12%.

بۆ بوودجەی دەوڵەت یەک ملیار لاریی جۆرجی وەکو داهات لە هەموو سەرچاوەکانەوە پێویست بوو، بەڵام ئەوەی لەبەردەستا بوو چوارسەد ملیۆن لاریی جۆرجی بوو. بێگومان ئەمە بووە هۆی ڕاگرتنی بوودجەی وەزارەتەکان. ئیشوکاری وەزیرەکان ئەوە بوو، کە هەوڵ بدەن لەگەڵ وەزیری دارایی بڕێک پارە بۆ وەزارەتەکانیان تەرخان بکەن، هەندێ جار ئەمەشیان بۆ نەئەکرا. هەندێ لە وەزیرە بە تواناکان ئەیانتوانی کەمێ بودجە بۆ وەزارەتەکانیان پەیدا بکەن، ئەویش بە پێدانی بڕێک بەرتیل بە کارمەندانی گەنجینەی دەوڵەت بۆ ئەوەی پارەی پێویستیان بۆ دابین بکەن.

خانەنشینان بۆ ماوەی چەند مانگێک بێ مووچە مانەوە، کە حکومەتە نوێیەکە دەسەڵاتی گرتە دەست، مووچەی 18 مانگیان لای حکومەت بوو، ئەمە بێجگە لەوەی چەندین مانگی تریش لە حکومەتە نوێیەکە مووچەیان پێ نەدرابوو. ئەمەش بووە هۆی کورتهێنانی بڕی چوارسەد ملیۆن لاریی جۆرجی لە میزانیەی دەوڵەت، بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی دارمانی وەرگرتنی باج ڕووی دابوو. هەروەکوو "بایندورشفیلی" ئەڵێ: "گەندەڵی بە تەواوی تێکەڵ بە لایەنی ڕۆشنبیری نەبووبوو، ئەتوانین بڵێین، کە گەندەڵی بەبێ ئەوەی ڕێگری

لێ بکرێ، نەشونمای ئەکرد و ببووە جۆرێک لە شێوازی کارکردنی ڕۆژانە، بۆیە هەموو کەس ئەو کارەی ئەکرد و کارێکی پەسەند کراو بوو.

## چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003

تالانکردنی گەنجینەی حکومەت بە میرات بۆ حکومەتە نوێیەکە مابووەوە، هەر ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی دەسەلاتی نوێ، بە توندی و خێرایی پەلاماری گەندەڵی بدات. سەرۆک وەزیرانی نوێ "زۆراب جڤانیا" پەیوەندی کرد بە زۆراب نۆجادیلی، کە ببێتە وەزیری دارایی. هەر ئەو شەوەی سەرۆک شیفردنادزە دەستی لە کار کێشایەوە، هیچ بواری ئەوە نەبوو بکەونە لێکۆڵینەوە و باسکردنی ئەوەی لەو ساتەدا چی بکرێت. لە بارەی باجەکانەوە حکومەت پێنج تەوەری ڕاگەیاند بۆ ئەنجامدانی کاری لە بنهێنانی گەندەڵی، کە بریتی بوون لە: **گۆڕینی ڕاوبۆچوونەکان و گۆڕینی چۆنیەتی پاداشتی هاولاتییان، ئاسانکردنی یاسای باج، بەهێزکردنی جۆرەکانی باج، ئاسانکردنی یاساکان و کەمکردنەوەی کارە ڕۆتینییەکانی کارگێڕیی باج.**

### گۆڕینی ڕاوبۆچوونەکان

یەکەم هەنگاو، کە حکومەت دەستی پێکرد، ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی سیاسەتێک بوو، کە بە هیچ شێوەیەک لێبوردنی تیا نەبێت. ئەمە لە مێشکی هاولاتییان و کارمەندانی دەوڵەتدا چەسپێنرا. پۆلیس کەوتە لێدان و گرتنی ئەو کەسانەی ناسراون بە گەندەڵی، هەواڵەکانی تەلەفزیۆن دەریئەخست، کە چۆن پۆلیس بە دەمامک و چەکەکانیانەوە، پەلاماری ئەو کۆمپانیایانەیان ئەدا، کە پێشلکاریی یاساییان کردبوو. دواتر دەستیان کرد بە گرتنی کارمەندە کۆنەکان و بەرپرسە دەسەلاتدارەکان، کە ئەمانە دەسەلاتی بەرفراوانیان

هەبوو، لە نێویاندا وەزیری وزە، وەزیری گواستنەوە و پەیوەندییەکان، سەرۆکی ژووری کۆنترۆڵ، سەرۆکی کارگێڕیی هاوپەیمانی شارستانی، سەرۆکی کۆمپانیای ڕێگە ئاسنینەکان، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ، سەرۆکی کۆمپانیای گشتی کانزای ئاڵتون و هەندێک لە دەڵاڵەکانی حکومەتی تێدابوو، سەرجەمی ئەمانە گیران و دەستبەسەر کران.

ئەو گیراوانە ئەیانتوانی ماوەی زیندانییەکەیان بە پارە بکڕنەوە، بەم کارە حکومەت پارەیەکی زۆری لێسەندنەوە، بەمە گەنجینەی حکومەت پارەیەکی زۆری تێ چوو. تەنها لە ڕێکەوتنێکی حکومەت لەگەڵ یەکێک لە بازرگانە ناسراوەکان، کە دەستی لە گەندەڵیدا هەبوو، 14 ملیۆن دۆلاریان لێ سەند و پارەکەشیان خستەوە گەنجینەی دەوڵەت. هەرچەندە ئەم کارە ئازادی بەخشییەوە بە هەندێک لەو گەندەڵانە، بەڵام ئەمە نامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو، کە ئەو گەندەڵانە، هەرچەندە خاوەن دەسەڵات بن، بە هیچ جۆرێک دەستیان لێ هەڵناگیرێت.

لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی یاسا نوێیەکاندا، کە بە هیچ جۆرێک چاوپۆشی لەو بەرپرسانە نە ئەکرا، کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلابوون و هەموو ئەو کەسانەش، کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، دەستگیر ئەکران و دەست بەسەر هەموو ملّک وماڵەکانیاندا ئەگیرا. بە تایبەتی ئەوانەی نەیانئەتوانی بیانوویەکی یاسایی بۆ ئەو هەموو ملّک و ماڵەی هەیانبوو، بدۆزنەوە. هەروەها حکومەت یاسایەکی دەرکرد بۆ لێبوردنی باج هەتا کۆتاییەکانی ساڵی 2004، کە هەموو ئەو موڵکانەی هەیانە، ئەبێت باجی لێ بدەن، بەڵام تا ئێستا نەیانداوە، لێبوردن ئەیانگرێتەوە، بەڵام ئەبێت 1%ی تێچوونی بینا و موڵکەکانیان باج بدەن بە حکومەت.

**گۆڕانکاری لە پێدانی بەخشیشی کارمەندان**

نامەکانی چاونەپۆشین گەیشتە کارمەندانی دەزگای باجەکان، بەشێک لەو ئاڵنگارییانەی بەرەو ڕووی بەرپرسان ئەبووەوە، ئەوە بوو، کە نەیانئەتوانی هەموو کارمەند و پشکنەرەکان دەربکەن یان بیانگۆڕن. لە کاتێکدا زۆربەیان لە ڕژێمەکەی پێشوودا گەندەڵییان کردبوو. وەڵامی ئەم کێشەیە ئەوەبوو، کە نابێ هیچ کەسێک وا تێبگات گۆڕانکاری لە یارییەکەدا کراوە. ئەو شەوەی نۆجایدیلی بوو بە وەزیری دارایی، داوای کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کارمەندانی دەزگای باج کرد و وتی: "من بەوە کەیف خۆش نیم لەم شەوەوە دەست بکەم بە گۆڕینی کارمەندەکان، چونکە هەڵسەنگاندنی من بۆ کاری ئەوان بە گوێرەی ئەوە نابێت لەوەوپێش چیان کردووە، بەڵکو بەگوێرەی ئەوە ئەبێت، کە لە چەند مانگی داهاتوودا چی ئەکەن؟ ئەو کارمەندانەی ئێستاش لە کاردان، ئەگەر بەو شێوەی ڕژێمەکەی پێشوو کار بکەن، ئەوا زۆر بە توندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین".

گرتن و حوکمی زیندانیی زۆر، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی باجیان کۆ ئەکردەوە، یان پشکنەر بوون، بووە هۆی دابەزینی ڕادەی گەندەڵی. لە نوسینگەکانی باج کامێرای تایبەتی دانرا، لە ژوورێکی تایبەتی وەزارەتی دارایی شاشەیەکی تەلەفزیۆنی دانرا، کە هەموو نوسینگەکانی باجی لە وڵاتی جۆرجیا پیشان ئەدا. ئەم کارە وردبینیە بووە هۆی کەمکردنەوەی ئەو توانانەیەی کارمەندان، کە بتوانن ڕێکەوتنی ژێربەژێر لەگەڵ ئەوانە بکەن، کە باج نادەن. هەروەها توانرا قەبارەی وەرگرتنی باج بزانرێ و بە وردی چاودێری بکرێت. سەرنەکەوتن لە گەیشتن بە ئامانج زۆر بە توندی ڕێگای لێ گیرا. بەمەش داهاتەکان زیاتر بوون، مووچە زیادی کرد، هەوڵی پێدانی بەرتیل نەما. لە ماوەی دوو ساڵدا کۆمەڵێک کارمەندی نوێی بە توانا و دوور

لە گەندەڵی دامەزران. لە دواییدا ژمارەی کارمەندە کۆنەکان بە تەواوی ڕێکخرانەوە.

**ئاسانکاریی لە یاسای باج و زیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی باج ئەیانگرێتەوە**

لە ساڵی 2005دا یاسایەکی نوێی باج دانرا. کە مەبەست لەو یاسایە پەرەپێدانی نەشونمای ئابوری و پەرەپێدان بوو بە توانای یاسایی باج و زیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی باج ئەیانگرێتەوە. دووبارە ئەم گۆڕانکارییانەش خاڵی قەلاچۆکردنی گەندەڵی تێدا بوو. لە کاتێکدا ڕژێمی پێشوو شوێنێک بوو بۆ بەردەوامی پلانەکانی گەندەڵیی. بەڵام ئەم یاسایە ئەوەی نەهێشت و یاساکانی باجی ئاسانتر کرد و بووە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی باج. هەروەها کۆنترۆڵکردنی پیسبوونی ژینگە، گۆڕینی موڵکدارێتی، قومار، گەشتوگوزار، ڕاگەیاندن و هەندێک باجی سووک و ئاسان، کە لە ڕاستیدا دەستکەوتێکی ئەوتۆ نەبوو. تەنها 7 جۆر لە 21 جۆری باج، کەمێکی لێ دابەزێنرا. هەروەها باجەکانی کۆمەڵایەتی 33% دابەزی بۆ 20%، هەروەها باج لەسەر داهات (مووچە) کەمکرایەوە 20% بۆ 12%. ئەو باجەی لەسەر نرخە زیادەکان دانرابوو 20%ەوە بوو بە 18%، بەڵام ئەو باجانەی تر، کە بریتی بوون لە باجی قازانج، موڵکەکان، خواردنەوە کحولییەکان، بەرهەمە نەوتییەکان، تووتن، ئۆتۆمبێل و باجەکانی گومرگ، زیاد کران. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هەموو ڕێژەکان کەمکرانەوە.

لە ساڵی 2010دا یاسای باج لە جۆرجیا دیاریی کرا بە باشترین یاساکانی باج لە جیهاندا. بۆچی؟ چونکە باجی سەر هاوڵاتییان و باجە کۆمەڵاتییەکان 20% دابەزی، باجی سەر کۆمپانیاکان 15% دابەزی، باجی

نرخە زیادکراوەکان 18% دابەزی. ئەمانە هەموویان ئەو باجانەن، کە ڕێژەکەیان جێگیرکرا. کەمبوونەوەی ڕێژەی ئەم باجانە بە زۆربوونی ئەوانەی ئەبێت باج بدەن و پابەندبوونی زیاتری خەڵک بە پێدانی باج و جێبەجێکردنی وەرگرتنەکەی، هەروەها بە لێسەندنی سزای گەورە بەوانەی باج نادەن، پڕکرایەوە. پاشان نەهێشتنی لێبوردن بۆ ئەو کەسانەی باج نادەن، ئەمانە بوونە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی باج. یەکسانی و پابەندبوون بە یاساوە لە ناو کۆمپانیاکاندا جێبەجێ بوو. کار کرا بۆ کەمکردنەوەی ئابوری نایاسایی و هەوڵدان بە سەندنی باج لەو کەسانەی بە گوێرەی یاسا ئەبێت باج بدەن. لە کارێکدا، کە بووە مایەی ناڕەزایەتی سەبارەت بە ڕاگرتنی دەستگێڕەکان، کە مۆڵەتی کارکردنیان نەبوو، باجیان نەئەدا. کۆمەڵێک لەو کەسانە ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتییان دەربڕی. بەڵام لایەنگریی میللەت بۆ ئەم دەستگێڕانە لاواز بوو، لابردنیان لەسەر شەقامەکان بووە هۆی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و پاکبوونەوەی سەر شەقامەکان. بەمە کۆمەڵێک دووکانی بچووک پەیدابوون، کە خزمەتگوزاریی باشتر و تەندروستتر لە دەستگێڕەکانیان پێشکەش دەکرد.

پێوانەیەکی تر، کە مقۆمقۆی زۆری لەسەر بوو، ئەویش مەرجی سەپێندراو بوو بەسەر هەر دەزگایەکی بازرگانیدا، کە ئەبێت ئامێرێکی تۆمارکردنی ئەلکترۆنی هەبێ (کاشێر) بۆ تۆماری باجی نرخە زیادەکان لەسەر هەموو کڕینێک. زۆربەی کۆمپانیاکان ناڕازی بوون بە کڕینی ئەو ئامێرانە بە نرخێکی گران لەسەریان دەوەستا. هەروەها قایل نەبوون بەوەی تۆماری هەموو فرۆشتنێکیان لەسەر ئەو ئامێرە بنوسرێ. سەرباری ئەوەی کۆمپانیاکان ناڕەزاییان دەرئەبڕی، بەڵام حکومەت بێجگە لە سەپاندن و جێبەجێکردنی ئەو کارە، بە هیچ شتێکی تر قایل نەبوو، بە هیچ جۆرێکیش لە کەس نەئەبوران و بڕیارەکە بە توندی جێبەجێ کرا. پاشان دەزگای باجەکان

دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی خەڵکانی هەواڵگریی، زۆربەی ئەمانە لەوانە بوون، کە خانەنشین بوون، یا ئافرەتانی دووگیان بوون، ئەمانە ئەگەڕان بە هەموو لایەکی وڵاتدا، بۆ ئەوەی دڵنیابن، کە ئایا هەموو دوکاندار و کۆمپانیاکان کاشێریان داناوە یان نا؟ هەر دوکاندارێک داینەنابێت تووشی سزا ئەبوو، لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەدا سزاکەیان بۆ ئەکرد بە دوو ئەوەندە. لە دواییدا ئەم یاسایانە پەسەند کران، چونکە لێبوردن بۆ هیچ کەسێک نەبوو، چونکە هەموویان بە یەک چاو سەیر ئەکران.

### ئاسانکاریی لە وەرگرتنی باج

شانبەشانی ئاسانکردنی یاساکانی باج، حکومەت هەوڵیدا بۆ ئاسانکردن و پێشکەشکردنی باجەکان بۆ چاکردنی ژینگەی کارە بازرگانییەکان و کەمکردنەوەی گەندەڵی. ئاسانکاریی کرا بۆ پێشکەشکردنی زانیارییەکانی ئەو شوێنانەی باج ئەیانگرێتەوە و ئەبێت مانگانە باج پێشکەشی دەوڵەت بکەن. ئەو کارە لە مانگێکەوە کەمکرایەوە بۆ 15 ڕۆژ. ئەم بڕیارە یاساییەش لابرا، بە مەرجێک ساڵانە زانیاریی ڕێکوپێک بدەن. هەروەها ئەو زانیارییانەی پێویست بوون لە بارەی قەرزی کۆنەوە بیدەن، ئەگەر لەو ساڵەدا قازانجیان نەکردبێت، یاساکەیان لەسەر جێبەجێ نابێت. بڕیاردرا باجەکانی دەستکەوت و باجە کۆمەڵایەتییەکان یەک بخرێن. ئاسانکاری بۆ پێشکەشکردنی باجی موڵکداریی کرا. هەروەها ئەو باجەی، کە لە کاتی فرۆشتنی موڵکدا بە ڕێژەی 2%ی نرخی فرۆشتنەکە ئەدرا، کە ئەبوو کڕیار بیدات، ڕاگیرا.

بەخشینی باجەکان بە لە ڕێگەی ئەلکترۆنییەوە، بەپەلە جێگای کاغەزی گرتەوە، کە جاران لە ئەنجامی پێشکەشکردنی وەرەقەی تایبەتدا پێشکەش


ئەکرا و بە ئاسانی بەرتیل خواردنی لێ ڕووئەدا، بۆ ڕێگریی لەو کارە لە ساڵی 2007 بڕیاردرا پێدانی هەموو باجەکان لە ڕێگەی ئەلکترۆنییەوە بێت. هەروەها بڕیاردرا هیچ هەڵسوکەوتێک لەگەڵ کارمەندانی باج و بەرپرسانی کۆکردنەوەی باج نەکرێ.

کۆکردنەوەی باجەکان بەم شێوەیە بووە مایەی بەرهەڵستی کردنی کۆمپانیاکان، چونکە ژمێریاری کۆمپانیاکان ئەیانویست تۆماری دەفتەر و نوسینی پسوڵە بمێنێتەوە و نەبێتە ئەلکترۆنی، چونکە بەمە ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو کارەکانیان لە دەست بدەن، بەڵام حکومەت بە هیچ شێوەیەک گوێی نەدا بەم بەرهەڵستییە و بەردەوام بوو لەسەر بڕیارەکانی خۆی. لە تشرینی دووەمی 2009 وەزارەت بڕیارێکی دەرکرد، کە ئیتر بە هیچ جۆرێک کۆپی کاغەز و نامە لە بارەی باجەوە وەرنەگرێت. لە ئەنجامی ئەم کارەدا ژمارەی ئەو کەسانەی کارەکانیان بە شێوەی ئەلکترۆنی پەرەی سەند و وای لێ هات 80%ی ئەوانەی باجیان ئەدا، بە شێوەی ئەلکترۆنی کاریان ئەکرد، وەکو (**خشتەی 3. 1**). هەروەها حکومەت دەستی کرد بە پێشکەشکردنی تۆمارەکان و داواکارییەکانی باج لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت.

حکومەت بەرنامەیەکی باج وەرگرتنی ئەلکترۆنی ئاسانی ڕێکخست، هەروەها پێشکەشکردنی چەند پێویستیەکی ئاسان لە بارەی پێشکەشکردنی باج لەسەر نرخە زیادکراوەکان و پێشکەشکردنی ئەو باجانەی بە شێوەیەکی ئاسان لە ڕێگەی بانکەکانەوە ئەدرا، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو پارانە بچێتە گەنجینەی دەوڵەتەوە. هەروەها بۆ ئەوەی تۆمارێکی وردبین بچێتە زانیارییە تایبەتییەکانی کارگێڕیی دەستکەوتەکان. ڕێگەدانیش بەو کەسانەی بە ڕێگەی ئەلکترۆنی باج ئەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەشداریی ئەکاونتەکانیان بکەن لە تۆڕی ئەنتەرنێت. ئەمە بووە هۆی چاکسازیی لە پێویستییە ژمێرییارییەکانی کۆمپانیاکان.

هەروەها حکومەت بنکەیەکی بۆ مەترسی لە پێداچوونەوەی باجەکان دروست کرد، بە گوێرەی ئەوە بنکەیە، لە جیاتی ئەوەی حکومەت بە توندی بەدواداچوون بۆ هاوڵاتییان و کۆمپانیاکان بکات، حکومەت کەوتە بەدواداچوونی ڕێگاوشوێنێکی ورد و ئاسان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. بەمە بڕیاری کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو کارانەی مەترسیی لێ ناکرێت 70% لە ساڵی 2009 دابەزی بۆ 35% لە ساڵی 2010دا، ئەم ڕێژانە لە ساڵی 2011 بوو بە 0%. لێرەدا هەستیان کرد، کە توانای وردبینی لەناو دەزگاکاندا کەمتر بووەتەوە. بۆیە لە ساڵی 2011 بڕیاردرا، ڕێگە بدرێ بە کۆمپانیاکان، ژمێریاری تایبەتی دابنێن بۆ وردبینی لە باجەکانیان.

**خشتەی 3. 1:** ژمارە و ڕێژەی ئەو باجانەی بە ڕێگای ئەلکترۆنی ئەدرێن، لە کانوونی دووەمی 2009- ئەیلولی 2010.




**سەرچاوە:** وەزارەتی دارایی جۆرجیا- خزمەتگوزاریی دەستکەوتەکان

هەروەها ڕێگەیەک دانرا بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان، بە دوو قۆناغ. لەگەڵ ئەو نارەزاییانەی لەلایەن باجدەرانەوە پێشکەش ئەکرا، کە ئێستا ژمارەیان لە ساڵێکدا 2000 کەسە. 30% ئەم نارەزایەتییانە لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەکەدا جێبەجێ کرا. ئەم کێشەیە برایە بەردەم ئەنجومەنی ناکۆکییەکان لە بەشی خزمەتگوزارییە یاساییەکانی کارگێڕی دەستکەوتەکان. ئەو ناکۆکییانەی بەم ڕێگەیەش چارەسەر نەئەکران، بڕیاردرا بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی، یان بدرێ بە دادگا. ئەو باجدەرانەی لەسەر ئەو بڕە باجەی بۆیان دیاریی کراوە و ناکۆکن لەسەری، ئەو باجە نادەن، تا بڕیاری کۆتاییان لەبارەوە نەدرێ.

### ئەنجامەکان


چاکسازییەکانی باج بووە هۆی زیادکردنی باجەکان، ئەمەش بووە هۆی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر. هەروەها بووە هۆی کەمبوونەوەی قورسایی باج لەسەر خەڵکی و بنەبڕکردنی گەندەڵی. بووە هۆی پەرەسەندنی کارە بازرگانییە نوێیەکان و لەم بوارەدا یەکەمین خاڵی سەرکەوتن، لێپرسینەوە بوو.

### بەرزبوونەوەی داهاتی باج

پەرەسەندنی کۆکردنەوەی باج لە نێوان ساڵانی 2003-2011 زۆر بە ئاشکرا دەریئەخات، کە باجەکانی قازانج شەش جار زیادی کردووە. باجی نرخە زیادکراوەکان پێنج جار زیادی کردووە. باجی دەستکەوت و موڵکداریی سێ جار زیادی کردووە. ئەم بەرزبونەوانە لە بنکەکانی باج زۆر ڕوون و ئاشکرا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەکانی وەرگرتنی باج کەمبوونەوەی بە خۆیەوە بینیبوو، ئەمە لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی نێوان ڕوسیا و جۆرجیا لە

ساڵی 2008 و کێشە نالەبارەکانی کۆکردنەوەی داهات، ڕووی دابوو، بەڵام لە ساڵی 2011 گۆڕانکارییە خێراکان لە کۆکردنەوەی باجەکاندا دەستی پێکرد، بە تایبەتی دوای شۆڕشی گوڵەکان. لە کانونی دووەمی 2004دا لە ئەنجامی زیادبوونی دەستکەوتەکان حکومەت توانی مووچەی کارمەندان و خانەنشینەکانی بدات، کە ئەمە لە ساڵانی پێشوودا نەئەکرا. لە مانگی نیساندا ئەو پارانەی حکومەت دەستی کەوتبوو هەموو پێویستییەکانی مانگانەی جێبەجێ ئەکرد. لە پێش کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا، پاشکۆیەکی بوودجە پێشکەشی پەرلەمان کرا، بۆ ئەوەی دەسەڵات بدرێ بە حکومەت بۆ خەرجکردنی ئەو دووسەد ملیۆن لارییەی بوودجەی وڵات، کە زیادی کردبوو، بە تایبەتی بەکاربهێنرێت بۆ چاکسازی و چاکردنی بواری وزە. لە کۆتایی ساڵی 2004 کۆکردنەوەی باج لە بەرهەمی ناوخۆ 12% بەرزبووەوە بۆ 20%. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2007 گەیشتە 26%. وەکو **(خشتەی 3. 2)**.

**خشتەی 3. 2:** بەرزبوونەوەی ئاستی کۆکردنەوەی باج لە نێوان ساڵانی 2003-2011




**سەرچاوە:** وەزارەتی دارایی جۆرجیا

## دابه‌زینی ئاستی باج و كێشه‌ی گه‌نده‌ڵی

له‌ ساڵی 2009 گۆڤاری فۆربس، كێشه‌ی باجی جۆرجیای له‌ ڕیزبه‌ندی وڵاتانی جیهان به‌ چواره‌مین وڵات دانا له‌ ڕووی كه‌مترین كێشه‌ی باجه‌وه‌. هه‌روه‌ها هیچ وڵاتێكیشی له‌ شێوازی كۆكردنه‌وه‌ی باج له‌ جۆرجیا به‌ باشتر دانه‌نا، بێجگه‌ له‌ وڵاتی ئیمارات و هۆنگ كۆنگ نه‌بێت. دابه‌شكردنی ئه‌و باجه‌ی وه‌رئه‌گیرێ به‌سه‌ر ده‌ستكه‌وتی كاركردندا ئه‌بێته‌ ڕێژه‌ی قورسایی باج. ئه‌و ڕێژه‌یه‌ له‌ ده‌وڵه‌تانی ڕێكخراوی هاوكاریی ئابوری و په‌ره‌پێداندا نزیكه‌ 36%. كه‌ به‌رزتره‌ له‌وه‌ی جۆرجیا كه‌ 20%.

به‌ گوێره‌ی نیشانه‌ی جێبه‌جێكردنی كاری جیهانی له‌ وه‌رگرتنی باجه‌كاندا له‌ ساڵی 2005 وڵاتی جۆرجیا له‌ ڕیزبه‌ندی 110هه‌مین وڵاتدا بوو. له‌ ساڵی 2012 ئه‌م ڕێژه‌یه‌ دابه‌زی بۆ 39هه‌مین وڵات. هه‌روه‌ها له‌ ڕاپرسییه‌كی ناوچه‌یی كه‌ له‌ ساڵی 2008دا له‌لایه‌ن (BEFPs)ه‌وه‌ كرابوو بۆ ژینگه‌ و كاره‌ بازرگانییه‌كان، ده‌ریخستووه‌ كه‌ ته‌نها 3%ی ئه‌و كۆمپانیایانه‌ی له‌ جۆرجیا كار ده‌كه‌ن، به‌رتیل ئه‌ده‌ن، به‌تایبه‌تی له‌ بواری پێدانی باج. ئه‌مه‌ ده‌ریئه‌خات، كه‌ ڕێژه‌ی 9% گه‌نده‌ڵی له‌ جۆرجیا كه‌متره‌ له‌ ناوچه‌كانی ئه‌وروپا و ناوه‌ڕاستی ئاسیا، یان به‌ ڕێژه‌ی 18% له‌ ده‌وڵه‌تانی كۆمۆنۆڵسی سه‌ربه‌خۆ. كاره‌كانی جۆرجیا له‌ دوای ساڵی 2005 به‌دواوه‌ له‌ پێشكه‌وتنێكی گه‌وره‌دایه‌. له‌ كاتێكدا 13%ی كۆمپانیاكان ده‌ڵێن هێشتا گه‌نده‌ڵیی له‌ پێدانی باجه‌كان به‌رده‌وامه‌.

### بەرزبوونەوەی ژمارەی کۆمپانیا بازرگانییەکان

لە ئەنجامی دابەزینی باجەکان لەگەڵ کەمبوونەوەیەکی زۆرێک لەو پارەیەی پێویستە بۆ چالاکییەکی بازرگانی لە دووهەزار لاری جۆرجییەوە بۆ دووسەد لاری دابەزی، ئەمە بووە هاندەری دروستبوونی کۆمپانیای نوێ. لە ئازاری 2011 سێسەدوپەنجا هەزار کۆمپانیا خۆیان تۆمار کرد، بەڵام لە ساڵی 2003دا دووسەدوپێنج هەزار کۆمپانیا خۆیان تۆمار کردبوو. هەروەها ژمارەیەک لەو کۆمپانیایانەی خۆیان حەشاردابوو، دەستیان کرد بە ئاشکرابوونی خۆیان و ڕاپۆرتەکانیان لەبارەی ئیشوکارەکانیانەوە ڕوون کردەوە.

### بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە

چاکسازییەکانی باج لە جۆرجیا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، ئەمە بەهۆی زیاتر لێپرسینەوە لە بەڕێوەبەر و وەکیلەکان (**خشتەی: 3. 3**) چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی لە یاساکانی باجدا ڕوویدا، بووە هۆی بەرچاو ڕوونی کۆمەڵ لە بارەی ڕێژەکان، ئاسانکاری و دادوەریی لە ژێر سێبەری ڕژێمێکی نوێ بە مەبەستی بە بەدەستهێنانی دەستکەوتی ڕوون و ئاشکرا لە خزمەتگوزارییەکاندا، بێگومان ئەمەش بە هۆی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانەوە بوو، کە بریتی بوو لە کردەیەکی تۆمارکردنی ئاسان، بە گوێرەی وردبینی و پرسینەوە لە باج. ئەو کەسانەی باجیان ئەدا قایل بوون، کە باجدان کارێکە ئەبێت بکرێ و بە ئاسانی ئەتوانرێ لێپرسینەوەی گشتی لەبارەیەوە بکرێ. بەم کارەش دەسەڵات توانای بەرهەمهێنانی گشتی باشتر کرد، بە پێچەوانەی پێش چاکسازییەکان.

### ئەنجامەکان


هەموو بەرپرسە حکومییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی زۆربوونەوەی دەستکەوتی باج بووەتە هۆی هەستانەوەی دەوڵەت. هەموویان لەو بڕوایەدان، کە ڕێگاکانی کۆکردنەوەی باج ئاسانە و توانای جێبەجێکردنی کارێکی گران نییە. ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی دەستکەوتەکان و پەرەسەندنی کاروبارەکان و پەرەپێدانی ئابوری.

ئەم کاربەدەستانە ڕاستگۆیی خۆیان بەوە دەرخست، کە دەستیان کرد بە زیندانی کردنی گەندەڵکاران لەبەر چاوی ڕاگەیاندنەکان. هەروەها کارمەندانی باجیان والێکرد لە گەندەڵی دوور بکەونەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەو ڕاوێژکارانەی لەبواری باجدا کاریان ئەکرد، لەلایەن کۆمپانیا بێگانەکانەوە سەرپەرشتی ئەکران، کە بووە هۆی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی باج. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە چاکسازیی و ڕێگەچارەکان لەناو وڵاتدا ئەنجام دران. هەروەکوو چۆن لە هەموو جێگایەک حکومەت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا تواناکانی پێشخست و ڕێگای لە گەندەڵی گرت.

هێشتا بەرەنگاریی و بەردەوامیی چاکردنی یاساکانی کۆکردنەوەی باج بەردەوامە و پێویستی بەو سیاسەتمەدارانە هەیە، کە پشتگیری ئیدارەکانی کۆکردنەوەی داهات ئەکەن. هەروەها پەرەپێدان بە ڕۆشنبیرییەکی نوێ بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دروستکردنی باوەڕێکی بەتین بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی باج. هەندێ جار وا سەیری کاربەدەستانی باج دەکرێ، کە توند و دڵڕەقن، لەم بارەیەوە لە دەزگاکاندا کار دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو ترسە لەناو خەڵکدا بڕەوێتەوە. هەروەها گوێ ئەگیرێ لەو ڕەخنانەی خەڵک و پشتگیری ئەنجومەنی ڕێکخستنەوەی ناکۆکییەکان دەکرێت. لەو

ئەنجومەنەدا نوێنەری کۆمەڵی مەدەنی تێدایە، کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە لە چوارچێوەی لێپرسینەوەدا.

**خشتەی 3. 3:** بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە لە کۆکردنەوەی باج




**سەرچاوە:** دانەرەکان

# بەشی چوارەم

# چاکسازیی لە گومرگدا

### بارودۆخی گشتی له ساڵی 2003

گومرگ قه‌ڵایه‌كی تری گرنگی گه‌نده‌ڵیی بوو، چونكه سنوره‌كانی وڵات پارێزراو نه‌بوون و به ئاسانی هه‌موو كه‌سێك لێیانه‌وه تێ ئه‌په‌ڕێ. به‌رتیلدان و كرده‌كانی قاچاخ، كارێكی به‌رده‌وام بوو. هه‌موو كه‌سێك ئه‌یتوانی به ئاسانی ڕێگا ببڕێ و بێته ناو وڵاته‌وه و له‌گه‌ڵ خۆی كه‌لوپه‌ل بهێنێ به هۆی به‌خشینی به‌رتیله‌وه، كه به ئاسانی ئه‌یتوانی كه‌لوپه‌له‌كانی بفرۆشێ، بێ ئه‌وه‌ی به هیچ جۆرێ كه‌لوپه‌له‌كانی به شێوه‌ی هاورده تۆمار كردبێت، كه له ڕاستیدا ئه‌بێت باجی گومرگ بدات. زۆرجار قاچاخچییه‌كان به پێ دێن یان به ئۆتۆمبێل. یان به لۆری گه‌وره، كه پڕیه‌تی له كیسه‌ی جلوبه‌رگی جینز، كه له توركیاوه ئه‌یهێنن، یان خوارده‌مه‌نی و سووته‌مه‌نی له ڕووسیاوه، یان هێنانی مادده‌ی هۆشبه‌ر و ته‌قه‌مه‌نییه‌كان و چه‌ك، كه ئه‌مه نه‌ختێك كاره‌كه‌ی ئاڵۆزتر كردبوو (پێویستی به به‌رتیلی زۆرتر هه‌بوو) به‌ڵام هێنانی هه‌موو شتێك ئاسان بوو.

هیچ كێبڕكێیه‌ك نه‌بوو له نێوان ئه‌و كه‌سانه‌ی ئه‌بوونه كارمه‌ندی گومرگ. بۆ ئه‌وه‌ی كه‌سێك له گومرگ دابمه‌زرێ، هه‌ندێ به‌رتیلی ئه‌دا. جاری وا هه‌بووه ئه‌و به‌رتیله بۆ دامه‌زرراندنی كارمه‌ندێكی گومرگ ئه‌گه‌یشته 10,000 دۆلاری ئه‌مریكی. كڕینی دامه‌زراندنێك وا دائه‌نرا، كه پرۆژه‌یه‌كی وه‌به‌رهێنانه، چونكه كه‌سی دامه‌زراو زۆر به زوویی ئه‌و بڕه پاره‌یه‌ی به‌ده‌ست ئه‌هێنایه‌وه، كه داویه‌تی بۆ دامه‌زراندنی. باشترین نمونه‌ش بۆ ئه‌مه، ئه‌و ڤێلا گه‌ورانه‌یه، كه كارمه‌ندانی گومرگ هه‌یانبوو، له كاتێكدا مووچه‌یه‌كی زۆر كه‌میان هه‌بوو.

هەرچەندە یاسایەکی تایبەت بە گومرگ لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو دەرچوو بوو، بەڵام جێبەجێکردنی زۆر بە لاوازی ئەڕۆیشت. هەرچەندە ئەو یاسایە خۆی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ پرۆسەی گەندەڵی لەو بوارەدا.

یاسایەک دانرا بۆ زیادکردنی ڕێژەی گومرگ، بە گوێرەی ئەو یاسایە 16 جۆر کەلوپەل ئەبوو باجی گومرگی بدایە، کە ڕێژەکەی لە سفرەوە بۆ 30% بوو. ئەمە بووە هۆی ڕێگاوشوێنێکی زۆر نالەبار، کە بووە هۆی ئەوەی کاربەدەستانی گومرگ بتوانن زیاتر داوای بەرتیل بکەن. هەروەها ڕێگاوشوێنی زیاتر گیرایەبەر بۆ زیادکردنی لێبوردنی گومرگیی، کە ئەمەشیان لە ڕێگەی بەرتیلەوە ئەکرا.

ئەم گەندەڵییە بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی باجەکان. هەرچەندە بڕی وەرگرتنی گومرگ هەندێک جار ئەگەیشتە 20%، بەڵام ئەو پارەیەی لە گومرگەوە وەرئەگیرا تەنها 1%ی داهاتە ناوخۆییەکان بوو. ئەمە وای کرد دەستکەوتەکانی گومرگ لەو ناوچەیەدا بە بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەری خۆی، کەمترین داهاتی هەبێ.

## چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003

دەرکەوت چاکسازییەکانی گومرگ کارێکی ئاسان نییە و بە خێرایی جێبەجێ نابێت. هەروەکوو وەزیری دارایی پێشوو "کاخا بایندورشفیلی" وتی: "تەواوکردنی ئەو هەوڵانە تەنها لە ساڵی 2010دا جێبەجێ بوو. تا ئەو ڕادەیەی لە دواییدا سەرۆک ساکاشفیلی زۆر سەری سوڕما لە سەرکەوتنی چاکسازییەکان و وتی، من لەو باوەڕەدا بووم، کە مەسەلەی گومرگ کارێکە دەستی لێ شۆردراوە، بەڵام ئێستا ڕام گۆڕیوە، چونکە لەم دواییەدا

چاکسازییەکانی گومرگ زۆر لایەنی گرتۆتەوە، کە گۆڕانکاری لە یاساکەی، لە کارمەندانی، لە دامودەزگاکانی و لە ژێرخانی گشتی، کراوە. ئەم کارە زۆر دڵخۆشکەر بوو، هەرچەندە بە درێژایی ڕێگاکەمان چەندین جار کۆسپ هاتە ڕێگەمان".

**پێشتخستن و ئاسانکاریی لە چوارچێوەی یاسای گومرگدا**

پەرەپێدان و پێشخستنی یاسای گومرگ، یەکێک بوو لە گرنگترین کارەکانی ئەم دەسەلاتە نوێیە، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریاندا ئەم چاکسازییە بە ساڵێک جێبەجێ بکرێ، هەرچەندە ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەندێک لەو ڕاوێژکارە بیانیانەی، کە بانگ کرابوون بۆ یارمەتیدانیان، لەو بڕوایەدا بوون ئەم چاکسازییە سەرناگرێ و کارێکی گرانە، بۆیە لەسەر حکومەت پێویست بوو ئەنجامی زۆر بەپەلە دەربخات. لە دواییدا پەرەسەندنی چاکسازییەکان بەردەوام بوو، کە پێویستی بە هەوڵ و کۆششەکانی حکومەت بوو.

یاسا نوێیەکەی بڕی گومرگیی لە ئەیلولی 2006 دانرا. بە گوێرەی یاساکە ئەو 16 جۆر کەلوپەلەی، کە دیاریی کرابوو بۆ گومرگ، هەڵوەشایەوە. لە بری ئەو یاسایە بڕیاردرا ڕێژەی سفر لەسەر 86%ی داهاتەکان بکرێ بە 5% و 12%، هەر بەپێی ئەم یاسایە باج لەسەر ژمارەیەکی کەم لە کەلوپەلە بازرگانییەکان دانرا، وەکو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئەمەش بۆ ئەوە دانرابوو پارێزگاری لە جوتیارە جۆرجییەکان بکات. هەروەها یاساکە وای لێکرا هاوتای یاساکانی گومرگی ئەو دەوڵەتانە بێت، کە ئەندام نین لە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی. ئەمەش مانای وایە، کە گومرگێکی کەم و ئاسان دانراوە لەسەر هەموو خەڵک. لە ساڵی 2005دا ئاسانکاریش کرا بۆ پێدانی مۆڵەتی هەناردە و هاوردە کردن لە 14 جۆرەوە بۆ 8 جۆر.

هەروەها مۆڵەتی بەپەلە درا بەو کەلوپەلانەی، کە بۆ پارێزگاریی تەندروستی و ژینگە و ئاسایشی نەتەوەیی پێویستن.

لە ئەیلولی 2009دا گۆڕانێک لە یاسای گومرگدا کرا. وەکو بەشێک لە چاکسازییەکانی باج لە ساڵی 2010دا. ئەم گۆڕانکارییانە کارەکانی گومرگی بەم شێوەیەی خوارەوە ئاسانتر کرد.

- خزمەتگوزارییەک بۆ بەشی کۆکردنەوەی داهاتەکان دروست کرا، بە یەکگرتنەوەی ئەوانەی باج و کرێی گومرگیان کۆ ئەکردەوە، ئەمەش بە دانانی گومرگێکی گشتی، کە بە زانیارییەکی تایبەتی دابنرێت.
- ئەو نامە و پسولانەی، کە پێویست بوون بۆ دەرهێنانی کەلوپەل لە گومرگ (بێجگە لە چالاکی کەناراوەکان) کەم کرایەوە بۆ تەنها چوار پسولە، کە بریتی بوون لە پسولەکانی ڕێگەپێدان، ڕێگەپێدانی بارکردن، دەستنیشانکردنی کەسی وەرگر و پسولەی بارزگانی.
- کەمکردنەوەی ئەو نامانەی پێویستن بۆ ناردن، بۆ تەنها دوو نامە، کە بریتی بوو لە ڕێگەپێدان بە ناردن و نامەی گواستنەوە.
- یاسایەکی کارگێڕیی بۆ مەترسییەکان دانرا، بە گوێرەی ئەو یاسایە ڕێگە بە کارمەندانی گومرگ درا، کە پشکنینی ڕاستەوخۆ بۆ 10%ی شتومەکەکان بکەن.

### گۆڕینی کارمەندان و پاداشت کردنیان

ئەوانەی سەرپەرشتی چاکسازییەکانیان ئەکرد، ڕایانگەیاند هیچ گۆڕانکارییەک سەرکەوتوو نابێ ئەگەر گۆڕانکاریی لە دامەزراندنی کارمەند و ئەو پاداشتەی پێیان ئەدرێ، نەکرێ. چونکە زۆربەی کارمەندانی گومرگ

گەندەڵ بوون. بۆیە پێویست بوو دەربکرێن، بەڵام ئەم کارە ئاسان نەبوو، لەبەر فشاری لایەنە سیاسییەکان، کە هەندێک لەو کەسانەیان ئەپاراست. سەرەتا دەست کرا بە ڕاهێنانی ئەفسەرانی گومرگ لەسەر کردەی چاکسازیی. "زۆراب ئەنتی لدز"ی سەرۆکی کارگێڕیی گومرگەکان لەم بارەیەوە ئەڵێ: "ئەبێت گەندەڵی بە هیچ شێوەیەک نەمێنێ. گۆڕانکاریش بە ئاسانی بەدەست نایەت، ئەگەر گۆڕانکاری لە شێوەی کارکردن و بۆچوونەکاندا نەکرێ". بۆیە بڕیاردرا هەوڵی دامەزراندنی کارمەندی نوێ بدرێ. لەبەر ئەوە 80%ی کارمەندانی گومرگ دەرکران و گۆڕدران بە کارمەندی گەنج، هەرچەندە ئەمانە تەواو شارەزاییشیان نەبوو، بەڵام خولی ڕاهێنانی شەش مانگەی باشیان بۆ کردنەوە. دوای خولەکە تاقیکردنەوەیان بۆ دەکرا و چاکترینیان لە خاڵەکانی پشکنینی گومرگ دانران. دانانی ئەم کارمەندانە کارێکی ئاسان بوو، چونکە لە نێوان ساڵانی 2003-2005 مووچەی مانگانەی کارمەندی گومرگ لە 30 لاریەوە بوو بە 800 لاری جۆرجی.

## گۆڕینی شوێن و ژینگەی کار

بە دامەزراندن و ڕاهێنانی کارمەندی نوێ و بەرزکردنەوەی مووچەکانیان گەندەڵی بنەبڕ نەئەکرا. بەڵکو پێویست بوو گۆڕانکاریش لە ژێرخانی خاڵەکانی گومرگدا بکرێ. ئەوە بوو یەکەمین خاڵی پشکنینی نوێ و دانانی کەلوپەلی نوێ و کارمەندی ڕاهێنراوی نوێ، لە خاڵی پردی سوور، کە ئەکەوێتە نێوان سنووری جۆرجیا و ئازربایجانەوە، دانرا. ئەم کارە لە ساڵی 2005دا جێبەجێ کرا. دواترین خاڵی پشکنین، کە نوێکرایەوە لە ساڵی 2010دا بوو.

لە تاقیکردنەوەیەکی "ئەنتی لیدز" فەرماندەی گومرگی جۆرجیا، بۆ بەراورد کردنی کاری ئەو کارمەندە نوێیانەی نێردرابوون بۆ خاڵی گومرگی پردی سوور، کە ئەو خاڵی گومرگە نۆژەن کرابووەوە، لەگەڵ خاڵێکی گومرگی تر،

کە نە نۆژەن کراوەتەوە و کەلوپەلی پێویستیشی تێدا نییە. دەرکەوت ئەو کارمەندانەی لەو خاڵە گومرگیەن، کە وەکو پردی سوور نۆژەن نەکراوەتەوە، بە هەمان شێوەی کارمەندە گەندەڵە کۆنەکان ئیشوکارەکانیان بەڕێ دەکەن. لەم بارەیەوە ئەنتی لیدز وتی: "گرنگ نییە کێ کارەکە بە ڕێوە ئەبات، بەڵکو گرنگ گۆڕینی ژینگەی کارکردنە". هەروەها "فاختانک لیجافا" سەرۆکی ڕاوێژکارانی سەرۆک وەزیران ئەڵێ: "ئەوەی فێری بووین، ئەوەیە، کە لایەنە کارکەرەکان بگۆڕین بە پێی گۆڕانی قۆناغەکان. کلیلی گۆڕینی ژینگە لە ناوەندە گومرگییەکان بریتیە لە چاونەپۆشین و توندیی بەرامبەر گەندەڵیی. بۆ ئەوەی بەرپرسیی بکەوێتە سەر شانی هەموو لایەک، ئەمەش بۆ لەناو بردنی گەندەڵییە". بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریی گومرگ، لە کاتێکدا ئەگەر کارمەندێکی گومرگ گەندەڵییەکی بکردایە، نەک تەنها ئەو کارمەندە بەڵکو تەواوی کارمەندانی ئەو خاڵی گومرگییەشی سزا ئەدا. سەرەڕای ئەو هەموو کارانە دووبارە گومرگ لە گەندەڵیی ڕزگاریی نەبووبوو، چونکە ئەو بارزگانانەی فێری بەرتیلدان بووبوون بە کارمەندانی گومرگ، ئەبوو ئەوانیش ڕابگیرێن، لەمبارەیەوە ڕاگەیاندن هەوڵی زۆریدا، بە هەموو زمانە ناوخۆییەکان و لە هەموو خاڵە گومرگییەکاندا بە دروشمی گەورەیان هەڵواسیبوو: "**هەر کەسێک لە هەر ڕەگەز و نەتەوەیەک بێ، ئەگەر بەرتیل بدات بە ئەفسەری گومرگی جۆرجی، زۆر بە توندی سزا ئەدرێ**". بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی بیانی گیران و سزا دران، چونکە بەرتیلیان بە ئەفسەرانی گومرگ دابوو. ئەمانە سزا دران بە زیندانی کردن و وەرگرتنی پارە لێیان. هەرچەندە ئەم کارە بووە هۆی هەندێ کێشەی دیبلۆماسی، بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەست سەرکەوتنی پرۆسەکە بوو، سزادانەکان بەردەوام بوون. بۆیە ئەو ناڕەزایەتییە دیبلۆماسیانە پشت گوێ خران. ئیتر بە بڵاوبونەوەی ئەم هەواڵانە بەرتیلدان بە ئەفسەرانی گومرگ، کارێکی ئاسان نەبوو.

## چاکسازیی لە دامودەزگاکاندا

ئەو نائارامیەی دامودەزگاکانی سەر سنوور، کە لە حکومەتە کۆنەکەوە مابوونەوە، بووبوونە هۆی دواکەوتنی چاکسازییەکانی گومرگ. چونکە 9 دەزگای گومرگی لە سنوور کاری ئەکرد، ئەمانە هەموویان گەندەڵ بوون و ئامادە بوون بە وەرگرتنی بەرتیل و چیان بویستایە دەیانکرد. بۆیە دەسەڵاتە نوێیەکە ئەو 9 دەزگا گومرگییەی بۆ تەنها 2 دەزگای گومرگی کەمکردەوە. یەکێکیان بۆ کۆنترۆڵی سنوور (پاسپۆرت، کە لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ناوخۆدایە) و دوەمیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی گومرگ (لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی داراییدا). ئەم گۆڕانکارییانە جێی ڕەزامەندی نەبوون، تا ساڵی 2008 کاتێک پۆلیسی گەڕۆک لە جێگەی پۆلیسە گەندەڵەکانی سنوور دانران، بۆ ئەوەی چاودێریی کارەکانی پاسپۆرت بکەن. هەرچەندە ئەم دوو لایەنە هەریەکەیان پەیوەست بوون بە دوو وەزارەتی جیاوە، بەڵام هەردوولا هاوکاریی یەکتریان ئەکرد و سوودیان لە زانیارییە ئەلکترۆنییەکان وەرئەگرت. کار گەیشتە ئەوەی ئەفسەرانی هەردوولا هەندێ جار هاوکاری یەکتر بکەن. کارمەندێکی گومرگ ئەیتوانی بە کارەکانی بەشی پاسپۆرت جێبەجێ بکات، بەرپرسانی بەشی کۆچیش ئەیانتوانی تەماشای کارەکانی گومرگ بکەن. لە ساڵی 2009دا دامودەزگای گومرگ لەگەڵ دامودەزگای باجەکان بوو بە بەڕێوەبەرایەتی کۆکردنەوەی داهاتەکان.

پێداگرتن لە چاونەپۆشین لە پێدانی بەرتیل کەم کردەوە، بەڵام لە پێشەوە نەبووە هۆی جووڵانەوەی بەپەلەی سەرسنوورەکان. پۆلیسەکانی دارایی، کە سەرلەنوێ دامەزرابوونەوە لە خاڵەکانی پشکنین، سەرپەرشتی کارەکانی کارمەندانی گومرگیان ئەکرد، بۆ ئەوەی دڵنیا بن، کە هیچ کەسێک سەرپێچی یاسا ناکا و بە هیچ جۆرێک چاوپۆشییان لە گەندەڵی نەئەکرد، هیچ

جیاوازیشیان لە هەڵەی بچووک و گەورە نەئەکرد، چونکە هەردووکیان هەر تاوانبارە و ئەچێتە زیندان، یان سزا ئەدران بە پارەیەکی زۆر. لە ساڵی 2008 حکومەت پۆلیسی دارایی لە کارەکانی گومرگ دوورخستنەوە، لە جێگەی ئەوان کامێرای چاودێرییان دانا. چونکە ئەو ڕێوشوێنە کۆنانە کێشەکانی زیاتر ئەکرد، وەکو: نرخی ئەو کەلوپەلانەی ئەهێنران بە شێوەیەک دائەنرا، کە جیاوازی هەیە لەگەڵ نرخە ڕاستەقینەکەی. بۆیە دەسەڵات درا بە کارمەندانی گومرگ، کە ئەوان نرخ دابنێن بۆ ئەو کەلوپەلانە، ئەمە بووە جێی ناڕەزایەتی ئەوانەی کەلوپەلەکانیان ئەهێنا. لە پێشەوە ئەو شوێنانەی، کە دانرابوون بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە زۆر باش ڕێک نەخرابوون. ئەم کەموکوڕییانە ئەبوونە هۆی دواخستنی دەرهێنانی کەلوپەلەکان لە گومرگ. هەندێک جار ئەفسەرەکان جانتای خەڵکیان لەسەر سنوور ئەکردەوە و باجێکی زۆریش ئەخرایە سەر خەڵک. ئەمە ببووە هۆی ئەوەی خەڵک گاڵتەیان بەو هەڵسوکەوتانە ئەکرد و ئەیانوت: "ئەگەر دوو جووت گۆرەویت پێ بێ، دیارە یەکێکیان بۆ فرۆشتنە، چونکە یەکێکیان گومرگ دەکەن".

جێبەجێکردنی یاساکان بەو توند و تۆڵییە، چاوەڕوان نەکراو بوو. بە گوێرەی ئەو بڕیارانەی لە ساڵانی نەوەدەکان دەرکرابوو، ئەبوو لە ساڵی 2004یشدا بەو شێوەیە کار بکرێ، کە بریتی بوو لەوەی، ڕێگە درابوو بە هەر کەلوپەلێک لە یەک جۆر ئەگەر لە 20 کیلۆ کەمتر بێت، ئەوا لە باجی گومرگی ببەخشرێ. ئەمە بووە هۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو جۆرە بڕیارە، چونکە ئەو کەسەی کەلوپەلی ئەهێنا، کەلوپەلەکانیان بە چەندین 20 کیلۆیی و خەڵکیان بە کرێ ئەگرت بە 2-3 لاری جۆرجی، بۆ ئەوەی کەلوپەلە 20 کیلۆییەکان دابەش بکەن و لە خاڵی گومرگی بپەڕێنێتەوە. هەندێک جاریش خەڵکانی ئەو ناوچانەی لە سنوورەوە نزیک بوون و هاوکاریی قاچاخچییەکانیان ئەکرد بۆ نانەوەی ئاژاوە. بۆ ڕێگرتن لەمە، پۆلیسی گومرگ

دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە و پشکنینی ورد، هەروەها پشکنینیان بۆ پاسپۆرتیش ئەکرد. زۆرجار ئەم کارانەی گومرگ ئەبووە هۆی دروستبوونی ئاژاوەی زیاتر.

پۆلیسەکانی دارایی و هەندێک لە هێزە تایبەتەکانی وەزارەتی ناوخۆ، هەوڵیاندا سنوورەکان بپارێزن لەو ئاژاوانەی ناوبەناو ڕووی ئەدا. پشکنین بۆ دۆزینەوەی کەلوپەلی قاچاخ ئەبووە هۆی دروستبوونی ڕیزێکی درێژ لەو خەڵکانەی کەلوپەل بە ئۆتۆمبێلەکانیان دەهێنن، جاری وا هەبوو بە یەک هەفتە ئەگەیشتنە ناو وڵات. ئەمە بووە هۆی دواکەوتن و بێزاربوونی خەڵک لەو ڕێوشوێنەی گیراوەتەبەر، ئەمە دەریخست لەمەولا ئاسان نییە کەلوپەلی قاچاخ بێتە ناو جۆرجیاوە، لە لایەکی ترەوە خەڵک لەو توندوتیژییەی کارمەندەکان بێزار بووبوون.

وردە وردە دەست کرا بە گۆڕانکاریی دەزگاکان، کە ڕێزگرتن و چاوەڕوانی سەرەگرتنی کەم کردەوە، گۆڕانکارییەکان ئەمەی نەیهێشت و دەست کرا بە دانانی نوسینگەی تاک پەنجەرەیی، بۆ ئەوەی کەمترین پەیوەندی لەگەڵ بازرگانان و کارمەندانی گومرگدا هەبێت. چونکە ڕێوشوێنە کۆنەکاندا ئەو کەسانەی کەلوپەلیان هاوردە ئەکرد، ئەبوایە بچنە بەردەم چەندەها پەنجەرەی گومرگ بۆ ئەوەی کارەکانیان تەواو بکەن، بەڵام لەگەڵ دروستکردنی نوسینگەی تاک پەنجەرەیی، وای لێهات هەموو ئەو کەسانە کارەکانیان لەبەردەم یەک پەنجەرەدا جێبەجێ بکەن. هەر بەڵگەنامەیەک ژمارەیەکی لەسەر دائەنرا و کارەکانی لە نوسینگەکانی پشت پەنجەرەکەوە جێبەجێ ئەکرا، کە ڕێگای پەیوەندی بازرگانان و کارمەندانی گومرگی پەکخست. ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی هەنگاوەکانی دەرهێنانی کەلوپەل لە گومرگ و بەپەلە ئەنجامدانی کردەکە و کەمبوونەوەی گەندەڵی.

له ساڵی 2009دا چاکسازییەکی نوێ خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. بۆ ئەم جێبەجێکردنە کاروبارەکان کران بە ئەلکترۆنی و ئەو بازرگانانەی کەلوپەلیان ئەهێنا، دابەش کران بەسەر 15 جۆر بازرگاندا. ئەو بازرگانانەی مەترسی کاری ناڕەوایان لێ نەئەکرا، کارەکانیان بە خێرایی جێبەجێ ئەکرا و ئیشەکانیان ئاسان بەڕێوە ئەچوو. لە ئەنجامی ئەم ئاسانکارییانە لە خاڵی سوور (پشکنینی ورد) 15% لە حوزەیرانی 2009 بوو بە 7% لە حوزەیرانی 2019. هەروەها بەرنامەکانی لێکۆڵینەوەی ورد و بەدواداچوونی ڕێگەپێدراوەکانی بێ پشکنین وای لێهات بوو بە 1-2%.

له ساڵی 2010دا سێ ناوەندی نوێی دەرهێنانی وەرگرتنەوەی کەلوپەلی گومرگی دروست کرا، ئەمە بۆ ئاسانکردنی وەرگرتنەوەی کەلوپەل و کەمکردنەوەی کاروبارەکان و کەمکردنەوەی کات بوو، ئەم کارە بووە جێی ڕەزامەندی بازرگانەکان. هەروەها دەست کرا بە جێبەجێکردنی کردەی ڕێگاپێدانی ئەلکترۆنی. پاشان چیتر کەلوپەل لە خاڵەکانی گومرگ وەر نەئەگیرانەوە، بەڵام بۆ کەلوپەلی ترانزێت ئەفسەرانی کۆچ و گومرگ سەیری پاسپۆرتی شۆفێرەکەیان ئەکرد و بەڵگەنامەی ترانزێت و مۆرەکانیان ئەکرد، ئەگەر ڕێوشوێنەکان یاسایی بوونایە، لە چەند دەقەیەکدا شاحینەکانیان بەڕێ ئەکرد. بەڵام ئەو کەلوپەلانەی بۆ جۆرجیا ئەهاتن، ئەبوایە بە ماشێنەکانیانەوە بڕۆنە جێگایەکی تر، کە بۆ وەرگرتنەوەی کەلوپەلەکانیان دەستنیشانکرا بوو، یاخود بۆ شوێنێکی تایبەت، کە تەرخان کرابوو بەو بازرگانانەی کەلووپەل دەهێنن، تا لەوێ وردبینی بۆ هەموو بەڵگەنامەکانیان بکرێت و کەلوپەلەکانیان وەربگرنەوە.

پێش دەستکردن بەم چاکسازییانە، ئەو کارمەندانەی ئیشوکاریان وەرگرتنەوەی کەلوپەل بوو لە خاڵە گومرگییەکان، یارمەتی بازرگانەکانیان ئەدا بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان، یان بۆ بردنی کەلوپەلە کۆنەکان بۆ

گەنجینەیەک، وەک هەر وڵاتێکی تر، لە دواییدا ڕێگە لە کارکردنی ئەم دەڵاڵانە گیرا. چونکە ئەمانە ئەبوونە هۆی ڕێکەوتن لەگەڵ هەندێ لە کارمەندەکان و لە ئەنجامدا ئەبووە هۆکاری ڕوودانی گەندەڵی. بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم ڕێوشوێنە، دەسەڵات ئامادەباشی خۆی زیاتر کرد. بەڵام بە شێوەیەکی هێمنانە و بازرگانیانە. لەپێشدا هەوڵی نەهێشتنی خزمەتگوزارییەکانی ئەو کۆمپانیایانەیان ئەدا، کە دەڵاڵییان ئەکرد و ئەبووە هۆی ناڕەزایی کەرتی تایبەت، بۆیە دەوڵەت ناچار بوو بە ڕێگەدان بە کۆمپانیای تایبەتی، کە بە ڕێگەوشوێنی یاساییانە هاوکاری کاروبارەکانی کۆمپانیا جۆرجی و بیانییەکانیش بکەن.

**ئەنجامەکان**

ئێستا گومرگی جۆرجی پێشکەوتووترین ژێرخانی هەیە، خزمەتگوزاریی باش و ڕێکوپێکی بۆ بازرگانەکان هەیە، وەرگرتنەوەی کەلوپەل بە ئاسانی ئەڕوات بەڕێوە، جێبەجێکردنی تەواوی کارەکانی ئیدارەی گومرگی سنوور ڕێکخراون، وەکو: دانانی کارمەندی خاوەن ئەزمونی جۆراوجۆر، دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان ئیدارەکاندا، بەکارهێنانی زانیاریی تایبەتی، ئەو گەندەڵییەی بەربڵاو بوو لەناو کارمەندانی گومرگ و کارمەندانی سنوور، ئێستا کۆنترۆڵ کراون، بەهۆی بڕیاری چاونەپۆشین لەو کەسانەی بەرپرسن لە گەندەڵی. داڕشتنی پلانی ڕێکوپێک بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەرتیلدان بگیرێ.

ئەم کردە چاکسازییانە ماوەی 7 ساڵی پێ چوو، کە لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک کێشە و تەنگوچەڵەمەیان هاتە پێش. ئەم چاکسازییە ئەنجامی خۆی بە دەست نەهێنا تا هەموو چاکسازییەکان بە یەکەوە جێگای خۆیان نەگرت،

وەکو: دانانی کارمەندی نوێ، چاکردنی دامودەزگاکان، ئەو ژێرخانەی بووە هۆی سەرکەوتنی لەبن هێنانی گەندەڵی، چاکردنی توانای خزمەتگوزارییەکان وەکو وەزیری دارایی پێشوو "بایندروشفیلی" ئەڵێ: "چاک نەکردنی ڕژێمەکە بە تەواوی لە هەشتپێیەک ئەچوو، کە هەموو لایەکی خستبێتە ژێر چنگی گەندەڵییەوە".

## ئەنجامە گشتییە سەرکەوتووەکان

ئەم چاکسازییانە بووە هۆی ئازادکردنی کارە بازرگانییەکان، لە ساڵی 2010 وڵاتی جۆرجیا لە ڕووی کەمیی وەرگرتنی باجی گومرگ بووە پێنجەمین دەوڵەت لە ڕیزبەندی سەدوهەشتا و یەک دەوڵەتدا. ئێستا جۆرجیا یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین ئاسانکاریی بۆ بازرگانی دەستەبەر کردووە (ئەو وڵاتانە بریتین لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا). باجی گومرگی کەلوپەل، کە لە سفرەوە بۆ 86% بەرزترینە لە ناوچەکەدا و بەرزترینە لە کۆمەڵەی داهاتی جۆرجیا. هەروەها ئێستا وڵاتی جۆرجیا لە پلەی سێیەمدایە لە ڕێکخستنی گشتی دانانی گومرگی. ئەمەش پێوەرێکی باشە بۆ پابەندبوون بە ئازادیی خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر. لە کاتێکدا قەبارەی بازرگانی کەم بووەتەوە، کەچی دەستکەوتەکانی گومرگ زۆرتر بووە. وەکو (**خشتەی 4. 1**)

## بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە

هەر لە دەستپێکردنی کارەکانەوە، حکومەت بڕیاری چاونەپۆشینی دا، یاساکانی ڕژێمی بازرگانی دەرکرد. دەستی کرد بە جێبەجێکردنی: گۆڕانکاری لە کارمەنداندا، چاکردنی پاداشتی کارمەندان (**خشتەی 4. 1**)، گۆڕانکاریی دامودەزگاکان، چاکردنی ژێرخان. ئەم ڕێکخستنانە ماوەیەکی

زۆری پێچوو، ئەم دواکەوتنە بەهۆی کاری سیاسی و تێچووی زۆرەوە بوو، بەڵام ئەمە بەشێکی گرنگ بوو لە کارە گشتییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

**خشتەی 4. 1:** چەند نیشانەیەکی هەڵبژاردە لە کارەکانی گومرگ لە نێوان ساڵانی 2010-2003

| نیشانە | 2003 | 2008 | 2009 | 2010 |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| داهات (ملیۆن دۆلار) | 202 | 1.199 | 958 | 908 |
| کارمەندانی گومرگ | 1.320 | 969 | 1.101 | 1.168 |
| ڕێژەی پێدانی مۆڵەتی ساڵانە | 75.252 | 204.556 | 162.353 | 183.862 |
| ئەو داهاتەی کارمەندانی گومرگ کۆیانکردۆتەوە (بە دۆلار) | 153.530 | 1.237.358 | 870.118 | 777.397 |
| قەبارەی بازرگانی | 1.603 | 7.901 | 5.840 | 6.602 |
| ڕێگەپێدان و هاوڵاتیان | 57 | 211 | 147 | 157 |


**سەرچاوە:** حساباتی کارمەندانی بانکی نێودەوڵەتی، بە گوێرەی بەیانەکانی وەزارەتی دارایی.

### ئەنجامەکان

پێداگری لە چاونەپۆشینی گەندەڵی بووە ئەنجامی سەرکەوتنی چاکسازیی لە گومرگدا، کە بریتی بوو لە: ئاسانکاریی ڕێوشوێنی هاوردەکردن، نوێکردنەوەی کاروباری دائیرەکانی گومرگ، نوێکردنەوەی کاروباری وەرگرتنەوەی کەلوپەل لە گومرگ.

تێکۆشان لە پێناوی دامەزراوەیەکی ڕاستگۆ ماوەیەکی درێژی کێشا، بەڵام نەفەس درێژی دەسەڵات وای کرد بەردەوام بن لە پێشخستنی کارەکەدا، چونکە دامەزراندن و ڕاهێنانی کارمەندە نوێیەکان و بەرزکردنەوەی موچەکانیان و وەبەرهێنانی بەردەوام لە تەکنەلۆجیا بۆ ئاسانکاری و نوێکاری. لە ڕاستیدا سەرکەوتنەکە بریتی بوو لە گۆڕانکاری دامودەزگاکان و یاساکانی کارەکە و پێداگرتن لەسەر لێپرسینەوە، کە کارێکی پێویست بوو بۆ بەردەوامی چاکسازی.

**وێنەی 4. 2:** بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوەی گومرگی.




**سەرچاوە:** دانەرەکان

# به‌شی پێنجه‌م

## به‌رهه‌مهێنانی وزه‌ی كاره‌بای به‌رده‌وام

## بارودۆخی گشتی لە ساڵی 2003

لە ساڵی 2000، کەرتی وزە لە جۆرجیا لە لێواری داڕماندا بوو. نالەباریی کارگێڕیی دارایی و گەندەڵی و داڕمانی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کارێکی وای کردبوو لە زۆربەی ناوچەکانی وڵات ڕووناکی نەمابوو. هەرچەندە هێڵەکانی ڕاکێشانی کارەبا بۆ سەر لوتکەی شاخ و دێهاتەکانیش گەیەندرابوو بە مەبەستی ئەوەی 95% دانیشتوان وزەی کارەبایان هەبێت، بەڵام هیچ جێگەیەک نەبوو لە وڵاتدا، کە 24 سەعات کارەبای بەردەوامی هەبێت. هەندێ جار چەندین شوێن هەبوو لە وڵاتدا بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بێ کارەبا ئەبوون. لە شاری تبلیسی ڕۆژانە وزەی کارەبا تەنها 7 سەعات هەبوو. وزەی کارەبای جۆرجیا لە جێنەریتەرێکی ناوخۆیی (بە ئاو یان بە گەرما) دابین ئەکرا. سەرەڕای ئەمە هەندێ لە وزەی کارەبای جۆرجیا لە یەکێتی سۆڤیەتی کۆنەوە دەهێنرا. جۆرجیا وزەی کارەبای لە وەرزی هاویندا زیاتر بەرهەم دەهێنا، چونکە ڕووبارەکان پڕ بوون لە ئاوی بەفراوی شاخەکانی قەوقاز، کە ئەڕژانە ڕووبارەکانەوە. بەم شێوەیە جۆرجیا ئەیتوانی لە ڕێگەی تۆڕەکانی سۆڤیەتەوە وزەی کارەبای وڵاتەکەی بنێرێتە دەرەوە، بەڵام لە وەرزی زستاندا بە پێچەوانەوە، لە سۆڤیەتەوە هاوردەی وزەی کارەبای ئەکرد. دوای سەربەخۆیی جۆرجیا، بازرگانی کردن بە وزەی کارەبای زیادە لە هاویندا، بەرامبەر بە پێویستی ئەو وزەیە بوو لە زستاندا، ئەمە کارێک نەبوو پشتی پێ ببەسترێ. بەتایبەت بەهۆی کەمی دابینکردنی کارەبا و کێشەی پێدانی پارەی پێویست لەلایەن بەشداربووانەوە.

لە ساڵی 2000دا بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بوو بە نیوەی ئەو ڕێژەیەی لە ساڵی 1990 بەرهەم ئەهێنرا. ژمارەیەک لە وێستگەکان و پێویستییەکانی بەرهەمهێنانی کارەکان بە تەواوی پەکیان کەوت و وزەی کارەبایان بەرهەم

نەئەهێنا، ئەوەی مابووەوە زۆر نا ڕێکوپێک بوو، کە ئەبووە هۆی نەبوونی وزەی کارەبا لە زۆر شوێندا، ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی جۆرجیای ئیفلیج کردبوو، تا وای لێهات بەکارهێنانی میترۆ ببووە کارێکی ترسناک، چونکە وزەی کارەبا بەردەوام نەئەبوو، لە کاتی ئیشکردنی میترۆکاندا لە پڕێکدا کارەبا ئەبڕا و کارەساتی دروست ئەکرد، هەروەها شەمەندەفەرەکانی ژێرزەمینیش بە هەمان شێوە لەوانە بوو لە پڕێکدا کارەبایان لێ ببڕێ و دنیایان لێ ببێتە تاریکستان و لە کار بوەستن. بێجگە لەمانە گڵۆپی ترافیکەکانیش بە هەمان هۆکار لە کار ئەکەوتن. کاتێک خەڵک لە نەبوونی کارەبا بێ هیوا بوون، کەوتنە دەستپێکردنی خۆپیشاندان لە شاری تبلیسی، خۆپیشاندانەکان بۆ ئەوە نەبوو وزەی کارەبایان بە تەواویی بۆ دابین بکرێ، بەڵکو بۆ ئەوە بوو، ئایا کەی دەوڵەت دەست دەکات بە چاکردنی وزەی کارەبا و هیچی تر.

هۆکارەکانی کەمبوونەوەی وزەی کارەبا زیاتر بەهۆی کەسە کارگێڕییە بێ تواناکانی وڵاتەوە بوو، ئەمە سەرەڕای دزینی وزەی کارەبا لەلایەن خەڵکەوە، هەروەها پێوانە نارێکوپێکەکانی ژمارەدی کارەبا زۆر ئاڵۆز بوو، ڕێگاوشوێنی پێدانی کرێی کارەبا لەلایەن زۆربەی بەکارهێنەرانەوە نە ئەدرا. ئەم هۆیانە ببووە هۆی کەمبوونەوەی داهات بۆ خزمەتگوزاریی چاکردنەوەی ئامێرەکان. دزینی وزەی کارەبا زۆر بەربڵاو بوو، وای لێهاتبوو ئەو هێڵانەی یەک ئاڕاستە بوون، بە سەدەها هێڵی لێ ئەبەسترا و بە نایاسایی کارەبای لێ ئەبرایە ئەو ماڵ و کۆمپانیایانەی لێوەی نزیک بوون. هەندێ جار دزیی لەو هێڵە تایبەتانەش ئەکرا، کە وزەیان پیا ئەڕۆیشت بۆ نەخۆشخانەکان، وێستگەکانی میترۆ و کارخانەکان. ئەم جۆرە دزییە لە کارەبادا لە هەموو جۆرە دزییەکانی تر بەربڵاوتر بوو.

گەندەڵیی لە هەموو جۆرەکانی بەرهەمهێنانی کارەبادا ئەکرا، کە بریتی بوون لە کاتی بەرهەمهێنانی وزە، کاتی پێدانی وزە و دابەشکردنی وزە بە تاک و کۆ. بەرپرسانی کۆمپانیای وزەی کارەبا ڕێکەوتنەکانی ناردەی پێویستیان لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەکرد، زۆرجار ئەم کارەیان بە دەلاڵەکانی هێنانی پێداویستی کارەبا ئەکرد، کە زۆر بە زەحمەت ئەتوانرا نهێنی ئەم کارە ئاشکرا بکرێت. زۆرجاریش بەکارهێنەرانی وزە بەرتیلیان ئەدا بە کارمەندانی کۆمپانیاکانی وزەی کارەبا، بۆ ئەوەی داشکاندنیان لەو برە پارەیە بۆ بکەن، کە بۆیان هاتووەتەوە، یان بەرتیلیان ئەدا بۆ ئەوەی هێڵی کارەباکەیان ببەستنەوە بە هێڵی نەخۆشخانە یان کارگەیەکەوە. زۆرجار خەڵک ژیانی خۆی ئەخستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بە دزییەوە هێڵێکی کارەبا بۆ خۆیان ڕابکێشن. کرێکارانی شارەوانی ***(دیارە کرێکاری شارەوانی ئیشوکاری کارەباشی کردووە- وەرگێڕ)*** برێک پارەیان ئەدا بە بەرپرسەکانیان بۆ ئەوەی لەسەر کارەکانیان بمێننەوە. خەڵک بە ڕێژەی تەنها 25-30% پسوڵەکانی کرێی کارەبایان تەسلیم بە حکومەت ئەکرد. کاری پێدانی ئەو برە پارانە پێشێلی زۆری تیادا ئەکرا، بە تایبەتی لەبەر کەمیی پێوەری کارەبایی، کە ئەمەش لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤێتییەکانەوە بەردەوام بووە. کۆمپانیاکانی وزەش نووسین و پێشکەشکردنی پسوڵەی کرێی کارەبایان بەسەر خەڵکدا جێبەجێ نەئەکرد، هەر بۆیە ئەو کەسانەی ئەو پسوڵانەیان پێدەگەیشت لە کاتی بردنی پسوڵەکە بۆ شوێنی وەرگرتنی پارەی کارەبا، دیوی دووەمی پسوڵەکەی بە باشی ئەپاراست، چونکە کارمەندانی وەرگرتنی کرێی کارەبا، هەندێ جار پارەکەیان ئەدزی و خەڵکیان بەوە تاوانبار ئەکرد، کە کرێی کارەبای نەداوە.

بەم شێوەیە گەندەڵییەکی بەربڵاو لە کەرتی کۆکردنەوەی داهاتەکان پەرەیسەندبوو، تەنانەت کۆمپانیاکانیش باجیان نەئەدا بە دەوڵەت. لەبەر ئەمە

دەسەڵاتەکانی باج شکاتیان لەو کۆمپانیایانە ئەکرد و هەندێ جار دەستیان بەسەر کەلوپەلەکانیاندا ئەگرت، بۆیە فشارێکی زۆر خرایە سەر ئەو کۆمپانیایانە، کە پارەی ئەو کارەبایەی لە هاوڵاتییانیان کۆئەکردەوە، ئەبوو بە دەستی بدرێ بە حکومەت، بەتایبەتی تۆمارکردن و رێکخستنی داهاتەکان، کە زۆر نا ڕوون بوو. هەرچەندە هەندێ لەو دەستکەوتانە بەکار ئەهێنرا بۆ پێدانی مووچەی کارمەندانی حکومەت. زۆرجاریش کۆمپانیاکان کێشەی دارایی گەورەیان بۆ دروست ئەبوو، چونکە نەیانئەتوانی مووچەی کارمەندەکانیان بدەن. بۆیە ئەو کارمەندانەش دەستیان ئەکرد بە وەرگرتنی بەرتیل بۆ دابینکردنی ژیانیان. هەر کارمەندانی شارەوانی نەبوون، کە بەرتیلیان وەرئەگرت بەرامبەر پێدانی وزەی کارەبای نایاسایی، یان چاوپۆشی کردن لە ڕاکێشانی کارەبای نایاسایی، بەڵکو ئەو کارمەندانەش، کە بەرپرس بوون لە جێبەجێکردنی یاسا و بەرپرسە گەورەکانی دەسەڵاتیش لەو گەندەڵییانەوە تێوەگلابوون.

لە هەرێمەکان، بەرپرسانی پۆلیس، پارێزگارەکان، سەرۆکی نوسینگەی داواکاری گشتی، هەموویان پێویستیان بە پارە بوو. لەسەر ئەمە سەرۆک وەزیران "نیکا جیلاوەری" وتی: "سەرچاوەی داهاتی ئەو بەرپرسانە هەمووی لە رێگای بەرتیلەوە بووە لە کەرتی وزەی کارەبادا".

## چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003

حکومەت لە ساڵی 2005 دەستی کرد بە چاکسازی کردن لە کەرتی کارەبادا، چونکە ئەبوو بگەنە ئەنجامێکی خێرا. ئەم کارە پێویستی بە پشتگیری سیاسییەکانیش هەبوو، یەکێک لەو کارانەی زۆر بایەخیان پێ ئەدا، پێداگریی بوو لە چاکسازیی دارایی و پشتگیری کردنی وەبەرهێنان بۆ

زۆرترکردنی بەرهەمەکان و کەمکردنەوەی زیانە هونەرییەکان و چاکردنی ڕادەی خزمەتگوزاریی. حکومەت لە ساڵی 2005 بۆ بەردەوامیی ئەم چاکسازییانە دەستی کرد بە دروستکردنی دەزگایەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی وزە، کە سەرۆک وەزیران خۆی سەرپەرشتی ئەم دەزگایەی ئەکرد و هەفتانە دوو جار کۆبوونەوەی ئەکرد.

## چاکردن و دابینکردنی دارایی

بۆ ڕێکخستنی دارایی، حکومەت کەرتی وزەی کارەبای لە کەرتی گشتییەوە گواستەوە بۆ سەر کەرتی تایبەت. هەروەها هەوڵی کۆکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرای داهاتەکانی کارەبای دەست پێکرد، سەرجەم کارمەندانی وەزارەتی وزە لابران و کارمەندی نوێ لە شوێنەکانیان دانران. دەستکرا بە چاکسازی لە کۆکردنەوەی کرێی کارەبا و ڕێگریی لەو کەسانەی ئەم کرێیەیان نەئەدا، بەم چەند ڕێگایە خوارەوە:

**یەکەم**: پێویست بوو کارمەندانی کۆمپانیاکانی دابەشکردنی کارەبا، کە سەر بە حکومەتن، بەرپرس بن لە کۆکردنەوەی کرێی کارەبا. ئەمە بووە هۆی لێپرسینەوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە کارمەندە گەندەڵەکان و بەو هۆیەوە لە نێوان ساڵانی 2004- 2005 سێ هەزار لە کۆی بیست هەزار کارمەند دەرکران. بۆ نمونە، لە 54 بنکەی وەرگرتنی کرێی کارەبا 10%ی کارمەندەکانیان لە پلەی یەکەمدا بوون لە کارەکانیاندا، بۆیە بەخشیشیان پێدرا. هەروەها 20%ی کارمەندانی ئەم بنکانە کارەکانیان خراپ ئەنجام دابوو، بۆیە دەرکران. بەردەوام دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاوکاریی سەرخستنی ئەم کردەیەیان ئەکرد.

**دووەم**: پێویست بوو بە هەزارەها پێوەری کارەبایی دابنرێن بۆ خانوو، شوققە و کۆمپانیاکان، تا بتوانرێ زۆر بە وردی ڕێژەی ئەو کارەبایە دیاری

بکرێ، کە بەکاریانهێناوە، بەڵام حکومەت نە کاتی لەبەردەستدابوو و نە پارەی هەبوو، بۆ ئەوەی ئەم کارە بکات، بەم شێوەیەش پێوانەیەکی ورد نەئەکرا، لەبەر ئەوە دانانی پێوەری بە کۆمەڵ. (پێوەری کۆمەڵ: بریتی بوو لە پێوەرێک، کە بۆ کۆمەڵێک خانوو یان چەند تەلارێکی نیشتەجێ بوون دائەنرا و بە یەک پێوەرەوە ئەبەسترانەوە، کە سەیری پێوەرەکە ئەکرا، ئەو برە پارەیەی، کە پێوەرەکە دیاری ئەکرد، دابەش ئەکرا بەسەر ئەو کۆمەڵە ماڵەدا. ئەگەر یەکێک لەو ماڵانە بەرکەوتەی خۆی نەدایە، کارەباکەیان ئەبڕی. دانانی ئەم جۆرە پێوەرە بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبوو لە کۆکردنەوەی کرێی کارەبا، هەرچەندە ناکۆکی لە نێوان بەشداربووانی کۆمەڵەکە دروست ئەبوو، زۆرجار ئەبووە کێشە و شەڕ و پێکدان، کە پێویستی بە هاتنی پۆلیس ئەکرد) بێجگە لە دانانی ئەم جۆرە پێوەرە، بڕیاردرا بڕی پارە بە ڕێگەی ئەلکترۆنی بدرێ بە بانک، یاخود لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە. بەم کارە ڕێگا لە کۆکردنەوەی کرێی کارەبا بە شێوەی دەستیی کرا. هەر ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی بەرتیل و دزیکردنی لە کرێی کارەبا.

**سێیەم:** بۆ ئەوەی بە تەواوی دەرکەوێ، کە کارەکان گۆڕدراون، حکومەت دەستی کرد بە بڕینی وزەی کارەبا لەو لایەنانەی بە ئاشکرا پارەی کارەبایان نەداوە، لەوانە خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای "بوتی وەتەر" بۆ دابەشکردنی ئاو، کۆمپانیای میترۆی تبلیسی، نەخۆشخانەی گشتی تبلیسی. لەم بارەیەوە سەرۆک وەزیران "جیلاوەری" کە ئەوکات وەزیری وزە بوو، وتی: "بڕینی کارەبای نەخۆشخانەی گشتی تبلیسی کارێکی سەخت بوو، بەڵام کاریگەریی خۆی هەبوو، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکە لە ماوەی چەند سەعاتێکدا هەموو ئەو پارەی کارەبایەی لەسەریان کەڵەکە بووبوو تەسلیم بە حکومەت کرد" ئەم ئاگادارکردنەوەیە، چارەسەرێکی بەهێز بوو بۆ ئەو کەسانەی پارەی

کارەبایان نەدابوو، بۆیە بەپەلە کەوتنە خۆیان و ئەو بڕە پارەیەی لەسەریان کەڵەکە بووبوو، دایانەوە بە حکومەت و خەزێنەی دەوڵەت.

**چوارەم:** وردە وردە نرخی کارەبا بەرزکرایەوە، ئەمە بۆ ئەوە بوو پێویستیی وێستگەکانی کارەبای پێ جێبەجێ بکرێ. لە ڕاستیدا ئەم زیادکردنە لە نرخی کرێی کارەبا کارێکی ئاسان نەبوو، ئەگەر دابەشکردنی وزەی کارەبا زیاد نەکرایە. سەرۆک وەزیران "زۆراب نۆجایدنیلی" ئەمەی ڕوون کردەوە و وتی: "جێبەجێکردنی چاکسازیی دەکرێت، چونکە سەرۆک وتبوی، ئەبێت لەبەر چاوی سیاسییەکان ڕوون بێت، کە بەرزکردنەوەی نرخی کارەبا زیانی کەمترە لەوەی خەڵک بێ کارە بێت". هەروەها بۆ ئەوەی بارگرانی لەسەر خەڵک بە تایبەتی لە کەمدەرامەتەکان هەڵگیرێ، حکومەت بەرنامەیەکی چاودێریی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاند. بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە هەموو بەشداربوویەکی ئەو بەرنامەیە، یەک جار پسوڵەیەکی 50 لاریی جۆرجی بە خۆڕایی وەرئەگرت. هەروەها بڕیاری نرخێکی تایبەتیشیان بۆ کەمدەرامەتەکان دەرکرد.

### بە تایبەتکردنی کەرتی وزەی کارەبا

بۆ ئەوەی وزە بە ڕێکوپێکی بدرێ و قازانجی خۆشی هەبێت، بڕیاردرا ڕێوشوێنێک دابنرێ بۆ بە تایبەتی کردنی ئەم کەرتە. لە ڕاستیدا دابەش کرابوو بەسەر چەند کۆمپانیایەکی وەبەرهێنان، گواستنەوە، دابەشکردندا. لە پێشدا دوو ستراتیجی جیاواز دەرکەوتن، یەکەمیان نیکا جیلاوەری داینا، دوەمیان خاکا بیندوکیش، کە ئەو کاتە وەزیری ئابوری بوو. هەردوو ستراتیجەکە یەک ئامانجیان هەبوو، ئەویش دابینکردنی کارەبای 24 سەعاتی بوو بۆ هەموو وڵات و کەرتی وزە بەردەوام بێ لە پارەداریدا. بەڵام بۆ

جێبەجێکردنی ئەم دوو ستراتیجە جیاوازیی هەبوو. بیندۆکیش ئەیویست کەرتەکان کۆ بکاتەوە و بیانکات بە کەرتی تایبەت لە دابەشکردن و وەبەرهێناندا، ئەمە لە چوار کۆمپانیای تەواو ستوونیدا، بەڵام بەرنامەکەی جیلاوەری کە ناوی نابوو "ڕووناک کردنەوەی جۆرجیا" داوای ئەکرد وەبەرهێنانی دەوڵەت لە کۆمپانیا هەڵوەشاوەکاندا یەک بخاتەوە و قەرزەکانیان بۆ بداتەوە و بارودۆخی داراییان باش بکات، ئەوکاتە بدرێت بە کەرتی تایبەت.

پلانی دووەم هەڵبژێردراو و بڕیاری لەسەر درا بۆ جێبەجێکردن، دەوڵەت دەستی کرد بە وەبەرهێنانی گەورە (سێسەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ ئەو بوارە دابینکرد، ئەم پارەیە بە هاوبەشیی لە بوودجەی دەوڵەت و هەندێ لە بازرگانەکان دابین کرا) وەبەرهێنانەکە بریتی بوو لە خستنەوەگەڕی وێستگەکانی وزەی گەرم و ئاو. بۆ ئەمە سوود لەو لایەنانە وەرگیرا، کە کەلوپەلی تایبەت بەم بوارەیان هاوردە ئەکرد، بێگومان ئەم کارە بۆ پەرەسەندنی داهاتی گشتی و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان بوو. هەروەها حکومەت کارەکانی هەندێ لە کۆمپانیاکانی دابەشکردنی ڕاگرت، کە توانایان زۆر کەم بوو، بەشداربووەکانیشیان کەم بوو، ئەمانە سەرچاوەیەک بوون بۆ گەندەڵیی. لە دواییدا ئەم کارە بووە هۆی بەشداری کردنێکی زۆری کەرتی تایبەت. ئەم بە تایبەت کردنە بوو بە دەروازەیەک بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی لەم کەرتەدا و توانای ئەم کەرتە بەرز بووەوە.

یەکێک لەو بەشانەی کەرتی وزە، کە خرایە سەر کەرتی تایبەت، کۆمپانیای دابەشکردنی وزەی یەکگرتوو بوو. کە وزەی کارەبای دابین ئەکرد بۆ دانیشتوانی دەرەوەی شاری تبلیسی و شەس وێستگەی کارۆمایی.

## گۆڕینی تیمەکان

جیلاوەی ڕوبەڕوی بەرەنگارییەکی گەورە بووەوە، ئەمە لە ئەنجامی دروستکردنی تیمێکی نوێ بوو، کە پەیڕەوی چاکسازییەکانیان دەکرد و لاوە شارەزاکان سەرپەرشتیان دەکرد، چونکە ئەمانە ئیشکەر و گەنجن بوون. جیلاوەری کەوتە خۆ تێوەگلاندن لە دانانی جێگرەکانی وەزیر و سەرۆک بەش تا ئەگاتە کارمەندی پسپۆڕ و بەرەو خوارتریش. گرنگترین ڕێگە بۆ دانانی ئەم کارمەندانە ئەوە بوو، کە لەسەر کار بمێننەوە، بەرامبەر ئەوەش مووچەیەکی زۆریان بۆ دابین بکرێت. ئەمەش بەهۆی زۆربوونی باجەکان و چاکبوونی بارودۆخی دارایی لە خزمەتگوزارییەکانی وزەدا، کە ئەنجام درابوو.

## ئەنجامەکان

ئەم چاکسازییانە ئەنجامێکی بەرچاویان لە کەرتی وزەی کارەبادا بەدی هێنا. ئەم کەرتە لە کەرتێکی گەندەڵی بێ ژێرخان و لاوازەوە گۆڕدرا بە تۆڕێکی بەرهەمهێنی جێگرتووی خاوەندارییەکی باش و بە توانا، کە بتوانێ بەرهەمهێنانی نوێش بکات. ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی دەوڵەت و خەڵک ئەیانوت: "بە هیچ جۆرێ ئەم ئەنجامانە نایەنە دی".

سەرۆک وەزیران "جیلاوەرزی" قسەیەکی خۆی بە بیر کەوتەوە، کە لە ساڵی 2005دا کردبووی، لەو کاتەدا وەزیری وزەی جۆرجیا بووە. داوای لە جێگرەکەی خۆی کردبوو بوودجەیەکی گشتی بۆ وەبەرهێنانی کارەبا بە شێوەیەک دابنێ، کە بتوانرێ کارەبای 24 سەعاتی پێ دابین بکرێ. جێگرەکەی لە وەڵامدا پێی ئەڵێ: "بۆچی داوامان لێ ئەکەی کات بە فیڕۆ بدەین!، چونکە ئەتوانین بوودجەیەکی گشتی دابنێن، بەڵام ناتوانین کارەبای

24ی سەعاتی لە جۆرجیا دابین بکەین و ئەمە بە هیچ جۆرێک ڕوونادات". کەچی زۆر بە زوویی دەرکەوت جێگرەکەی بە هەڵەدا چووە.

**چاکردنی کاروبارەکانی کەرتی وزە**

چاکسازییەکانی کەرتی وزەی جۆرجیا لە ماوەیەکی کورتدا:

- 24 سەعات کارەبای بەردەوام درا بە خەڵکی جۆرجیا و بە هیچ جۆرێ هەواڵێک نەبیسترا لەسەر ئەوەی کارەبا لە نێوان ساڵانی 2009–2011 بڕدرابێ.
- کەمکردنەوەی ڕێژەی زیانە هونەرییەکان لە ڕێوشوێنی گواستنەوەی وزە 6.6% لە ساڵی 2006 بۆ 1.7% لە ساڵی 2010.
- زۆربوونی کۆکردنەوەی کرێی کارەبا 22% لە ساڵی 2004 بۆ 95% لە ساڵی 2007 و بۆ 100% لە ساڵانی 2009 و 2010.
- نرخی وزەی کارەبا یەکسان بوو بە بڕی تێچوونی.
- لەبەر ئەوەی بڕی پارەی کارەبا بەرز بووبووەوە و بە ڕێکوپێکی وەرئەگیرا، بۆیە خێزانەکان و کۆمپانیاکان دەستیان کرد بە کەم بەکارهێنانی کارەبا، چونکە بەکارهێنانی وزە لە ساڵی 2010 بە ڕێژەی 8% زۆرتر بوو لە بەکارهێنانی ساڵی 2004، لە کاتێکدا ئێستا 24 سەعات کارەبای بەردەوام هەیە.
- بەرهەمهێنانی وزەی ناوخۆیی لە (TWH 6.9) لە ساڵی 2004دا بوو بە (TWH 10.0) لە ساڵی 2010.
- لە ساڵی 2003دا جۆرجیا کارەبای هاوردە ئەکرد، بەڵام ئێستا دەینێرێتە دەرەوە.

**بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە**


لە پێش شۆڕشی گوڵەکانەوە لێپرسینەوە زۆر کەم بوو، گەندەڵیی یارمەتیدەر بوو بۆ نەدانی کرێی کارەبا و بەکارهێنانی کارەبای لابەلا و قاچاخ، کە ئەمە ببووە هۆی کەمبوونەوەی کارەبا. حکومەتە کۆنەکان تەنها هەوڵی ئەوەیان ئەدا، بەهەر نرخێک بێ کارەبا بمێنێ. چونکە ئەگەر کۆمپانیاکان بەردەوام بوونایە لە پێدانی کارەبا، ئەوا هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵ نەئەکرا. بەڵام گرنگترین هۆکاری لێپرسینەوە و جێبەجێ کردنەکان، بەردەوامبوونی لێپرسینەوەکان بوو لە کەرتی وەزەی کارەبادا. وەکو (**خشتەی 1 .5**)

**ئەنجامەکان**

چاونەپۆشین لە پێنەدانی کرێی کارەبا زۆر پێویست بوو بۆ کردەی چاکسازیی، چونکە حکومەت کارەبای لەوانە ئەبڕی، کە کرێی کارەبا نادەن، ئەگەر لە هەر پلە و پۆستێکدا بووبن، نەخۆشخانەکان، بنکە سەربازییەکان، تەنانەت زیندانەکانی دەوڵەتیش. بە کورتی نەدانی کرێی کارەبا ماناکەی پێ نەدانی کارەبا بوو لەلایەن حکومەتەوە. دابینکردنی کارەبای 24 سەعاتی ڕاستگۆیی لە چاکسازییەکاندا دەرخست. هەروەها ڕێگاکانی بڕینی کارەبا بەو جۆرە نەبوو، کە لەپێش شۆڕشدا هەبوون و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو، چونکە کۆمپانیاکان توانای پێدانی کارەبای 24 سەعاتیان نەبوو، تا خەڵک کرێی کارەبا بدا. بڕیاری دانانی پێوەری بە کۆمەڵ چارەسەرێکی تر بوو بۆ بەپەلە وەرگرتنی کرێی کارەبا. بەم کارە بەشداربووە کۆمەڵەکان بەرپرس بوون لە پێدانی کرێی کارەبا، ئەگەر وایان نەکردایە کارەبایان پێ

نەئەدرا، تەنانەت ئەگەر گوندێکی گەورەش بوایە. حکومەت بەم کارەی دەریخست بارودۆخەکە گۆڕدراوە، چونکە دانانی هەزارەها پێوەری نوێ و ڕێوشوێنی نوێ بۆ کۆکردنەوەی کرێی کارەبا، ئامڕازێکی سەرەکیی بوو بۆ لەناوبردنی گەندەڵی. ئەم کارانەش لەلایەن کۆمپانیاکانی دابەشکردنەوە ئەنجام ئەدرا. ئەم ڕێوشوێنانەی وەرگرتنی کرێی کارەبا و پێوانەکردنی ئەو کارەبایەی لەلایەن بەشداربووەوە بەکارهێنراوە، هەروەها دانانی پسوڵەی ئەو بڕە پارەیەی پێویستە بدرێ، یارمەتی کەمکردنەوەی گەندەڵیدا.

**خشتەی 5. 1:** بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە لە پێدانی وزەی کارەبا




**سەرچاوە:** دانەرەکان

# بەشی شەشەم

# ئازادی بۆ کۆمپانیاکان

## بارودۆخی گشتی لە ساڵی 2003

پێش چاکسازییەکان، کۆمپانیا جۆرجییەکان ڕوبەڕوی ڕۆتینەکانی دەوڵەت بووبوونەوە، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سەرجەم کۆمپانیاکان لەلایەن بەرپرسە گەندەڵەکانەوە ڕوبەڕوی تەنگوچەڵەمەی زۆر ئەبوونەوە. 900 چالاکی بازرگانی پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن و ڕێگەپێدانی کار بوو. بە دەیان جار کاری پشکنین لە مانگێکدا ئەنجام ئەدرا، هەندێ جار لە ساڵێکدا. بەڵام گرنگترین کار لای پشکنەرەکان پڕکردنی گیرفانەکانیان بوو. جێبەجێکردنی داواکارییەکانی حکومەت بۆ ئەو کارانە کاتێکی زۆری ئەویست و پارەیەکی زۆریشی تێ ئەچوو. ئەو کەسانەی پێویستیان بە وەرگرتنی ڕێگەپێدان، یان مۆڵەت وەرگرتن بوایە، ئەبوو چەندین سەعات لە ڕیزدا و لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەت بووەستن، لەم کارەدا تەنها ئەوەیان پێ ئەبڕا، کە پێیان ئەوتن: کاتێکی تر سەر بدەنەوە، یان داوایان لێ ئەکردن فۆڕمێک پڕ بکەنەوە. دواتر فۆڕمەکان لە سندوقێکدا کۆ ئەکرانەوە، کە زۆر بە زەحمەت ئەگەیشتە بەردەم بەرپرسەکان. بەم شێوەیە کارەکان تێکەڵ و پێکەڵ بووبوون. وەرگرتنی مۆڵەتی بینا دروست کردنێک، پێویستی بە 29 هەنگاوی ئیداری بوو. هەروەها ئەبووایە کارەکانی لە 9 بەڕێوەبەرایەتییەوە پەسەند بکرێت، جار هەبووە بۆ مۆڵەتێک یەک ساڵی پێ چووە. وای لێهاتبوو بەرپرسەکان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی خەڵک سەریان لە خەڵکی بەو هەموو هاتوچوونە شێواندبوو. زۆر لە کۆمپانیاکان لە پشت بڕیارە یاساییەکانەوە کاریان ئەکرد. کەمتر 45%ی پڕۆژەکانی بیناسازی، مۆڵەتیان هەبوو. خاووخلیچکی ئەنجامدانی کارەکان ڕێخۆشکەر بوو بۆ گەندەڵی. خەڵک بەرتیلیان ئەدا بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی بەپەلە، یان چاوپۆشین لە هەندێ لە پێویستییەکانی مۆڵەتەکە، بەم کارە گەندەڵی گەیشتبووە لووتکە. ئەگەر یەکێک

بیویستایە هەندێ پارچەی کۆنە هەناردە بکات، وەکو گەورە ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران "فاختانغ لیجافا" ئەڵێ: "پێویست بوو بە هەزاران دۆلار بدا بە وەزیری ئابوری، قەبارەی بەرتیلەکەی بە گوێرەی قەبارەی هەناردەکەی ئەگۆڕدرا، یان ئەگەر یەکێ بیویستایە نهۆمێک بۆ باڵەخانەی نیشتەجێبونەکەی زیاد بکا، ئەبوو ئەو کۆمپانیایەی بیناکەی بۆ دروست ئەکات پەنجاهەزار دۆلار بدات بە لێپرسراوی ڕێکخستنی دابەشکردنی ناوچەکان" هەروەها ئەم ڕاوێژکارە، وتی: "هەموو شتێک بە پارە ئەکرا، ئەو پارەیەش ئەچووە گیرفانی بەرپرسەکانەوە"

گەندەڵی کارێکی نهێنی نەبوو. شۆفێرەکان لە کاتی دووکەڵکردنی ئۆتۆمبێلەکانیان، بەرتیلیان ئەدا بە چاودێرانی ژینگەی سەرشەقامەکان، ئینجا چاوپۆشییان لێ ئەکرا و ڕێگەیان ئەدرا بڕۆن. بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی ئاگرکوژاندنەوە لە بینایەکدا بوو، کە تەنها چوارچێوەیەکی ڕووت بوو، لەبەردەم ئەم بینایەدا چەند ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوەی داڕزاو وەستابوون. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە مایەی پێکەنین بوو. هەروەک "لەیلا بیجاشفیلی" سەرۆکی کاروباری دەستکەوتەکانی وەزارەتی دارایی و جێگری وەزیری ڕێکخستنی چاکسازییەکان لە کۆندا، ئەڵێ: "بیهێننە بەرچاوتان، پیاوێک لە ژیانیدا هیچ کارێکی نەکردووە، کەچی پشکنەری ئاگرکوژاندنەوەیە، هەموو ڕۆژێک، کە دێت بۆ کارەکەی تەنیا ئیشی ئەوەیە یاری بە وەرەقەی قومارەکانی بەردەمی خۆی بکات. لە ڕاستیدا زۆرێک لە پشکنێرەکان لە نوسینگەکانیان ئەچوونە دەرەوە تەنها بۆ کۆکردنەوەی پارە و دابەشکردنی لەگەڵ هاوڕێکانیاندا".

## چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوایساڵی 2003

ئەوانەی چاکسازییان ئەکرد، هەستان بە کەمکردنەوەی ڕێگەوشوێنی کارکردنی کۆمپانیاکان. ژمارەیەک لەو بەڕێوەبەرایەتییانەیان هەڵوەشاندەوە، کە هیچ کارێکیان نەبوو، هەندێکیان نەیانئەتوانی کارەکانیان جێبەجێ بکەن. بۆیە دەستکرا بە دروست کردنی نووسینگەی تاک پەنجەرەیی، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی کاتی پێویست بوو لە جێبەجێکردنی کاروبارەکان. هەروەها کەمکردنەوەی پڕۆسەکانی پشکنین و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی ڕێکخستنی دەرەوە و ڕێکخستنی کردەی دامەزراندن. بەم هەوڵانە کەرتەکانی کار و کۆمپانیاکان بارگرانییان لەسەرشان سووک کرا.

## چۆنیەتی ڕیشەکێشکردن

لە ساڵی 2005 وەزیری ئابوری "کاخا بیندوکیدزە" دەستی کرد بە پرۆژەی چاکسازیی بۆ ڕاگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە مۆڵەت پێدان و ڕێگەپێدان و ئاسانکاریی بۆ کارە پێویستەکان، بۆ ئەوەی ئاسانکاریی لە وەبەرهێناندا بکات. ئەمە وای لە وەربەرهێنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کرد دەست بکەن بە وەبەرهێنان. ئەم وەزیرە وتی: "بە هیچ جۆرێک ناتوانرێ پلان بۆ هەزار ڕۆژ دابنرێ" هەروەها ڕوونی کردەوە کە "هەرکاتێک بواردرا، یەکسەر ئەتوانێت دەستی خۆت بوەشێنی" ئەو بوارە کاتێک خوڵقا، کە سەرۆکی جۆرجیا داوای کرد چاوێک بخشێنرێتەوە بەسەر لابردنی ڕێگرییەکان لەسەر کۆمپانیاکان. وەزارەتەکان دەستیان کرد بە دانانی چەند ڕێگەوشوێنێک بۆ چاکسازیی، بەڵام ئەم کارانە کورتخایەن بوون. چونکە لەوە ئەچوو لەلایەن ئەو کەسانەوە دانرابێ، کە سوود لەو بارە خراپە وەربگرن.

بیندۆکیدزە کابرایەکی دڵسۆز بوو، باوەڕی بە حکومەتی سنووردار هەبوو. بۆیە فاختانغ لیجافا و لیلی بیکاشفیلیش هاوڕا بوون لەگەڵ بۆچوونەکەی، سەبارەت بە پیاچوونەوەی یاساکان و ئەو مۆڵەتانەی، کە دراون. بۆ ئەوەی کارەکان بە ڕێکوپێکی بڕوا بەڕێوە، تیمێک لە گەنجە نیشتمانپەروەرەکان پێکهێنران، کە تەمەنیان لە نێوان بیست بۆ سی ساڵیدا بوون. ئەمانە کاریگەریی بیروباوەڕی کۆمۆنیستییان لەسەر نەبوو، بۆیە هاوکارییان ئەکرد سەبارەت بە کارەکانی حکومەتێکی کورتخایەن. ئەم تیمە بە گوێرەی ئەو بۆچوونە کاریان کرد کە ئەڵێ: گەندەڵی کاتێ ڕوودەدات، کە هاوڵاتییان پەیوەندییان بە بەرپرسەکانی دەوڵەتەوە هەبێت، چونکە هەرچەندە چاودێریش بکرێن، ناتوانرێ ئەو پەیوەندییانە ببڕدرێن. لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە هیچ جۆرێک پەیوەندی نێوان هاوڵاتییان و بەرپرسان نەمێنێ، هەروەک چۆن چاکسازکارەکان لە کەرتەکانی تر ئەم کارەیان ئەنجام دا. بۆیە کەوتنەکار بۆ نەهێشتنی ئەو پەیوەندییانەی، کە بە ئاسانی ئەبێتە ڕێگریی لەبەردەم گەندەڵی. بیندۆکیدزە ئەڵێ: "لەو بڕوایەدا بووم بارودۆخ بە هیچ جۆرێک لەمە خراپتر نابێت، چونکە بەڕێوەبەرایەتییەک نەیئەتوانێت کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات، تەنها ئەوە نەبێ، کە چەند پارچە وەرەقەیەک ئەداتە دەست کەسێک، بەرامبەر بڕێک بەرتیل".

ئەم کۆمەڵەیە، لیستەیەکیان دانا بۆ ئەو دامودەزگایانەی، کە ئەبێت ڕێگەپێدەرن یان مۆڵەت بدەن، یان پێویستیان بە پشکنینە. هەوڵیاندا بۆ لەناوبردنی هەموو ئەو ئاستەنگانەی دێتە ڕێگەیان و بڕیاریاندا سوود لە ئەزموونی دەوڵەتانی دەرەوە وەربگرن. لە هەندێک حاڵەتدا بڕیاری ئەو مۆڵەت و ڕێگەپێدانانە هیچ سوودێکی یاسایی نەبوو، لە هەندێ بۆنەی تردا هەمان کۆمەڵە بڕیاریاندا، کە ڕێکخستنی ڕێکوپێک سوودبەخش هەبێت،

وەکو: دابینکردنی دوکەڵی ئۆتۆمبێل، لە کاتێکدا گەندەڵی لەم بوارەدا ئەوەندە بەربڵاو بوو، بۆیە پشکنین و مۆڵەت پێدان هیچ بەرهەمێکی نەبوو.

پێش دەرکردنی بڕیارەکان بە یەکجاریی، بەرپرسەکان ئەیانوت: "ئەو کۆمەڵانەی بەرگری لە یاساکان ئەکەن، زۆ پێویستن بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکان لەسەر تەندروستی و هێمنی و ژینگە، بۆ ئەوەی دەریبخەن دەزگاکانیان توانای بەڕێوەبردنی کارەکانیان هەیە" لەم بارەیەوە لیجافا ئەڵێ: "ئەتوانی مۆڵەت بۆ کارێکی سوود بەخش وەربگریت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە مەترسییەکانی کەم بکەیتەوە".

بیرۆکراتەکان و بەرپرسە مامناوەندەکان و نوێنەری وەزارەتەکان لەبەردەم کۆمەڵەکەی (بیندوکیدزە) ئەوەستانەوە و ڕووبەڕوی ئەبوونەوە. بۆیە لەناو کۆبوونەوەکان ئەبووە هەراوهوریا. هەندێک لەو کەسانە ئەوەیان ئەکردە بیانوو، کە ئەگەر مۆڵەت و ڕێگەپێدانەکان بە زوویی نەدرێ، بارودۆخ خراپتر ئەبێت. جارێک لە کاتی ئەم کۆبوونەوانەدا، یەکێک لە کاربەدەستانی وەزارەتی تەندروستی خۆی پێ نەگیرا و دەستی کرد بە گریان، لەم کۆبوونەوەیەدا دەزگای ڕێخکستنی کەرتی پیشەسازی دەرمان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لێیان ببووە دەنگەدەنگ و هاوار کردن، لە ئەنجامدا ئەو کاربەدەستەی وەزارەتی تەندروستی بە ناچاریی دەستی کردبوو بە گریان.

لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ئەو تیمە لیستەیەکی نارد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی هەندێ مۆڵەت و ڕێگەپێدان. پاش ماوەیەک و لە حوزەیرانی 2005 یاسایەک دەرچوو بۆ دەستنیشان کردنی ئەو چالاکییانەی پێویستیان بە مۆڵەت و ڕێگەپێدانە و بەپێی ئەو یاسایە پێدانی مۆڵەت بە ڕێژەی 84% کەمکرایەوە و مۆڵەتەکان لە 909 مۆڵەتەوە دابەزی بۆ 145 و دواتریش بوو بە 137 مۆڵەت، بەمەش بواری گەندەڵی کەم بووەوە.

ئەو مۆڵەت و ڕێگەپێدانانەی مانەوە بریتی بوون لە 137 مۆڵەت، ئەو مۆڵەتانەش زیاتر ئەو مۆڵەتانە بوون، کە پەیوەندییان هەبوو بەو چالاکییانەی بەرگرییان لە: تەندروستی خەڵک و ژینگە، ئاسایشی نەتەوەیی. هەروەها ئەو چالاکییانەی پەیوەندی هەیە بە کاروباری پزیشکی و ئەو کەلوپەلانەی بە دوو جۆر بەکارئەهێنران. وەکوو، بەکارهێنانی کیماگەریی لە بواری چەکدا، یان بەرەمهێنانی پیشەسازی، بۆیە داواکردنی مۆڵەت بۆ ئەم جۆرە پێویستیانە ئاسانکارییان بۆ کرا، بە مەرجێک لەم کارەدا کەمترین پەیوەندی هاوڵاتییان بە بەرپرسانەوە هەبێت.

ئەم ڕێگەوشوێنە نوێیانە چەند جارێک گۆڕانکارییان تیا کرا، دەسەڵات هەوڵی کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکانی ئەدا. هەندێ جار ئەم گۆڕانکارییانە سەریان لە خاوەن کۆمپانیاکان ئەشێواند.

بۆ نموونە: پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی بینایەک، لە ماوەی 3 ساڵدا 16 گۆڕانکاریی تێدا کرا. وەکو لیجافا ئەڵێ: "چاکسازیی گرنگترین پێویستییە، نەک پشتگوێخستن"... "لە ڕاستیدا چاکسازی گەورە لە کاتی دەستپێکردنیدا کێشەی گەورەی بەرەوڕوو ئەبێتەوە، بەڵام کە بڕیاری چاکسازی خرایە بەردەم هەموو لایەک، ئەوکاتە ئەبینیت چۆن کێشە سەرەکییەکان دەرئەکەون".

لەبەر ئەوەی چاکسازییەکان لە ڕەگوڕیشەوە دەست پێئەکران، بۆیە بەردەوام گۆڕانکارییان تێدا ئەکرا، زۆرجار پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر هەموو کارێکی ئاسان نەئەکرد. لە ئەنجامی ئەمەدا هەندێ لە کۆمپانیاکان بەردەوام داواکارییان پێشکەش ئەکرد بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، کە بە گوێرەی یاسا ئەو جۆرە داواکارییانە بۆ مۆڵەت هەڵوەشێنرابوونەوە. پاش ماوەیەک ڕێگەپێدانی ئۆتۆمبێلی کرێ هەڵوەشێنرایەوە. وەکو: هەندێک لە بەڵێندەرەکان

بەردەوام بوون لە فرۆشتنی ئەو ئۆتۆمبێلانە و شۆفێرەکانیش ئەیانکڕی، ئەمە لە ئەنجامی نەشارەزاییانەوە بوو.

گەورەترین هەڵەی دەسەڵات ئەوە بوو، کە چاکسازییەکانی بە ڕێگەوشوێنێکی ڕۆشن بڵاونەئەکردەوە. سەرۆکی دەزگای کڕینی کەلوپەلە حکومییەکان "تاتو ئۆرجمیلاشفیلی" یارمەتیدەری داڕشتنی یاسای هەڵوەشاندنەوەی ئاستەنگەکان بوو. گەلێک کاروباری چاکیان ئەنجامدا و کارێکی وایان کرد، کە ژیانی خەڵکی ئاسانتر بێت، بەڵام ئەمەیان نەگەیاندبووە خەڵکیی، زۆر کەسی تریش کاتێ گفتوگۆیان لەگەڵ ئەکرا هەمان بۆچونیان هەبوو.

**دروستکردنی نوسینگەی تاک پەنجەرەیی**

بۆ ئاسانکردنی کاروبارەکان، حکومەت نوسینگەی یەک پەنجەرەیی دروست کرد، کە هاوڵاتییان لە هەموو وەزارەتەکاندا ئەچن بۆ یەک نوسینگەی یەکپەنجەرەیی، بۆ ئەوەی کاروبارەکانیان بە ئاسانی جێبەجێ ببێت. لەم حاڵەتەدا یەک شوێن زانیارییەکان کۆدەکاتەوە، کە پەیوەندی بە هەر جۆرێک لە مامەڵەی هاوڵاتییانەوە هەبێ، یان ئەگەر لە هەر دەزگایەکی حکومیی تریش بوایە، ئەو نوسینگەیە پەیوەندی ئەکرد بە لایەنی پەیوەندیدارەوە و کاری هاوڵاتییەکەی جێبەجێ ئەکرد. ئەگەر مامەڵەیەکیش پێویستی بە باجی حکومی هەبوایە، ئەوا هاوڵاتیان ئەوە باجەیان لە ڕێگەی بانکەکانەوە ئەدا، نەک لە ڕێگای بەرپرسانەوە.

بۆ جێبەجێکردنی کارە ژمێریارییەکان دەست کرا بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و هەموو زانیارییەکان ئەخرایە کۆمپیوتەرەوە. هەموو بڕیارەکانی پێدانی مۆڵەت و پەسەندکردنی کارەکان لە ڕێگای ئەو کارمەندانەوە ئەکرا، کە

لەسەر ئەو کۆمپیوتەرانە کاریان ئەکرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کارەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ بکرێن و هیچ بواری ئەوە نەبوو ئەو پێویستیانە بخرێنە سەر ڕەفە و پشتگوێ بخرێن.

لە دواییدا بڕیاردرا هەموو وەزارەتێک لەناو بیناکەی خۆیدا بنکەیەکی هەبێ بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تایبەتەکان بۆ دەرکردنی ڕێگەپێدان و مۆڵەتە تایبەتییەکان. بەم کارە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارە سیاسییەکان و بەشی دەرکردنی ئەو مۆڵەتپێدانانە بڕدرا. ئەم کارە بەردەوام بوو، لە دوایشدا ڕێگەوشوێنێک ڕێکخرا، کە ئەم یەکانە لە سەرجەم وەزارەتەکان پێکەوە ببەسترێتەوە.

بۆ ئەوەی کارەکان بە خێرایی بڕوات، حکومەت بڕیاری ڕاگرتنی هەنگاوە بیرۆکراتییە ناپێویستیەکانی ڕاگرت، وەکو: تۆمارکردنی ئیجباری یاسای ناوخۆیی کۆمپانیاکان، کە ئەمە لەلایەن خەڵکەوە کەمتر ڕوون و ئاشکرابوو. هەروەها ئەو کەسانەی داواکاریان پێشکەش ئەکرد خۆیان بە دەستی خۆیان داواکارییەکەیان پێشکەش ئەکرد. بە هیچ جۆرێک پێویستیان بەوە نەبوو بەڵگەنامەکانیان لای دادنووس مۆر بکرێ.


لە بوارەکانی بیناسازیشدا، کە یەکێک بوو لەو بەشانەی پڕ بوو لە گەندەڵی. بە گوێرەی یاسا نوێیەکە هەندێک لەو بینایانەی تازە دروست ئەکران پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتن نەما. بۆ نمونە: هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ بینایەک کە ڕووبەرەکەی لە 100 مەتر کەمتر بێت. هەروەها ئەو بینایانەی ئەبوو مۆڵەتی دروستکردن وەرگرن، کارەکانیان ئاسان کرا. (**خشتەی 6. 1**)

ئەو کۆمپانیایانەی لە جۆرجیا کاریان ئەکرد، زۆربەیان پێویستیان بە وەرگرتنی مۆڵەت نەما. تا ئێستا خاوەن کارەکان کارە بازرگانییەکانیان لە

نوسینگەی تۆماری بازرگانی و باجەوە ناونوس ئەکەن، کە زۆر ئاسان کراوە. لە پێش چاکسازییەکانەوە کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بتوانن کار بکەن، ئەبوایە بچن بە شێوەیەکی دوورودرێژ کارەکانیان ڕوون بکەنەوە. ئەمە پێویستی بە دوو کاریی دوروودرێژ و جیابەجیا هەبوو، کە لە چەندەها لاپەڕەدا تۆمار ئەکران. ئەمە ئەبووە هۆی تێکچوون و دەستنیشان کردنی ئەو باجانەی، کە ئەبێت بدرێن. ئەم کارە چەندەها هەفتەی ئەویست، پێویستی بە هەشت بەڵگەنامە هەبوو، لەوانە: پەسەنەند کردن، پێدانی کەمترین سەرمایە، دروستکردنی مۆرێکی تایبەت بە کۆمپانیاکە. بەمە ڕیزبەندی جۆرجیا زۆر بە ئاشکرا بەرزببووەوە، سەبارەت بەو چالاکییانەی پەیوەندییان بە قەلاچۆکردنی گەندەڵییەوە هەبوو. (**خشتەی 6. 1**)


لە ساڵی 2007 بڕیاری یەکخستنی کارەکانی تۆمارکردنی باج و ئەو کارانەی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبوو، هەموویان کران بە یەک. لە ساڵی 2010 دەزگایەک بە ناوی تۆمارگای گشتییەوە دروست کرا. لەگەڵ ئەوەشدا تۆمارکردنی باج هەر یەکێک بوو لە کارەکانی وەزارەتی دارایی. هەر کۆمپانیایەک تۆمار ئەکرا لە تۆمارگای گشتی یەکسەر ژمارەیەکی تایبەتی بۆ دەستنیشان ئەکرا، کە تۆماری باجدانەکەی ژمارە چەندەیە. بەو جۆرە کارە بازرگانییەکان تۆمار ئەکران. لە ئێستادا زۆربەی کۆمپانیاکان بەڵگەنامە پێویستەکانیان بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیاکانیان بریتیە لە داواکارییەک و بەڵگەی پێشکەشکردنی باجەکانی تۆمارکردن، ئەم کارەش بە یەک ڕۆژ تەواو ئەبێت.

**خشتەی 6. 1:** دابەزینی ئاشکرای کارە پێویستییەکان بۆ تۆمارکردنی بینای گەنجینەیەک و ژمارەی ئەو ڕۆژانەی پێویستە بۆ تەواوکردنی، لە نێوان ساڵانی 2005-2010.




**سەرچاوە:** بانکی نێودەوڵەتی

**خشتەی 6. 2:** ڕیزبەندی جۆرجیا لە چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، کە پەیوەندی بە ڕاپۆرتی کارە بازرگانییەکانەوە هەیە، لە نێوان ساڵانی 2005-2010




**سەرچاوە:** بانکی نێودەوڵەتی

## کەمکردنەوەی کاتی ڕایی کردنی مامەڵەکان

بۆ بەپەلە ڕایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتیان، چاکسازکارەن ئەم ڕستەیەیان پەسەند کرد "**بێدەنگی نیشانەی پەسەندکردنە**" هەموو بەشەکانی فەرمانگە حکومییەکان ئاگادار کرانەوە، کە ڕێگەپێدان لە 30 ڕۆژ زیاتری پێنەچێ، پێدانی مۆڵەتیش لە 20 ڕۆژ زیاتر نەبێت. ئەگەر لەو کاتە زیاتر بوو، ئەبێت بە ئاشکرا دواکەوتنەکەی ڕوون بکرێتەوە و وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە بۆچی دواکەتووە. ئەگەر هۆیەکی یاسایی هەبوو ئەتوانرێت ئەو مۆڵەتە بۆ 6 مانگ درێژ بکرێتەوە. ئەگەر هیچ نارەزاییەک لەلایەن پێشکەشکاری داواکارییەکەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا نەکرا، مانای وایە مۆڵەتەکە هەموو کارەکانی یاسایی بووە و ئەو داواکارییەی لەو ماوەیەدا کردویەتی دائەنرێ بە مۆڵەتپێدان. ئەگەر هەڵەیەک لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەیدا ڕوویدابوو، ئەوا بەرپرسیارێتی ئەکەوێتە سەر ئەو کارمەندەی کارەکانی بۆ کردووە، خۆ ئەگەر هاتوو جێبەجێکردنی مامەڵەکە بەهۆی کەمتەرخەمی کارمەندەکەوە ڕایی نەکرا، مانای وایە کارمەندەکە ڕاهێنان و پسپۆڕیی بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی بە تەواوی ئەنجام نەداوە. بۆیە ئەبێت چارەسەری ئەو کێشانە بەپەلە بکەن. هەندێک لە داواکارییەکان بە خێرایی جێبەجێ ئەکران، چونکە ئەو کاتانەی بۆیان دانرابوو پێویستییەکانیان جێبەجێ ئەکرا. هەرچەندە زۆربەی کێشەکان لە دەستپێکردنی ئەم کارانەدا "**بێدەنگ بوو نیشانەی ڕەزامەندییە**" لەبەر ئەوە نەهێشتنی کێشەکانی خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی، کارێکی شۆڕشگێڕانەیە. هەرچەندە داواکارییەکانی خزمەتگوزارییە تایبەتەکان لە شوێنی خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان ئەکرا، کارەکان باشتر جێبەجێ ئەکران. ئەندازیارانی کەرتی تایبەت، کە لە وەزارەتەوە ڕێگەپێدراو بوون شوێنی کارمەندەکانی دەوڵەتیان ئەگرتەوە، ئەوان ڕێوشوێنی کەمتریان

ئەگرتە بەر، کە پەیوەندی بە هێمنی و کێشەکانی دروستکردنی بیناوە هەبوو، کە کارێکی گران بوو. ئەمە ئەوەی دەرئەخست پشکنەرەکانی کەرتی تایبەت لە بینا دروست کردندا ناوبانگیان بەوە پەیدا کردبوو، کە بەرتیل وەرناگرن.

## کەمکردنەوەی ژمارەی دەزگاکانی پشکنین

چاکسازییەکان بوونە هۆی کەمکردنەوەی دەزگاکانی پشکنین. لە ساڵی 2005دا 40 دەزگای پشکنین هەبوو، لە ساڵی 2011 بۆ 20 دەزگا کەم کرایەوە. لەکاتێکدا ئەگەر ئەو ڕێوشوێنانەی دانرابوون بۆ مۆڵەت پێدان و تووشی گەندەڵی ببووایە، ئەوا بە خێرایی ڕائەگیرا، کاتێ تواناکان بەرزئەبوونەوە ڕێگەوشوێنی پشکنینی نوێ دائەنرایەوە. هەر بە پێی ئەم ڕێوشوێنانە ئەو کارانەی پێویست بوون بۆ گەڕان بە دوای ڕێگای تایبەت سەبارەت بە خواردەمەنی و خۆپاراستن لە سووتان، ئاسانکارییان بۆ ئەکرا. دەزگای بەدواداچوونی سووتان بەسترایەوە بە خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆوە، هەروەها پشکنەرەکانی تەندروستی، کە لەلایەن کارمەندانی دەوڵەت و کۆمپانیاکانی چاودێری کەرتی تایبەتەوە کارەکانیان جێبەجێ ئەکرا، دیسان خرانەوە کارکردن. ئەمە مانای ئەوە بوو کەمترین ژمارەی کردەکانی پشکنین، بەرامبەر بوو بە کەمترین بەرتیلدان، چونکە کەمترین ڕێگە هەبوو لەبەردەم کارمەندانی دەوڵەت بەرامبەر وەرگرتنی بەرتیل بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان.

## پشتبەستن بە سەرچاوەکانی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵات

سەرۆک وەزیرانی پێشوو "لادۆ جۆرجنیدرە" پێداگری لەوە کرد ئاسانکاریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکات، (ئەمە بە پشتبەستن بوو بە

سەرچاوەکانی ڕێکخستنی دەرەوە) بۆ ئەم مەبەستە بڕیارێک دەرچوو سەبارەت بە بەخشینی هەندێ لە کەلوپەلی پێویست بۆ ئەوەی هاوردە بکرێن، ئەم کارەش لەژێر وردبینی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابوری و پەرەپێداندا بوو. بۆیە بڕیاردرا بە دەرکردنی مۆڵەتی تایبەت بە هەناردە بۆ جۆرجیا. هەروەها ڕێگا درا بە دەزگا داراییەکان، کە مۆڵەتی هەناردەکردن بدرێ و ڕێگەش بدرێ لقێکی ئەو ڕێکخراوە لە جۆرجیا بکرێتەوە و بانکی نیشتمانیش لەو بارەیەوە ئاگادار بکرێتەوە. بەو شێوەیە توانر کەلوپەلە پێویستەکان بهێنرێنە جۆرجیا، کە لەناویاندا خواردەمەنیش هەبوو. لە هەر یەکێ لەو وڵاتانەی هەناردەی لێوە دەکرێت، بەبێ پێدانی هیچ مۆڵەتێک ئەتوانرێ کەلوپەل بهێنرێتە ناو جۆرجیاوە. هەروەها ئەو دەرمانانەی لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە ڕێگەپێدراوە، لە هەر یەکێ لەو وڵاتانەوە، کە هاوردەی جۆرجیا دەکرێت، ئەمیش پێویستی بە مۆڵەت و ڕسومات نییە. سەرجەم ئەو ڕێگەوشوێنانە بە ئاسانی بەڕێوە ئەچوو، ئەمەش بە هاوکاری یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتانی ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، یان یەکێتی دەوڵەتانی کۆمۆنۆلسی سەربەخۆ لە جۆرجیا، ئەمە بە گوێرەی یاسان ناوخۆییەکان و پشتبەستن بە یاسای ئەو دەوڵەتانەی توانای ڕێکخستنی بەرزیان هەیە، چونکە ئەم کارە بووە هۆی کەمبوونەوەی بیرۆکراسی و گەندەڵی.

### چالاککردنەوە و دامەزراندنی کارمەندان

هەروەک چاکسازییەکانی تر، کە لە کەرتەکانی تردا کران، سەبارەت بە دامەزراندنی کارمەندانیش لە سەرجەم وەزارەتەکاندا ڕێوشوێنی تایبەت گیرایەبەر. هەندێک لە وەزارەتەکان بە تەواوی هەڵوەشێنرانەوە، هەندێک لە وەزارەتەکانی تریش لەگەڵ چەند وەزارەتێکی تر تێکەڵ کران. ئەم کارە لەسەر ئەو بۆچوونە بوو، کە پێیوایە بیرۆکراتیەتی زۆر ئەبێتە هۆی گەندەڵی،

هەر بۆیە لە ساڵی 2004-2005 بیست و هەشت هەزار کارمەندی دەوڵەت دەرکران.

هەر کارتێک کارمەندی زۆرت هەبوو، پێویستە کارێکی وا بکەی، کە بەردەوام بن لەسەر کار، ئەگەر وا نەبێ ئەوانە خۆیان کار بۆ خۆیان ئەدۆزنەوە. وەکو بیندوکیدزە ئەڵێ: "ئەو ڕێگەوشوێنانەی دانراوە بۆ دانانی کارمەندان، کە لە پێشدا بۆ مەبەستی گەندەڵی نەبووە، بەڵام لە دواییدا، کە کردەکە بەرفراوان بووە، بووەتە هۆی گەندەڵی". ڕێگە خۆشکرا کاربەدەستەکانی تر بۆ ئەوەی بتوانن ڕاهێنانی چاک و مووچەی زۆر بۆ کارمەندەکانیان دابین بکەن. بڕیاری مانەوەی هەندێ لە کارمەندە شارەزاکان درا و کران بە بەرپرسی بەشەکان، بڕیاری دانانی کارمەندی نوێی گەنجیش درا. هەروەها ڕێژەی مووچەی کارمەندانی کەرتی گشتی بەرزکرایەوە، بۆ نموونە: ئەو کارمەندانەی مۆڵەتی بیناسازییان ئەدا، مووچەکانیان بیست هێندەی پێشوو زیاد کرا (لە ساڵی 2004دا 15-20 لاری جۆرجی بوو، لە ساڵی 2006دا ئەو بڕە کرا بە 300-400 لاری جۆرجی) زیادکردنی مووچە ڕێگرییەکەی چاک بوو لە وەرگرتنی بەرتیل.

**ئەنجامەکان**

جۆرجیا بووە پێشڕەوێکی جیهانی لە بواری ئازادکردنی کەرتی کار و چاکردنی ژینگەی ڕایی کردنی کاروبارەکان. ئەمانە دوو خاڵی پێویستن لە ئابوری کراوەی بچووک، چونکە بەمە ڕێگە خۆش دەکرێت بۆ وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی.

### باشترین پۆلاندنی کۆمپانیاکانی کار

وڵاتی جۆرجیا له بواری پۆلاندنی کۆمپانیاکانی کاردا سەرکەوتوو بوو. له ساڵی 2005دا 112 کۆمپانیا هەبوون، له ساڵی 2012دا ئەم ڕێژەیە دابەزی بۆ 16 کۆمپانیا. ئەنجامی کارەکانیان زۆر بەرز ببووەوە، که بێگومان ئەمە پەیوەندی بە قەلاچۆکردنی گەندەڵییەوە هەبوو، وەکو: تۆمارکردنی موڵک، باشترکردنی کاری پێدانی مۆڵەتی بینا دروست کردن، دەست کردن بە کارە بازرگانییەکان. بەڵام نەئەتوانرا پەیوەندییە ڕاستەخۆکان لەگەڵ پۆلاندنی کارەکان و زۆربوونی وەبەرهێنانی بێگانەدا، پشتی پێ ببەسترێ، وەکو چۆن بینیمان له ئابی 2006دا کێشە ئابورییەکانی جیهان بوونە هۆی دارمانی ئابوریی جیهان، بەڵام نیشانە نێودەوڵەتییەکان دەری ئەخەن ئەو دەوڵەتانەی توانای ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانییان هەیە، بە زوویی پەرە ئەسێنن. ئەو چاکسازییانەی لە جۆرجیا کران، بوونە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی.

### بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە

لەبەر ئەوەی چاکسازیی هزریی، زۆر بە ئاشکرا لە ژینگەی کارەکاندا دەرئەکەوێت، بێگومان ئەمەش بە قایل بوونی کاربەدەستانی وڵاتێک لە دوای جیابونەوەیان لە سۆڤیەت ڕوویدا، بۆ ئەوەی ڕێگریی بکەن لە دەسەڵاتی ئەو دامودەزگایانەی پەیوەندیدار بوون بەوانەوە. ئەم چاکسازییە لە هزردا زۆر بە ڕوونی دەرئەکەوت و میراتێکی هەمیشەییە بۆ چاکسازیی و نیشانەیەکی دیاری چوارچێوەی ئاشکرای لێپرسینەوەیە. **(خشتەی 6. 3)** ئەمەش بناغەی مانەوەی ئەو دەزگایانەیە لە ژێر هێڵەکانی لێپرسینەوەدا، سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان.

چاکسازییەکان بوونە هۆی دەست هەڵگرتن لە زۆرێک لەو خزمەتگوزارییە گشتییانەی نەیانتوانی بوو توانای خۆیان دەربخەن. یان نەیانتوانی بوو لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تایبەت ڕێکبکەون. بۆیە پشت بەو خاڵانە بەسترا بۆ هەموو ئەوانەی ئەیانویست خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن و ئاسانکاری لەو بوارەدا بکەن و پشتبەستن "بە بێدەنگی نیشانی پەسەندکردنە" و دروستکردنی "نوسینگەکانی تاک پەنجەرەیی" بوونە ڕێگەوشوێنێکی دیار بۆ چوارچێوەکانی لێپرسینەوە.

یەکێک لەو هۆکارانەی بووە هۆی سەرگرتنی چاکسازی، نارەزایی خەڵک بوو لە بارودۆخەکە. حکومەت توانی سوود لەو داواکارییە توندانەی خەڵک وەربگرێت، کە داوای لە بن هێنانی گەندەڵی و چاکسازیی گەورەیان ئەکرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە خەڵکی بگەیەنرێ، کە گۆڕانکاری کارێکی ڕاستەقینەیە.

**خشتەی 6. 3:** چوارچێوەی لێپرسینەوە لە مۆڵەت و ڕێگەپێدان




**سەرچاوە:** دانەرەکان

## ئەنجامەکان

لابردنی ڕێگرییەکان لە کارە بازرگانییەکاندا، بووە هۆی کەمبوونەوەی گەندەڵی و ئاسانکاریی بۆ ژیانی خاوەن کار و بەرپرسەکان. لە ئێستادا نزیکە 95%ی کارە بازرگانییەکان پێویستی بە ڕێگەپێدان و مۆڵەت وەرگرتن نییە. هەروەها پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ لە نێوان بەرپرسان و خاوەن کارەکاندا سنووردار کران. هەموو کارەکان بە ئەلکترۆنی تۆمار ئەکرێن. هەر هاوڵاتییەک یەکەمجاری بێت خانوو دروست بکا پێویستی بە مۆڵەت و ڕێگەپێدان نییە و هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکرێت. وەرگرتنی ڕێگەپێدان و مۆڵەت وەرگرتن وا بەپەلە بەدەست ئەهێنرێ، کە هیچ پیویستی بە بەرتیلدان نەماوە.

زۆرێک لەو کارانەی بووە هۆی نەمانی ڕێگریی لە کارە بازرگانییەکان و پەرەسەندیانی ڕێگرییەکان. نەهێشتنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هاوڵاتییان بوو بە دەوڵەتەوە، کە ئەمە کاریگەریی تایبەتی هەبوو لە کەمکردنەوەی گەندەڵیدا. بیندۆکیدزە لە هەموو کەسێک زیاتر پشتگیری ئەو کارەی ئەکرد و ئەیوت: "بە لابردنی ڕێگرییەکان، چاکسازیی ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی کارەکان و پێشکەوتنی ژێرخانی پەرەسەندن. بەڕێوەبەرایەتییەکان بەوە هەڵئەسەنگێندران، کە چەند نرخی بەرزتریان بەدەستهێناوە و تا چەند ئەتوانن کارەکان باشتر بەڕێوە ببەن".

چاکسازییەکان، زۆر بە ئاسانی نەئەکران، کارمەندە گەنجەکان، کە دامەزرێنران بە گرێبەستی ماوە کورت دامەزرێندران، ئەمە بۆ ئەوەی بوو کارەکانیان بە ڕێکوپێکی بکەن و دوور نەخرێنەوە. تا وای لێهات هەر یەکێک لەو کارمەندانە بەرپرسی خۆی بێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم چاکسازییانە سوود

لە دەوڵەتانی تر وەرگیرا، بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی وەکو جۆرجیا وابوون و سوودیان لە حکومەتێکی سنووردار وەرگرتبوو، بە نموونە: ئیستۆنیا، نیوزلەندا و سەنغافوە.

هەموو بەشەکانی چاکسازی بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو. کارەکانی حکومەت بۆ بەردەوامی لە چاکسازیی بەردەوام، باش نەبوون. حکومەت زۆر شانازیی بەوەوە ئەکرد، کە دەزگا بازرگانییەکان کارەکانیان بە باشی ئەنجام ئەدەن. نوسینگەکانی تاک پەنجەرەیی و دروشمی "**بێدەنگبوون نیشانەی ڕەزامەندییە**"، نیشانەی سەرکەوتن بوون. هەرچەندە هەموو ئەو چاکسازییانەی حکومەت بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی جێبەجێی کردبوون، دائەنرا بە کارێکی سەرکەوتوو.

# بەشی حەوتەم

## چاکسازیی لە تۆماری گشتی و شارستانی

## بارودۆخی گشتی لەساڵی 2003

ڕێگاوشوێنەکانی تۆمارکردنی هەر شتێک، لە بەیاننامەی لە دایک بوونەوە تا تۆمارکردنی کۆمپانیایەکی نوێ، زۆر نالەبار و گەندەڵ بوو. هەموو زانیارییەکان لە دۆسییە کۆنەکانی زەمانی سۆڤیەتدا تۆمار ئەکران. پرۆسەی تۆمارکردنی موڵکێک پێویستی بە هاتوچۆکردنێکی زۆر بوو بۆ چەند نوسینگەیەک و مۆرکردنی لە چەند بەشێک، کۆمەڵێک ئیمزا و پەسەندکردن لەسەر ئەوراقەکان دائەنرا و هەڵئەگیرا. هەندێ جار وەڵامدانەوە دوو مانگی پێ ئەچوو. بۆ دەرهێنانی پاسپۆرتێک ئەبوو بچیت بۆ دائیرەیەک. لەوێوە بۆ دائیرەیەکی تر و بۆ بەڵگەی جێگیربوونی شوێنی نیشتەجێبوون، هەموو ئەمانە ئەکران پێش ئەوەی بگەڕێیتەوە دائیرەی یەکەم. لەوێ بۆ چەند سەعاتێک لە ڕیزدا ئەوەستایت و ئەبوو هەندێ بەرتیلیش بدەی بە بەرپرسان بۆ ئەوەی کارەکانت بۆ ڕایی بکەن. پەیوەندییەکانی نێوان نوسینگەکان وەکو کارە بازرگانییەکان و تۆمارە شارستانییەکان، کە لە داتایەکی تایبەتیدا ئەپارێزرێ، هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی یاسایی نەبوون. کارمەندانی نوسینگەکان کەمترین هاوکاریان لە گۆڕینەوەی زانیارییەکاندا ئەکرد. ئەمە ببووە هۆی ڕوودانی هەڵەی گەورە و دووبارەکردنەوەی هەندێ لە مامەڵەکان، بێجگە لەوەی ئەبووە هۆی بە فیڕۆدانی پارەی زیاتر. بۆ تۆمارکردنی موڵکێک پێویست بوو هەشت جۆر کاری ئەنجام بدەیت و 39 ڕۆژی پێ ئەچوو، هەندێ جار 2.5% لە نرخی موڵکەکە پارەی سەرف ئەکرا.

ئەو بڕە پارانەی وەرئەگیرا، لەسەر مامەڵەکە نەئەنوسرا، کە ئەمە ببووە هۆی ئاسانکاریی بۆ گەندەڵی. وەکو تێچوونی تۆمارکردنی موڵکێک پەیوەندی هەبوو بە: قەبارەی ئیشەکەوە، نرخەکەی و داواکارییەکانی کارمەندان، بۆ ئەوەی موڵکەکە تۆمار بکەن.

لە فەرمانگەی تۆمارکردنی موڵک، بە سەدەها کەس لە نوسینگەیەکی بچووکدا کۆ ئەبوونەوە، کە پڕ بوو لە خەڵک و دووکەڵی جگەرە. ئەمانە چەندەها سەعات چاوەڕوانی کردنەوەی فەرمانگەکەیان ئەکرد، ئینجا بۆ ماوەی 6-5 سەعاتی تر لە ڕیزدا ئەوەستان. زۆرجار هەندێ دەڵاڵ شوێنیان لە پێشەوەی ڕیزەکاندا ئەگرت و دوایی شوێنەکانیان ئەفرۆشتەوە بەوانەی درەنگ ئەهاتن. هەندێک لە دەڵاڵەکان بەناو خەڵکەکەدا ئەگەڕان بۆ ئەوەی بە پارە کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن. زۆر خەڵک لەبەر زوو ڕایی کردنی کارەکانیان بەرتیلیان ئەدا. یان بەرامبەر کڕینی مۆڵەتی ساختە، پارەیان ئەدا بە کارمەندەکان بۆ ئەوەی ڕووپێوی موڵکەکانیان بکەن. نەدانی بەرتیل ئەبووە هۆی ئەوەی قەت ڕووپێو بۆ موڵکەکانیان نەکرێ. زۆرجار بەرپرسەکان داوای هەندێ پێویستییان ئەکرد، کە بە ئاسانی دەست نەئەکەوت. هەروەها وەرگرتنی بڕێک بەرتیل خەڵکانی خاوەن دەسەڵات و سیاسییەکانیشی ئەگرتەوە. بەرپرسەکان داوای پارەیان ئەکرد بەرامبەر یارمەتیدان و ڕایی کردنی مامەڵەکان.

گەندەڵی لە فەرمانگەکانی تۆمارکردن بە ئاشکرا ئەبینرا. هەندێ جار تاوانبارەکان توانیبویان تۆماری شارستانی بکڕن بۆ ئەوەی پاسپۆرتی پێ دەربهێنن بە هەر ناوێکەوە، کە بیانەوێ. هاوڵاتییان بە ئاسانی ئەیانتوانی هەر گۆڕانکارییەک، کە بیانەوێت لە تۆمارەکانیاندا بکەن. ئافرەتە گەنج و وەرزشکارەکان ئەیانتوانی تەمەنی خۆیان بە شێوەیەک بگۆڕن، کە وای دەربیخەن، گەنجترن.

ئەو بەرتیلانەی وەرئەگیرا، لە بەینی بەرپرسەکاندا دابەش ئەکرا، لە نێوان ئەمانەدا پۆلیسیشی تیا بوو، هەروەها کارمەندانی نوسینگەی تۆماری شارستانی لە 25,000-5,000 دۆلاریان ئەدا بۆ ئەوەی دابمەزرێن. هەندێک کارمەندی تر، کە کارەکانیان بچووک تر بوو، ئەیانتوانی بە کڕینی

تەلەفزیۆنێک یان سەلاجەیەک بۆ بەرپرسەکان، کارێکیان دەست بکەوێ و دابمەزرێن. لە لێپرسینەوەیەکدا لە ساڵی 2004 لە بارەی ئەو کارانەی پەیوەندی بە بەخشینی بەرتیلەوە هەیە، سەبارەت بە: بەرپرسانی باج، بەرپرسانی گومرگ، پۆلیس، کارمەندانی تۆماری گشتی. ئەم ڕاپرسییە دەریخست، هەرچەندە ئەوانەی ئەم کارانەیان بە بەرتیل ئەنجام داوە، بەڵام خەڵک بە ڕقەوە سەیری ئەکردن و هەندێکیش ڕەزامەندییان پیشان ئەدا و خۆشحاڵی خۆیان دەرئەبڕی بەرامبەر بەو لێپرسراوانەی، کە تۆماری موڵکەکانیان بە ئاسانی بۆ جێبەجێکردون.

## چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003

ئەنجامدانی چاکسازیی لە تۆمارەکان و دامەزراندنەوەی داموودەزگاکان و ئاسانکاری لە ئیشوکارەکاندا جێبەجێ کرا، ئەمە بێجگە لە دانانی کارمەندی نوێ و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای زانیاریی، ئەم کارانە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەرخستنی چاکسازی هەبوو.

## داڕشتنەوەی دامودەزگاکان و ئاسانکاریی لە کاروبارەکانیاندا

لەپێش دامەزراندنی حکومەتە نوێیەکەوە، بە ئاشکرا دیار بوو گۆڕانکارییەکان کارێکی پێویستن. بۆیە کۆمەڵەیەک لەو کەسانە دروست کرا، کە ئامادەی بەخشینی پارە بوون، هەندێ لە ڕێخکراوە ناحکومییەکان، ئەوەیان خستە ئەستۆی خۆیان، کە پلانێکی باش و ڕێکوپێک دابنێن بۆ دەستکردن بە تۆمارکردنی گشتی، لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. ئەمانە هەوڵی ئاسانکاریی لە کاروباری دامودەزگاکانی دەوڵەت و دەستنیشان کردنی باجی یاسایی و ئاشکرایان دا. بەڵام ئەم پلانە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە

کاربەدەستە سیاسییەکان لە پشتیانەوە نەبوون و لەگەڵ بەرژەوەندی کاربەدەستانی حکومەت و کارمەندانی تۆماری گشتی ڕێکنەئەکەوت. لە مانگی شوباتی 2004دا ئەو کۆمەڵەیەی لەوەوپێش دروست کرابوو، لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە نوێیەی تر، بڕیاریاندا دەست بکەن بە جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییانە. ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن دێڤید ئیجایشفیلی سەرپەرشتی ئەکرا، کە پارێزەر بوو، یەکێکیش بوو لە ئەندامانی کۆمەڵە کارگێڕییەکەی ساڵی 2002.

ئەم کۆمەڵەیە لە ماوەی 10مانگدا یاسایەکی نوێیان داڕشت، کە پشتی بە یاسای دامودەزگاکان ئەبەست. لە حوزەیرانی 2004 پەڕلەمان یاسای تۆمارکردنی دەوڵەتی پەسەند کرد، کە لە جیاتی دەزگای تۆماری گشتی دروست کرا. ئەم دەزگایە، دەزگایەکی لامەرکەزی بوو، کارەکانیشی بریتی بوو لە سەرپەرشتی کردنی ئەو کاروبارانەی ڕێگرییان لێ ئەکرا بەهۆی کێبڕکێی بەرژەوەندییەکان و ناکۆکی دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەکان و لیژنەکانی زەوی و زار و ئەنجومەنەکانەوە.

بڕیاری دامەزراندنی دەزگای نیشتمانی بۆ تۆمارکردنی گشتی (NAPR)، درا. ئەم دەزگایە، دەزگایەکی یاسایی بوو، بە گوێرەی یاسا، ئەم دەزگایە کەوتە ژێر چاودێری وەزارەتی دادەوە. ئەم دەزگایە بۆ ئەوە دامەزرا، کە ڕێگای خێرا و ئاسان بۆ زانیارییەکانی تۆماری گشتی ئامادە بکات. ئەم دەزگا نوێیە، کە خۆی، خۆی ئەبرد بە ڕێوە، دەستی کرد بە ئاسانکاریی بۆ تۆمارکردن و جێبەجێکردنی مافی موڵکایەتی بێ کێشە، هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتییان بە دڵ و ڕوویەکی خۆشەوە، کە ئەمە بووە هۆی پەرەسەندنی ئابوری لە جۆرجیا.

تۆماری گشتی لەپێش چاکسازییەکانەوە دەرامەتی کەم بوو، چونکە دەرامەتەکەی لە بوودجەی گشتییەوە دابین دەکرا. زۆراب ئیدیشفیلی وتی: "یەکەم کارێک کە کردمان، گۆڕانکاری بوو لە یاساکان و ئەو بیرۆکراتیە گەندەڵەمان والێکرد، کە بتوانێ دە هێندە دەرامەت بۆ خۆی دابین بکا، هەروەها خزمەتگوزاریی شیاو پێشکەشی هاوڵاتییان بکا. ئێستا ئەم دەزگایە هەزار کارمەندی هەیە، کە پاداشت لەسەروو مووچەکانیانەوە وەرئەگرن و کاری تۆمارکردنی موڵکی هاوڵاتییان ئەکەن. بەمە وایلێهات ئەو مووچەیەی وەری ئەگرن، بە تەواوی مافی خۆیان بێت".

بە گوێرەی ئەوەی فەرماندەی تیمی چاکسازیی "دێڤید ئیجاشفیلی" وتی: "هەنگاوی دووەم نەهێشتنی جیاوازی بەرژەوەندییەکانە، ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراندنەوەی دابەشکردنی بەرپرسییەکان لە دامودەزگا جیاوازەکاندا، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە تۆماری گشتییەوە هەیە". لە دامودەزگاکانی پێشوودا بەرپرسەکانی تۆمارکردن، بە تەنیا کاریان تۆمارکردنی موڵکەکان نەبوو، بەڵکو چاودێری کردن و سوودوەرگرتن بوو لە زەوییەکانیش، کە دواتر ئەبووە هۆی فرۆشتنی زەوییەکانی دەوڵەت و بەرپابوونی ناکۆکییەکی ئاشکرا لە بەرژەوەندییە گشتییەکاندا. ئەم یاسا نوێیە ڕێگری لەوانە ئەکرد، کە کاری تۆمارکردن ئەکەن، یان ئەیانەوێت ببنە ئەندامی دەزگای فرۆشتنی زەوی. هەروەها کارە چاودێرییەکان درا بە کاروباری شارەوانییەکان. بەم کارە دەسەڵات زەرەرمەند بوو، نەیئەتوانی ئەوانە دابین بکات، کە دەستنیشانی ئەو کەسانەی بکەن، کە تۆماری هەرێمەکان دەکەن. ئەوانە ببوونە دەسەڵاتێک بۆ بەرژەوەندیی سیاسییەکان، کە نرخی زەوی و تۆمارکردن و کێشەکانیشیان چارەسەر ئەکرد.

هەر شتێک بۆنی گەندەڵی لێ بهاتایە، ڕێگریی لێ کرا. بەرپرسە گەورەکان ماشێنەکانیان لێ سەندرایەوە. دە دەزگا داخران، کە کاریان تۆمارکردن بوو لە

هەموو هەرێمەکانی جۆرجیا. ئیجایشفیلی وتی: "کاتێ لە کاری ئەو کارمەندانە ورد بووینەوە، سەیرمان کرد زۆربەیان ئیشەکانیان بۆ سوودی خۆیان و گەندەڵییە" هەروەها ئەو نوسینگانەی تۆماری بینایان لەناو شارەکاندا ئەکرد، پەیوەندییان بە زەوییە کشتوکاڵییەکانەوە هەبوو، ئەمانە هەموویان داخران. لە جیاتی ئەوان کارمەندی تایبەتی دانران. ئێستا 25 کۆمپانیا لەو بوارەدا کێبڕکێ ئەکەن و ئەو پارەیەی پێویستە بدرێ، بە گوێرەی بارودۆخی بازاڕ دیاریی دەکرێت. ئەمە ڕێگرییەکی گەورەی لە گەندەڵی کرد. ئەوەی کە مایەوە لەم دامودەزگایانە، دەزگای ناوەندی بوو لەگەڵ 68 نوسینگەی تۆمارکردن لە هەموو وڵاتدا. هەموو نوسینگەکان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بە یەکترەوە بەسترانەوە و کارەکانیان لە ناوەندەوە چاودێری ئەکرا، بە تایبەت لەم بوارانەدا: زانیاری، کارمەندان، کەلوپەل کڕین، ژمێریاری و مووچەکان (کە لە هەرێمەکاندا بە ئارەزووی خۆیان ڕێکیان ئەخست و ئەبووە هۆی دزی کردن)، هەروەها هاوکاری لەگەڵ نوسینگەکانی تۆماری موڵک ئەکرا.

"پێویستمان بە گۆڕینی عەقڵیەت هەبوو" ئەمە قسەی یجایشفیلییە، دیسان ئیجایشفیلی ئەڵێ: "کارمەندانی نوسینگەی تۆمارکردن دائەنیشتن و تەماشای بەڵگەنامەکانیان ئەکرد و هەر ئەوانیش بڕیاری تۆمارکردن یان نەکردنیان ئەدا، ئێمە بە هیچ جۆرێک ئەو کارەمان نەهێشت" ئەو بەڵگەنامانەی بۆ تۆمارکردنی موڵکێک پێویست بوون لە 6 بەڵگەنامەوە کران بە 2 بەڵگەنامە و دواتریش کرا بە 1 بەڵگەنامە، کە بریتی بوو لە مامەڵە و ڕێککەوتنی کڕین و فرۆشتنی موڵک. پاشان بە باشی دەست کرا بە نەهێشتنی ئەو ڕێگرییانەی، کە پێویست نەبوون و ئەنجام ئەدران، وەکو: مۆرکردنی ڕێکەوتنی فرۆشتن لەلایەن دادنووسەوە، کە ئێستا لە هەمان نووسینگە و لە نێوان هەردوولادا ئیمزا ئەکرێت و ئەتوانرێ هەمان ڕۆژ ئەو موڵکە تۆمار بکرێ، هەروەها ئەتوانرێ تۆماری موڵکەکان لەلایەن هەر کەسێکەوە ئەنجام بدرێت، کە تواناى

بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەری بە شێوەیەکی فەرمی هەیە، کە ژمارەی ئەو پرگرامانە 500 جۆرن و هەندێ جار لای دادنووس و بانک و کۆمپانیاکانی موڵکدارییش هەمان کار جێبەجێ دەکرێت. ئیجایشفیلی لەم بارەیەوە وتی: "کاتێک پۆستەکەم وەرگرت، کاری یەکەمم ئەوە بوو گەندەڵی نەمێنێ، سەرەگرتنی دریژ نەمێنێ، نوسینگەی تاکەپەنجەرەیی بۆ پێدانی زانیاری بە هاولاتییان و وەلامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵک، دابنرێت. لە کاتێکدا لەوەوپێش 70%ی خەڵک لە ڕیزێکی درێژدا ئەوەستان، تەنیا بۆ ئەوەی بچێنە بەردەم کارمەندێک و پرسیارێکی لێ بکەن".

لە ساڵی 2004دا حکومەت نوسینگەی تۆماری شارستانی دروست کرد، کە بریتی بوو لە نوسینگەیەکی گشتی، کە خۆی دەرامەتی خۆی دابین ئەکرد. کاری ئەم نوسینگەیە بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت، کارتی زانیاری، بەیانی لەدایک بوون، بەیانی وەفات، بەڵگەنامەکانی مارەکردن، کارەکانی هاونیشتمانی بوون و کۆچ، دانپێدانان بە بەڵگەنامەی بێگانەکان. لەوەپێش ئەم کارانە لە 78 نوسینگە ئەکران. ئەم یاسا نوێیە ڕۆتینی کەم کردەوە، ڕێگای ڕۆشن کردەوە بۆ کارە پێویستەکانی دەرهێنانی بەڵگەنامەی شارستانی، بەم پێیە کارمەندان بە دوای جێبەجێکردنی دەرهێنانی ئەو بەڵگەنامانەوە بوون نەک هاولاتییان، چونکە ئێستا هەموو زانیارییەک لەلای دەزگا حکومییەکان کۆ دەکرێتەوە و هیچ پێویست بەوە ناکات کارمەند لە هاولاتییان بپرسێت. لەم بارەیەوە "جیۆرجی فاشادزە" جێگری وەزیری داد و سەرۆکی تۆماری شارستانی، ئەڵێ: "هەموو زانیارییەکان لە بارەی نوسینگە جیاوازەکانەوە، کە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە لە ئەنتەرنێت هەیە و هەر کەس بیەوێ ئەتوانێت لەماوەی چەند چرکەیەکدا هەرچی دۆکۆمێنتێک هەیە لەسەر کەسایەتی خۆی بەدەستی بهێنێت"

هەموو ئەو باجانەی لەلایەن نوسینگەی تۆماری شارستانییەوە داوا دەکرێت ئێستا ڕوون و ئاشکران و نوسراون. ئەتوانرێ لە ماوەیەکی کەمدا لە هەموو ئەو شوێنانە تۆمار بکرێ. زۆرجار ئەو کارانەی بە بەرتیل جێبەجێ ئەکران، ئێستا بە ئاشکران و کارێکی ئاسانن. لە کاتێکدا هەندێ کەس بیەوێ کارەکانی زۆر بە پەلەتر جێبەجێ بکات، هەندێ باجی زیاتر ئەدات و ئیشەکەی لەهەمان ڕۆژدا جێبەجێ دەکرێت.

ئیجایشفیلی ئەڵێ: "پاش ئەوەی تێگەیشتین خشتەی کاتی بۆ تۆمارکردن ڕێخۆشکەری گەندەڵییە، بڕیارماندا ئەوە بگۆڕین بە باجی خزمەتگوزاری". بۆ نمونە: کارتی باری شارستانی بە 10 ڕۆژ تەواو ئەبوو، ئەمە بەبێ وەرگرتنی هیچ بڕە پارەیەک. لەهەمانکاتدا بە 1 ڕۆژیش تەواو ئەبێت، بەڵام بۆ ئەمەیان ئەبێت بڕی 25 لاری جۆرجی بدەی، کە بەمەش کاتەکانی بەخشین کورت کراوەتەوە. هەروەها لە ئێستادا ئەتوانرێ پاسپۆرتێک لە ماوەی 24 سەعاتدا دەربهێنرێ. هەروەها ئەتوانرێ بەڵگەنامەکانی تری وەکو: بەڵگەنامەی لەدایک بوون، وەفات و مارەکردن، لە ماوەی 15 دەقیقەدا دەربهێنرێن. هەروەها ئەتوانرێ ئەم کارانە بۆ خەڵکانی VIP لە شوێنی نیشتەجێبوون یان جێگەی کارەکانیان ئەنجام بدرێت. ئەو کارمەندەی ئەو کارە دەکات ئەتوانێت بچێتە ئەو شوێنەی هاوڵاتییەکەی لێیە، ئەم کارە بە هاوڕێیەتی لەگەڵ دەزگایەکی کارکردنی گەڕۆک ئەنجام ئەدات، بۆ ئەوەی کارەکانی وەرگرتنی پاسپۆرت بۆ هاوڵاتییەکە جێبەجێ بکەن.

هەروەکوو دەزگا گشتییەکانی تر، نوسینگەی تۆماری گشتی پارە لە خاوەن کار وەرناگرێت، بەڵکو ئەو پارەیەی ئەبێت بدرێت، لە ڕێگەی بانکەکانەوە یان هەندێ نوێنەری تایبەتی، کە لە نوسینگەکەدایە و کاریان وەرگرتنی پارەیە، وەردەگیرێت. ئەمە ڕێگریی لە بەرتیلدان گرت. هەروەها شوێنەکانی پێشەوەی نوسینگەکان لەگەڵ شوێنەکانی پشتەوە جیاکراونەتەوە،

بەمەش هاوڵاتییان ناتوانن لەبەردەم نوسینگەکاندا دانیشن و جگەرە بکێشن و لەبەینی خۆیاندا قسە بکەن، یان پارە بدەن بە لێپرسراوی نوسینگەکانی پشتەوە بۆ ئەوەی کارەکانیان بۆ ڕایی بکەن. کارمەندانی ڕیزی پێشەوەی نوسینگەکان وا ڕاهێنراون، کە ڕوویان خۆش بێ لەگەڵ هاوڵاتییان و زانیارییان بدەنێ لەسەر چۆنیەتی کارەکانیان. هەروەها نوسینگەکانی تۆمارکردنی شارستانی پەنجەرەکانیان شوشەی ڕوونە و هاوڵاتییان بەڕوونی ئەبینن. کارمەندەکانیش وا ڕاهێنراون، کە بەخێرهاتنی هاوڵاتییان بکەن و بە وتەی جوان و شیرین لەگەڵیاندا بدوێن.

**چۆنیەتی پێشوازی کردن لە کارمەندە نوێیەکان**

لە هەردوو تۆماری گشتی و مەدەنی، بایەخ درا بە دامەزراندنەوەی ئەو کارمەندانەی ئەتوانن پەیڕەوی ئەم ڕێگاوشوێنە نوێیانە بکەن. ئەو کەسانەی تۆماری بەڵگەنامەکان دەکەن، خۆیان بوونەتە خاوەنی دەسەڵات. بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی ئەو کارمەندانە گۆڕدرا. کە جاران بەو شێوەیە نەبوون. لەبەر ئەوە، ئەو کارمەندانەی کارەکانیان بە ڕێکوپێکی نەئەکرد، زۆربەیان دەرکران. لە کۆتاییەکانی ساڵی 2004دا 2200 کارمەندی تۆماری گشتی لە ڕۆژێکدا دەرکران. ئەمانە دواتر بانگ کرانەوە بۆ ئەوەی داوای دامەزراندن بکەن لە کاری تردا. بە مەرجێک ئەبێت ئەمانە لە تاقیکردنەوەیەکدا سەربکەون. بە هەزارەها کەس چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرا بۆ 630 کار. توانرا 400 کارمەندی کۆن لە شوێنە جیاوازەکان لەسەر کارەکانیان بمێننەوە.

لە دائیرەی تۆماری شارستانی بەپەلە 400 کارمەندی نوێ دامەزرێنران، ئەمە پاش سەرکەوتنیان بوو لە تاقیکردنەوەیەکدا بەتایبەتی لە شارەزایی تۆماری شارستانیدا، یاسا نوێیەکان، کۆمپیوتەر و هەموو شارەزاییەکانی تر.

لەسەر کارمەندە کۆنەکان پێویست بوو، جارێکی تریش داوای گەڕاندنەوە بکەن، بەڵام ئەبێت لەو تاقیکردنەوەیەدا دەربچن، کە حکومەت دیاریی کردووە. زۆربەی ئەمانە سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ئەمانە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنە کۆنەکانیان شارەزاییان پەیدا کردبوو نەک ڕێوشوێنە نوێیەکان، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات توانرا 80%ی کارمەندە کۆنەکان بگۆڕدرێن.

پاش ڕاگەیاندنێکی ئاشکرا بۆ داواکردنی ئەو کەسانەی خاوەنی تواناسازیی بەرزن کۆمەڵێک کارمەندی نوێ دامەزرێنران، کە مووچەکانیان بیست هێندەی پێشوو بەرز ببوەوە، مووچەی ئەم کارمەندانە لە نێوان سالآنی 2003-2005دا لە 20 دۆلارەوە بۆ نزیکەی 400 دۆلار بەرزبووەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەڵک کێبڕکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی کارێک لەو نوسینگانە. هەروەها ئەمە بووە هۆی کەمکردنەوەی بەرتیل. هەروەها ڕاهێنانی نوێ بۆ کارمەندان دەستی پێکرد و وەرشەی کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان دەستی پێکرد، ڕێگەدرا بەرنامەیەک بۆ پێشکەشکردنی بەخشیش، کە جاری وا هەبوو هەر بەخشیشێک هێندەی دوو مووچەی مانگێک بوو، ئەدرا بە کارمەندی بە توانا. دواتر وەزارەتی داد ناوەندێکی ڕاهێنانی بۆ کارمەندانی تۆماری شارستانی و گشتی کردەوە.

بەم جۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ کارمەندانی تۆماری شارستانی بەم شێوەیە گۆڕانی بەسەردا هات: کارمەندانی نوسینگە کۆنەکان مووچەکانیان لە مانگێکدا 15 دۆلاری ئەمریکی بوو، بەڵام ئەم نوسینگە تازەیە مووچەکانیانی کرد بە 200 دۆلار و پاش ماوەیەکیش بە 500 دۆلاری ئەمریکی. هەروەها بەرنامەیەکیش دانرا بۆ پێدانی بەخشیش و کردنەوەی وەرشەی کار بۆ ڕاهێنان.

شانبەشانی ئەم چاکسازییانە، دەسەڵات ڕێوشوێنێکی دانا بۆ چاودێری کردنی کاری ئەو نوسینگانەی، ئەویش بە چوونی چەند کەسێک بە شێوەی نهێنی و لە بەرگی هاوڵاتیدا بۆ ئەو نوسینگانە، کە ناونران "سەردانکەری نهێنی" ئەمانە کاریان لێکۆڵینەوە و چاودێری کردن بوو لە خزمەتگوزارییەکان و سەیرکردنی گەندەڵی لە هەردوو تۆمارەکاندا، هەروەها چاودێر بوون بۆ ئەوەی بزانن کارمەندان بە گوێرەی ڕێوشوێنە نوێیەکان کار دەکەن یاخود نا. لە تۆماری شارستانیدا ئەنجامی ئەم سەردانانە بە هەند وەردەگیرێت، ئەو کارمەندانەی ئیشوکارەکانیان بە ڕێکوپێکی ئەنجام ئەدا، دەستنیشان ئەکران و پاداشتیان پێ ئەدان. ئەوانەش، کە پێویستیان بە ڕاهێنان بوو، خولی ڕاهێنانیان بۆ ئەکرایەوە. هەندێ جار ئەو چاودێریانە ئەبوونە هۆی دەرکردنی کارمەند. هێڵێکی گەرمیش (تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ) دانرا بۆ هاوڵاتییان، کە ئاگاداریی کاربەدەستان بکەن لە کاری نایاسایی لەلایەن کارمەندانەوە. ڕێگەش خۆشکرا بۆ هاوڵاتییان، کە داوای لێکۆڵینەوە و سزادانی ئەو کارمەندانە بکەن، کە کاری نایاسایی دەکەن.

## تەکنەلۆجیای نوێ بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان

تەکنەلۆجیای زانیارییەکان (IT) کاریگەرییەکی دیار و بەرچاویان هەبوو لەسەر چاکسازییەکان. دە کەس لە شارەزایانی دانانی پرۆگرامی ئەلکترۆنی، پرۆگرامێکیان دانا بۆ تۆماری گشتی و چاودێری کردنی بەڵگەنامەکان بە ڕوونی و ئاشکرایی. وەکو ئیجایشفیلی وتی: "هەندێ لە پسپۆڕانی تەکنەلۆجیای زانیاری مووچەکانیان لە مووچەی من زیاتر بوو (بێگومان بەمە دڵخۆش نەبووم)" هەروەها وتی: "بەڵام ئەم کارە پێویست بوو بۆ پێشخستنی پرۆگرامەکان، بە گوێرەی ئەوە توانرا ڕێوشوێنی باش بگیرێتەبەر لە نووسینگە هەرێمییەکان، بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا بتوانن پەیوەندی بە 500

ڕێگەپێدراوی پرۆگرامەکانەوە بکەن، ئەم کارە ڕێگەیدا هاوڵاتییان بە ئاسانی بتوانن هەموو زانیارییەکیان دەست بخەن لە ڕێگەی: ناو، ناونیشان، کۆد، ژمارەی تۆمار و گەلێک ناونیشانی تر..."

پۆلاندنی تۆمارەکانی ئەرشیفی سۆڤیەتی کۆن و زانیارییەکانی تۆماری موڵک لە نووسینگەکانی تۆمارکردن کارێکی زۆر سەخت بوو. هەندێ جار زانیارییەکان لە ڕێگای مانگە دەستکردەکانەوە، نەخشە ژمارەدارەکان، زانیاری ڕووبەرەکان، زانیاری تر لە هەموو نوسینگەکانەوە بە وەزارەتی دارایی و تۆماری گشتییەوە بەسترانەوە، لە کاتێکدا لە نوسینگەی نیشتمانی تۆماری گشتییەوە ژمارەی ناساندنی هاوڵاتییەک، یان کۆمپانیایەک ئەنوسرێ، یەکسەر هەموو زانیارییەک لە تۆماری گشتیەوە دێتە بەردەست. لە ساڵی 2010 تۆماری هەموو کۆمپانیاکان بوون بە بەشێک لە نووسینگەی نیشتمانی تۆماری گشتی.

پاش ماوەیەک گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆجیای سەرەکی، چووە ناو تۆماری گشتییەوە. لە پێش چاکسازییەکان تەنها 10 کۆمپیوتەر کارەکانی تۆماری شارستانی ڕائەپەڕاند، کارتەکانی پێناسی شارستانی بە دەست ئەنوسران، یان بە تایپی کلاسیکی کۆن، بەڵام لە ئێستادا کارمەندانی نووسینگەکە کۆمپیوتەری تایبەتیان هەیە، کە بەستراونەتەوە بە تۆڕی نووسینگەوە و هەموو زانیاریی و چالاکییەکان تۆمار دەکات. هەموو نووسینگەکانی تۆماری شارستانی بە یەکترییەوە بەسترانەوە، بە شێوەیەک هەر هاوڵاتییەک ئەتوانێت لە هەر نووسینگەیەکی تۆماری شارستانی داوای زانیارییەکانی بکات، نەک تەنها لەو نووسینگەیەی خۆی تیا تۆمار کردووە. هەروەها دامودەزگا دیبلۆماسی و ناوەندە قونسوڵییەکان ئەتوانن پەیوەندییان بەو بنکەی زانیارییەوە هەبێت.

خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت پێشکەوتنێکی زۆری بە خۆیەوە بینی، هاولاتییەکی جۆرجی لە دەرەوەی ولات، بێ ئەوەی سەردانی قونسولیەت بکات. پاش ئەوەی لە ڕێگای وتوێژێکی ڤیدیۆییەوە پێناسەی خۆی ئەنێرێ و دەمووچاوی بەهۆی پرۆگرامەکانی وێنە و کۆمپیوتەرەوە ئەناسرێتەوە، ئەتوانێت پاسپۆرت بۆ خۆی بە دەستبهێنێت، هەروەها ئەو بەڵگەنامانەی، کە لە ساڵی 1993ەوە هەیە، هەموویان لەو پرۆگرامەدا دەست دەکەون، کە سەرجەمی ئەو بەڵگەنامانە نۆ ملیۆنن. بۆیە ئەو پرۆگرامە نوێیە دەتوانێت بە ئاسانی بەڵگەنامە ساختەکان کەشف بکات.

لە پێش ساڵی 2005دا 70%ی هاولاتییان پاسپۆرتەکانیان لە یەکێتی سۆڤیەت دەرکرابوو، زۆربەی خێزانەکانی جۆرجیا کاتێک یەکێکیان لێ ئەمرد نەئەچوون بەڵگەنامەی مردنی بۆ دەربکەن، گوایە ئەو کارە هیلاکییەکی زۆری ئەوێ، هەندێکیشیان لەبەر مانەوەی مووچەی خانەنشینی مردووەکانیان ئەو کارەیان نەئەکرد. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی 2011 یاسایەک دەرکرا و دامودەزگاکانی تەندروستی ڕاسپێردران بە نامەی ئەلکترۆنی ئاگاداری لە دایک بوون و مردنی هاولاتییان بکەنەوە، دواتر داوایان لێ کرا لە ماوەی 5 ڕۆژدا سەردانی تۆماری شارستانی بکەن. ئەگەر لەو ماوەیەدا ئەو کارە نەکەن ئەوا سزاکەی 500 لاری جۆرجییە.

بە مەبەستی چاکسازییەکان بەرنامەیەکی گەورە دەست پێکرا بۆ دروستکردنی فایلێکی ئەلکترۆنی، کە وێنە و زانیاری هەر هاولاتییەکی تیابێت، کارمەندانی تۆماری شارستانی دەستیان کرد بە گەڕانی دێ بە دێ و سەرجەم قوتابخانەکان، بۆ ئەم مەبەستە لە کاتی تۆمار کردنەکاندا کۆمپیوتەر و کامێرای تایبەتیان پێ بوو، هەروەها دەرکردنی پێناس بۆ هەموو کەسێک بێ بەرامبەر بوو. هەموو هاولاتییان ئاگادارکرانەوە ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا پێناسی یاسایی دەرنەهێنن، هەموو مافێکی هاونیشتمانییان لێ دەسەنرێتەوە،

ئێستا 97%ی دانیشتوانی جۆرجیا، پێناسی خۆیان هەیە. ئەم پێناسانە لەبری هەموو بەڵگەنامەکانی تر دانراوە، وەکو: بەیانی لەدایک بوون، ڕێگەپێدانی نیشتەجێبوون. ئێستا هەموو بەڵگەنامەیەکی کاغەزیی هاوڵاتییانی جۆرجی، لە داتاکانی کۆمپیوتەردا تۆمار کراون لە شێوەی دیجیتاڵ.

حکومەتی جۆرجیا لە مانگی نیسانی 2010 پاسپۆرتێکی دەرکرد، کە هەموو زانیارییە بایۆمەترییەکانی تێدایە، وەکو: وێنە، پەنجەمۆر، واژوو. بەو جۆرە توانرا 184,000 پاسپۆرتی دەربکرێ. ئەم پاسپۆرتانە پەیوەست کراوون بە پێناسە ئەلکترۆنییەکانەوە، کە لە هاوینی 2011ەوە ئەو کارە جێبەجێ کراوە، کە ئەبوو ئەو کارتە: واژوو، زانیارییە کەسییەکانی وەکوو، ناو، مێژوو و شوێنی لە دایک بوون، پەنجەمۆر، ئەکاونتی بانکی و زانیاری لەلایەن کارمەندانەوە، تێدا بێت. ئەم پێناسانە ئامێرێکە بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی گشتی، ئەم پێناسە نوێیانە بە زۆر بە خەڵکی دەرناهێنرێن، هەرچەندە کار بە پێناسە کۆنەکان ناکرێت.

### یەکخستنی چاکسازییەکان لە بواری خزمەتگوزاریدا

لە ساڵی 2011 حکومەت چوار هۆڵی خزمەتگوزاریی گشتی لە باتومی، کۆتایسی، میسیتیا و ڕوستافی، کردەوە. ئەمە تا ڕادەیەک لە نووسینگەکانی تاک پەنجەرەیی پێشکەوتوو تر بوون، بەوەی ڕێگا ئەدرا بە هاوڵاتییان، کە بچن بە دوای خزمەتگوزارییەکانیانەوە لە ڕێگەی نووسینگە جیاوازەکانەوە. بە گوێرەی کاروباری ئەم هۆڵانە، هاوڵاتییان ئەتوانن تۆماری موڵک، کۆمپانیا، دەرهێنانی پێناس، پاسپۆرت، بەڵگەنامەی لە دایک بوون و مردن، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی دادنووس، هەموو ئەمانە لە یەک شوێندا ئەنجام بدەن. هەندێ شوێنیش دانرابوو بۆ خزمەتگوزارییە خۆییەکان، کە کارەکانیان ئاسانترە. هەروەها ڕێگا پیشانی ئەو خەڵکانەی ئەدرا، کە بچن بۆ ناوچەی

خزمەتگوزارییە بە پەلەکان، بۆ پرسیاری ئاسان. بۆ ئەو مەبەستە، کارەکانیان لە ماوەی پێنج دەقیقەدا جێبەجێ دەکرێت. هەر یەکێک لەو هۆڵانە بە جوانترین شێوە ڕازێندراونەتەوە، شوێنی تایبەت بۆ منالآن دروست کراوە، بۆ ئەوەی کاتێک دایک و باوکان خەریکی کارەکانیانن، سەرقاڵی منداڵەکانیان نەبن، جێگەی حەوانەی تایبەتی تیایە و بە ئاسانی ئەتوانی ئەنتەرنێت بەکاربهێنیت. سەرەتا لەبەردەم دەرگاکە کارمەندێک پێشوازیت لێ دەکات و ڕێگاوشوێنت پیشان ئەدات، بۆ ئەو جێگەیەی کارەکەتی لێیە. دواتر هەندێ کارمەند وا ڕاهێنراون نەک تەنیا بۆ تەکنەلۆجیای کارەکان، بەڵکو بۆ دروستکردنی خۆشەویستی و هاوکاری و بەدەمەوەچوونی یەکتری، هاوکار بن. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە بیرۆکەی هۆڵەکانی خزمەتگوزارییە گشتیەکانە، کە لە ئەنجامی سەردانێکی وەزیری داد دروست کراون، کە بە چاوی خۆی دیویەتی، پێویستە ئەو نوسینگانە چۆن خزمەتگوزارییەکانیان پێش بخەن و نەهێڵن کاری خەڵکی دوابخرێ و کارە بیرۆکراتییەکان وا لێ بکەن کەمتر عەزیەتی خەڵکی بدەن.

### سوودوەرگرتن لە شارەزاییە نێودەوڵەتییەکان

سەبارەت بەو یاسایانەی بۆ تۆماری گشتی لەو وڵاتی جۆرجیا دانراوە، سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەرگیراوە، لەوانەش وڵاتی لیتوانیا. هەروەها بۆ وەرشەکانی کاری نێودەوڵەتیش بە هەمان شێوە سوود لەو کۆمەڵگایانەی یارمەتی پێشکەش دەکەن، وەرگیراوە. چاکسازییەکان گرنگییەکی وایان پێ درا، کە سوود لە بانکە نێودەوڵەتییەکان و کەرت و دەزگا تایبەتییەکانی دەرەوە وەربگرن. ئیجایشفیلی ئەڵێ: "چاکترین زانیاریمان وەرگرت و لە هەموو کەسێکەوە فێربووین، بەڵام بە تەواویی کۆپی هیچ ڕژێمێکمان نەکردووە، چونکە بەرچاوڕوونی خۆشمان کاریگەریی هەبوو".

چاکسازکارەکانی تۆماری شارستانی پەنایان بردە بەر راوێژکارە نێودەوڵەتییەکان، کە بریتی بوون لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، سەردانی کردن بۆ دەوڵەتانی بەلقان و ئەوروپا، کارمەندە جۆرجییەکان هەموو ڕێگاوشوێنە باشەکانی کارکردنیان بە لێکۆڵینەوە دەستکەوت. یەکێتی ئەوروپا ڕاوێژکارێکی هەنگاری بۆ دانان، کە لەگەڵ تیمێک لە پارێزەرە جۆرجییەکان سەردانی نووسینگە ناوخۆییەکانی جۆرجیایان کرد، بۆ ئەوەی بزانن، ئایا نووسینگەکانی تۆماری شارستانی پێویستیان بە چ چاکسازییەکی نوێ هەیە. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕاوێژکارە ئەوە بوو، کە چۆن بتوانن چەندەها نووسینگەی دوور لە دەستی گەندەڵی دروست بکەن، بۆ ئەوەی کارەکانیان وەکو دەزگا بازرگانییەکان بەرن بەڕێوە، نەک دەزگا بیرۆکراتییە حکومییەکان.

ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە پێویستی بە چەند ساڵێک هەیە بۆ جێبەجێکردن، بەڵام ئەم تیمە ڕۆژانە بۆ ماوەی 12 سەعات کاریان ئەکرد. لە دوای ماوەیەک چاوپێخشاندنەوەیەکی پێدا کرا و هەندێ گۆڕانکاری نوێی تر کران. چونکە ئاسان نەبوو پەرەبدرێ بە پرۆگرام کردنی کارەکان و جێبەجێکردنی کڕینی کەلوپەل و دانانی ڕێگاوشوێنی یاسایی زۆر بەپەلە سەبارەت بە دەرهێنانی پاسپۆرت. هەروەها دانانی داتایەک بۆ زانیارییەکان بەو خێراییە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ئەو ڕێوشوێنەی، کە لە پێشوودا دانرابوو، زۆر ڕێوشوێنێکی پێشکەوتوو نەبوو.

### هەڵسوکەوت لەگەڵ جەماوەر

وریا کردنەوەی خەڵک بەشێکی گرنگ بوو لە پرۆسەکانی چاکسازی. ئەمە پێویستی بە چەندین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەبوو، بۆ ئەوەی ئەو خزمەتگوزارییە نوێیانە بۆ خەڵک ڕوون بکرێنەوە و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی

بەرچاوڕوونکردنەوە بۆ خزمەتگوزاریی گوندەکان و قوتابخانەکان، چاپ بکرێت. پێویست بوو کۆبوونەوە لەگەڵ هاوڵاتییان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگەوشوێنانەیان بۆ روون بکرێتەوە و بتوانن ئەو زانیارییانە وەربگرن. لە پێشدا هەڵوێستی ڕاگەیاندنەکان لەبارەی چاکسازییەوە خراپ بوون. لە ساڵی 2005دا پاش ماوەیەکی کورت لە چاکسازییەکان، خەڵکیی بە ڕیزی درێژ لە نوسینگەکانی جێبەجێکردن ئەوەستان بۆ وەرگرتنەوەی پێناس و پاسپۆرتەکانیان، کە ئەمە هاوڵاتییانی بێزار کردبوو، بۆ ئەم مەبەستە کارمەندە نوێیەکان باش ئامادە نەکرابوون، تا بتوانن کاروبارەکان جێبەجێ بکەن. لەناو خەڵکدا وا بڵاوبووەوە، کە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی بەپەلە بڵاو دەکرێتەوە، ئەمەش بەرامبەر وەرگرتنی بڕێک پارەی کەم بوو، بەڵام زۆربەی هاوڵاتییان لەوە ئەترسان دوای شەش مانگی تر کارمەندان بە هەمان شێوە دەست بکەنەوە بە گەندەڵییەکەی جارانیان. لە کاتی هەڵبژاردنەکەی ساڵی 2008، کە هەندێک ڕەخنەی لەسەرە، حکومەت ڕێگاوشوێنی ڕاگەیاندنی چاکسازییەکانی بۆ خەڵک باشتر کرد. بە گوێرەی وتەی "لیلی بیکیاشفیلی" جێگری سەرۆکی دەزگای خزمەتگوزاری داهاتەکان، کە دەڵێ: "لە دوای هەڵبژاردنەکان بە ئاشکرا بۆ حکومەت دەرکەوت، کە بەبێ زانیاری گشتی، یان بەبێ هەڵمەتی راگەیاندن بۆ ئەو مەسەلانە، لەوانەیە ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستمان هێناوە، بدۆڕێنین، بۆیە ئێستا میوانداری بەرپرسە حکومییەکان بۆ بۆنە گشتییەکان دەکرێت، بۆ ئەوەی باسی ئەو خزمەتگوزارییە نوێیانە بکرێ. هەروەها سوود لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ئینتەرنێت وەرئەگیرێ بۆ ڕوونکردنەوەی جۆری چاکسازییەکان بۆ جەماوەر".

ڕاوێژکاری تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان لە هەموو وەزارەت و دامودەزگا حکومییەکان هەیە، کە کاری ئەم ڕاوێژکارانە بریتیە لە بەدواداچوونی بەردەوام لەسەر چاکسازییەکان، بەڵام هێشتا توانستی

ڕوونکردنەوەی زۆریان سەبارەت بە پرۆژەکان و ڕێگاوشوێنی پێدانی مۆڵەت و ڕێگەپێدانەکان نییە.

**ئەنجامەکان**

ئەنجامی چاکسازییەکان لە تۆماری گشتی و شارستانی زۆر بە ئاشکرا بۆ هەموو هاوڵاتییەک ڕوون بۆتەوە. گێرەشێوێنی نەماوە، خەڵکانی بێ توانا و کارمەندی خزمەتگوزارییەکان ناچار کران لە نووسینگەکانی خۆیاندا بە خێرهاتنی خەڵک بکەن، ئەو نووسینگانەی بە باشی ڕوونکراونەتەوە و بەپیر خەڵکەوە دەچن. بەرتیل وەرگرتن باوی نەماوە. چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکان ڕوون و ئاشکرا بوون، ئەو برە پارەیەی بەرامبەر کارەکان وەرئەگیرێت زۆر بە ئاشکرا ئەزانرێ، کە چەندە و چۆنیش لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بدرێ. ئەم کارانە بوونەتە هۆی دەستکەوتنی کۆمەڵێک ئەنجامی باش.

**دانانی ڕێگەوشوێنێکی نوێ بۆ تۆماکردنی موڵک**

ڕێگاوشوێنێکی ڕێکوپێک سەبارەت بە تۆمارکردنی مافی موڵکایەتی، دانرا. باوەڕی خەڵکی بەم ڕێگاوشوێنە نوێیە، بەوە دەرکەوت، کە خەڵکی زۆر زیاتر لە جاران و بەتایبەت لە دوای ساڵانی 2003-2010 موڵکەکانیان تۆمار دەکەن. بڕوانە (**خشتەی 7. 1**)

**زۆربوونی تواناکانی کار**

کات، هەوڵدان، پارەدان بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەوە. تۆمارکردنی موڵکێک لە ساڵی 2005دا 39


ڕۆژی ئەویست، ئێستا بە 2 ڕۆژ جێبەجێ دەکرێت، پێش چاکسازییەکان ئەو بڕە پارەیەی بۆ جیبەجێ کردنی کارەکانی تۆماری موڵکێک وەرئەگیرا 2.5%ی نرخی موڵکەکە بوو، بەڵام ئێستا بۆ هەمان کار 0.1%. هەروەها ئەو هەنگاوانەی پێویست بوون بۆ تۆمارکردنی موڵک لە 8 هەنگاوەوە بوو بە 1 هەنگاو. لە ئەنجامی ئەم کارەوە، ئێستا وا باسی وڵاتی جۆرجیا دەکرێت، کە یەکەم دەوڵەتە لە جیهاندا سەبارەت بە ئاسانکاریی تۆماری موڵک، بە گوێرەی (World Bank, Doing Business 2012) ئەو هۆڵانەی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییە نوێیەکان دانرابوون و لەناو یەک هۆڵدا کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکرێت، هەروەها دەتوانرێ ئەوانەی لە دەرەوەی جۆرجیا دەژین، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە زۆربەی خزمەتگوزارییەکانیان بەدەست بهێنن. ئەم چاکسازییانە سەبارەت بە توانستی ئەنجامدانی کارەکان، بووە هۆی دابینکردنی پێویستی ناوخۆیی و بەرزبوونەوەی داهاتەکان. وای لێهات توانای جێبەجێکردنی باشترین خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات لە بوارەکانی: دارایی، چاکردنی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان. ئەم نموونەیە لە نێوان ساڵانی 2004-2006 بووە هۆی بەرزبوونەوەی بوودجەی تۆماری گشتی لە 300,000 بۆ 7,000,000 دۆلاری ئەمریکی. ئەم بڕە لە ساڵی 2011دا بوو بە 25,000,000 دۆلاری ئەمریکی.

## باوەڕهێنان بە تۆمارەکان

باوەڕکردن بە تۆمارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، ڕاپرسییەکی گشتی، کە لە ساڵی 2004دا کرا 97%ی هاوڵاتییانی جۆرجیا لەو باوەڕەدان، کە تۆماری شارستانی یەکێکە لە دەزگا هەرە گەندەڵەکانی وڵات. لە ڕاپرسییەکی هاوشێوەدا لە ساڵی 2006 بە ئاشکرا پێچەوانەی ئەمە دەرچوو،

چونکە 97%ی هاوڵاتییانی جۆرجی پێیان وابوو لەو دەزگایەدا گەندەڵی بوونی نییە. لە ڕاپرسیەکی "گواستنەوەی ژیان" لە ساڵی 2010 دەریخست 1%ی ئەوانەی پرسیاریان لێ کراوە، لەو باوەڕەدان، کە پێویستە هەندێ پارە بدرێ بەرامبەر وەرگرتنی بەڵگەنامەکان. لە کاتێکدا لە یەکێتی ئەوروپاش هەمان ئەو ڕێژەیە بوونی هەیە. (World Bank and EBRD 2011).

**خشتەی 7. 1:** زۆربوونی ژمارەی تۆماری موڵک لە نێوان ساڵانی 2003-2010




**سەرچاوە:** دەزگای نیشتمانی بۆ تۆماری گشتی

**بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە**

چاکسازییەکانی تۆماری گشتی و شارستانی، بیروبۆچوونێکی نوێیان لە بارەی خزمەتگوزارییەوە بۆ خەڵک ڕوون کردەوە. پاش بەهێزکردنی بوودجە حکومەت دامودەزگاکانی ناچار کرد خۆیان پێویستی دارایی خۆیان دابین بکەن.


چاکسازییەکان بووە هۆی لابردنی ژمارەیەک لە کارە لاوەکییەکان، کە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ و پێکەڵ بووبوو. بەم شێوەیە ڕێگری کرا لە دامودەزگاکانی چاودێری سوودوەرگرتن زەویی، ئینجا خزمەتگوزارییەکانی تریش، وەکو: تەماشاکردنی ڕووبەری زەوییەکان، بۆ مامەڵەی نووسینگەکان جێبەجێ کران، هەندێک جاریش راگیران. سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیا بە جیاکردنەوەی کارمەندەکانی پێشەوەی نووسینگەکان لەگەڵ ئەوانەی پشتەوە. کاریگەریی نووسینگەکانی پشتەوەی لە تۆمارکردندا نەهێشت. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی هیچ پێویستییەک بۆ بەرتیلدان نەمێنێت. بەخشینی مووچەی بەرز و پاداشتی باش و سوودوەرگرتن لە "سەردانکەرانی نهێنی" بووە هۆی دابەزینی گەندەڵی. هەر لەو کاتەشدا بەرزبوونەوەی کاریگەری کارمەندان لەسەر دامودەزگاکانی خۆیان بە بەدەستهێنانی نیمچە سەربەخۆییەک لە وەزارەتەکانیان و بەرزبوونەوەی بەرپرسیارێتییان بۆ پێشکەشکردنی چاکترین خزمەتگوزاری بووە هۆی بەرزکردنەوەی داهاتەکان. هەروەها دەستنیشانکردنێکی ڕوون و ئاشکرای کات و ئەو باجانەی ئەدرێن بە حکومەت. دانانی هێڵێکی گەرم (تەلەفۆنی ڕاستەخۆ) بۆ ئاگادارکردنەوە لە کارە نابەجێکان. سەرجەم ئەمانە بوونە چاکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان حکومەت و دامودەزگاکانی تۆمارکردن لەگەڵ هاوڵاتییان. بڕوانە (**خشتەی 7. 2**)

**ئەنجامەکان**

دەرکەوتنی چاکسازییەکانی تۆماری گشتی بە ئاشکرا ڕوون بووەوە، ئەمە پاش ئەوەی ڕوبەڕوبوونەوەیەکی پاک لە نێوان هاوڵاتییان و حکومەت دروست بوو. لەگەڵ دروستکردنی دامودەزگای ئاڕاستەکراو بۆ ئەم مەبەستە و ڕێگرتن لە چاوپۆشییەکانی گەندەڵی، کە ئەمە بووە هۆی چاکسازیی لە

خزمەتگوزارییەکاندا. هەروەها سەربەخۆیی دارایی دامودەزگاکان، مووچەی بەرز، بەخشینی پاداشت، ڕاهێنانی پێویست، هەموو ئەمانە بوونە هۆی چاکسازی لە تۆمارەکاندا. چاکردنی مووچە نوێیەکان لە دامودەزگاکاندا ڕێخۆشکەر بوو بۆ کێبڕکێی دانانی کارمەندی بە توانا. ئەمە ئاسانکاریش بوو بۆ ئەو ڕێگرییانەی ئەکرایە سەر توانای کارمەندان. چەند خاڵێکی تریش بوونە هۆی چاکسازی، کە بریتی بوون لە ئاسانکاری و جێبەجێکردنی کارەکان و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ بە شێوەیەکی بەربڵاو.

**وێنەی 7. 2:** چوارچێوەی لێپرسینەوە لە تۆماری گشتی و شارستانی




**سەرچاوە:** دانەرەکان

# بەشی هەشتەم

## ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی لە تاقیکردنەوە و وەرگرتنی خوێندکارانی زانکۆ

## بارودۆخی گشتی لە ساڵی 2003

لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، هاوکاریی دارایی بۆ پەروەردەی وڵاتی جۆرجیا، دابین نەئەکرا. لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی گوڵەکاندا هەموو دامودەزگاکانی خوێندن کێشەی نەبوونی کتێب و مامۆستای بە توانای هەبوو، ژێرخانی دامودەزگاکانی پەروەردە بەرەو پوکانەوە ئەچوو. مووچەکان زۆر کەم بوو، لە ساڵی 2002دا مووچەی مامۆستایەکی بە توانای زانکۆ 60 لاری جۆرجی بوو، ئەم مووچەیە کەمتر بوو لە نیوەی پێسویستییەکانی ژیانی ئەو مامۆستایە لە مانگێکدا، بۆیە لەم بوارەشدا بەرتیلدان ڕێگایەکی پەسەند بوو بۆ جێبەجێکردنی ناتەواوییەکان ژیانیان.

خوێندکارەکان بەرتیلیان ئەدا بەرامبەر: وەرگرتنیان لە زانکۆکان، دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان، وەرگرتنی بڕوانامە زانکۆییەکان. سەرەڕای ئەم لاوازییەی شێوازی خوێندن، کە زۆر بە ناڕێکوپێکی بەڕێوە دەچوو، هێشتا خەڵک هەوڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەدا، چونکە بەو بڕوانامەیە پلەوپایەی دیاری لەناو کۆمەڵدا دەست ئەکەوت و ڕێگەیەکی باشیش بوو بۆ بەدەستهێنانی کارێک.

ڕێوشوێنی وەرگرتن لە زانکۆکاندا گەورەترین بوار بوو بۆ گەندەڵی لە خوێندنی باڵادا. خۆی لە ڕاستیدا وەرگرتن لە زانکۆ بە گوێرەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی زانکۆکان بوو، بەڵام لە ڕاستیدا پشت بەستن بە واستە گەورەترین کردە بوو بۆ وەرگرتن، هەروەها سەرۆکی زانکۆکان بە ئاسانی کوڕ و کچی سیاسییەکانیان بەرامبەر بە پشتگیری کردنیان وەردەگرت، هەندێکیش لە خوێندکارەکان بەرتیلیان ئەدا بە مامۆستا زۆر نەناسراوەکانی زانکۆ، یان کارمەندانی ئەو قوتابخانانەی پارەیان ئەگەیاندنە ئەو کارمەندانەی

لە زانکۆکان کاریان دەکرد و نزیک بوون لە لیژنەکانی تاقیکردنەوەوە. بەڵام خوێندکارە بە تواناکان تاقیکردنەوەکانیان بە ئاسانی و بە هەوڵی زانیاری و توانای خۆیان ئەبڕی، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران پشتیان بە بەرتیلدان ئەبەست. دروستبوونی دامودەزگا تایبەتەکان، کە لەم دواییانەدا دروست کران (کارخانەی بەخشینی بڕوانامە) جاری وا هەبوو ئەم جۆرە کارانە لە ئاپارتمانێکی بچووکدا ئەکرا، کە تەنها یەک مامۆستای زانکۆ سەرپەرشتی دەکرد.

ئەو بەرتیلەی، کە ئەدرا لە 8,000 بۆ 30,000 دۆلاری ئەمریکی بوو، ئەمەش بەپێی باش و خراپی ئەو شوێنەی لێی وەرئەگیرا، ئینجا نرخەکەی دیاری دەکرا. لە ڕاپرسییەکی ساڵی 2004دا بە ناوی ڕاپرسی ڕۆستاشفیلی (Rostuashvili 2004) دەرکەوتبوو، کە زۆرترین بەرتیل بۆ چوونە کۆلێجی ماف و پزیشکی بووە. زۆربەی خوێندکاران بڕێک پارەی نایاسایی، کە لە نێوان 5,000 بۆ 15,000 دۆلاری ئەمریکی ئەدا بەو مامۆستایانەی یارمەتییان ئەدان بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆدا هاوکاریان بن، لە کاتێکدا ئەو مامۆستایانە خۆیان لە لیژنەی تاقیکردنەوەکانی زانکۆدا کاریان ئەکرد. هەر ئەوان بوون پرسیاری تاقیکردنەوەکانیان دائەنا و هەر خۆشیان تەسحیحان ئەکرد. هەندێ جار قوتابییەکان هەر ئەوەندەیان بەرتیل ئەدا، کە تەنیا نمرەی پەڕینەوەیان دەست بکەوێ بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و هیچی تر. زۆرجار لە تاقیکردنەوەکانیان و وەڵامی پرسیارەکانیاندا هەندێ وشەیان ئەنووسی وەک ئاماژەیەک بۆ ناسینەوەی خوێندکارەکە، چونکە ناوەکانیان لەسەر دەفتەری تاقیکردنەوەکانیان نە ئەنوسرا. بەرتیلدان لەم بوارەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەنجام ئەدرا. تەنانەت بێجگە لەناو زانکۆ، بەڵکو لە دەرەوەی زانکۆش مامەڵەی پێوە دەکرا (دەگێڕنەوە، کە ژنێکی بە تەمەن لەبەردەم دەرگای دەرەوەی زانکۆ دەوەستا، لەو کەسانەی دەپرسی، کە

له‌وێوه تێده‌په‌ڕین و داوای لێ ده‌کردن یه‌کێکی بۆ بدۆزنه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی کوڕه‌زاکه‌ی به به‌رتیل له زانکۆ وه‌ربگیرێ) ڕژێم بوارێکی زۆر که‌می ئه‌ڕه‌خساند بۆ خێزانه ده‌ستکورته‌کان، به‌تایبه‌تی هه‌ندێک له ناوچه هه‌ژاره‌کان. هه‌ندێ جاریش ئه‌و خوێندکارانه‌ی له خێزانی مامناوه‌ندی تبلیسی بوون، ئه‌بوایه هه‌ڵبژارده سه‌ره‌کییه‌که‌ی خۆیان بۆ زانکۆ بگۆڕن، ئه‌مه له کاتێکدا ئه‌گه‌ر نه‌یانتوانیایه به‌رتیلی پێویست بده‌ن به مامۆستاکان، بۆ ئه‌وه‌ی به‌شداریی ئه‌و ململانێیه بن، که ئه‌یانه‌وێ. له سه‌ره‌تای ساڵی 2000دا ناڕه‌زایی خه‌ڵک له ڕژێم زۆر په‌ره‌ی سه‌ند، به‌ڵام هیچ گۆڕانکارییه‌ک ڕوویه‌نه‌دا، ئه‌و که‌سانه‌ی ده‌سه‌ڵاتیان به‌ده‌ست بوو، به هیچ جۆرێک نه‌یانئه‌ویست گۆڕانکاری بکه‌ن. خێزانه هه‌ژاره‌کان، به تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی له هه‌رێمه‌کان ئه‌ژیان، ئه‌مانه هیچ کاریگه‌رییه‌کیان نه‌بوو. له ساڵی 2002دا حکومه‌ت بڕیارێکی ده‌رکرد به ناوی "ئاڕاسته سه‌ره‌کییه‌کانی په‌ره‌پێدانی خوێندنی باڵا له جۆرجیا" به گوێره‌ی ئه‌م بڕیاره، دانیان به‌وه‌دا نا، که کێشه‌کان بوونه‌ته هۆی گه‌نده‌ڵی، هه‌روه‌ها خوێندکاره ده‌وڵه‌مه‌نده‌کان له‌پێش هه‌ژاره‌کانه‌وه‌ن. له‌و بڕیاره‌دا داوا کرابوو تاقیکردنه‌وه‌کان ڕوون و ئاشکرا بن و هه‌وڵی هاوکاری خوێندکاره هه‌ژاره‌کان بدرێ و ئه‌و ڕێگاوشوێنانه ئه‌نجام بدرێ، که ئه‌بێته هۆی دانپێدانانی نێوده‌وڵه‌تی به زانکۆکاندا. هه‌روه‌ها زامکۆ به شێوه‌یه‌ک به‌ڕێوه‌ببردرێت، که خوێندنی باڵا باشتر بکرێت، به‌ڵام به‌داخه‌وه ئه‌و بڕیاره سه‌رینه‌گرت، چونکه له هیچ لایه‌که‌وه په‌یڕه‌و نه‌کرا.

له‌و کاته‌دا ژماره‌ی دامود‌ه‌زگاکانی خوێندنی باڵا له 26 ده‌زگای گشتییه‌وه (له‌گه‌ڵ 18 لقدا) به‌رز ببووه‌وه بۆ 235 ده‌زگا. له ساڵی 2002دا ڕێگه‌درا 209 زانکۆی تایبه‌تی نوێ بکرێنه‌وه، ئه‌م ژماره زۆره‌ی زانکۆکان، که خوێندن تیایدا لاواز بوو، ڕێوشوێنی به‌ڕێوه‌بردنه‌کانیان ڕوون نه‌بوون و ببوونه هۆی دڵه‌ڕاوکێی جه‌ماوه‌ر. به‌م شێوه‌یه هیچ که‌سێک نه‌بوو

بەرپرسیارێتی ئەوە بگرێتە ئەستۆ، کە ڕێوشێوێنێکی نوێی باوەڕپێکراو بۆ ئەم زانکۆیانە دابنێ.

## چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003

لە ساڵی 2004 یاسایەکی نوێ بۆ چاکسازی لە خوێندنی باڵادا، دەرکرا. کە بریتی بوو لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و دابینکردنی دارایی و دانپێدانانی زانکۆکان. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم یاسایە هەوڵیدا تاقیکردنەوەکانی وەرگرتنی خوێندکار بە ئاشکراو بە ڕوونی ئەنجام دەدا. هەمان ساڵ بەرپرسانی دەوڵەت داواکارییەکانی جەماوەریان پەسەند کرد. بەم کارە سەرۆکی زانکۆی تبیلیسی ناچار کرا دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەمە لە ئەنجامی ئەو شێوازی بەڕێوەبردنە بوو لە کارەکانیدا، کە نیشانەیەکی بەهێز بوو بۆ هەموو ئەوانەی لە ئەکادیمیاکاندا کاریان دەکرد. بەم هۆیەوە هاوڵاتییان بۆیان دەرکەوت ئەم دەسەڵاتە نوێیە بڕیاری چارەسەری کێشەکانی گەندەڵی داوە. پاشان داوای دەستلەکارکێشانەوەی هەندێکی تر لە بەرپرسانی خوێندنی باڵا، کرد. بۆ ئەوەی سوود لە ئەم حکومەتە نوێیە وەربگیرێ، کە لەناو خەڵکدا ڕێزی لێ دەگیرا، بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتێکی سیاسیی بەهێز بۆ بەرپرسە باڵاکان. "ئەلیکسەندەر کاخو لۆمایا" وەزیری پەروەردە و زانست، کە تازە دەستبەکار بوو بڕیاریدا بەپەلە چاکسازیی لە وەرگرتنی خوێندکارانی زانکۆدا بکات. ئەم کارەی لە دەسەڵاتەکەی پێشوودا زۆر لاواز بوو. بە پێی ئەوەی بڕیاردرابوو چاکسازیی لەم بوارەدا لە نێوان ساڵانی 2006-2007 ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەم وەزیرە بڕیاریدا، کە ئەو چاکسازییانە لە یەک کاتدا و لە ساڵی 2005 ئەنجام بدا. ئەو چاکسازییانەش بریتی بوون لە چوار خاڵی سەرەکی:

- **تاقیکردنەوەی مەرکەزی، بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان.**
- **دانانی ڕێوشوێنێکی باوەڕپێکراو لە کەشێکی هێمندا، سەبارەت بە تاقیکردنەوەکان.**
- **چاکردنی توانای دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا.**
- **بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا.**

**تاقیکردنەوەی مەرکەزی، بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان**

پاش تێپەڕبوونی ساڵ و نیوێک بەسەر خۆئامادەکردنێکی بەرفراوان، یەکەمین تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆکان بە شێوەیەکی مەرکەزی لە تەمووزی 2005 ئەنجام درا. تاقیکردنەوەکان سێ مادده بوون. ئەوانیش بریتی بوون لە زمانی جۆرجی، وێژە، بیرکاری و زمانە بیانییەکان. هەروەها تاقیکردنەوەی توانا گشتییەکان ئەنجام درا، یەکەمیان بۆ ئەوەی بزانرێ ئاخۆ توانای تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەیان تا چ ڕادەیەکە. دوەمیان بۆ ئەوەی ڕێگە بەو قوتابخانانە نەدرێ، کە پێشکەوتوو نین و بگەیەنرێنە ئاستی قوتابخانە پێشکەوتووەکان. بۆیە خوێندکار بە گوێرەی بەرزترین نمرەکەی، کۆلێجێکی بۆ دیاری دەکرا.

پێش چاکسازییەکان هەر زانکۆیەک تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی هەبوو، کە ئەمە ئاسانکاریی بۆ گەندەڵی ئەکرد. ئەوانەی سەرپەرشتی چاکسازییەکەیان ئەکرد، دەزگایەکیان دروست کرد بە ناوی **"ناوەندی نیشتمانی بۆ تاقیکردنەوەکان"** ئەم ناوەندە ئامادەکاریی و چاودێریی تاقیکردنەوەکانی زانکۆی لەسەرجەم وڵاتی جۆرجیادا لە 14 ناوەند ئەنجامدا. هەروەها ڕێگە نەدرا بە مامۆستایانی زانکۆ بەشداریی لە ئامادەکردنی

تاقیکردنەوەکان و تەنانەت نمرە دانانیشدا بکەن. ڕێگاوشوێنی تاقیکردنەوەکان بە شێوەی تاقیکردنەوە ڕۆژئاواییەکان ڕێکخران، لەوانە دەوڵەتانی: بەڵتیق، ئیسرائیل، سوید، بەریتانیا و ئەمریکا. ئەمانە بە نموونە وەرگیران. هەر ئەمە بووە هۆی جێگیربوونی باوەڕ و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی پڕووپاگەندەی درۆ. کارمەندانی ناوەندنی نیشتمانی بۆ تاقیکردنەوەکان سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی پەیوەندییان بە ڕێگەوشوێنە نوێیەکانەوە هەیە، سەردانی سەرجەم ناوچەکانی جۆرجیایان کرد، هەروەها زانیارییان سەبارەت بە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییانە پێ ئەدرا.

باوەڕکردن بەو سیستەمە تازەیە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ڕەخنە و دڵەڕاوکێکان تەنها لە کارمەندانی زانکۆکانەوە نەبوو، کە بەرژەوەندییەکانیان پەیوەست بوو بەو سیستەمە کۆنەکەی پێشوو، بەڵکو ڕەخنە و دڵەڕاوکێش لەلایەن خوێندکاران و کەسوکاریانەوە پەیدا ببوو. کار گەیشتە ئەوەی دڵەڕاوکێ کەوتە نێوان ئەوانەی ئامادەش بوون بۆ گۆڕانکارییەکان. هەندێک لە بەڕێوەبەرانی زانکۆکان، حکومەتیان بەوە تاوانبار کرد، گوایە دەستیان لە خاکی نیشتمان هەڵگرتووە، چونکە مێژووی جۆرجیا نەخراوەتە ڕیزی تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن.

یەکێک لە نارەزاییە ترسناکەکان، مانگرتنی 180 خوێندکار بوو لە خواردن بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک. بە گوێرەی یاسا کۆنەکان ئەو خوێندکارەی خوێندنی لە کۆلێجێکی دیاریکراودا بە سەرکەوتوویی بڕیبێت، دواتر لە یەکێ لە زانکۆ پزیشکییەکانی حکومەت وەردەگیرێ، بەڵام بە گوێرەی ئەم یاسا نوێیە دەبوایە ئەو خوێندکارانە بە سەرکەوتوویی تاقیکردنەوەی مەرکەزی ببڕن، ئینجا بەپێی نمرەکەی ئەتوانێت لە زانکۆی پزیشکی وەربگیرێت. لەبەر ئەوەی بڕی ئەو پارەیەی لەم کۆلێجە وەردەگیرا زۆر بەرز بوو، بۆیە زۆربەی

ئەو خوێندکارانەی وەردەگیران لە کوڕ و کچانی دەسەڵاتدارەکان بوون. لەبەر ئەمە فشاری سیاسی لەسەر ئەم کێشانە زیاتر بوون و کار گەیشتە وتوویژێکی سەخت لەناو پەڕلەماندا، تا لە دواییدا چاکسازخوازەکان توانییان چارەسەرێکی شیاوی بۆ بدۆزنەوە.

### دانانی ڕێوشوێنی تاقیکردنەوەکان لە کەشێکی هێمندا

بۆ لەناوبردنی گەندەڵی و بنیادنانی باوەڕی گشتی و کۆکردنەوەی پشتگیریی خەڵک سەبارەت بە چاکسازییەکان، گرنگترین کارێک پاراستن و هێمنی بارودۆخەکە بوو. پرسیاری تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لە چاپخانەی زانکۆی کامبریدچ لە ئینگلتەرا چاپ کران. ئەو پرسیارانە بە مۆرکراویی ئەگەیشتنە جۆرجیا و بە ئۆتۆمبێلی پۆلیس ئەبرانە گەنجینەکانی بانکی نیشتمانی، پرسیارەکان لەو گەنجینەیەدا هەڵدەگیران تا کاتی تاقیکردنەوەکان. بڕیاری دانانی 700 چاودێری ناوخۆیی لەسەر ئاستی هەرێمەکان و 72 چاودێری لەسەر ئاستی جۆرجیا و 20 چاودێری بیانی بۆ چاودێری کردنی تاقیکردنەوەکان، درا. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی چاودێری کردەکەیان دەکرد. هەروەها 470 ئەفسەری پۆلیس و 34 پزیشک ئامادەباشییان کرد بۆ پارێزگاری کردن لە چاودێری تەندروستی قوتابیان. ڕاهێنانی تایبەتی دەکرا بۆ چاودێری تاقیکردنەوەکان، بۆ ئەوەی بتوانن ئەوانەی قۆپیە دەکەن، بە ئاسانی بدۆزرێنەوە. وەرەقەی تاقیکردنەوەکان بارکۆدی بۆ دانرابوو، ئەم بارکۆدە لەبری ناوی خوێندکاران بوو، بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارە لە کاتی نمرە دانان‌دا نەناسرێتەوە. کامێرای تەلەفزیۆنی داخراو لە هۆڵی تاقیکردنەوەکاندا دانران، بۆ ئەوەی کەسووکاری خوێندکاران لە ژوورەکانی چاوەڕوانیدا چاویان بە نەوەکانیان بکەوێت. هەروەها وەڵامە راستەکان سکان دەکران و لەسەر ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت

بڵاودەکرانەوە. ماڵپەڕێکی تایبەتیش دانرا بۆ ئەو کەسانەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ناڕازین.

## چاکردنی توانای دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا

ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ چاکردنی توانای دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا ئەنجام دران، بەشێک بوو لە قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە تاقیکردنەوەکانی خوێندنی زانکۆدا، هەر ئەمە یارمەتی دەرێک بوو بۆ ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە نوێیەکان. ئەو ڕاستگۆیی و چاکسازییانەش بە سێ ڕێگا ئەنجام دران:

**یەکەم:** لە ساڵی 2005دا وەزارەتی پەروەردە و زانست هەستان بە پڕۆسەیەکی گرنگ، بۆ ئەوەی ئەو دامودەزگایانەی ڕێکوپێک نین لە خوێندنی باڵادا لاببەن. بۆیە دەستیان کرد بە کەمکردنەوەی زانکۆکان لە 237 زانکۆوە بۆ 43 زانکۆ. هەروەها لە هەموو ڕوویەکەوە دەستیان کرد بە چاوخشاندنەوە بە دامودەزگاکاندا، وەکو: ژمارەی مامۆستایان، قەبارەی بیناکان و ژمارەی کتێب، سەرەڕای ئەم ڕێوشوێنانەش هێشتا کارەکان زۆر ڕێکوپێک نەبوون، بەڵام توانییان ئەو دامودەزگا بێکەڵکانەی هەبوون دووریان بخەنەوە.

**دووەم:** کاربەدەستانی سیاسی دەستیان کرد بە چاکسازی دارایی لە خوێندنی باڵادا، کە لە پێش هەموو شتێکەوە پێویست بوو بە فەرمی دان بە هەر زانکۆیەکدا بنرێت، ئینجا حکومەت بوودجەی بۆ دابین بکات. هەروەها کێبڕکێی زۆر پەیدابوو لە نێوان زانکۆکاندا، چونکە حکومەت بوودجەی بۆ تەرخان دەکردن بەم شێوەیە: لە جیاتی ئەوەی حکومەت بوودجەیەکی دیاریکراوی ڕاستەخۆ بدات بە دامودەزگای زانکۆکان، ڕاستەوخۆ ئەو بوودجەیەی ئەدا بە خوێندکاران. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خوێندکاران

بتوانن بەو یارمەتییەی دەوڵەت پێیان ئەدات، لە زانکۆ گشتی و تایبەتییەکانیش بخوێنن.

**سێیەم:** کێبڕکێ لە نێوان زانکۆکاندا دەستی پێکرد، ڕێگە درا بە خوێندکاران لە یەک ساڵدا بۆ چەند زانکۆیەک داواکاریی پێشکەش بکەن. پێش چاکسازییەکان خوێندکار دەیتوانی تەنیا بۆ یەک زانکۆ داواکاری پێشکەش بکات، بەمە کێبڕکێ لە نێوانی زانکۆکاندا کەمتر بوو لە ئێستا.

لە هەندێ لە خاڵەکانی چاکسازییەکاندا، بە تایبەتی دانپێدانان و کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندان، پشتگیری خەڵکی کەم بووەوە. چونکە کێشە لە جێبەجێکردندا هەبوو. بۆ نموونە: دانپێدانان بە هەندێک لە زانکۆ و بەشەکانی خوێندنی باڵادا، کە ئەبوایە کەمترین پێویستی دابین بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانرێت کارەکان بەرەو خراپتر نەڕۆن. دەبوو لە ساڵی 2006-2007 هەموو مامۆستایانی خوێندنی باڵا سەرلەنوێ داواکاریی دامەزراندن پێشکەش بکەنەوە، ئەمەش بە کردەیەکی کێبڕکێ، لە ئەنجامی ئەم کبڕکێیەدا 10%ی ئەو مامۆستایانە دانەمەزرانەوە، ئەمە بووە هۆی نارەزایی و تووڕەبوون لەناو ئەکادیمیەکان و ڕاگەیاندنەکاندا. لەم بارەیەوە ڕەخنەیەکی زۆر لە پرۆسەی دانەمەزراندنەوەی کارمەندان گیرا، بە تایبەتی لە زانکۆی تبلیسی، چونکە ئەیانوت: پرۆسەکە ڕوون و ئاشکرا نەبووە. بۆیە ئەو کەسانەی زیانیان بەرکەوتبوو لەگەڵ جەماوەرەکەدا هاوڕابوون.

### بەردەوامبوونی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا

حکومەت بانگەشەیەکی ڕاگەیاندنی بەهێزی دەست پێکرد، بە چاوپێکەوتنی ناوخۆیی، ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی، ڕاگەیاندنی بازرگانی بە ئەفلامی کارتۆن، بەرنامەی ڕادیۆیی، بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لە

ڕۆژنامەکان، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئامادە دەکران، ڕیکلام کردن لەسەر پۆستەر و چاپکردنی ڕۆژمێر.

خەڵکانی زیانلێکەوتوو لە ئەنجامی چاکسازییەکان سوودیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەرگرت و هەندێک لەو مامۆستایانەی زانکۆ، کە کارەکانیان لەدەست دابوو لەسەر تەلەفزیۆنەکان و هەندێ لە ڕۆژنامەکانیش وتاریان دژی ئەو چاکسازییانە دەنووسی. هەندێک نارەزایەتیش لە دەرەوەی زانکۆکان لە خوێندکاران و مامۆستایانەوە بەرز ببووەوە. هەندێ لە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بۆ سوودی سیاسی خۆیان لە دژی ئەم چاکسازییانە وەستابوونەوە، بەڵام کاریگەری هەموو ئەم نارەزایەتییانە زۆر سنووردار بوو.

### ئەنجامەکان

ئەو تاقیکردنەوە کۆن و گەندەڵەی، بۆ قبوڵ کردنی خوێندکاران لە زانکۆکانی جۆرجیادا ئەنجام دەدرا، گۆڕدرا بۆ تاقیکردنەوەیەکی کێبڕکێی توووند و تۆڵ، کە پشت بە توانا و لێهاتوویی دەبەسترا. ئیتر خوێندکاری گێل و دەوڵەمەندەکان و ئەوانەی خاوەنی پەیوەندی بوون لەگەڵ بەرپرسان و پشتیان بە بەرتیل بەستبوو، لە زانکۆکان دوور خرانەوە. هەروەها ڕێگا خۆش کرا بۆ خوێندکارانی هەرێمە دوورەکان و بە ئاسانی بە مافی خۆیان دەگەیشتن و لە زانکۆکان وەرئەگیران.

### باوەڕکردن بە تاقیکردنەوە نوێیەکانی وەرگرتن لە زانکۆ

لە ڕۆژی 11 تا 28ی تەمووزی 2005، 31,000 خوێندکار کاندید کران بۆ تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لە زانکۆکان. چاودێرەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەستپاکی هەڵبژاردن و دیموکراسیەت (ISFED) کە سەردانی

14 ناوەندی تاقیکردنەوەیان کردبوو، وتیان: "بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکان ڕێکوپێک و ڕوون بووە، بە باشی کارەکان ئامادە کرابوون (ISFED 2005)" ڕاپرسیەکانی دەرەوەی وڵاتیش ئەمەیان پشتڕاست کردەوە. هەروەها ڕاپرسییەکانی ڕای گشتی، کە لە ساڵی 2005 لەگەڵ خوێندکاران و کەسوکارەکانیان و کارگوزارەکان ئەنجام دران، هەموویان لە پڕۆسەی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان ڕازی بوون (Transparency International 2005) بە گوێرەی ئەو ڕاپرسییە دەرکەوت 80%ی خوێندکارەکان، 80%ی باوکان و زیاتر 90%ی کارگوزارەکان باوەڕیان بە پڕۆسە نوێیەکە هەبووە، کە ئەمە بووە هەڵتەکاندنی گەندەڵی لە وەرگرتنی خوێندکارانی زانکۆ. زۆربەی خوێندکاران و کەسوکارەکانیان باوەڕیان بە پڕۆسەی وەرگرتنەکە نوێیەکەش هەبوو.

### چاکسازیی خوێندن بۆ خوێندکارانی دەرەوەی تبلیسی

بە گوێرەی تاقیکردنەوە نوێیەکان ژمارەی وەرگرتنی خوێندکارانی دەرەوەی تبلیسی بۆ ساڵی 2006، بە ڕێژەی 61% زیادی کرد. کردنەوەی دەرگای وەرگرتن لە زانکۆکان بووە هۆی باشبوونی ئاستی خوێندکاران. یەکێک لە مامۆستاکانی زانکۆ وتی: "ئەو بەرنامەیەی بۆ خوێندن دامنابوو، لە دوای چەند هەفتەیەک هەموو پەڕەکانیم دڕی و فڕێمدان، چونکە بۆم دەرکەوت ئەم خوێندکارانە پێویستیان بە بەرنامەی پێشکەوتووتر و بەرفراوانتر هەیە، چونکە ئەو خوێندکارانە ئاست بەررز و سەرکەوتوون".

### بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە

بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە خوێندنی باڵادا، بۆ بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە لە تاقیکردنەوەکاندا (**خشتەی 8. 1**) وایلێهات ئەوانەی لەناو زانکۆدا

بوون، نەیانئەتوانی کاریگەرییان هەبێ لەسەر وەرگرتنی خویندکار، ئیتر نەتوانرا خوێندکاران بەرتیل بدەن بەرامبەر وەرگرتنیان لە زانکۆکاندا. هەر لە دەستپێکردنی چاکسازییەکانەوە تاکە ڕێگای چوونە زانکۆ، تەنها سەرکەوتنی خوێندکار بوو لە تاقیکردنەوەکاندا، هەروەها ئەو تاقیکردنەوەیەش لەلایەن ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە ئەنجام دەدرا. کارمەندانی پەیوەندیدار بەم بوارەش نەیاندەتوانی کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکان هەبێت. بەهۆی ڕێگاوشوێنە تووند و تۆڵەکانیشەوە توانرا وەرەقەی تاقیکردنەوەکان بە سکانکراوی بەردەست هەموو کەسێک بکەوێت، هەروەها ڕێگاوشوێنی تایبەت دانرا بۆ ڕەخنەگرتن. ئەمانە هەمووی لە ژینگەیەکی دوور لە گەندەڵیدا جێبەجێ دەکران. لەگەڵ دەستپێکردنی چاکسازییەکان خوێندکاران توانییان هەندێ پارەیان لەلایەن حکومەتەوە پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن داواکاری بۆ وەرگرتن لە زانکۆکان پێشکەش بکەن. کەسوکاری خوێندکارانیش توانییان چاویان بە تاقیکردنەوەکان بکەوێت، پاش ئەوەی حکومەت هەموو پێویستییەکی بۆ ئامادەکردن، بەم شێوەیە هەموو زانکۆکان ئەوەی پێویست بوو ئەنجامیاندا.

### ئەنجامەکان

چاکسازییەکان لەبواری خوێندنی باڵادا سەرکەوتوو بوون، لەبەر چەند هۆکارێک، یەکێک لەو هۆکارانە، سیاسییەکان بوون، کە پێداگری ڕاستگۆیانەیان سەبارەت بە پەلاماردانی سەرانی گەندەڵکار لە خوێندنی باڵا و تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لە زانکۆکان کرد. هەروەها پێداگری لە تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان کرا، بەڵام کارەکە لەسەرخۆ جێبەجێ دەکرا، چونکە هەندێک لە سەرانی ئۆپۆزسیۆن هەبوون، کە سوودیان لە


گەندەڵی بینی بوو، ئەمە دیاردەیەکی زۆر باو بوو. چاکسازخوازەکان سوودیان لەوە وەرگرت، کە گۆڕانکاری لە حکومەتدا ڕوویدا بوو. هەر ئەمەش بووە هۆی پێشخستنی تاقیکردنەوە نوێیەکان و چاکسازی کردن لە پرۆسەی دانپێدانان و دامەزراندنی کارمەندی نوێ و دابینکردنی دارایی.

سوودوەرگرتن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی سەرەکی هەبوو لەسەر پرۆسەکە، حکومەت توانای هەبوو لە گەیاندنی هۆیەکانی چاکسازی بە شێوەیەکی کاریگەر. بۆ ئەوەی خەڵکی پشتگیرییەکی توندی حکومەت بکات سەبارەت وەستاندنی ئەوانەی ڕێگرییان دەکرد، چونکە زیانیان لێ کەوتبوو. ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکان بەوە دەرکەوت، کە هەنگاوێکی گرنگ نرابوو بۆ دەستپاکی لە تاقیکردنەوەکان. ئەویش بەهۆی:

- **بەکارهێنانی کامێرای چاودێری و چاودێرە سەربەخۆکان.**
- **ئاشکرا کردن و پیشاندانی ئەنجامەکان لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت.**
- **ڕێگەدان بە ڕەخنەگرتن.**

لەمرۆدا بەردەوامیی ئەو چاکسازییانە پشت بەوە دەبەستێ، کە پارێزگاریی لە دامودەزگا نوێیەکان بکرێ، ئەمەش بە ڕێگای جێبەجێکردن و پشتگیری کردنی یاساکانی لێپرسینەوە و پاراستنی چاکسازییەکان.

**خشتەی 8. 1:** چوارچێوەی لێپرسینەوەی تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لە زانکۆکان.




**سەرچاوە:** دانەرەکان

# بەشی نۆیەم

## خزمەتگوزارییە لامەرکەزییەکانی شارەوانی

## بارودۆخی گشتی لە ساڵی 2003

لە ساڵی 2003 ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی لە وڵاتی جۆرجیا داڕووخا بوو، وەکو: ئاوی پاک، ئاوەڕۆ، خزمەتگوزارییەکانی فڕێدانی زبڵ و شەقامە ناوخۆییە داڕوخاوەکان. لەبەر ئەوەی حکومەتە ناوخۆییەکان سەرچاوەی داراییان نەبوو، نەیانئەتوانی ئەم کارانە بەڕێوەببەن، چونکە ژێرخانی جۆرجیای کۆن داڕوخاو بوو، لە بنەڕەتدا دروستکردنەکەی ناڕێکوپێک بوو، کە چاکردنەوەی پارەیەکی زۆری دەویست. بەکارهێنانی وزە بە شێوەیەکی ناڕێکوپێک و نەبوونی چاکسازیی و کارە ڕۆتینییەکان زۆر بووبوون، هەروەها گەندەڵیش بەشێکی گەورە بوو لە کێشەکان. بەرپرسەکانی خزمەتگوزاری شارەوانی بەرتیلێکی زۆریان وەردەگرت بۆ بەستنی تۆڕی ئاوی ناو ماڵەکان، یان بۆ چاکردنی ڕێگاوبانەکان. جۆری خزمەتگوزارییەکان بە ڕادەیەک بێ کەڵک بووبوون، خەڵک بەهۆیەوە تووشی نەخۆشییە گوێزراوەکان دەبوون. زۆربەی خزمەتگوزارییەکان پێویستییان بە دابینکردنی دارایی لەلایەن حکومەتەوە هەبوو، بەڵام بەهۆی دەستێوەردان لە داهاتەکانی حکومەتدا، نەئەتوانرا خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ بکرێن.

گەندەڵی ببووە هۆی دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئەو بوودجانەی دانرابوون بۆ چاکسازی و خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی ئاو بۆ هاوڵاتییان و 80%ی خەڵک ئەو پارەیەی، کە ئەبوو بەرامبەر بەم خزمەتگوزارییانە بیدەن، نەیانئەدا. زۆربەی حکومەتە خۆجێییەکان لیستی ئەو پارانەی وەریانئەگرت نەیانئەدا بە ناوەند، بۆ ئەوەی یارمەتی بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان وەربگرن. زۆرجاریش لەلایەن کارمەندانی ئاوەوە دەستکاری ئەو لیستانە دەکرا، کە ناوی مردووەکان یان ئەوانەی کۆچی دەرەوەی وڵاتیان کردووە دائەنران، بۆ ئەوەی یارمەتییەکانیان وەربگیرێ.

دابەزینی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و لێ نەپرسینەوە بووە هۆی دروستبوونی گەندەڵییەکی گەورە، بەتایبەتی لە بواری یارمەتییە داراییەکاندا. هەروەها ئامادەنەبوونی خەڵک سەبارەت بە پێدانی بڕی ئەو پارانەی لەسەریان کەڵەکە بووبوو. بووە هۆی دابەزینی کرێی خزمەتگوزارییەکان 20% بۆ 30% کە ئەم ڕێژەیە نزمترین کرێی خزمەتگوزارییەکانە لە جیهاندا. ئەم کێشەیە بەو خراپییە مایەوە، چونکە کەس پەیڕەوی ئەو یاسایانەی تایبەت کرابوون بە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، نەدەکرد، حکومەتیش هەڵنەدەستا بە بڕینی خزمەتگوزارییەکان لەو کەسانەی کرێی خزمەتگوزارییەکانیان نەدەدا.

دانانی ئەو بوودجەیەی بۆ حکومەتە خۆجێییەکان تەرخان کرابوو، ڕێکوپێک و شەفاف نەبوون. هەروەها گفتوگۆ کردن بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی حکومەتە خۆجێیەکان بە دوو قۆناغ جێبەجێ کران: لە قۆناغی یەکەمدا ئاڵوگۆڕەکان لە نێوان وەزارەتی دارایی و هەرێمەکاندا جێبەجێ کرا. دوای ئەوە لە قۆناغی دووەمدا لە نێوان دەسەڵات و حکومەتە خۆجێیەکاندا هەمان کار کرا. ئەو پارێزگار و بەرپرسە بەهێزانەی شارە گەورەکان، زۆرترین بوودجەیان لە حەقی خۆیان زیاتر وەردەگرت. ئەمەش بەهۆی کاریگەری حکومەتە خۆجێییەکانەوە بوو، ئەمەش لە ڕێگەی وەرگرتنی بوودجەوە بە گفتوگۆ. لەبەر ئەمە حکومەتی ناوەند دەستی کرد بە کەمکردنەوەی کاریگەریی دەسەڵاتە خۆجێیەکان. ئەمەش بووە هۆی نارەزایەتی خەڵکی دژی ئەو کارانە و داواکردنی چاودێری کردنی چۆنیەتی دابەشکردنی بوودجە. هەر لەو کاتەدا وەکو "فاختانغ لیجافا"ی گەورە ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران وتبوی: "بەهۆی نەبوونی بەرپرسیارێتی ئاشکرا و بەرەڵایەتییەوە، حکومەتی جۆرجیا دابەشکرا بەسەر 60 ناوچەدا. ئەوانیش دابەش کرابوون بەسەر 1,110 دەسەڵاتی خۆجێیدا، کە بریتی بوون لە

شارەکان و دێهات و کۆمەڵگە نیشتوجێبووەکان". ئەم کارە بووە هۆی بەربڵاوی بەرپرسیارێتی و ژمێریاری و خەرجییەکی زۆری گشتی، کە ئەم خەرجییە پێویست بوو بۆ بەکاربردنی نووسینگەی هەرێمە ناوخۆییەکان. ئەم کارە بووە هۆی گەندەڵییەکی بەربڵاو. هەروەها بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتە خۆجێیەکان و شارەوانییەکان وەکو ناوچەی تایبەت بەکاربهێنن و ئەو کارمەندانەش، کە دائەنرێ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لەم ڕووەوە بەرپرس بن. بە ئاشکرا ڕوون نەبوو بوودجە ناوخۆییەکان بۆ خەڵکی چەندە، چونکە پرس و ڕا بە کەس نەکرابوو، کەس باسی ئەو پرۆژانەی بۆ نەکردبوون، کە پێویست بوون بکرێن. ئەو پرۆژە وەبەرهێنانەی ئەکران بۆ بەرژەوەندی بەرپرسەکان و هاورێکانیان بوو، چونکە سەرجەمی ئەو کارانە ئەدران بە کۆمەڵێکی کەم لەو بەڵێندەرانەی هاورێ و دۆستی خۆیان بوون.

## چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، دوای ساڵی 2003

چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی بەشێکە لە چاکسازییە بەربڵاوەکانی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی. ئەمەش بۆ نزیک کردنەوەی دەسەڵات بوو لە خەڵکی و زیاتر شەفافیەت و لێپرسینەوە و کۆنترۆڵ کردنی کاروباری دارایی، بێگومان ئەمەش سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بوو. ئەم چاکسازییانە بە سێ قۆناغ دەستی پێ کرد:

### قۆناغی یەکەم: ڕوونکردنەوەی چوارچێوە یاساییەکانی حکومەتە خۆجێییەکان

لە کانوونی یەکەمی 2005 یاسایەک دانرا بۆ ڕێکخستنی کاری دەسەڵاتە خۆجێیەکان. ئەو یاسا نوێیە دەسەڵاتە خۆجێییەکانی دابەش کرد بەسەر چەند

ناوچە و شارێکدا، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە هەبوو، ئەمانە بە ناوچە کۆنەکان ناو ئەبران. بۆ ڕێکخستنەوەی چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتانە ژمارەیان لە 1,100 دەسەڵاتەوە کەم کرایەوە بۆ 67 دەسەڵات. ئەم کارە ئاسانکاری کرد بۆ حکومەتی ناوەندی، تا بتوانێ چاودێری ئەو دەسەڵاتانە بکات.

لە حوزەیرانی 2006 یاسایەک دەرکرا بۆ ڕێکخستنی بوودجەی دەسەڵاتە خۆجێیەکان، بە گوێرەی ئەو یاسایە بڕیاردرا ڕێکخستنی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو بوودجەیەی پێیان ئەدرێ، زانیارییەکی تایبەتی بۆ ڕێک بخەن، بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی بتوانێت ئەو بوودجەیەی بۆ دابین بکات. لە ئەنجامی ئەم دوو یاسایەدا توانرا، دەسەڵاتی ناوەند و خۆجێییەکان بە تەواوی چاودێری بوودجەکانی شارەوانی بکەن و بەردەوام ڕاپۆرتی دارایی لەسەر دەربکەن.

پێداگرتن لەسەر ئەم چاکسازییانە بووە هۆی دەستکردن بە یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانییەکان، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێگاوشوێنی ئەو ناوچە تازانەی دروست کرابوون. لە تشرینی یەکەمی 2006 ئەنجومەنی شارەوانی دروست کرا. لە 1ی کانوونی دووەمی 2007 سەرۆکی شارەوانییەکان لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەوە هەڵبژێردران. ئەمینداری شاری تەبلیسی لە ساڵی 2010 بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرا.

پاش دارشتنەوەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارە داراییەکانی حکومەتە خۆجێییەکان، هەوڵدرا کارەکانیان ڕوون تر بێت. لە ساڵی 2007 ڕاهێنانی کارمەندانی حکومەتە خۆجێیەکان دەستی پێکرد. هەروەها بۆ ئامادەکردنی ئەم کارانە بە گوێرەی بڕیارەکانی وەزارەتی دارایی بوودجەیەک تەرخان کرا،

کاریش بۆ ئەوە کرا، کە لە 1ی کانوونی دووەمی 2008 ڕاپۆرتی دارایی لەو بارەیەوە پێشکەش بکرێت. وەزارەتی دارایی و هەموو حکومەتە خۆجێیەکان کۆمپیوتەریان وەرگرت و تەکنەلۆجیا و پرۆگرامیان بۆ دانرا. لە ساڵی 2008دا بۆ یەکەمین جار زانیارییەکانی شیکردنەوەی دارایی بۆ چاودێری کردنی کارەکان و کۆنترۆڵ کردنی دارایی، دانرا. ئەنجامی سەرەکی ئەم کارە ئەوە بوو، کە کۆنترۆڵکردن و چاودێرییە داراییەکان بوونە هۆی دابەزینی کورتهێنانەکان لە پێدانی قەرز بە حکومەتە خۆجێییەکان. ئەم دابەزینە لە ساڵی 2002دا 23% بوو، بەڵام لە ساڵی 2011 دابەزی بۆ 0.5%.

کەمکردنەوەی کاروباری دەسەڵاتە خۆجێیەکان وای کرد بە ئاسانی بەڕێوە ببرێن. لە ساڵی 2006دا حکومەتە خۆجێیەکان سەرپەرشتی خوێندنی سەرەتاییان دەکرد، هەروەها توانییان کارەکانی چاودێری تەندروستی و یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەنجام بدەن. هەروەها مووچەیان دابەش ئەکرد و تێچوونی چاکردنی بینا و دامودەزگای شارەوانییەکانیشیان ئەگرتە ئەستۆ. حکومەتی ناوەندی سەرپەرشتی دانانی کارمەندانی ئەکرد و لە گەندەڵی ڕزگاری دەکردن. وای لێهات بەرپرسیارێتی حکومەتە خۆجێیەکان بوو بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی ژێرخانی شارەوانی.

### قۆناغی دووەم: دادگایی کردنی گەورە بەرپرسە گەندەڵەکان و پەرەپێدانی دامەزراوەکان

وەکوو وەزارەتی داد ڕایگەیاند بوو، لە نێوان ساڵانی 2003-2010دا 165 بەرپرسی گەورە دادگایی کراون، لە ناویاندا 5 پارێزگار، 6 ئەمیندار، 6 جێگری ئەمیندار، 93 سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی، 31 جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی. ئەم کارە نامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ کارمەندە نوێیەکان، کە ئیتر لێپرسینەوە جێگیر بووە. بەهۆی یەکخستنی

دەسەڵاتە خۆجێییەکان ژمارەی کارمەندان کەمکرایەوە بۆ نیوە، بۆیە بڕیاردرا ئامادەکاریی و ڕاهێنانی زیاتر بە کارمەندان بکرێت لە ڕووی بەرزکردنەوەی تواناکانیان، بۆ ئەوەی ئەو کارە ببێتە هۆی گۆڕینی هەڵسوکەوتی کارمەندان. هەروەها بۆ ئەوەی بتوانرێ بەردەوامی بە ژێرخانی چاکسازییەکان بە شێوەیەکی شەفاف بدرێت، لە ساڵی 2005دا دەست کرا بە چاکردنی چوارچێوە یاسایی و کارگێڕی و داراییەکان، هەروەها سندوقێکی تایبەت بە پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە شارەوانییەکان دروست کرا. کە بریتی بوو لە ئامادەکردنی بڕێک پارە، کە لە بانکەکانەوە نەهاتبوو بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی خزمەتگوزاری. ئەو سندوقەی بۆ ئەو مەبەستە دروست کرا و ئەنجومەنێکی کارگێڕی هەبوو، کە سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی ئەکرد و نوێنەری هەندێک لە وەزارەت و پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانیشی تێدا بەشدار بوو. هەروەکوو "لاشا غودتسریدز" بەڕێوەبەری پێشووی جێبەجێکاری ئەو سندوقە وتی: "چوارچێوەی کارگێڕی ئەم سندووقی پەرەپێدانە بووە مایەی چاکردنی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان و ڕێگرتن لە گەندەڵی، بەتایبەت لە کڕینی کەلوپەلە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت". هەر لەو کاتەدا جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دانانەوەی تواناسازیی بۆ دەسەڵاتە خۆجێیەکان بووە هۆی پشتگیری کردنی ئەو دامودەزگایانەی یارمەتیان پێشکەش دەکەن، ئەمەش بووە هۆی بەهێزکردنی پلانی ستراتیجی هاوبەش لە هەموو دەسەڵاتە خۆجێیەکاندا.

### قۆناغی سێیەم: چاکسازیی لە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانیدا

حکومەت لە ساڵی 2006دا بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی لە هاوکارییە داراییەکانی ئاو، دەستی کرد بە یەکخستنی هەموو کارەکانی دارایی تایبەت بە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان، ئەم کارە لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا

بوو بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی، وەکو بەشێک لە بانگەشەی قەلاچۆکردنی گەندەڵی. بە گشتی حکومەت دەستی کرد چاکساز کردن لە چاودێری کردن و جێبەجێکردندا، لە ئەنجامی ئەمەدا ڕێژەی وەرگرتنی باجەکان 75% بەرزبووەوە. لەساڵی 2008دا حکومەت دەستی کرد بە چاکسازییەکانی کەرتی ئاو و ئاوەڕۆ. بە گوێرەی یاساکە بڕیاری دروستکردنی دەزگایەک درا بە ناوی "دەزگای پەرەپێدانی دابینکردنی ئاوی ناوچەکان" ئەم دەزگایە سەر بە وەزارەتی ژێرخان و پەرەپێدانە ناوچەییەکان بوو. دەزگاکانی پێشکەشکردنی ئاو و ئاوەڕۆ لە شارەکان بوون بە دەزگایەکی هەرێمی، کە حکومەت سەرپەرشتی دەکردن (ئاوەکانی ڕۆژئاوا، ئاوەکانی ڕۆژهەڵات، ئەم دوو دەزگایە لە ساڵی 2009 یەکخران و بوون بە یەک دەزگای نیشتمانی) ئێستا کۆمپانیای ئاوی یەکگرتووی جۆرجی بەرپرسە لە کەرتی پەرەپێدان و ڕێکخستنی پرۆژەکان و جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی حکومەت جێبەجێی دەکات، یان ئەو لایەنانەی بە یارمەتی ئەو کارەکان ئەنجام ئەدەن، هەروەها بەرپرسیشە لە کاری ڕۆژانە و چاکسازیی و پاراستنی کەلوپەلەکانی ئەم دەزگایە و بەردەوامیدان بە پەیوەندی لەگەڵ بەشداربووواندا.

دەرکردنی یاسایەک لە ساڵی 2010دا هەنگاوێکی زۆر ئازایانە نرا، ئەم یاسایە بریتی بوو لە خزمەتگوزاریی بەرامبەر بە پێدانی بڕە پارەیەکی پێویست. ئەم یاسایە هەموو بوارە خزمەتگوزارییەکانی: ئاو، کارەبا، گاز، تەلەفۆن، فڕێدانی زبڵ، ئەمانە هەمووی بە یەکەوە بەسترانەوە. دەسەڵاتیش درا بە بەرپرسەکان ئەگەر کەسێک پارەی نەدا بە یەکێک لەم خزمەتگوزارییانە، ئەوا لە ماوەی سێ مانگدا هەموو خزمەتگوزارییەکانی لێ ببڕدرێ. یاساکە بووە هۆی کەمبوونەوەی زیانی دارایی 60% لە ساڵی 2004 و بۆ 20% لە ساڵی 2011.

### ئەنجامەکان

ناتوانرێ دەستکەوتەکانی قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە چاکسازییە بەرفراوانەکانی حکومەتە خۆجێییەکان و خزمەتگوزارییە شارەوانییەکان لە وڵاتی جۆرجیا لە یەکتر جیا بکرێنەوە، چونکە دەرکەوت بوونی کۆمەڵێک لە پەرەپێدانی ڕێگاوشوێنی حکومداریی، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە شەفافیەتی ناوخۆیی و لێپرسینەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و ئەنجامە سەرەکییەکانەوە هەیە بریتین لەمانە:

### 1. چاکسازیی لە ژێرخانی شارەوانی، بە تایبەتی لە دابەشکردنی ئاودا

کەرتی پەرەپێدانی خزمەتگوزاری شارەوانی بە شێوەیەکی بەرچاو چاکسازی بەخۆیەوە بینی. بەم شێوەیە بوودجەی دانراو بۆ بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی لە نێوان ساڵانی 1993-2003دا 50 ملیۆن دۆلاری ئەمریکیی بوو، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە نێوان ساڵانی 2003-2013 بۆ 600 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بەرزبووەوە، هەروەها پێدانی ئاو بە بەشداربووان لە 4 سەعاتی ڕۆاژانەوە بوو بە 16 سەعات لە ڕۆژێکدا. ئەو بوودجەیەش، کە بۆ چاکردنەوەی شەقامەکان دانرابوو 10% بەرزبووەوە بۆ 75%. هەروەها ڕێژەی ئەو برە کرێیەی بەشداربووان بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان ئەیاندا، بە ڕێژەی 70% دابەزی. ئەو لیستە ساختانەش، کە پێشکەش ئەکران بۆ وەرگرتنی یارمەتی دارایی، لە چاودێری کۆمەلایەتی کەمکرایەوە و کۆنترۆڵ کرا. بەرزبوونەوەی ڕێژەی وەرگرتنی پارە بەرامبەر بە پێدانی ئاو لە ساڵی 2000-2003دا 30-20% بوو، بەڵام لە ساڵی 2011دا بوو بە 75-70%.


## 2. به‌رزترین داهاتی حکومه‌ته خۆجێیه‌کان

داهاتی حکومه‌ت خۆجێیه‌کان له ساڵی 2003دا 400 ملیۆن لاری جۆرجی بوو، ئه‌م بڕه داهاته له ساڵی 2011دا بۆ 1.7 ملیار لاری جۆری به‌رزبووه‌وه. وه‌کو (**خشته‌ی 9. 1**) له ئه‌نجامی ئه‌مه‌دا وه‌کو وه‌زیری دارایی "دیمتری کفندادزه" ئه‌ڵێ: "پێشکه‌شکردنی خزمه‌تگوزارییه‌کانی شاره‌وانی به‌ره‌و باشی ڕۆیشت، په‌یوه‌ندییه داراییه‌کانی نێوان حکومه‌ته‌کان ڕێکخران. چاودێری و لێپرسینه‌وه داراییه‌کان به‌هێزکران، ئه‌مانه بوونه هۆی دابه‌زینی ئه‌و قه‌رزانه‌ی نه‌درابوو به سندوقی دارایی خزمه‌تگوزارییه‌کان و له‌سه‌ر شانی حکومه‌ته خۆجێییه‌کان که‌ڵه‌که بووبوو. ئه‌م قه‌رزانه به‌م شێوه‌یه نزمبوونه‌وه‌ی به خۆیه‌وه بینی، له ساڵی 2003دا 22% بوو، به‌ڵام له ساڵی 2011دا بۆ 0%.

## 3. په‌ره‌پێدانی سندوقی خزمه‌تگوزارییه‌کانی شاره‌وانی

سندوقی په‌ره‌پێدانی خزمه‌تگوزارییه‌کانی شاره‌وانی نه‌شوونمای کرد، که ئێستا ئه‌و سندوقه زۆر به توندوتۆڵی چاودێری ده‌کرێت و قه‌رزه‌کان وه‌رئه‌گیرێته‌وه. پاره‌ی ئه‌و سندوقه بۆ جێبه‌جێکردنی پڕۆژه نوێیه‌کان سوودی لێ وه‌رئه‌گیرێ. پاره کۆکراوه‌کانی ئه‌و سندوقه له 3.9 ملیۆن لاری جۆرجی له ساڵی 2001ه‌وه، بوو به 230 ملیۆن لاری جۆری له ساڵی 2010. له‌گه‌ڵ هه‌ڵگرتنی بڕێک پاره بۆ پێشکه‌شکردنی قه‌رز، که بریتی بوو له 50 ملیۆن لاری جۆرجی. هه‌روه‌ها ته‌رخان کردنی بڕی 180 ملیۆن لاری جۆرجی بۆ 10 پڕۆژه‌ی جۆراوجۆری خزمه‌تگوزاری

**خشتەی 9. 1:** بوودجەی حکومەتە خۆجێیەکان لە نێوان ساڵانی 2003-2011.





**سەرچاوە:** داتاکانی وەزارەتی دارایی

**بەهێزکردنی چوارچێوەی لێپرسینەوە**

حکومەت دەستی کرد بە چاکسازی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و حکومەتە خۆجێییەکان. هەروەها دەستی کرد بە چاکردنی توانای خزمەتگوزارییە خۆجێیەکان و نەهێشتنی گەندەڵی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سەرتاپای وڵاتدا، وەکو (خشتەی 9. 2) ئەم کارە بە ڕاستگۆییەوە دەستی پێکرد و سەرەتا لێپرسینەوە بوو لە بەرپرسە گەندەڵەکان. هەروەها هەوڵدرا بۆ باشتر کۆکردنەوەی باجەکانی شارەوانی. پاشان بڕینی خزمەتگوزارییەکان لەو کەسانەی پارە نادەن.

بەم شێوەیە توانا و دەسەڵات و قەبارەی حکومەتە خۆجێییەکان بەرز بووەوە، لێپرسینەوەی هاوڵاتییان زیادی کرد، بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنی ئەمیندارەکان. حکومەت چوارچێوە کارگێڕییەکانی سندوقی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی چاککرد. ئەمە کارمەندانی ڕووبەڕوی لێپرسینەوە کرد لەلایەن دەنگدەرانەوە. شارەوانییە خۆجێییەکان توانییان ئەو قەرزانە وەربگرنەوە، کە لەسەر شانی خەڵک بوو کەڵەکە ببوو، ئەمە توانا و بارودۆخی دارایی باشتر کرد. هەر ئەمەش بووە هۆی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ هاوڵاتییان.

**خشتەیی 9. 2:** چوارچێوەی لێپرسینەوە لە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی.




**سەرچاوە:** بانەرەکان

**ئەنجامەکان**

پێویستە حکومەت چاودێری وردی ئەو دەزگایانە بکا، کە چاکسازی تێدا کراوە لەلایەن دەسەڵاتە خۆجێییەکان، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی بمێننەوە. هەندێک لەو بڕوایەدان ئەو بەرەنگارییانە بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی سنووردا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کارەکان بۆ بەردەوامی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان پێویستە ڕێگەی پەککەوتنیان لێ بگیرێ. ئاڵنگارییەکانیش بریتین لەمانە:

- **داهاتی دارایی حکومەت لەگەڵ ئەو بڕە بوودجەیەی پێویستن بۆ کاروبارەکان، ڕێکبخرێن.**
- **هەوڵەکانی دروستکردنی دامودەزگا بازرگانییەکان، بەردەوامی پێ بدرێ.**
- **هەوڵدان بۆ چاکردنی توانستی کارمەندانی حکومەتە خۆجێییەکان، بۆ ئەوەی ببنە نموونەیەکی باش بۆ حکومەتێکی بە توانا و دەستپاک.**
- **هەوڵدان بۆ زیاتر ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ کەرتی تایبەت، بۆ پێشکەکردنی خزمەتگوزاریی باشتر.**

# بەشی دەیەم

# ئـەنـجـامـەکـان

**بۆ کۆمەڵێک لە کەرتەکان، حکومەت دەستی کرد بە نەهێشتنی گەندەڵی، بە تایبەت خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتییانی جۆرجی هەبوو. ئەو ڕێگەوشوێنانەی بۆ ئەم مەبەستە گیرانەبەر، بە گوێرەی کەرتەکان جیاوازی تێدا بوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەم گۆڕانکارییەکاندا تایبەتمەندی هاوبەش هەبوو، هەر ئەم تایبەتمەندییەش وایکرد کارەکان بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچن.**

## دە هۆکاری سەرکەوتن

دە خاڵ، یان دە هۆکاری سەرکەوتوو بوونە هۆی سەرکەوتنی چاکسازییەکان لە جۆرجیا، ئەو هۆکارانەش، بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

### یەکەم: پشتگیری بەهێزی دەسەڵاتدارە سیاسییەکان

هاوکاری و پشتگیری کردنی دەسەڵاتدارە سیاسییەکان هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بەردەوامبوون لە قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە جۆرجیادا، لە کاتێکدا زۆر لە وڵاتانی تر لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبوون. تەنانەت ئەو وڵاتانەش، کە شۆڕشیان تێدا هەڵگیرسابوو، پشتگیریی سیاسیشیان هەبوو. بەڵام چی وای کرد جۆرجیا لەوانە جیاوازتر بێ! لە جۆرجیا پابەندبوونی سەرکردایەتی سیاسی بە قەلاچۆکردنی گەندەڵییەوە کاریگەری هەبوو. ئەوەی بۆ سەرۆک میخائیل ساکاشفیلی ڕوون ببووەوە ئەوە بوو، کە گەلەکەی لە ساڵی 2003دا دەنگی بۆ ئەوە داوە گەندەڵی لەناو ببرێت، چونکە "**جۆرجیای بێ گەندەڵی**"

دروشمی سەرەکی جووڵانەوەی یەکگرتوو بوو لە جۆرجیا. هەروەها داواکاری و دروشمەکانی خەڵکی جۆرجیا لە کاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵەکاندا تەنها قەلاچۆکردنی گەندەڵی بوو. جیکا بوکیریا، کە خەریکی ڕێکخستنی ئەو نارەزایەتییانە بوو، گەندەڵی کردبووە ئامانج، ئێستا ئەم کەسە سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی جۆرجیایە.

پشتگیری میللەت هاوکارییەکی گرنگ بوو، لە کاتێکدا 99%ی هاوڵاتییانی جۆرجیا هاوکار بوون بۆ دروستکردنی ئەم حکومەتە نوێیە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم حکومەتە بتوانێ بە شێوەیەکی توند قەلاچۆی گەندەڵی بکا، چونکە خەڵک بە تەواوی بێزار بووبوون لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەشێکی زۆر لە گەلی جۆرجیی ژیانێکی بێ بەهایان بەسەر ئەبرد. هەروەها قەلاچۆکردنی گەندەڵی گرنگترین ڕێگا بوو بۆ نوێکردنەوەی ئابوری.

**دووەم: بنیادنانی ڕاستگۆیی پێشوەخت**

وەکوو گەورە ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران "فاختانک لیجافا" وتبوی: "ئەو حکومەتەی دەسەڵاتی گرتە دەست، بڕیاریدا لە ماوەی 8 مانگدا دەست بکا بە چاکسازییەکان". هەروەها بڕیاردرابوو سیاسەتی چاونەپۆشین لە گەندەڵی زۆر بەپەلە ئەنجام بدرێ و ئەنجامی بەپەلە و شەفاف، ئاشکرا بکرێ، بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕ بە کارەکانیان بکات. چونکە ئەنجامدانی ئەم کارانە بەو زوییە، ئەبێتە بەرهەمهێنانی سەرکەوتنێکی درێژخایەن، بەڵام سەرۆک وەزیرانی پێشوو "لادۆ جۆرجنیدزە" وتی: "ئەبێت چاکسازییەکان زۆر بەپەلە و ئاسان بن، ڕوون و ئاشکرا بن، بۆ ئەوەی خەڵک هەستی پێ بکا و ببێتە مایەی چاکسازی لە ژیانی خەڵکدا". هەروەها سەرکردەکان بڕیاریاندا پەرە بە


خولی نموونەیی بدەن، کە بریتی بوو لە پێداگری سیاسی و بەرچاوڕوونی ئاشکرا و ستراتیجێکی نەرم و شەفاف، پاشان جێبەجێکردنێکی خێرا. ئەمانە بە زوویی بوونە هۆی کردنەوەی پەنجەرەکانی پشتگیری سیاسیی بۆ لەناوبردنی گەندەڵی. **(خشتەی 10. 1)**

دەستپێکردنێکی خێرا لە کارەکاندا، خاڵێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی چاکسازخوازەکان هەوڵ بدەن بە بەپەلە کارەکان جێبەجێ بکەن، ئەویش لەبەر ئەم دوو هۆکارە:

1. بە گوێرەی ئەوەی سەرۆک ساکاشفیلی وتبوی: "خێرایی گەورەترین ڕێگەی گەیشتنە بە ئاواتەکەمان، چونکە جۆرجییەکان کاتیان لەبەردەم نەماوە، بۆ ئەوەی بە فیرۆی بدەن و ئێمە بە کۆمەڵ و بەپەلە داوامان کردووە و ئێستاش بە هەمان شێوە داوای بەپەلە ئەنجامدانی کارەکان دەکەین" بەرپرسانی حکومەت خەویان زڕابوو، ڕۆژی 18 سەعات کاریان ئەکرد، ئەمە بۆ گەڕاندنەوەی کارەکانی دەوڵەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی حکومەت بوو.

2. خەڵکی زۆر بە پەرۆش بوون بۆ بینینی گۆڕانکارییەکان. دەسەڵاتیش کێبڕکێی لەگەڵ کاتدا ئەکرد بۆ تەواوکردنی کارەکانیان بە زوترین کات. چونکە سەرنەکەوتنی ئەنجامی خێرایی چاکسازییەکان پاشەڕۆژی سیاسی چاکسازخوازەکانی ناڕۆشن ئەکرد.

**وێنەی 10. 1:** خولی نموونەیی بۆ چاکسازیی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی.




**سەرچاوە:** دانەرەکان

دوای سەرکەوتن، وەکو سەرۆکی پەرلەمان "دیڤد باکرادزە" ئەڵێ: "ئەبێت قەلاچۆی سەرانی گەندەڵکار بکەین، لەپێش هەموویانەوە دزە یاساییەکان، چونکە ئەو تاوانبارانە، ئەو تاوانبارانە بوو، کە پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانداندا هەبوو". هەروەها سەرۆک ساکاشفیلی لەم بارەیەوە وتی: "بوونی ئەو تاوانبارانە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە، لە دوای شکاندنی ئەو پەیوەندییە لە نێوانیاندا، هەردوولایان پەکیان کەوت" بۆیە دەسەڵاتە نوێیەکە

بە زوویی دەستی کرد بە گرتنی دزە یاساییە گەورەکان. لە دوای ئەوەش دەستکرا بە گیرانی کارمەندە گەندەڵەکان و ئەو خاوەن کارانەی لەژێر دەسەڵاتی پێشوودا دەستکەوتی بێ سنووریان هەبوو.

هۆیەکی تری سەرکەوتن هەبوو، وەکو وەزیری ناوخۆ "ئیڤان میرابیشفلی" وتی: "ئەبوو ئێمە ڕوونی بکەینەوە، کە بە هیچ جۆرێک ناترسین. بۆیە هەموو جامخانەکانی نووسینگەکانی پۆلیس کران بە شووشە، ئەمە بۆ ئەوە بوو، کە ئازایەتی و شەفافیەت دەربخەین"

بەڵام سەرۆکی ژووری کۆنترۆڵ و جێگری وەزیری دادی پێشوو "لیڤان باشافیلی" وتی: "ڕاستگۆیی مانای یەکسانییە بەرامبەر بە یاسا. زۆر لە بەرپرسە گەورەکان و پەرلەمانتارەکانی حکومەتی پێشوو سەرمایەیەکی زۆریان بەدەست هێنابوو، بۆیە ئەبوو ئەوانە بدرێن بە دادگا. ئەمە نامەیەکی بەهێز بوو بۆ جۆرجییەکان، کە پێیان بڵێین هەموومان بەرامبەر یاسا، یەکسانین"

بە گوێرەی یاساکانی پەرلەمان، لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، کە تاوانبار بوون بە تێوەگلان لە گەندەڵی، کارێکی ئاسان نەبوو. لە دواییدا گۆڕانکاری لەو یاسایانەدا کرا. لەپێش ئەو گۆڕانکارییانەوە ئەبوو داوا لە پەرلەمان بکرێ ڕێگە بدا لێکۆڵینەوە لەگەڵ پەرلەمانتار بکرێ. وەرگرتنی پەسەندکردنی پەرلەمان کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام دوای گۆڕانکارییەکان ئیتر پێویستی بە پەسەندکردنی پەرلەمان نەما، تەنها لە کاتی بڕیاری گرتنیاندا پێویستی ئەکرد. ئەم گۆڕانکارییە بچووکانە خەڵکی دڵخۆش کردبوو. چونکە ئەمانە بوونە هۆی ئاسانکاریی بۆ داواکاری گشتی، کە دەست بکا بە لێکۆڵینەوە. کاتێ ڕاستییەکان خرایە بەردەم پەرلەمان ئیتر نەئەتوانرا لە خەڵک بشاردرێتەوە و ڕێگریی بکرێ لە ناردنی پەرلەمانتارە تۆمەتبارەکان بۆ بەردەم دادگا. ئەمە کارێکی وایکرد حکومەت لە ساڵی

2003دا شەش پەرلەمانتار بداتە دادگا و سزا بدرێن. ئەمە یەکەمین نیشانە بوو بۆ یەکسانبوونی هەموو لایەک بەرامبەر یاسا. هەروەها بە هیچ جۆرێک نەئەتوانرا دەسەڵاتداران دەستکەوتی تایبەتییان هەبێت. پاشان توانرا پرۆسەی لەناوبردنی گەندەڵی ببێتە جێگەی باوەڕ. چونکە ئاسانکاریی کرا بۆ تێپەڕاندنی ژمارەیەک یاسای تایبەت بە قەلاچۆکردنی گەندەڵی، لەوانە: یاسایەک بۆ قەلاچۆکردنی مافیاکان، یاسایەک کە ڕێگە ئەدا بەو موڵکانەی بە نایاسایی دەستی بەسەردا گیراوە و حکومەت لێی سەندنەوە، هەندێک گۆڕانکاریش لە یاسای تاوانەکاندا کرا، کە ڕێگایدا سوود لە ڕێکەوتنی دەرەوەی دادگا وەربگیرێت. گۆڕانکاریش لە دەستووردا کرا، بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵات جیاوازەکانی حکومەتدا.

### سێیەم: پەلاماردانی ڕاستەوخۆی گەندەڵی

پەلاماردانی ڕاستەوخۆی گەندەڵی و هاندانی چاکسازی لە زۆربەی وڵاتان ئەبێتە هۆی پەیدابوونی هەندێ ڕێگریی و هەندێک جار ئەبێتە هۆی پەککستنی پرۆسەکە. هەندێک جاریش کاریگەریی ئەخاتە سەر چاکسازخوازەکان و وایان لێ ئەکات هەست بکەن کارەکانیان بە باشی ئەنجام نادەن. بەڵام ئەوەی وای لە سەرکردەکانی جۆرجیا کرد لە چاکسازییەکان بەردەوام بن، ئەوە بوو کە بەردەوام بن لە چاکسازییە بە کۆمەڵەکان، چونکە بڕیاریاندابوو لە یەک کات و لە چەند لایەکەوە پەلاماریی گەندەڵی بدەن، ئەمە چاکترین ڕێگە بوو بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی. ئەم چاکسازخوازانە دڵنیابوونەوە، کە چاکسازی نیوەناچڵی سوودی نییە. چونکە لەوانەیە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان پرۆسەکە ڕابگرێ، بۆیە پێویست بوو ڕێگای توووند و تۆڵ بگیرێتە بەر و لەپڕ دەست پێ بکەن و ڕێگەش لەوانە

بگرن، کە ئەیانەوێ بەربەرەکانیان بکەن. بڕیاردەرانی سیاسی هەستیان بەوە کرد، کە چاکسازییەکان پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە. سەرکەوتن لە بوارێکدا پێویستی بە سەرکەوتنی بوارێکی تر هەیە، بۆ نموونە: سەرکەوتن لە چاکسازییەکانی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لە کەرتی کارەبادا بە تەواویی سەپێندرا، چونکە پێویست بوو چاکسازی لە دابینکردن و پێدانی وزەی کارەبادا بکەن و باوەڕیش بە خەڵک بهێنن، کە ئەم کارە بوونی هەیە. کارەکە پێویستی بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ هەبوو لە بواری وزەی کارەبا و گواستنەوە و دابەشکردنی، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە داهاتی پێویست بۆ ئەنجامدانەکەی وەکوو پێویست لەبەردەستدا نەبوو، بۆیە ئەبوو کاری پێویست بکرێ بۆ چاکسازیی کۆکردنەوەی باجەکان، بۆ ئەوەی ئەو پارەیە سوودی لێوەربگیرێ بۆ وەبەرهێنان.

لە کاتێکدا هەموو شتێک پێویستی بە چاکسازییە، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، لە کوێوە دەست پێ بکەین.؟ سەرانی جۆرجیا لەو باوەڕەدا بوون، کە هەنگاوی یەکەم سەپاندنی دەسەڵاتی یاسا و کۆکردنەوەی باجەکانە. دوای ئەمە ئینجا ڕێکخستنی چاکسازییەکانی تر، کە ئەبێت بە شێوەیەک بێ زۆربەی هاوڵاتییان لە ماوەیەکی کورتدا سوود لەو چاکسازییانە وەربگرن. کارێکی سەیر نییە، کە گەڕانەوەی دابەشکردنی وزەی کارەبا لە ساڵی 2004 لە یەکەمین پێویستییەکان بێت. هەروەکو ئازاد کردن و ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی کەرتی کار و کۆمپانیاکان، هەروەها ڕزگار کردنی خوێندنی باڵا لە دەست گەندەڵی. هەندێ لەم کارانە مەترسیدار بوون، چونکە ئەبوو هاونیشتمانیان هاوبەش لە قورساییەکانی ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییانە، وەکو: گەڕاندنەوەی وزە، کە پێویستی بە هەندێ لە بەرزکردنەوەی نرخەکان بوو، هەروەها ڕێکخستن و توندوتۆڵکردنەوەی کردەی کۆکردنەوەی داهاتەکان. هەروەکوو سەرۆک وەزیرانی پێشوو "زۆراب نوجایدیلی" وتی:

"سەرانی حکومەت ئەیانەویست کارەبای 24 سەعات دابین بکرێت، ئەم گۆڕانکارییە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، ترسیش لە ناڕەزایەتی هاوڵاتیان بەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی کارەبا نەبوو، چونکە کارەبای بەردەوام گرنگتر بوو لای خەڵک نەک نرخ".

### چوارەم: سوودوەرگرتن لە کارمەندی نوێ

زۆرجار دەسەڵاتدارە سیاسییەکان ئەیانتوانی کار بکەنە سەر کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو کارمەندانەی بە توانا بوون بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان، یان کار بکەنە سەر تواناکانیان، چونکە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو هەندێک کارمەند، کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بەو دامودەزگایانەوە نییە و لە کەرتی تایبەت کاریان ئەکرد، ئەیانهێنان و دایانئەمەزراندن، بێ ئەوەی توانایەکی ئەوتۆیان هەبێ.

وەکوو دەرکەوت لە کاتی خۆیدا سەرۆک وەزیران "نیکا جیلاوەری"، کە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاریی کەرتی وزەی کارەبادا کاری ئەکرد، داوایەکی لە حکومەتەوە پێشکەش کرا سەبارەت بە ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ سەرۆک وەزیران و هەندێ لە وەزیرەکان، ئەمە لە بارەی چارەسەرکردنی چەند کێشەکی کەرتی کارەبا بوو. پاش ئەوەی پرۆژەکەی پێشکەشی حکومەت کرد، پۆستی وەزیری وزە پێدرا. هەروەها "کاخا بیندوکدزە" کە پیاوێکی سەر بە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بوو، خاوەنی سەروەتێکی زۆر بوو، ئەم سەروەتەی لە کاتی دەسەڵاتی سەردەمی یەکێتی ڕووسی دەست کەوتبوو، بە سەردانێک هاتبوو بۆ جۆرجیا، لەو کاتەدا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتە نوێیەکەی جۆرجیا لە گفتووگۆدا بوو، سەبارەت بە بەرنامە ئابورییەکانیان، کەچی یەکسەر پۆستی وەزیری پەرەپێدانی ئابوریيان پێ دا.

پڕۆژەی تێکەڵکردنی خوێنی نوێ تەنها بۆ پلە بەرزەکان نەبوو، بەڵکو پلەکانی خوارەوەشی گرتبووەوە. سەبارەت بە دامەزراندنەوەی هێزەکانی پۆلیس، وەزیری ناوخۆ "ئیڤان بیشفیلی" بەشوێن لاوە زیرەک و خوێندەوارەکاندا ئەگەڕا، بە تایبەت ئەوانەی خاوەنی خووڕەوشتی بەرز بوون، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش بکەن. گرنگترین پێویستی ئەوە بوو، ئەو کەسانە نابێت دەسەڵاتدار بووبن لە حکومەتە کۆنەکە و ئەبێت پێشینەیەکی پاکوخاوێنیان هەبووبێت. بەڵام گرنگترین شت لای وەزیری وزەی حکومەتی تازە "نیکا جیلاوەری" ئەوە بوو، کە پەرەی ئەدا بەو تیمانەی سەرپەرشتی چاکسازی دەکات و کارێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی دائەمەزرێن، پێشتر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێ، نەک تەنها بۆ ئەوە بێت، کە چەند کارمەندێک دابمەزرێنن، بەڵکو ئەیویست لە پلەی جێگری وەزیرەوە دەست پێ بکا تا ئەگاتە بەڕێوەبەر، بۆ ئەوەی کارمەندی بچووکیش دڵنیا بن، کە ئەمانەی سەرووی خۆیان لەوانە نابن، کە بەرتیل وەربگرن. لەسەر حکومەتیش پێویست بوو مووچەی شیاو بدات بە کارمەندەکانی، هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە داهاتی دەوڵەت کەم بوو، بۆیە کاربەدەستە سیاسییەکان بڕیاریاندا بە شێوەیەکی باش هەڵسوکەوت بکەن و کارەکانیان ئەنجام بدەن. یەکێک لە کارەکانیانشیان پەیداکردنی هەندێ داهات بوو لە دەرەوەی بوودجە لەلایەن (پەیمانگای کۆمەڵگای کراوە) و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها هەندێ یارمەتیش لەلایەن کۆمپانیاکان و هەندێکیش لە کارە تایبەتییەکانی حکومەت، بۆ ئەوەی بتوانن پاداشتێک بدەن بە کارمەندە سەرەکییەکانیان. لە پێشدا چاکسازکارەکان لەسەر ئەو ڕایە بوون، کە ئەو پارانە سوودی لێوەربگیرێ بۆ چەند ساڵێک، تا کاری کۆکردنەوەی باجەکان بەرەوپێش ئەچێت. بەڵام داهاتەکانی دەوڵەت زۆر بە خێرایی زیادی کرد، بۆیە

زیادکردنی ئەم داهاتە بووە هۆی ئەوەی حکومەت بە زوویی ئەو هاوکارییانە ڕابگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا بەرزکردنەوەی مووچە و پێدانی پاداشتەکان بەردەوام بوون.

بۆ پێگەیاندنی ڕۆشنبیرییەکی باش لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، حکومەت هەوڵێکی ڕێکخراوەیی لە هەموو بوارەکاندا جێبەجێ کرد. لە هەموویان سەرکەوتوو تر ئەو چاکسازییانە بوون، کە لە بواری پۆلیسی هاتوچۆدا کران. ئەمەش لەسەر شێوازی ڕاهێنانی ڕۆژئاوایی، جێبەجێکردنی شێوازی کارکردنی پۆلیس، جلوبەرگی ڕێکوپێک، بەکارهێنانی کەلوپەلی نوێ و پێویست. ئەمە لە کاتێکدا ئەفسەران و پۆلیسی پێشوو بەدناو بوون بە هۆی گەندەڵییەکانیانەوە، بەڵام ئێستا خەڵک تێگەیشتوون، کە پۆلیس خزمەتیان ئەکات، بۆیە ڕێزیان لەناو خەڵکدا زیادی کرد.

**پێنجەم: دەستنیشان کردنی دەوری حکومەت**

بەشێک لە هەوڵەکانی قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە جۆرجیا، بریتی بوو لەوەی: ئەبێت دەوڵەت قەبارەی بچووکتر بێ لە پێشووی، هەروەها دەرکردنی بڕیارە زۆر و زەوەندەکانی کەم بکرێنەوە، لە بەرامبەردا ئازادییە ئابورییەکان پەرەی پێ بدرێ. وا سەیر ئەکرا کێشە ئابورییەکان و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە ئەنجامی دەستێوەردانە زۆرەکانی دەوڵەتەوە بووە لە کاروباری خەڵکیدا. سەرۆک وەزیران "لادۆ جۆجنیدزە" لەم بارەیەوە وتویەتی: "ئەمە تاقیکردنەوەیەکی زۆر ڕاستە سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئازادی" بەڵام وەزیری ئابوری کۆن "کاخا بیندوکیندزە" زۆر بە ڕوونی ئەڵێ: "کەمکردنەوەی دەستێوەردانی نێوان خەڵک و دەوڵەت کارێکی پێویستە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی".

هەوڵێکی زۆر درا بۆ کەمکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک و حکومەت، ئەمەش بە تایبەتکردنی کارەکان و کەمکردنەوەی ڕێگرییەکان بوو لەسەر کۆمپانیاکانی کار و چاکسازی لە باجەکاندا. ئێستا "بیندۆ کیدزە" لەو باوەڕەدایە، کە "بە تایبەت کردن، کارێکی زۆر پێویستە بۆ دامەزراندنەوەی چوارچێوەکانی ئابوری و کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی داهاتی حکومەت" بەڵام هەندێک لە چاکسازخوازەکان لەو باوەڕەدا نەبوون. لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا هەموو لایەک لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە لیستی ناوی کۆمەڵێک لە دامودەزگا گشتییەکان دەستنیشان بکەن، کە ئەتوانرێ بفرۆشرێ بە کەرتی تایبەت و سوود لە داهاتەکەی وەربگیرێ. سەبارەت بەم کارە، هەندێ لە وەزیرەکان دڵنیا نەبوون لە سوودوەرگرتن لەو داهاتانە، بەڵام کاتێ بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرد، هەموویان ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو داهاتانە.

ئەو بیرۆکەیەی کە ئەڵێ: **"ڕێگە بدە با کار بکات"** گرنگترین بیرۆکە بوو لە پڕۆژەی ئازادکردنی کەرتەکانی کاردا، ئەمەش بە ڕاگرتنی سەدان ڕێگاپێدان و مۆڵەتی کاری تایبەتی بوو. لە کۆبوونەوەکاندا بە سەرۆکایەتی "بیندۆ کیندزا" و سەرۆکی دامودەزگاکانی حکومەت، هەموو لایەک لەسەر شێوازی ڕیشەکێش کردنەکان کۆکن بوون و بڕیاریاندا دەست لەو کێشە و ڕێگرییانە هەڵبگرن، کە ئەبنە هۆی ڕێگریی و پەکخستنی کارەکانی کەرتی تایبەت. هەر یەکێک لەو دامودەزگایانە ئەبێت کارەکانیان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە ببەن، یان ڕووبەڕوی ڕاگرتنی کارەکانیان ئەبنەوە.

چاکسازخوازەکان لەو باوەڕەدان بوون ئازادکردنی بازاڕ، ئەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کۆمەڵێک لە کێشەکان، وەکو: زۆر بە ئاسانی و لە ماوەیەکی کەمدا کارەبا لەو کەسانەی بڕدرا کە پارە نادەن، بۆ ئەم مەبەستەش هیچ دامودەزگایەک لەم بڕینە نەبەخشرا، تەنانەت نەخۆشخانەکان، میترۆ،

کۆمپانیای کانە گرنگەکان و هەندێ شوێنی تریش... بەم کارە داهاتی وزەی کارەبا بەرز بووەوە، داهاتی دەوڵەت پەرەی سەند. بەم دەستکەوتانە کۆمەڵێک پرۆژەی تری کارەبا ئەنجام درا، ئەمە بێجگە لەوەی دەزگای کارەبا کەمتر پێویستی بە بوودجەی دەوڵەت بوو. هەروەها بەرزکردنەوەی نرخی یەکەکانی کارەبا بووە هۆی ئەوەی خەڵک کەمتر کارەبا بەکاربهێنێ و ئەو فشارەش، کە لەسەر وزەی کارەبا هەیە، کەم ببێتەوە. هەروەها ئاسانکردنی وەرگرتنی باجەکان و کەمکردنەوەی ڕێژەی باجەکان لەسەر خەڵکی، ئەمانە بوونە هۆی ئاسانکردنی کۆکردنەوەی باجەکان و پەرەسەندنی داهاتی دەوڵەت و سوودوەرگرتن لە وەبەرهێنانی نوێ.

**شەشەم: پشبەستن بە چارەسەرە نائاساییەکان**

لە هەندێک لە چاکسازییەکان و قەلاچۆکردنی گەندەڵیدا، بە تایبەتی بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ کارمەندە گەندەڵەکان و خاوەن کۆمپانیاکان، کە زیندانی کرابوون. لە بارەی ئازادکردنییانەوە هەوڵی وەرگرتنی پارەیان لەگەڵ ئەدرا. ئەم مەسەلەیە ببووە مایەی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و کارەکە زۆر ئاسان بوو. سەرۆک "ساکاشفیلی" وتی: "ناتوانین هەموو کارمەندێکی گەندەڵ لە زیندانەکاندا بهێڵینەوە، چونکە ژمارەیان زۆر زۆرە و دانیشتنی ئەمانە لە زیندان ئەبێتە هۆی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لەو داهاتە کەمەی حکومەت، بۆیە وا باشترە ئەو پارەیەی بە ڕێگای نایاسایی دەستیانکەوتووە، لێیان بسەندرێتەوە و بەرامبەر ئەوەش ئازاد بکرێن. بەم کارەش هێز و توانایان نامێنێ".

یەکێک لە گەندەڵکارە ناسراوەکان لە سەرەتای ساڵی 2004، کە کەسێکی بە توانا و خاوەن دەسەڵات بوو، پاش ئەوەی دەستگیر کرا، چواردە ملیۆن

دۆلاری ئەمریکی لێ سەندرایەوە، ئینجا ئازاد کرا، ئەو برە پارەیەشیان گەڕاندەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت. لەم بارەیەوە ساکاشفیلی ڕوونیکردەوە "بەو پارەیە ئەتوانرێ مووچەی دوو مانگی خانەنشینانی پێ دابین بکەین، بۆیە ئەمە زۆر لەوە باشترە بکەوینە ڕووبەڕوبونەیەکی یاسایی دووردرێژ لەگەڵیدا". هەروەها ئەو کارانەی جێبەجێ کران سوودی خۆیان هەبوو، وەکو: بەکارهێنانی ئەو پارانەی لە دەرەوەی بوودجە کۆئەکرانەوە، چونکە سوودی لێ وەرئەگیرا بۆ بەرزکردنەوەی مووچەی کارمەندان و پێدانی مووچە بۆ ئەو پۆلیسانەی لەسەر کارەکانیان دوورخرابوونەوە.

لە کاتی زیندانیکردنی بەپەلەی بەرپرسە تاوانبارەکان، بە شێوەیەکی ئاسان پشت بە کارەکانیان نەئەسترا، واتە پشت بە چارەسەرە یاساییەکان نەبەسترا، وەکو: درێژکردنەوەی کارکردن بەو یاسایانەی پێشتر دانراون. هەروەها دەوڵەت کەوتە پیاچوونەوەی بەپەلە و پێداچوونەوە و گۆڕینی یاساکانی سزادان بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەڵام لە پێش گۆڕینی ئەو یاسایانەدا کاربەدەستان زۆر بە توندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تاوانباران ئەکرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی نائارام بێ بەرامبەر لاوازیی و سەربەخۆنەبوونی دادگاکان. لەم بارەیەوە کەوتنە پرسیارکردن سەبارەت بە ڕێگادانی حکومەت بەو تاوانبارانە، کە بەرگری لە خۆیان بکەن و دادگاش گوێیان لێ بگرێ.

پرسیار ئەوەیە: ئایا حکومەت ئەیتوانی ئەم کارانە بە شێوەیەکی جیاوازتر بکا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕوون و ئاشکرایی لەلایەن سەرۆک ساکاشفیلی و دەستەی چاکسازخوازەکانەوە بە "نەخێر" وەڵام درایەوە، چونکە لە ئەنجامی دارمانی دەوڵەت، لەو باوەڕەدا بوون زۆر بە توندی بکەونە چارەسەری کێشەکان، لەوانە: بەپەلە زیندانی کردنی سەرجەم تاوانباران، چونکە ئەیانزانی، کە لێپرسینەوەکانی دادگا قورسن و ئاسان نین. لەبەر ئەوە

ئەم لێپرسینەوانە، ئاسان تر بوو. هەروەها پێویست بوو ئەم بەرپرسانەی دەستیان کردووە بە چاکسازییەکان، پارێزگاری لە چاکسازییەکانیان بکەن و خۆیان سەرپەرشتی کارەکان بکەن، نەک داواکاری گشتی بەو کارە هەستێ. لە شوباتی 2011دا ساکاشفیلی وتارێکی لەبەردەم پەرلەماندا پێشکەس کرد و وتی: "ئەبێت لەبری ئەوەی بەدواداچوونی دادگایی ئەنجام بدەین، ئەبێت سوود لە رۆشنبیری و خزمەتگوزارییە گشتییەکانوەربگیرێت".

**حەوتەم: پەرەسەندنی یەکخستنی ئامانجەکان و پەرەپێدانی**

لەگەڵ یەکخستنی رێوشوینەکانی چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵی، یەکخستنی ئامانجەکان و رێکخستنی کاری چاکسازخوازەکان کارێکی پێویست بوو. ئایا ئەمانە و خێرایی لە گۆڕانکارییەکاندا چۆن جیبەجێ کران!

ئەم خاڵانەی خوارەوە بەشدارییان کرد لە سەرخستنی ئەو ئامانجانەدا:

1. رێژەی بەرپرسانی سیاسی کەم بوون، بۆیە هاوکاریی ئەمانە یارمەتیدەرێکی بەرچاو بوو بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکان.

2. هاوکارییەکی توندوتۆڵ لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران هەبوو، بۆیە بەردەوام ئەم ئەنجومەنە کۆبوونەوەی ئەکرد لەسەر بەدواداچوون و جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان، کە زۆرجار کۆبوونەوەکان لێکۆڵینەوە و ڕووبەڕوبونەوەی گەرمی تێ ئەکەوت.

3. چەندەها لیژنە لەلایەن پلە باڵاکانەوە دروست ئەکرا بۆ چاودێری کردنی کارەکانی چاکسازی لە هەموو بوارەکاندا، وەکو: گواستنەوە، باج، وزە، بەتایبەت کردن. ئەمانە وا دائەنرا، کە قەلاچۆکردنی گەندەڵی بەشێکی سەرەکییە لە چاکسازییە گرنگەکان.

4. زۆرجار کۆبوونەوەی بەپەلە لە بارەی هەندێ لە کێشە سەرەکییەکانەوە ئەکرا، کە پێویست بوون چارەسەر بکرێن، چونکە هەست بەوە ئەکرا، کە پێویستییەکی گرنگ هەیە بۆ ئەنجامدانی چارەسەرەکان.

هەرچەندە زۆربەی بڕیارەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەدران، بەڵام سەرۆک کۆمەڵێک بەرنامەی گشتی دانابوو، کە خۆی پێوە خەریک کردبوو بە تایبەت بە بڕیارە سەرەکییەکانەوە، هەروەها سەرۆکایەتی پەرلەمانیش لەم بارەیەوە هاوکاری ئەکردن. زۆرجاریش لێکۆڵینەوەکان لە ژێر سێبەری پەرلەماندا ئەنجام ئەدرا. سەرۆکی پەرلەمان "سێڤید باکرادزە" سەبارەت بەمە ئەڵێ: "لێکۆڵینەوەکان لەبارەی قەلاچۆکردنی گەندەڵییەوە سەرکەوتوو بوون و هەمیشە لە پەرلەماندا پشتگیری لە چاکسازییەکان ئەکرا".

**هەشتەم: سوودوەرگرتن لە شارەزایانی نێودەوڵەتی بۆ کاروبارەکانی ناوخۆ**

زۆر لە دەوڵەتان گرفتاری ئەو کێشانە بوون، کە جۆرجیا تووشی هاتبوو. بەڵام بڕیاردەرانی سیاسی لە جۆرجیا سوودیان لە ئەزموونەکانی خۆیان وەرگرتبوو، بۆ نمونە: پێیان وابوو ڕێککەوتن لەگەڵ گەندەڵکاراندا لە بەدواداچوونە دادگاییەکان ئاسانترە. زۆرجار شایەتی کارمەندەکان پاشەڕۆژی بەرپرسە گەندەڵەکانی دیاری ئەکرد. ئەمە سوودی لە بیرۆکەی ڕژیمی دادگایی ئەمریکی وەرگرتبوو. هەروەها سوود لە یاساکانی قەلاچۆکردنی مافیا بە یاسا، لە ئیتاڵیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگیرابوو. هەروەها ڕاهێنانەکانی پۆلیسی جۆرجی سوودی لە ڕاهێنانەکانی پۆلیسی ئەمریکی و ئەوروپی وەرگرتبوو. ڕێکەوتیش وابوو زۆربەی ئەندامانی حکومەت خوێندنیان لە دەرەوەی وڵات تەواو کردبوو، بە چاوی خۆیان بینیبوویان کارەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە جۆرجیا جێبەجی دەکرێت. کاربەدەستە سیاسییەکان لە چیرۆکەکانی سەرکەوتن فێر نەبووبوون، بەڵکو لە سەرنەکەوتنە ئابورییەکانیش سوودیان وەرگرت بوو. هەروەها لە چاکسازییەکان و

قەلاچۆکردنی گەندەڵی وڵاتانی تر سوودیان ئەبینی، بۆ نموونە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن.

چاکسازخوازەکان شارەزاییان لە زۆربەی وڵاتان وەرگرت و توانییان پەرە بەوە بدەن، بۆ ئەوەی بتوانن سوودی زیاتری بە جۆرجیا بگەیەنن، هەروەها بە شێوەیەکی باشتر چارەسەری کێشەکان بکەن.

## نۆیەم: سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیا

تەکنەلۆجیا لە وڵاتدا بەرەو پێشەوە چوو. چونکە کاریگەرییەکی گرنگی هەبوو لە قەلاچۆکردنی گەندەڵیدا. بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیا ڕێگریی لە پەیوەندییەکانی نێوان بەرپرسان و هاوڵاتییان کرا. ئەمە بووە هۆی کەمکردنەوەی بواری بەرتیلدان. هەروەها تەکنەلۆجیا ئاسانکاریی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان کرد و وای لێکردن چاودێریکردن ئاسانتر بێت. ئەمە بێجگە لەوەی کاری خەڵکی ئاسانتر کرد.

باشترین نموونە بۆ ئەمە: دەرهێنانی پاسپۆرت بوو. لەوەوپێش دەرهێنانی پاسپۆرت ماوەیەکی زۆری پێ ئەچوو، بێجگە لەوەی هەندێک بەرتیل بۆ دەرهێنانەکەی ئەدرا. بەڵام ئێستا هاوڵاتییان دۆکۆمێنتەکانی پێشکەش دەکات و هەندێ باجی پێویست ئەدا بۆ دەرهێنانی (کە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوانەی پاسپۆرتیان بەپەلە ناوێت، یان ئەوانەی بەپەلە ئەیانەوێ) پاشان هاوڵاتییان لە ڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە نامەیەکیان بۆ دێت، بۆ ئەوەی بچن بۆ وەرگرتنەوەی پاسپۆرتەکانیان. کاری دەرهێنانی پاسپۆرت بۆ ئەوانەی پەلەیان نییە ماوەی 10 ڕۆژی ئەچێ. بەڵام ئەوانەی پەلەیانە لە ماوەی 24 سەعاتدا بۆی دێتەوە. ئەو هاوڵاتییانەش لە دەرەوەی جۆرجیا ئەژین، ئەتوانن داواکانیان بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێشکەش بکەن، پاش ناساندنی دۆکۆمێنتەکانیان لە ڕێگەی ئەلکترۆنییەوە لەگەڵ یەکێک لە کارمەندانی تۆمارکردنی گشتی لە ڕێگەی خزمەتگوزاری سکایپەوە جێبەجێ دەبێت. هەروەها کۆمەڵێک نموونەی تر هەیە، کە

تەکنەلۆجیای بۆ بەکاردێت، وەکو: نوسینگە ئەلکترۆنییەکان لە پۆلیسخانە، یاخود تۆمار کردنی زەوی، یان پێشکەشکردنی بوودجەی ئەلکترۆنی، کە بریتیە 80%ی داهاتەکان لە ساڵی 2010.

**دەیەم: بەکارهێنانی پەیوەندییە ستراتیجییەکان**

زۆراب نوجایدیلی ئەڵێ "سەرۆک ساکاشفیلی توانایەکی سیاسی بەرزی هەیە. بۆیە توانی بە ئاسانی دەستنیشانی کارە باش و خراپەکانی هاوڵاتییان بکات" ئەم توانایەی وای لێکردبوو بە خێرایی بڕیارەکان لە بارەی چاکسازییەوە دەربکات، بۆ نموونە: بەرزکردنەوەی نرخی کارەبا، کە توانرا بە ئاسانی تێپەڕ ببێ، چونکە بۆ بەرپرسان دەرکەوت، کە کاریگەریی سیاسی ئەم بەرزکردنەوەیە ئاسان ترە لە نەبوونی کارەبا. هەروەها ساکاشفیلی بە بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتییان هەبوو، زوو زوو سەردانی هەموو ناوچەکانی وڵاتی ئەکرد. وای لە بەرپرسانیش کردبوو بەردەوام هەوڵی کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوونی هاوڵاتییانیان بکەن. زۆرجار بۆ ئەم مەبەستە سوودیان لە کۆمپانیا بیانییەکانیش وەرئەگرت، کە پسپۆڕ بوون لە پەیوەندییە گشتییەکان و کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوونی خەڵک. بەو پێیە کارەکانی چاکسازیی هەستی خەڵکی ڕوونتر ئەکردەوە.

هەر لە سەرەتاوە حکومەت سوودی لە میدیاکان وەرگرت سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو بەرپرسانەی لەسەر گەندەڵی دەستگیر کرابوون، هەروەها وێنەی ئەوانەش بڵاو ئەکرایەوە، کە خۆیان لە باج ئەدزییەوە. سوودوەرگرتن لە میدیاکان بەم شێوەیە، خەڵکی قائیل کرد بەوەی، کە چاوپۆشی لە گەندەڵکاران ناکرێت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی هاوڵاتییان ئەو کارانە قبوڵ بکەن. پەلاماردانی سەرانی گەندەڵکاران و ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکانی، بووە هۆی گۆڕانکاریی لە بیروبۆچوونی هاوڵاتییان، وەکوو، "جیجی ئۆجالاقا"ی ئەمینداری تبلیسی وتبوی: "گۆڕانکاریی لە دامودەزگاکاندا بە تەنیا کارەکانمانی جێبەجێ نەئەکرد، بەڵکو گۆڕانکاریی لە بیروبۆچوونی

خەڵکی جۆرجیادا گۆڕانکاریی ڕاستەقینە بوو، هەر ئەمەش کارەکانمانی زیاتر سەرخست".

لە سەرەتادا بەردەوامبوونی چاکسازییەکان زۆر سەرکەوتوو نەبوون، چونکە خەڵک وا هەستی ئەکرد، کە حکومەت نیەتی باش نییە. لە ساڵی 2007-2009 ئەم بێ متمانەییە وای لە خەڵک کرد پۆستەرات لە دژی چاکسازخوازان لەسەر شەقامەکانی جۆرجیا هەڵبواسێ. لە دوای ئەم ناڕەزاییەتیانەی خەڵک کاربەدەستان بڕیاری ئەوەیاندا گۆڕانکاریی لە ستراتیجیەتی پەیوەندییەکانیاندا بکەنەوە، بۆیە دەستیان کرد بە کۆبوونەوەی کراوەی گشتی لە سەرجەم شارەکان و لە هەموو جێگایەکی وڵات، بۆ ئەوەی کاربەدەستە باڵادەست و بەرپرسانی وەزارەتەکان بەرنامەکانی خۆیان و ئەنجامەکانیان بۆ جەماوەر ڕوون بکەنەوە. لە ساڵی 2009 دەست کرا بەو کۆبوونەوەی گشتیی لە بارەی چاکسازییەوە، هەروەها چۆنیەتی بەربەرەکانیی کردنی گەندەڵی و باسکردنی هەموو شێوازەکانی چاکسازیی، بە تایبەت لە بوارەکانی: تەندروستی، شارەوانی، کارگێڕییەکانی باج، ژینگەی کارە بازرگانییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم کۆبوونەوەی مێزی خڕ لە بەهاری 2011دا لەگەڵ بەشی تایبەتی پیاوانی کارگوزاریی بارزرگانی جۆرجیی ئەنجام درا، کە تایبەت بوو بە کاروباری باجەکان.

بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی حکومەت لەگەڵ هاوڵاتییان، بە شێوەیەکی فەرمی لەسەر شەقامەکان داوای ڕاوبۆچوونی خەڵکی ئەکرا لە بارەی کارەکانیانەوە. ئەم کارە بووە هۆی دروستبوونی متمانەی هاووڵاتیان سەبارەت بە چاکسازییەکانیان.


### چی ئاڵنگارییەک ماوە لەبەردەم جۆرجیادا

گۆڕانکارییەکانی جۆرجیا لە ساڵی 2003 زۆر ناوازە بوون، ئێستا شەقامەکان ڕووناک و هێمنن. خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێ گەندەڵین، بزوێنەری ئەم گۆڕانکارییانە لەو لێکۆڵینەوانەوە پەرەیسەند، کە کاربەدەستانی

جێبەجێکار بە ڕێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام ئەدا. دەسەڵاتی جێبەجێکار لە جۆرجیادا توانای گۆڕانکاری لە پاداشتەکاندا هەیە. هەروەها توانییان دامودەزگا گەندەڵەکان لابەن و دامودەزگای نوێ دروست بکەن. تاوانباران سزا دران لەسەر: تۆمەتی پێنەدانی باج، لەسەر گەندەڵی، لەسەر تاوان. داواکاری گشتی لە هەموو ستراتیجەکانی قەلاچۆکردنی گەندەڵی و پەرەپێدانی دامودەزگاکاندا، دەورێکی گرنگی هەبوو.

ئایا جۆرجیا پارسەنگی ڕاستەقینەی بەدەست هێنا. لە سەرەتادا پشت بە داواکاری گشتی ئەبەسترا (**خشتەی 2.10**). زۆربەی بڕیاربەدەستەکان بە شێوەیەک سەیری ئەو کارانەیان ئەکرد، کە ببێتە هۆی گەڕانەوەی باوەڕ بە حکومەت، هەروەها دەستنیشانکردنی سزا ڕاستەقینەکانی دادگا لە دژی گەندەڵی.

**وێنەی 10. 2:** پارسەنگی ڕاستەقینە لە نێوان بەدواداچوونە دادگاییەکان و بنیادنانی دەزگاکانی قەلاچۆکردنی گەندەڵی.




**سەرچاوە:** دانەرەکان

دامودەزگا خزمەتگوزارییە گشتییەکان کاتێکی زۆریان پێویست بوو بۆ پەرەپێدانی پێویستییەکانی کۆمەڵ، بەڵام کارگێڕییە چالاکەکانی دەوڵەت یارمەتی دروستبوونی دامودەزگای نوێیان بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان دا. بە گوێرەی ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی "جیجا بوکیریا" وتبوی: "ئاڵنگارییە چاوەڕوانکراوەکان بریتییە لە: بە هێزکردنی دامودەزگاکان بە پڕکردنەوەی کارمەندی بە توانا و چالاکەکان. وتەکانی حکومەت و ئەو کارانەی لەم دواییەدا ئەنجام دران، دەری ئەخات، کە ئەم گۆڕانکارییانە بەردەوامن".

کاری دامودەزگا جێبەجێکارەکان گەورەترین هاندەری گۆڕانکارییەکان بوون. چونکە زۆرترین سەرکەوتن لە چاکسازییەکاندا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تیمە بچوکانەی لەلایەن دەزگا جێبەجێکارەکانی دەوڵەتەوە دروست کرابوون و هێزەکەشی پشتی بەست بوو بە سەرۆک کۆمار، کە خۆی بەدواداچوون و چاودێری هەموو کاروبارەکانی حکومەت دەکرد. هەندێ لە چاودێرەکان هەستیان بە دەستێوەردانی زۆری دەسەڵات ئەکرد، بەتایبەت لەلایەن ئەوانەوە ئەم کارانە بە باش نەئەزانرا، وەکو لە ڕاگەیاندنێکی دەزگای دەستپاکی نیشتمانی جۆرجیادا بەم شێوەیە باسی دەکا: (Transparency International -2011,15) "دەستێوەردانی دەسەڵات لەلایەن پلە باڵاکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و لاوازیی دەزگاکانی لێپرسینەوە ئەبێتە هۆی خراپ بەکارهێنانی کار لەلایەن دەسەڵاتەوە، بێگومان ئەمەش ئەبێتە هۆی پێشێلکردنی یاسا".

چۆن ئەتوانرێ ڕێگەوشوێنی لێپرسینەوە بەهێز بکرێت، ئەو دامودەزگایانەی بەرپرسن لە کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بریتین لە: پەڕلەمان، دەزگای دادوەری، دەزگای لێپرسینەوەی گشتی، ژووری کۆنترۆڵ و دەزگای باڵای وردبینی گشتی. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی لە ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتییەوە هاتووە، چوارچێوەی یاسایی، کە پابەند ئەبێت بەو دامودەزگایانەوە سەبارەت بە چاودێرییەکان، ئەبێت کاریان پێ بکرێ و پەرەیان پێ بدرێ. ئەنجومەنی ئەوروپا ئەڵێ: "ئەو گۆڕانکارییە

دەستورییانەی پەڕلەمان، کە لە 15ی تشرینی یەکەمی 2010دا دەکرا، ئەڵێ: باشترین پشتگیری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری ئەوەیە، پشتگیری لە بڕیاری چاکسازییەکانی پەڕلەمان بدات، ئەمەش بۆ دانانی دەزگایەکی لێپرسینەوەی باشتر لە جاران، کە لە هەموو جێگایەکی حکومیی کاری پێ بکرێ. (PACE 2011.2) ئەو گۆڕانکارییەی لە یاساکەدا کرا، زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە میانەی بەرژەوەندییەکاندا نەمێنێ و یەکسان بێت. هەروەها یارمەتیدەر بێت بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی هەموو موڵک و توانا داراییەکانی بەرپرسانی حکومی.

حیزبی دەسەڵاتدار زۆربەی ئەندامانی پەڕلەمان و دەسەڵاتە خۆجێییە هەڵبژێردراوەکانی بە دەستەوە بوو. بەمە نزیکبوونەوە لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا ڕوویدا. هەروەها گەلێک گفتوگۆی گرنگ لە بارەی کاریگەرییە سیاسییەکانی حکومەتەوە ئەنجام دران، بەڵام نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بووە هۆی کەمبوونەوەی وردبینی کردن لە کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکرن لەلایەن پەڕلەمانەوە، چونکە پەرەپێدانی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر یارمەتیدەری پەرەپێدانی دیموکراتیەتە لە جیهاندا. سەرەڕای ئەوە، هەندێک لەسەر ئەو ڕایەن، کە لاوازی یەکسانی بۆ وەرگرتنی داهاتی ئابوری و ڕاگەیاندن ئەبێتە هۆی دەرکەوتن و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن. (Transparency International Georgia 2011).

ئەبێت چۆنیەتی پێشخستنی یاساکانی لێپرسینەوە پەرەی پێ بدرێ، پەرەش بدرێ بە دەسەڵاتی دادوەریی (Freedom House 2010). هەوڵێکی زۆر درا بۆ نوێکردنەوەی دەزگای دادوەریی، بەڵام هێشتا پێویستی بە زیاتر هەیە، چونکە زۆربەی دادوەرەکان لە لاوە بێ ئەزمونەکان بوون. دەزگاکانی داواکاریی گشتی، کە بەهێزتر بوون، کاریگەرییان لەسەریان هەبوو. لەبەر نەبوونی بڕیاری دامەزراندنی دادوەرەکان بۆ هەتاهەتایی و هەڕەشەی گواستنەوەیان بۆ ناوچە دوورەکان، بووە هۆی ئەوەی ئەم دادوەرانە بە سەربەخۆیی کارەکانیان ئەنجام نەدەن، لەبەر ئەوە دەزگای دادوەریی لە

ڕیزی ئەو دامودەزگایانەدا مایەوە، کە کەمترین ڕێزیان هەیە لە وڵاتی جۆرجیادا (Transparency International Georgia 2011).

حکومەت لەبارەی دەسەڵاتی دادوەرییەوە تووشی دڵەڕاوکێ بووبوو، بۆیە لە ساڵی 2012 بڕیاریاندا لە دادگاکاندا دەزگای سوێندخۆران دابمەزرێن. هەروەها لە ساڵی 2013دا بڕیاری دامەزراندنی دادوەرەکانیان کرد بە هەتاهەتایی. هەروەها نوسینگەی دەزگای بەرگری (نوێنەری جەماوەر) کە ئەم دەزگایە، دەگازیەکی ڕاستگۆیە (Transparency International Georgia 2011)، هەرچەندە ئەم دەزگایە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسای نییە، بەڵام ئەتوانێت ڕاسپاردەی یاسایی سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان پێشکەش بکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر سەرپێچی لە مافەکانی مرۆڤدا کرا، بەڵام دەورێکی زۆر گرنگی هەیە لە ڕێکاریی لێپرسینەوەکاندا.

بۆ پێشخستنی چاودێریی گشتی، بەرامبەر ئەو ڕێگرییانەی ئەبنە هۆی پەکخستنی چاودێرییەکانی ژووری کۆنترۆڵ. ئەنوو بەرنامەیەک بۆ ئەمە دروست بکرێت، کە دارایییەکەی لەلایەن ئەو لایەنانەوە دابین بکرێت، کە یارمەتی پێشکەش دەکەن. گۆڕانکاریی لە یاساکاندا بە گوێرەی ئەو ژووری کۆنترۆڵە ئەبێت، کە توانای کارمەندەکان بۆ وردبینی کردن جێبەجێ بکرێ. (ئەمەش بەهۆی ڕاهێنانێکی ناوەندیی لەگەڵ ئامادەکاریی دامودەزگا بەرزەکان بۆ پێداچوونەوە ژمێریارییەکان لە ئەوروپا).ئەم هەنگاوانە کارێکی ئامانجدارە.

ڕاگەیاندن لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەشێکی گرنگە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، بەڵام لە جۆرجیا ئەم دامودەزگایانە هێشتا لە دروست بوون و پەرەپێداندایە و تا ڕادەیەک لە ئاستی پێویستدا نییە، بەتایبەت بۆ ڕسواکردنی گەندەڵی. هەرچەندە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سەرەتادا دەورێکی گرنگیان بینی لە دژی گەندەڵی، بەڵام وەکو دەرکەوت ئەم دەزگایە ناتوانێت خزمەتگوزاری بەرچاو پێشکەش بکات، چونکە وەکو زۆرێک لە ڕێکخراوەکان بە دوای سوودی دارایییەوە نیە (Fredoom House, IREX, Berteismann Stiftung) ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە توانایەکی

سەربەخۆیان نییە، کە ڕاپۆرتی سوودبەخش لەبارەی دەوڵەتەوە دابنێن (International Georgia 2011 Transparency) چوارچێوەی یاسایی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ڕاگەیاندن کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو دامودەزگای ڕاگەیاندنانە خاوەنەکانیان هاوپەیمانی گەلێک لە خاوەن کۆمپانیاکانن، کە ئەوانیش لە دەسەلاتەوە نزیکن. لەبەر ئەوە ناتوانن ڕاپۆرتی بێلایەنانە بڵاوبکەنەوە.

تا ئێستا دەنگ بەرزکردنەوەی جەماوەر بەرامبەر بەرپرسانی سیاسی کارێکی نوێیە. پێویستە ئەو دەنگ بەرزکردنەوەیەی هاولاتییان زۆر بە ئاشکرا و بەرزتر بەشداری لە بەربەرەکانی گەندەڵیدا بکا. زۆر پێویستە بەدواداچوون بکرێ بۆ ئەنجامەکانی دەرخستنی کێشەی گەندەڵی. پێشتر هەندێ هەنگاو نراون و ئێستا هەندێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەندامن لە ئەنجومەنی ڕێکخستنی دامودەزگاکانی قەلاچۆکردنی گەندەڵی، کە لە کانونی یەکەمی 2008 دروست کراوە. هەروەها ستراتیجێکی نوێ و پلانێکی کاری بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی داناوە. مەبەست لە دانانی نوێنەرانی کەرتی کار بۆ ئەوەیە ئاسانکاریی لە گفتوگۆکانی نێوان حکومەت و کۆمپانیا تایبەتەکان بکات، بە تایبەتی لە بارەی باجەوە. ئەمە بوارێکی تر بۆ هاولاتییان ئەڕەخسێنێ، کە بە دەنگەکانیان بەشداری ئەم کارانە بکەن. ئەمەش پێویستی بە هاوکاری هەیە، بۆ باشترکردنی توانای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

**ئایا ئەتوانرێ ئەو چاکسازی و قەلاچۆکردنی گەندەڵییەی لە جۆرجیا ئەنجام درا ، لە وڵاتێکی تریش ئەنجام بدرێت؟**

چاکسازییەکان و قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە جۆرجیا، دوای ئەو شۆڕشە دەستی پێ کرد، کە پشتگیرییەکی فراوانی گەلەکەی لەگەڵدا بوو. هەندێ لەو بڕوایەدان ئەمە لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکی مێژووییەوە بووە، بۆیە زۆر سەختە لە وڵاتێکی تردا ڕوو بداتەوە.

هەر وڵاتێک کۆمەڵێک دامودەزگای تایبەتی خۆی هەیە، سیاسەتی ئابووری تایبەت بە خۆی هەیە. ئەبێت خۆی ڕێگای قەلاچۆکردنی گەندەڵی بگرێتەبەر. بۆیە زۆربەی ئەو چاکسازییانەی لە جۆرجیا کراون، ئەتوانرێ لە وڵاتانی تریش دووبارە بکرێنەوە. چونکە گەندەڵی تایبەتمەندییەک تەنها لە جۆرجیادا هەبێت و بەس. لەو دە خاڵەی سەرەوە شایەتی ئەو ڕاستییە ئەدەن، کە باسمان کرد، بۆیە ئەمانە کارێکن، کە دەکرێت لە هەموو جێگەیەک ڕوو دووبارە بکرێنەوە.

زۆربەی دەوڵەتان هەوڵی ئازادکردنی کەرتی کار ئەدەن و ڕێگا بە بوارەکانی ئابوری ئەدەن بۆ پەرەپێدانی کارە بازرگانییەکان، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، یان دانانی یاسایەکی تایبەت بە وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکاندا بە شێوەیەکی شەفاف. هەروەها دابینکردنی وزەیەکی بەردەوام، کە زۆرجار ئەم کارانە بەبێ شۆڕشیش ئەنجام دراون.

زۆرێک لەو هەنگاوانەی جۆرجیا سەبارەت بە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان نراون، لەوانە پەرەپێدانی چاکسازی، کە بووە هۆی دەرخستنی ڕاستگۆیی حکومەت. ئەمە دەکرێت دووبارە بکرێتەوە (کۆپی بکرێ). چاکسازییەکانی تۆماری شارستانی و تۆماری گشتی پشتی بە کارە هونەرییە نوێیەکان بەست، کە زۆربەی دەوڵەتانی تریش ئەتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن. هەروەها ئەتوانرێ گۆڕانکاریی لە بیروباوەڕی خەڵکیدا بکرێت. چونکە دەوری سەرکردایەتی کردنی دەوڵەت و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی، کارێکی مەحاڵ نییە، هەرچەندە لە بارەی پەلامارەکانی چەند لایەنێک لە دژی گەندەڵییەکان لە وڵاتی جۆرجیا، کاریگەری خۆی هەبوو. بۆیە هیچ دەوڵەتێک لە دنیادا ناتوانێت لە قەلاچۆکردنی گەندەڵیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەگەر چاکسازییەکانی نیوەناچڵ بن، چونکە بەرنامە هەمەلایەنەکان تەنها ڕێگای سەرکەوتنن. ئەو کارانەی تر، کە دەوڵەتەکانی تر جگە لە جۆرجیا ئەتوانن سوودی لێ ببینن، ئەوەیە کە سوود لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن وەربگرن بۆ ڕیسواکردنی گەندەڵی، هەروەها بە پشتیوانی گەلەکەیان پەیوەندییەکان بەکاربهێنن بۆ بەربەرەکانی دژی گەندەڵی.

گرنگترین کار لەم بوارەدا: بەرەوپێش بردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە. هەرچەندە زۆر لە دەوڵەتان هەوڵ ئەدەن خزمەتگوزارییە گشتییەکانیان بەرەوپێش ببەن و میللەتەکەیان لە بەرتیلدان ڕزگار بکەن، نموونەی ئەزمونی جۆرجیا لە قەلاچۆکردنی گەندەڵیدا کارێکی زۆر دیارە و هیوا و بیرۆکە ئەدات بەو دەوڵەتانەی بەنیازی قەلاچۆکردنی گەندەڵین.

**کورتەیەک**

جۆرجیا لە ساڵی 2003 سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە قەلاچۆکردنی گەندەڵی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا بەدەست هێنا، کە ئێستا زۆربەی دەوڵەتان بە دەست ئەم کێشەیەوە ئەناڵێنن. جۆرجیا دەریخست، کە سەرکەوتن لە ماوەیەکی کورتدا بەدەست ئەهێنرێ، ئەگەر دەسەڵاتدارانی سیاسی ئارەزووی بکەن و دەست بکەن بە جێبەجێکردنی بەرنامەی تووند و تۆڵ. هەرچی چۆنێک بێ بەربەرەکانی گەندەڵی تا ئێستاش لە جۆرجیا بەردەوامە و زۆر شت ماوە جێبەجێی بکات، بە تایبەتی لە بارەی چاکسازیی دامودەزگاکان (ئەوە گەورەترین گرنتی نەگەڕانەوەیە بۆ سەردەمی گەندەڵی)، جێبەجێکردنی یاسایەکی ڕێکوپێک بۆ لێپرسینەوە، هەرچەندە هەر وڵاتێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە تایبەتی لە جۆرەکانی گەندەڵی ئابوری، کە ئەتوانرێ سوود لە چیرۆکی جۆرجیا وەربگیرێ بۆ جێبەجێکردنی لە وڵاتدا. سەرکەوتنی جۆرجیا لە دژی گەندەڵی دەریخست، کە ئەو چیرۆکی گەندەڵییەی هەندێک کەس بە ڕۆشنبیریی دائەنا، لەناوبردن. ئەمە هیوای دا بە چاکسازخوازانی هەموو دنیا، کە هەوڵ بدەن چاکسازیی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە وڵاتەکانیاندا بکەن و بەرە پێشەوەی ببەن.

**کۆتایی**

## سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی

سەرچاوەكانی ئەم ڕاپۆرتە، كە سەرجەمیان بە زمانی ئینگلیزین، بە هەمان زمان دانراونەتەوە، بۆ ئەوەی ئاسان دەست بكەون.

24 Saati (24 Hours) Newspaper. 2006. May 10, Tbilisi. Alenova, Olga. 2010. “We Are Not Police—We Are Human Beings.” Kommersant Vlast 12 (866), March 29. http://www.kommersant.ru/doc/1341809. BCG Research. 2006. http://www.bcg.ge. Caucasus Research Resource Centers.

2010. Caucasus Barometer Survey. Tbilisi: Caucasus Research Resource Centers. Civil.ge. 2002. “Human Rights Watch Protests Interior Minister’s Initiative.” November 26. http://www.civil.ge/eng/article.php?id=2781. The Economist. 2010. “Georgia’s Mental Revolution.” August 19. Forbes. 2009. “Tax Misery and Reform Index.” Forbes, New York. http://www .forbes.com/global/2008/0407/060_2.html. Freedom House. 2010. Nations in Transition 2010. New York: Freedom House. Georgian Young Lawyers’ Association. 2005. http://gyla.ge. GORBI (Georgia Opinion Research Bureau International). 2000. Corruption Survey, 2000 Report. Tbilisi: GORBI.

——. 2011. Crime and Security Survey, Georgia. Tbilisi: GORBI. Gurgenidze, Lado. 2009. “Georgia’s Search for Economic Liberty: A Blueprint for Reform in Developing Economies.” Development Policy Outlook 2 (June): 5–8, American Enterprise Institute for Public Policy Research, Washington, DC. 108 References IRI (International Republican Institute). 2010. Washington, DC. ISFED (International Society for Fair Elections and Democracy). 2005. Annual Report. Tbilisi: ISFED. Karosanidze, Tamuna, and Camrin Christensen. 2005. Stealing the Future: Corruption in the Classroom. Tbilisi: Transparency International Georgia. Ministry of Finance. 2011. Data. Tbilisi. Ministry of Justice. 2011. Seven Years That

Changed Georgia. Tbilisi: Ministry of Justice. NaEC (National Educational Commission). 2006. Report on Unified Entrance Examinations. Tbilisi: NaEC. National Bank of Georgia. 2002. Annual Report. Tbilisi: National Bank of Georgia.

——. 2003. Annual Report. Tbilisi: National Bank of Georgia. PACE (Parliamentary Assembly of the Council of Europe). 2011. The Honoring of Obligations and Commitments by Georgia. Document 12554, March 28. PACE, Strasbourg, France. Rostiashvili, Ketevan. 2004. Corruption in the Higher Education System of Georgia. Tbilisi: Transnational Crime and Corruption Center, Georgia Office. State Department for Statistics of Georgia. 2003. Statistical Yearbook of Georgia. Tbilisi: State Department for Statistics of Georgia. Transparency International. 2005. Stealing the Future. Corruption in the Classroom. Tbilisi: Transparency International.

——. Various years. Global Corruption Barometer. Tbilisi: Transparency International.

——. 2011. “Georgia: National Integrity System Assessment.” Tbilisi: Transparency International. World Bank. 2004. World Development Report: Making Services Work for Poor People. Washington, DC: World Bank.

——. 2010a. “Georgia Trade Brief.” In World Trade Indicators 2009/10. Washington, DC: World Bank. http://www.worldbank.org/wti.

——. 2010b. BEEPS at-a-Glance: Business Environment and Enterprise Performance. Washington, DC: World Bank.

——. Various years. Doing Business. Washington, DC: World Bank. http:// www.doingbusiness.org. World Bank, and EBRD (European Bank for Reconstruction and Development). 2011. Life in Transition Survey 2. Washington, DC, and London: World Bank, and EBRD. WTO (World Trade Organization). 2010. Trade Policy Review. WT/TPR/S/224/ Rev., January 19.